کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن

تورد ڤالسترۆم

کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە:

حاتەمی مەنبەری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

تورد ڤالسترۆم
کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن
وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: حاتەمی مەنبەری
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٨٥
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٠٦ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری و ڕێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

ژینک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-91-979170-3-2

ناوەڕۆک

چەند سەرنجێک لەسەر ئەم کتێبە و وەرگێڕانی 7
پێشەکی 10
تۆ ناتوانی لە شتێک بگەی ئەگەر بە چاوی خۆت نەیبینی 11
گوێت لێیانە چۆن گۆرانی دەڵێن؟ 30
باسی لەیلایان بۆ کردووی؟ 37
ئەو لە فڕۆکە دەترسێ 53
ئەم شەڕە هەڵەیە 63
تۆ دەبووا بڕۆی بۆ بادینان 73
کەس گوێی بۆ ئێمە شل نییە 85
تا ئەو کاتەی سەردەکەوین یان لەناو دەچین 100
لە راستیدا ئەوەی ئێمە داوای دەکەین شتێکی زۆر نییە 113
کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن 125
من دەمویست ببمە هاوولاتیی سوێد 148
ئازادی لە هەموو شت گرینگترە 159
ئێمە پلان بۆ ئاشتی دەکێشین 163
ئەورۆ ئێمە سەری مارەکەمان پان کردووەتەوە 171
ئەگەر سوێد بیتوانیایە چەکی دژە تانک بۆ ئێمە بنێرێ 191
رەنگە ئەو دوایین رێبەری خەڵکت بێت 197
داوا لە خەڵکی خۆتان بکە یارمەتیمان بدەن 212
دوا وتە 225

چەند سەرنجێک لەسەر ئەم کتێبە و وەرگێڕانی

نووسەری ئەم کتێبە "تورد والسترۆم" یەکێک لە ناسراوترین رۆژنامەوانانی سوێدە، کە بەشێکی زۆری تەمەنی، لە دەیەی حەفتا و هەشتادا بۆ ناسینی خەباتی گەلانی ژێردەست تەرخان کردووە. کتێبی "کێوەکان" تەنیا یەکێک لە بیست کتێبی تا ئێستە نووسراوی ناوبراوە، کە بە شێوەیەکی بابەتییانە و وەک مرۆڤێکی خاوەن ویژدان بە ناخی ئازارەکانی کورددا روو چووە و دەرد و ئێشەکانی خستووەتە پێش چاوی خەڵکی وڵاتەکەی.

مرۆڤ بە خوێندنەوەی ئەم کتێبە بۆی دەردەکەوێ، کە نەتەوەیەک بە گەورە و بچووکیەوە کەوتووەتە بەر هێرشی دڕندەیەکی بێ بەزەیی و بە پێش چاوی هەموو دەوڵەتانی دنیاوە خەریکە قەلاچۆ دەکرێ. بەڵام ئەم نەتەوە لەوپەڕی ستەم و زوڵم لێکراویشدا لایەنە جوان و مرۆڤانەکانی خۆی ون ناکات و لە بێدەرەتانییەکی بێ سنووریشدا سەدان کەسی زانا و هەڵکەوتە، بە توانست و هۆشی سەردەمییانەوە پێشانی دنیا دەدا، کە ئەگەر دەرفەت و هەلێک بدرێ بۆ ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی وڵاتی خۆیان هیچیان لە گەلانی تر کەمتر نییە. ئەوەی بە وردی ئەم کتێبە بخوێنێتەوە و ناوی ئەو گشت دوکتۆر، ئەندازیار، ئەفسەر و قوتابییە کوردەی، کە والسترۆم لەم سەردانە یەک مانگەدا لەناو شۆڕشی کوردستاندا بینیونی و قسەی لەگەڵدا کردوون دەزانێ کە ئێمە تەنانەت لە پێناسەکردنی ناوەڕۆکی راستەقینەی شۆڕشەکانیشماندا نەک تەنیا دوژمنانمان بگرە بۆ خۆشمان زوڵممان لە خۆمان کردووە!

من لە پێوەندی لەگەڵ وەرگێڕانی ئەم کتێبەدا ئەم چەند سەرنجەی

خوارەوە بە پێویست دەزانم:

١ – زیاتر لە سێ دەیە و نیو بەسەر بڵاوبوونەوەی کتێبی بەنرخ و پڕ ناوەڕۆکی نووسەری سوێدی "تورد والسترۆم"دا تێ دەپەڕێ. رەنگە کەمترین کورد هەبێ ناوی سەردێری ئەم کتێبە (کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن)ی نەبیستبێ. بەڵام جێگەی داخە کە ئەم کتێبە (تا ئەو جێگەیە من بزانم) تا ئێستەش بۆ سەر زمانی کوردی وەرنەگێڕدراوە. گەلانی تر نەک هەر ئەو کتێبانەی راستەوخۆ پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە، بگرە هەر کتێبێک باسی وڵاتانی دەوروبەریشیان بکات گورج و بێ دواکەوتن وەردەگێڕنە سەر زمانی خۆیان و بڵاوی دەکەنەوە تا خەڵکیان ئاگەداری ناوەڕۆکیان بن. بەڵام مخابن ئێمە لەم بارەشەوە گەلێک لە پاشین و سەرەڕای بوونی دەرفەت و توانیش هێشتا گرینگی و بایەخی ئەم کارانە نازانین. ئێستەش کە من ئەم کارەم کردووە دەتوانم بەوە دڵم خۆش بێت، کە دەڵێن "زەرەر لە نیوەشدا بەری بگیرێ هەر قازانجە".

٢ – لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەوە تا ئێستە گەلێک گۆڕانی قووڵ و بەرچاو بەسەر دۆخی کوردستان و ناوچەکەدا هاتوون، بەڵام کێشە سەرەکییەکە، واتا کاروانی خەباتی ئێمە بۆ رزگاری هەر وا لە رێگەیە و هێشتا نەگەیشتووەتە هەوارگەی سەرکەوتن. بۆیە ئێستەش بەشێک لە داستان و گێڕانەوەی ناو ئەم کتێبە تازەن و ئێستەش وەک ئەو رۆژە سەخڵەتانە شاخ و دۆڵەکانی کوردستان دەبنە ئامانجی هێرشی دوژمنانی کورد و راست وەک ئەو سەردەمە دنیا بێدەنگ و دەوڵەتانی سەردەست بۆ بەرژەوەندیی ئابووری، لە بری لایەنی هەق و مافەکانی مرۆڤ پشتی داگیرکەرانی دڵڕەشی کوردکوژ دەگرن.

٣ – کاتی خۆی ئەم کتێبە وەک ریپۆرتاج ئامادە کراوە بۆیە لە هەندێک بارانەوە وشک و گێڕانەوەی ساکاری رووداوە تاڵەکانە. بۆ من گەلێک دژوار

بوو لە وەرگێڕانیدا هەندێک تام و چێژی پێ بدەم و لەو وشکی و ساکارییە دەری بێنم، چونکە ئەمانەتداری لە پاراستنی ناوەڕۆکدا لای من گرینگتر بوو.

هەر بۆیە لەو شوێنەی نووسەر قسەی خەڵک و بە تایبەتی قسەی بەرپرسانی کورد، یان وتەی دیپلۆماتی وڵاتان دەگێڕێتەوە من راست "وشە بە وشەم" وەرگێڕاوە و لەو شوێنەش کە باسی شوێن و جێگەکان، یان بەرەی شەڕ دەکات تێکڕای رستەکە یان پەرەگرافەکەم وەرگێڕاوە و لێرەش ئەوپەڕی هەوڵم داوە لە مەبەستی ئەو نەچمە دەرەوە.

٤ – ئێستە بە دەیان هەزار کورد لە سوێد دەژین هەزارانیان زمانی سوێدی لە ئاستی ئەکادیمیکدا دەزانن و دەبوو کەسانی لەو جۆرە بە جێگەی من ئەرک و کاری وەرگێڕانی ئەم کتێبە (ئەویش زۆر پێش ئێستە) بگرنە ئەستۆ، من وێڕای رەخنە و گلەییم لەو خۆشەویستانە، بەوپەڕی خۆشحاڵی و دڵفرەوانییەوە گوێ لە رەخنە و گازندەی هەر کامەیان لە چۆنیەتیی وەرگێڕانی ئەم کتێبە دەگرم و سوپاسیان دەکەم، کە لە روانگەی خۆیان ئاگەدارم کەنەوە.

٢١ی سێپتەمبەری ٢٠١١

حاتەم مەنبەری

پێشەکی

کاتێک کە من دەست بە نووسینی ئەم بابەتە دەکەم ئێوارەی شەمە، کۆتاییەکانی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی هەزار و نۆسەد و حەفتا و چوارە. خەریکە تاریک دادێ و من دەتوانم لە پەنجەرەی ماڵەکەمەوە ببینم کە ئاسمان لە پشت هەورێکی رەش و چڵکندا سوور هەڵگەڕاوە. هاوسەر و کچەکەم تازە لە پیاسەیەک لەگەڵ سەگەکەماندا گەڕاونەتەوە و باس دەکەن دەریا، کە من لە پەنجەرەکەوە ناتوانم بیبینم لەژێر ئەو ئاسمانە سوورەوە بە تەواوی شین دەنوێنێ، ئەوان دەڵێن تا ئێستە خۆرئاوابوونی وا جوان و سیحراوییان لە هیچ شوێنێکدا نەدیوە.

دوو رۆژە من لە کوردستان گەڕاومەتەوە. کاتێک کە من لەوێ بووم بڕیارم دا ئەو کتێبەی گەرەکمە بینووسم دەبێت لە پشت ئەم مێزەوە دەست پێ بکات و هەر لێرەش تەواو بێت. من بە خۆمم وت، ئەم کتێبە بۆ ئەو کەسانە نانووسم، کە ئاگەداری دۆخەکەن یان پێیان وایە ئاگەدارن و تێگەیشتنیان لەم بارەوە وەدەست خستووە. من نەمگەرەکە تێکەڵی باس و خواسی ئەوان بم. تێکەڵبوونی ئەم باسانە هیچ قازانجێکی نییە.

من تەنیا دەمەوێ هەوڵ بدەم ئەم چیرۆکە بگێڕمەوە. راست چۆن بوو وەک خۆی و من گەرەکمە لە خاڵی دەستپێک، لە پشتی مێزی نووسینەکەمەوە دەست پێ بکەم. دەمەوێ ئەو پێنج دەفتەری ریپۆرتاجە بنێمە بەردەمم و دوایە لە دەستپێکەوە دەست پێ بکەمەوە. رۆژ لە دوای رۆژ، سەعات دوای سەعات، راست وەک خۆی.

تۆ ناتوانی لە شتێک بگەی ئەگەر
بە چاوی خۆت نەیبینی

یەکی ئابی ١٩٧٤ دەستەیەکی عێراقی سەردانی ستۆکهۆڵمیان کرد و پرێس کۆنفرانسێکیان ساز کرد، کە لە گەورەترین رۆژنامەکاندا جێگە و بایەخی پێ درا. عێراقییەکان بانگەشەیان دەکرد، کە شتێک بە ناوی شەڕ لە نێوان عێراق و کورددا بوونی نییە. ئەوەی روو دەدا هێندێک تێکەڵچوونی خراپن لە نێوان دەوڵەت و تاقمێکی بچووکی کورددا. دەستەکە خۆی وەک نوێنەری "بەرەی نیشتمانیی پێشکەوتنخوازی عێراق" پێناسە دەکرد و یەکێک لە ئەندامەکانیشی "عوبەیدیلا بارزانی" کوڕی گەورەی رێبەری کوردان مستەفا بارزانییە، کە چەند ساڵ پێش ئێستە، پێوەندیی خۆی لەگەڵ باوکیدا پچڕاند و ئێستە وەزیرە لە دەوڵەتی عێراقدا.

بە وتەی عوبەیدیلا باوکی ئەو پشتی لە خەڵکی خۆی کردووە و ئێستە خزمەتی ئیمپریالیزم، سەهیۆنیزم و کۆنەپەرستان دەکات. بە وتەی ئەندامانی ئەم شاندە، بارزانی تەمەنی ٧٤ ساڵە و هێزەکانی بە تەواوی لە خەڵکی خۆیان دابڕاون و تەنیا مەسەلەکە لەسەر کات راوەستاوە تا بەرخۆدانەکەیان بە تەواوی کۆتاییی پێ بێ.

هاوکات هەواڵێکی تر لە تارانەوە دەگات، کە دیسان بە هۆی پێشوەچوونی هێزەکانی سوپای عێراق لەسەر سنوور و داگیرکردنی بریارگەی ناوەندی بارزانی، نزیک بە هەشتا هەزار کەس لە خەڵکی سڤیل کورد ئاوارە بوون و چوونەتە ناو خاکی ئێران. ئەم هەواڵانە دەری دەخەن، کە شەڕێک لە ئارادایە و ئەم نوێنەرانەی عێراق بە قەستی حاشای لێ

دەکــەن. بـەڵام دەتوانێ ئـەوە ڕاست بێت کــە ئـەم شــەڕە روو لە کــۆتـایی و تەواوبوونە.

من وتـاری رۆژنامــەوانێکی ســوێدی کــە کــارناســی رۆهــەڵاتی ناوینیـشــە دەخوێنمەوە، کە بە وردی کێشەی کورد شی دەکاتەوە، ناوبراو دەنووسێ:

بۆ جاری شـەشـەم لە سـاڵی ١٩٦١ەوە هێزە پۆشـتە و پەرداخـەکانی عێراق بە گژ شــەڕوانانی شـاخنشـینی کـورددا دەچن، ئەوانـەی بە پێـشـمــەرگـە بەناوبـانگن و لە لایەن ســەرەک هۆزی بە تەمــەن و ناوداری کـورد مــســتـەفـا بارزانیـیـەوە رێبـەری دەکرێن. دەوڵەتی بەعسی عـێـراق (رێبـەرییـەکی زیاتر پێـشـکەوتوو، کـە عـێـراق لە مـاوەی مـێـژووی خـوێناویی خـۆیدا هـەیبـووە) پێـشـنیـازی جـۆرێک ئۆتۆنۆمـیی رۆشـنبـیری، سـیـاسی – شـتێک کـە کورد هەردەم وەک هـۆی سـەرهـەڵدانەکـانیـان باسـیـان کـردووە – بە بـارزانی و حـزبەکــەی دا، بەڵام بارزانی رازی نـەبوو. ئەو زیاتر لەوەی کـە شـیــاو بوو داوای دەکرد. بۆیە سەرلەنوێ شـەڕەکە دەستی پێ کردەوە. لە ڕاسـتیدا ئەم شەڕە لە بنەڕەتدا لەسەر نەوتە، پاشان لەسەر دەسەڵات لە عێراق و ترازووی هێز لە گشت ناوچەی کەنداوی عەرەبی (یان فارسی)دا.

دواتر من چاوم بە کۆنە دیپلۆماتێکی خـانەنشینکراوی سوێدی کەوت، کە لە زۆربەی پـایەتەخـتــەکـانی رۆهــەڵاتی ناویندا خـزمــەتی کـردووە و خـاوەن ئەزمـوونێکی فـرەوانە. چەند پرسـیـارێکم لەبـارەی کوردەوە ئاراسـتـەی ئەم دیپلۆماتە کۆنە کرد و ئەویش لەم بارەوە دەڵێ:

شتێکی تایبـەتی لەم بارەوە نازانێ – بۆ ئەو ئەوان (کورد – و.) خـەڵکێکی شـاخنشـینی سـەیر و ئەفسووناوین، کە لە جێگە دووردەسـتە سنوورییـەکان، لە نێوان ئێران، عێراق، سـووریا، تورکیا و سـۆڤیـەتدا دەژین. ژمـارەیان ١٢ ملیۆنە بەڵام لە نێوان پێنج دەوڵەتدا بڵاو بوونەتەوە. بە قسـەی ئەم دیپلۆماتە سـوێدییـە بەشـی زۆری کـورد رەوەنـد و کـۆچـەرن و شـێـوەی ژیانیـان لە هـی خەڵکی سـەردەمی سـەدەکانی ناوەڕاست دەچێ.

ناوبراو دەڵێ، کە ئەو دەتوانێ لە داوا و خواستی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆیی بگات، بەڵام ئەمە کێشەیەکە بە هیچ شێوەیەک چارەسەر نابێت. ئێستە تەنیا کوردی عێراقن کە شەڕ بۆ مافەکانیان دەکەن بەڵام چۆن دەبێت ئەگەر ئەوان بگەنە ئۆتۆنۆمی؟ تورکیا، ئێران، سووریا یان سۆڤیەت قەت ساز نین سەربەخۆیی بدەنە کەمایەتیی کوردی خۆیان. لە راستیدا هیوایەک بۆ خەباتی کورد بە وتەی ئەم دیپلۆماتە کۆنە بەدی ناکرێ.

ئەو پێی وایە، کە مرۆڤ بە هاسانی دەتوانێ سۆز بۆ کورد نیشان بدات و بڵێ ئەوانیش وەک هەموو کەمایەتییەکی تری دنیا مافی خۆیانە سەربەخۆ بن و دەوڵەتی خۆیان هەبێ. بەڵام ئەگەر مرۆڤ ریالیست بێت بۆی دەردەکەوێ کە داخوازییەکانیان دوور لە عەقڵ و مەنتیقن.

من لەو دیپلۆماتە بە ئەزموونە دەپرسم ئاخۆ دەکرێ مرۆڤی کورد لەگەڵ خەڵکانی تری هاوشێوەی ئەوان لە شوێنێکی تری گۆی زەویدا بەراورد بکات؟

– بەڵێ. لاپەکان (لاپ یان سامەکان خەڵکێکن لە باکوری سکاندیناڤیا دەژین و لە نێوان وڵاتانی سوێد، نەرویج، فینلاند و رووسیادا دابەش کراون و ژیانیان ئێستەش وەک سەدان ساڵی پێشتر، بێ شار و ماڵی سەردەمییانە، دوور لە خوێندنگە، جادە، دەرمان و دوکتۆر، بە (بەخێوکردنی جۆرێک ئاژەڵی نزیک لە گا لەناو بەفردا دەچێتە سەر – وەرگێڕ)، پیاو دەتوانێ ئەوان لەگەڵ لاپەکاندا بەراورد بکات. ئەوانیش کۆچەر و خەڵکی شاخین و لە نێوان چەند وڵاتیشدا دابەش بوون.

هەرچەند پلان و بەرنامەی ئەم سەفەرەم دارشتووە، لە دوا ساتەکاندا حازرم هەڵی وەشێنمەوە – مەبەست لەم سەفەرە ئەوە بوو من باسی کوردستانێک بکەم کە لە ئاشتیدا دەژی. ئێستە بە تەواوی شەڕە لەوێ. لە راستیدا من تاقەتی خۆخستنە ناو سەرئێشە و کارەساتم نییە، من کە

دۆخێکی وا باشم لێرە هەیە لە پێناو چیدا خۆم تووشی کێشە بکەم؟ ئاخر من دەبوو سنووری توانستی خۆشم بناسم – خۆ قەت لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا من ناتوانم راستیم بۆ دەرکەوێ.

من دەبوو ئەم کارە بۆ کارناسانی سیاسەتی دەرەوە و هەواڵنێران بەجێ بێڵم، کە دەتوانن دنیا دوور لە هەست و سۆز و ریالیستانە ببینن. راستی، من بۆ خۆم خەریکی کێشەی کورد بکەم؟ بەڵام بەو حاڵەش:

ئاخۆ کورد گەرەکیانە من برۆم. دۆستە کوردەکەم وتوویە:

تۆ ناتوانی لە شتێک بگەیت تا بە چاوی خۆت نەیبینی. ئاخر ئەوان بەشێک لەو شتانەیان خوێندووەتەوە، کە من پێشتر نووسیومن و دەیانەوێ من بۆ سوێدییان باس بکەم کە لە کوردستاندا چی روو دەدات. ترسنۆکانەیە لانی کەم هەوڵێک نەدەم. ئەمە وەک جۆرێک ناپاکی لەوانە.

من رۆیشتم بۆ مێترۆپۆلی وڵاتێکی ئەوروپایی بۆ ئەوە دۆستێکی کوردم ببینم – ئەمە هەنگاوی یەکەمە. من لەو شارە مەزنەدا ئوقرەم لێ برا و ترس دای گرتم، بەڵام پێویست بوو من دۆستە کوردەکەم ببینم چونکە ئەو کلیلی رێگەی کوردستانە بۆ من.

دۆستەکەم بە باشی سوێدی قسە دەکات و سوێد وەک وڵاتی دووەمی خۆی دەبینێ چونکە لەگەڵ ژنێکی سوێدیدا هاوژینە. ئەو لە کوردستانی عێراقدا لە دایک بووە، بەڵام بۆ خوێندن چووەتە تورکیا، لەوێ بە هۆی چالاکیی سیاسییەوە خراوەتە بەندیخانە و دوای دوو ساڵ توانیویە هەڵبێ و خۆی بگەیەنێتە سوێد. لە سوێد مافی پەنابەریی وەرگرتووە و هەشت ساڵ لەوێ ماوەتەوە.

ئەو دەڵێ کاتێک هاتم بۆ سوێد وەک ئەوە وا بوو بگەڕێمەوە بۆ کوردستان، بە بڕوای من کورد و سوێدی زۆر لێک دەچن.

– لە چی بارێکەوە لێک دەچن؟

– دژواره بڵێم چۆن. تەنیا دەزانم کاتێک هاتمە سوێد وەک ئەوە وا بوو بگەڕێمەوە ماڵ لای خۆمان، من پێم وایە سوێدی و کورد وەک یەک بیر دەکەنەوە.

من پێی دەڵێم کە دەستەیەکی عێراقی لە سوێد بوون، کوڕی گەورەی مستەفا بارزانیشیان لەگەڵدا بوو.

– دەزانم. بەڵام ئەو کوڕەی بارزانی ئێستە بە تەواوی بێ نرخە. لە کوردستان ئەو هیچ حیسابێکی بۆ ناکرێ. تەنانەت خەڵکی ناویشی ناهێنن. دەزانی:

لای ئێمە راگرتنی یەکەتیی بنەماڵە زۆر گرینگترە تا لای ئێوە. ئەمە شتێکی زۆر خراپە کوڕێک بەو شێوەیە پشت لە بنەماڵەی خۆی بکات. من دەتوانم باسی ئەو کوڕەی بارزانی بۆ تۆ بکەم. ئەو تاقە کەسێکە لەناو دە کوڕی تری بارزانیدا گرفتی بۆ باوکی ساز کردبێ. دەوڵەتی عێراق بۆ ئەوە ئەو لە دەست هاووڵاتییانی بپارێزێ پۆستێکی لەو دەستەیەی هاتبوونە جەزایەر بۆ دیاری کرد. لەو کاتەوە لەوێیە و ئێستەش هەڵی دەگرن و دەیهێنن پروپاگەندەی پێوە بکەن. بارزانی زۆر لەو کوڕەی دڵبریندارە. تۆ نابێت ناوی ئەو بێنی کاتێک چوویەوە کوردستان.

دۆستەکەم چەند نامەی ڕێنوێنی، ناونیشانێک و ژمارە تەلەفۆنێکی لە تاران بە من دا. ڕێگەی کوردستانی ئازاد لە ئێرانەوە تێپەڕ دەبێت. من شەوم بە سواری میترۆی شار بۆ "پیکادیلی سیرکووس" و لەناو ئاپۆرەی خەڵک و ئۆتۆمۆبێلاندا بە شەکەتی بردە سەر. بەیانییەکەی لە ڕێگەی هێڵی ئاسمانی "ئێران ئێر"ەوە بەرەو تاران فڕیم. لە نیشتنەوەیەکی نیوەی ڕێگەدا فڕۆکەکە پڕ بوو. لە سەندەڵیی تەنیشتمەوە پزیشکێکی فارس دانیشتبوو، کە دەیتوانی ئەڵمانی بئاخێوێ. ئەو شەش ساڵە لەبەر خزمەتی سەربازی نەیوێراوە بگەڕێتەوە ئێران بۆ سەردانی باوک و دایکی. ژنێکی ئەڵمانی و

دوو منداڵی هاوبەشیان هەیە، کە وێنەکانیان پێشانی من دەدات و زۆر خۆشحاڵ دێتە بەرچاو. من لەبارەی کوردەوە لەم پزیشکە ئێرانییە پرسیار دەکەم:

– من خۆشم گەرەکن. ئەوان بۆ مافێکی رەوا خەبات دەکەن.

سەیری قووڵاییی ئاسمانی شین دەکەم، کێوێک لە هەور لە سەریەک کەڵەکە بووە و تۆزێک پاشتر ئاسمان رووناکتر دیارە. ئێمە روو بە خۆر دەفرین، کات بە توندی تێ دەپەڕێ و ئەو دەمەی لە تاران دەنیشینەوە بووەتە شەوێکی درەنگ.

من لەبەر ئەوە یەکەم جارە دێمە ئەم بەشەی دنیا و ناویشم لەناو لیستی رەشی دەوڵەتی ئێراندا نییە، بێ گرفت و چەڵەمە لە کۆنترۆڵی پاسپۆرت تێپەڕ بووم. چوومە ناو شار و بە دوای پەیداکردنی هۆتێلێکدا گەڕام، بەڵام هۆتێلەکان هەموو پڕن و بە ئاسانی جێگە دەست ناکەوێ. سەرەنجام لە سەربانی هۆتێلێکەوە تەختێکی خاڵیم دەست کەوت و راست لە ژێر ئاسماندا خەوتم. مانگی چواردەیە و گرم و هۆڕی ترافیکی دەوروبەر دێتە گوێم. بەیانی بە هارەی فڕۆکەیەک، کە راست بەسەر سەرمانەوە تێ پەڕی وەخەبەر هاتم.

من ئاگەدارم کە ماوەیەکی زۆر ناتوانم لەناو ئەم گرم و هۆڕی خەڵکەدا بمێنمەوە و دەزانم درێژترین بەشی رێگەم بۆ کوردستان لەبەر ماوە. بۆیە باشترە تا دوودڵی و بیر و تاسەی ماڵ بڕستیان لێ نەبڕیوم دەبێت لەم هۆتێلی سیحربازانەدا بچمە دەرەوە. لەناو قووڵاییی مێژووی وڵاتانی ئەورووپاییدا کەسانی تێکشکاوی سەرلێشێواوم بینیوە، لەو کەسانەی لە شاری گەورەدا دەچنە ژێر زەوی و لە تاریکیدا بە دوای پەناگەیەکدا دەگەڕێن تا شەوی تێدا ببەنە سەر. لە تاران من گەلێک لە هەڤاڵانی ئەوانم بینین.

شـاری گـەورە وەک مـەیدانی شـەڕ وایە. مـەیدانـی شـەڕێکی چەپەڵ، کـە بڕانەوەی بۆ نییە. تەلەفۆنم کرد بۆ ئەو ژمارەیەی دۆستەکەم پێی دابووم و لە هاتنی خۆم ئاگەدارم کردن. ئەوان داوایان کـرد من لە هۆتێلەکەدا بمێنمەوە، دەیانزانـی من لە کـام هۆتێلدام – نـە هێلتـۆن یان شـێـراتۆن – ئەوان داوای ژمارەی دیوەکەمیان دەکرد.

– دیوم نییـە تا ژمارەی هـەبێ، من لەسـەر بان خەوتووم. دوای دوو سـەعات ئەوان گەیشتنە لای من.

– ئێمە لە کوردستانەوە هاتووین.

یەکێکیـان پزیشکە و دەڵێ دوانیـوەڕۆ گەڕەکیـە بگەڕێتـەوە بۆ کـوردستـان. کۆمـەڵێک کەلوپەلی نەشـتـەرکاری و هێندێک داو و دەرمـانـی لە ئێران کڕیوە لەگەڵ خۆیدا دەیانبـاتـەوە. بە قسـەی مێـوانداره کوردەکانم من ئەگـەر خـۆم بمەوێ دەتوانم لەگەڵ ئەودا بڕۆم. لە خۆشیی ئەم هەلەدا و ئەوەی کە دەتوانم وا هـاسـان و زوو تاران بەجێ بهێڵم شـاگەشکە بـووم. بەڵام بە چەند هۆ کـە من بەباشی تێیان نەگەیشتم سەفەرەکە هێندێک دوا کەوت.

من گـواسـتـمـەوە بـۆ ئەو هۆتێلەی دوکتـۆری لێ بوو و هـەمـوو پاشنیـوەڕۆم لەوێ بـردە سـەر. هۆتـێلێکی گـەورەتـر و وا دەهاتە بـەرچاو، کـە جـێگـەی کۆبوونەوەی کوردی عێراق بێت. رەنگە لەبەر ئەوەش بێت، کە دوکتۆر لێرەیە و هەموو کۆ بوونەتەوە تا ماڵاوایی لێ بکەن.

دوکـتـۆر ناوی "رەمـزی تاکـیـیـە" و یـەکـێکە لەوانەی کـە دوای دەست پێکردنەوەی شـەڕ لـە مـانگـی مـارسـدا تێکەڵی شـۆڕش بووە. ئەو کـارە پڕ سـوودەکەی خـۆی لە شـاری ناسـرییـەی باکـوری بەسـرە بەجـێ هێشـتـووە و ڕێگەی باکوری (عێراقی) گرتووەتە بەر بۆ ئەوەی خـۆی بگەیەنێتە چەکدارە شۆڕشگێڕەکان، دوکتۆر رەمزی لەم بارەیەوە دەڵێ:

– باوکم و خوشـک و براکانم لە بەغدان، مـن نازانم چییان بەسـەر هاتووە.

من ماشێنە مێرسێدێسەکە و گشت داراییەکەم لەوێ بەجێ هێشت، دیارە من خووم بە ژیانێکی خۆش و دەوڵەمەندانە کردبوو. بەڵام لە ناخەوە هیچم نەبوو هیوای ژیانم بداتێ. ئێستە هەست دەکەم ئەم هیوایەم هەیە و پەشیمان لە هاتن بۆ ناو شۆڕش نیم.

لە هۆتێل "لۆبین" چاوم بە دوو کوڕی کورد کەوت و باسی کوردستانم لێ پرسین، ئەوان لە وەڵامدا دەڵێن:

– لە کوردستاندا شەڕێکی گران بەردەوامە. لە بەرەیەکدا دوو حەفتەیە شەڕەکە درێژەی هەیە. هەواڵدەرێکی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکا بە پارچە تۆپێک بریندار بوو لە کاتێکدا فیلمی لە شەڕەکە هەڵدەگرت. جگە لە چۆمان، کە بنکەی ناوەندی ئێمەی لێیە، هەموو شوێنەکانی تر رۆژانە بۆمبارددمان دەکرێن، بۆیە ئێمە هەموو چەکی دژە هەواییی خۆمان لە چۆمان دامەزراندووە.

کاتێک لەم کوڕانە دەپرسم کە ئەوان دوارۆژی ئەم دۆخە چۆن دەبینن لە وەڵامدا دەڵێن:

– پیاو تێکەڵی شۆڕشێک نابێ ئەگەر نەزانێ ئەو شۆڕشە سەر دەکەوێ.

بەڵام لە تۆنی قسەی ئەو کوڕانەدا هەست بە جۆرێک خۆشبینیی منداڵانە دەکەم و جۆرێک دێتە بەرچاو، کە ئەوان "وەڵامی گشت پرسیارێکیان پێیە". دیارە ئەوان بە زەحمەت بڕوا بە وتەکانی خۆیان دەکەن و ئەمەش بە لەخۆڕازیبوونیانەوە دیارە. لە خۆم دەپرسم ئەمانە بۆ لە تارانن؟ بۆ ناڕۆنە بەرەکانی شەڕ ئەگەر وا پتەو و قایم بڕوایان بە سەرکەوتنی شۆڕشەکەیان هەیە؟

ژمارەی ئەو کوردانەی لە تاراندا دەژین زۆر نییە، وا دێتە بەرچاو کە کوردی عێراق تەنیا گرووپێکی بچووکی دوورەپەرێز بن. هەڵبەت دوو ملیۆن کورد لە ئێران دەژین و زۆربەیان فارسی قسە دەکەن(؟) بەڵام کوردی عێراق لە بنەڕەتدا زمانی ئەم وڵاتە تێ ناگەن و خۆیان بە بێگانە دەزانن، راست

وەک چۆن من خۆم لە ئێران هەستی پێ دەکەم.

ئێمە رۆژی دواتر بە ئۆتۆمۆبێلێکی لاندرۆڤەر، کە کەرەسە و دەرمانەکانی دوکتۆری لێ بار کرابوو، تارانمان بەجێ هێشت. من و دوکتۆر رەمزی لە پێشەوە لە لای شۆفێرەکە، کە نە کوردی نە عەرەبی و نە ئینگلیزیی دەزانی، جێگەی خۆمان کردەوە. دوکتۆر رەمزی سەر و پا شکیاگ لەو حاڵی دەبوو چونکە وشەی هاوبەش لە نێوان کوردی و فارسیدا هەن و وەک ئێژن دوو زمانی دەستەخوشکی یەکترین. دوکتۆر رەمزی دەیوت ئێمە ئەم ترۆمبێلەمان بۆ گواستنەوەی ئەو کەلوپەلانە بەکرێ گرتووە، کە من دوو مانگە بۆ پەیداکردن و کرینیان لە تارانم. ئەو ئێژێ من پسپۆڕی گوێچکە، قورگ و لووتم و زۆربەی ئەو شتانەش کریومن بۆ ئەو بەشەیە. هەرچەند پێویستییەکانی ئێمە گەلێک لەوانە زیاترن بۆ ئەو دۆخەی ئێستەمان. دوکتۆر رەمزی دەڵێ ئەو زۆر شادمانە منی لەم سەفەرەدا لەگەڵدام، هیچ نەبێ وەک هاودەمێکم بۆ ئەو.

ئێمە بە ئۆتۆبانێکدا تێ پەڕین، کە لەناو شارەکانی کەرەج و هەمەداندا دەرباز دەبێ. شۆفێرەکەمان تا ماشینەکەی دەیکێشێ گاز دەدات بەڵام زۆرجار ناچارە بۆ بەنزین گرتن لابدات. لاندرۆڤەرەکە وەک ئاو بەنزین دەخوا و من حیسابی لای خۆمانم دەکرد و وام دەزانی بەنزین زۆر گرانە بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت بەنزین لەم وڵاتەدا کالایەکی هەرزانە و تەنانەت هەرزانتر لە ئاویشە. لە درێژەی رێگەماندا، لە لای باکور، لە دوورەوە کۆمەڵە شاخێکمان لێ دەردەکەون و گوایا لێوارە دڵنشینەکانی دەریای خەزەر لە پشتەوەی ئەو کێوانەوەن.(؟)[1]

---

١. رەنگە نووسەر بە باشی شارەزای جوگرافیای ئێران نەبووبێت و لەم بارەوە بە هەڵەدا چووبێ، دەنا مەودایەکی زۆر لە نێوان دەریای خەزەر و جادەی تاران – کرماشاندا هەیە. (وەرگێڕ).

گەیشتینە شاری کرماشان. دوکتۆر دەبێژێ ئێرە شارێکی کوردییە، بەڵام لە دەروازەی ئەم شارەشدا وەک هەر شارێکی تری ئێران پەیکەری شای ئێران دامەزراوە و پیاو ناتوانێ خۆی لە بینینی ببوێرێ. پەیکەرەکان لە دوورەوە زۆر زەبەلاح و ناقۆڵا دێنە بەرچاو بەڵام، کە لێیان نێزیک بییەوە ئاسایی دیارن. هێندێک جار شا لەم پەیکەرانەدا سواری ئەسپێک و لە شێوەی سەرلەشکرێکی مەیدانی شەڕ دێتە پێش چاو. هەرچەند من بڕیارم داوە لەم سەفەرەدا زۆر بایەخ بە بارودۆخی سیاسیی ناو ئێران نەدەم بەڵام دەموچاوی شا لەم وێنە و پەیکەرانەدا، کە دەیەوێ وەک "براگەورە و باوکی میللەت" خۆی نیشان بدات دەماری ورد کردووم، هەروەها پەیکەر و وێنەکانی باوکی شا لە گشت شارێک و لە هەر چێشتخانە، چایخانە و تەنانەت ماڵانیشدا دەبینرێن. لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

ئەگەر ڕۆژێک بێت و ئەم ڕێژیمە بڕووخێ خەڵکی ئێران ئیشێکی زۆریان لە بەرە تا گشت ئەم پەیکەر و وێنانە وردوخاش کەن و بیانسووتێنن. دوکتۆر رەمزی زۆر بە پارێزەوە باسی شا دەکات، کاتێک لێی دەپرسم نێوانی شا و کورد چۆنە دەڵێ:

– فارسەکان باش لەگەڵ کورددا دەجووڵێنەوە، شا باشە بۆ کورد.

ئێمە لە راستیدا نازانین شۆفێرەکەمان چەند ئینگلیزی تێ دەگات و چۆن گوێداری باس و قسەکانمان دەبێت.

شەو لە کرماشان دەبەینە سەر، دوکتۆر رەمزی منی بردە ماڵە کوردێک، ماڵی خزمێکی کە لەمێژە نەیبینیوە. ئەمانە سەر بە گرووپێکی کوردن پێیان دەڵێن "فەیلی". فەیلییەکان سەرەتا و لە بنەڕەتدا لە ئێرانەوە کۆچیان کردووە بۆ عێراق بەڵام دوو ساڵ پێش ئێستا، سەرەڕای ئەوە چەندین وەچەیان لەوێ ژیاون، دیسان لە عێراق دەرکرانەوە بۆ ئێران. خزمەکانی رەمزی لە بەغدا دەژیان و لە سەریەک باریان باش بوو. هەموو بنەماڵەکە تێکڕا دەرکران، ژن

و پیاو، شەش کوڕ و دوو کچ. لە بەغداوە کاتی دەرکران بۆیان هەبوو تا دەتوانن شتومەک لەگەڵ خۆیاندا بێنن، بەڵام لەسەر سنوور هەموو شتەکانیان لێ وەرگرتنەوە و تەنیا بیست "دیناریان" پێ هێشتنەوە. پاش ماوەیەکی کورت باوکی بنەماڵە مرد و ئێستە کوڕی گەورەی ماڵ سەرپەرشتیی بنەماڵەی لە ئەستۆدایە. دوکتۆر رەمزی دەڵێ:

– ئەمە رووداوێکی زۆر ئاساییە لە عێراقی ئێستە – دەوڵەتێک لە عێراق نییە، هێندێک دز و جەردەن لێک کۆبوونەتەوە. من ئەسڵەن نەمدەزانی ئەم خزمانەم چییان بەسەر هاتووە، بۆیە حەزم کرد سەردانیان بکەم تا لە زمانی خۆیانەوە بەسەرهاتەکەیان ببیسم و بزانم ئێستە ژیانیان چۆنە. دەردەکەوێ حاڵیان خراپ و هەژارانەیە بەڵام کاتێک من دەمەوێ یارمەتییان بدەم حازر نین هیچ شتێکم لێ وەرگرن.

ئەم بنەماڵەیە بە خواردنێکی کوردی مێوانیمان دەکەن و ئەمەش یەکەمین خواردنی کوردیی منە. لەسەر زەوی دادەنیشین و خەریکی خواردن دەبین، لە حاڵێکدا ئەوان دەست بە باسی شەڕ و ناوچەکە دەکەن، من قسە لەگەڵ "قەیس"، کوڕێکی ١٨ ساڵە دەکەم، کە زۆر پێی خۆشە مەشقی ئینگلیزییەکەی قوتابخانەی لەگەڵ مندا بکات. قەیس دەڵێ:

– من بیری بەغدام کردووە، من لەوێ هەستم بە ماڵی خۆم دەکرد و گشت هاوڕێیەکانی منداڵیشم لەوێ بوون.

کاتێک قەیس هات بۆ ئێران نەیدەتوانی وشەیەک فارسی قسە بکات. ئەو پێی وا بوو عێراق وڵات و بەغدا شاری ئەوە. قەیس ئەو کات نەیدەتوانی و ئێستەش ناتوانێ تێ بگات بۆچی ئێوارەیەک پۆلیس هاتن، رژان بەسەریاندا و وتیان:

ئێوە پێوەندییەکتان بەم شوێنەوە نییە، ئێوە دەبێت بگەڕێنەوە بۆ ئێران. تەنیا لەبەر ئەوە، کە باب و باپیرانی ئەو رۆژگارێکی دوور لە ئێرانەوە

کۆچیان بۆ عێراق کردووه؟ دوکتۆر ڕەمزی لەم بارەوە دەڵێ:

– ئەو کوردانەی وەک ئەم بنەماڵە و ڕاست بەم شێوەیە فرێ دراونەتە دەرەوەی عێراق نزیک بە ١٠٠,٠٠٠ کەسن.

قەیس پێی خۆشە هەموو شتێک لەبارەی سوێدەوە بزانێ. – من باسی کوڕ و کچەکەی خۆمی بۆ دەکەم – کاتێک دەبیسێ کوڕەکەی منیش حەزی لە مۆسیقای پاپە و من کەسانی وەک "مارک بولان" و "داوید باوی" دەناسم، کەیفی گەلێک خۆش دەبێ.

من پێم وایە ئەمە تایبەتمەندیی ئەم سەردەمەی ئێستەیە ئێمەی تێدا دەژین، کە من لێرە لە کرماشان، "پێرشیا"، دانیشتووم و خەریکم گرێدانێک لە نێوان منداڵەکانی خۆم و گەنجێکی سەر و ڕووخۆشدا ساز دەکەم، لاوێکی کورد کە کارەسات هیچ کاریان لێ نەکردووە و کاتێکیش دەبینێ دەرگەیەکی جیهانیی بە ڕوودا دەکرێتەوە، دەگاتە ئەوپەڕی خۆشحاڵی.

کاتێک ئێمە هەڵدەستین بڕۆین قەیس تا سەر شەقامەکە لەگەڵمان دێت و ڕوو لە من دەڵێ:

– زوو بگەڕێوە. کاتێک لە کوردستان گەڕایەوە بێرەدا وەرەوە و سەرم لێ بدەوە.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دوایی، پێش ڕووناکبوونی هەوا وەڕێ دەکەوین و لەسەر ڕێگە، لە گوندێک بە ناوی "کامیەر" (کامیاران؟) بۆ خواردنی بەیانی لادەدەین. لەم ئاوەدانییەدا ڕێستوورانێکی زۆر کۆن و دواکەوتوو هەیە، چەند مێز و سەندەڵی بە گۆشەی دیوارەکانەوە نووساون – پیاوان بێدەنگ دانیشتوون چای دەخۆنەوە و لەو نانە ناسکە نەرمە کوردییە لەت دەکەن – بەڵام ئێمە هێلکەوڕۆنێکی خۆشمان بەر دەکەوێت تا بە چایەکەوە بیخۆین.

لە کاتێکدا سەرقاڵی نانخواردن بووین، کتوپڕ بینیمان دەمەقاڵێیەک لەناو ڕێستوورانەکەدا دەستی پێ کرد. پیاوێکی قەڵەو لە دەمی دەرگە، کە پارەی

خـــواردنەکـــانیـــشی لە خــــەڵک وەردەگـــرت و وا دیار بوو خــــاوەنی ریســــتــــوورانەکــەیە، هەســـتـــا و گــوێچکەی ئەو پیـــاوە چکۆلەی، کـــە هێلکەورۆنەکەی بۆ ئێمە دانا گرت و بە توندی کێشای. پیاوە قەڵەوەکە وا تووڕە دەهاتە پێش چاو، کە نیازی بوو سەری ئەو کوڕە هەژارە هەڵکەنێ. هیچ شتێک لەوە خراوتر نییە، ببینی کەسێک لێ بدرێ و تۆش بێ دەسەڵات شاهێدی گریانی بیت. بە تایبەتی ئەگەر ئەو کەسە پیاوێکی گەورە بێت. من حاڵی نەبووم کێشەکە لەسەر چییە و دوکتۆر رەمزیش هیچ ناڵێ، بەڵام من هەست دەکەم ئەویش وەک من بە بینینی ئەم دیمەنە ئازار دەبینێ بۆیە بە ناڕەحەتییەوە دەڵێ:

– ئەمە کاری کوردانە ئیتر.

دوای تۆزێک بۆم دەردەکەوێ ئەو کەسە بەر لێدان کەوت و دەگریا نەک پیاوێکی ٣٠ ساڵە وەک من پێم وا بوو، بگرە گەنجێکە رەنگە بە زەحمەت تەمەنی بگاتە ١٨ ساڵ، بەڵام ئەرکی گران و ژیانی دژوار بوونەتە هۆی ئەوە وا بە تەمەن بێتە بەرچاو. ئێمە بێدەنگ خەریکی خواردنی هێلکەورۆنی خۆمان دەبین، دوکتۆر رەمزی و شۆفێرەکەمان هەوڵ دەدەن ناڕەحەتیی خۆیان بشارنەوە و کاتی رۆیشتن دوکتۆر رەمزی دەچێتە لای پیاوە قەڵەوەکە، هێندێک قسان پێکەوە دەکەن و دواتر دەستیان لەناو دەستی یەکتر دەنێ و ئاشتیان دەکاتەوە.

ئێستە کە من ئەم یاداشتانە دەنووسمەوە، هەرچییەک دەگەڕێم دەبینم ئەمە تەنیا ناکۆکی و کێشەیەک بوو من لە کوردستاندا بینیم و لە هیچ جێگەیەکی تر، تەنانەت لە بەرەکانی شەڕیشدا نەمبینی کەسێک بە دەنگی بەرز لەگەڵ کەسێکی تردا قسە بکات و جگە لە دۆستایەتی و هەڤاڵەتیی نێوان مرۆڤ هیچی ترم بیر نایەتەوە.

تەنیا لێرە، لە گوندی کامیەر لە کوردستانی ئێران – ئێرەش کوردستانە و

ئەمـــانـەش کـــوردن – بۆیـە دوکـــتـــۆر وا نـاڕەحـــەت بـوو بەڵام هـەوڵی دەدا ناڕەحەتییەکەی لە من بشارێتەوە و روو لە من دەڵێ:

– کـەریـەتـی، ئاخـر پیـاوی ژیر بەم شـێـوەیە هـەڵسـوکـەوت لەگـەڵ یەکـتـردا ناکات.

من هـەست دەکـەم دوکتۆر رەمـزی خـۆشـحـاڵە هـاتووەتە کوردسـتـان، ئەو پێـشـتـر کوردسـتـانی ئێـرانی نەبینیـوە، بـۆیە پێی خـۆشـە ئەم سـەردانە تا دەتوانێ درێژ بکاتەوە و وێڕای بینینی خزمەکانی، ئەم بەشەی کوردستانیش ببـینێ. ئەگـەر بەم شـێـوەیە نەبا دەبو بە شـەو و رۆژێک ئێـمـە بگـەیشـتـاینە ئامانج. دوکتۆر لە کرماشـان موسـەجیلە و هێندێک شـریتی گۆرانیی عەرەبی کـڕین. دوای هێندێک گوێدانە شـریتـەکـان گـومـانمان لە شـۆفـێرەکـەمـان هەڵگرت و کـاتێک ئـەو بە نیـازی بەنزین تێکردن لە ئـۆتۆمـۆبێلەکە چووە دەر، دوکتۆر رەمزی وتی:

– ئەو دەڵێ عـەرەبی تێ ناگات، بـەڵام کـاتێک من شـریتـەکـان لێ دەدەم لە ناوچاویرا تـێ دەگەم حـاڵی دەبیت. ئەو درۆ دەکات، دوور نیـیـە ئینگلیـزیش بزانێ و رەنـگە خـەفـیـەی "سـاواک "یش بێت. شـیـمـانە زۆرە وا بێت بەڵام جەهەندەم، خۆ ئێمە شتێکمان نەوتووە تا لێی بترسین.

ئێـمـە بە دەشـتـێکی وشکدا تێ دەپـەڕین و تەپۆڵکە و بەرزاییـیـەکـان لەبەر تیشکی خۆر، سـووتاو و سـوور هـەڵگەڕاون. دوکـتـۆر رەمـزی دەڵێ لە بەهـار و مـانگـەکـانی نیـسـان و ئایاردا ئێـرە سـەراسـەر سـەوزەڵانی و ناوچـەیەکی دڵنشینە.

لە سـەقز بۆ چاخـواردنەوە لادەدەین، بە ناو" بوکار"دا (بێگومـان مەبەسـتی بۆکـانە – وەرگـێـڕ) رەت دەبین کـە لە لێـواری رێگەکـەدا قـاڵی و شـتـی ئەنتیکەیان داناون بۆ فرۆشتن. لە گـۆشـەی جادەکەوە چاومـان بـە هێندێک وشتر دەکەوێ و لە مەهابادیش نان دەخۆین. لە لای باکورەوە گۆلی گەورەی

ورمێ دەبینین ورشەورش لە دوورەوە دەدرەوشێتەوە.

لە مەهابادیشدا پەیکەرێکی گەورەی شا راست لە دەروازەی شاردایە. ئێرەش شارێکی بچووکی کشوماتە وەک شارەکانی تر. بەڵام دوکتۆر رەمزی هەست دەکات لێرە دەتوانێ پڕ بە سییەکانی هەناسە هەڵبکێشی. بە مەبەستی پیاسە بە شەقامێکدا رۆیشتین، لە ریستوورانێکدا لامان دا و بینیمان بولبولێکی بچووکی زیندانیکراو، لە قەفەسێکدا بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوە کە ئەو رۆژێک مەلێکی ئازاد و توانای فڕینی بووە، بێ پسانەوە خەریکی خوێندنە، دوکتۆر رەمزی بە نەرمی و بە بێدەنگی وتی:

– حەز ناکەم شۆفێرەکە تێ بگات بەڵام من دەتوانم لەسەر مەهاباد زۆر شتت بۆ باس کەم. ئەگەر کوردستان لەش یان جەستەیەک بێت، ئەوە بێگومان مەهاباد دڵەکەیەتی. دوایە لە من دەپرسێ چۆن لەبارەی کوردەوە بیر دەکەمەوە؟

بەڵام من چۆن هەر لە ئێستەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە.

– ئەوان زۆر بێدەنگ و کز دیارن.

دوکتۆر رەمزی وەڵامی من دەداتەوە:

– راست دەکەی، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەوان گرفت و کێشەیان زۆرە، بۆیە شاد و خۆشحاڵ نین.

– ئەوان وەک نامۆ و بێگانەیەک سەیری من ناکەن.

– راستە. ئەوەش هۆیەکەی ئەوەیە دەزانن تۆ کێیت. ئەوان دەزانن تۆ رۆژنامەوانی و بۆ خۆت دەزانی دەبێ چی بکەیت. ئەوان خۆشیان لە رۆژنامەوانانی بیانی دێت.

دوکتۆر رەمزی هەوڵ دەدات جێگە و مانای مەهاباد لە لای کورد بۆ من روون کاتەوە و دەڵێ:

– به هاسانی هەست بەوە دەکرێ لێ تێگەیشتنێکی بێدەنگ لە نێوان کوردی ئێران و عێراقدا هەیە. شەڕی ئێستە پێوەندیی بە چارەنووسی کوردی عێراقەوە هەیە، بەڵام لێرە، لەم دیوی سنوورە، لە ئێرانی پۆشتە و پەرداخی شادا کورد بە هیواوە چاو لە خەباتی خوشک و برا کوردەکانیان دەکەن و پشتگرییان دەکەن. بە تایبەتی لێرە، لە مەهاباد، کە ناوەندی ناوچەی کوردستانە و دەبێت رۆژێک ببێتە پایەتەختی کوردستان وەک چۆن رۆژێک پایەتەختی کۆماری کوردستان بوو.

لە ئابی ١٩٤١ ئێران کەوتە بەر پەلاماری هێزە رووسی و بەریتانیاییەکان. ناوچە کوردییەکان کەوتنە نێوان ئەم هێزانە، بۆ ماوەیەکی کورت کۆتایی بە ستەمی تاران هات، هەستی نەتەوەیی کورد ژیایەوە و بە پەلە شێوەی گرت. رۆژی ٢٢ ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ لێرە لە مەهاباد، راست لەو شوێنەی ئێستە پەیکەری شای لێ راست کراوەتەوە کۆمارێکی کوردی راگەیەنرا.

رێبەری کۆمار کەسێکی شەریف و باش بوو بە ناوی قازی محەمەد بەڵام پاراستنی کۆمار لە ئەستۆی مەلا مستەفا بارزانیدا بوو، کە لەگەڵ دە هەزار لە هاووڵاتیانی و دوو هەزار پێشمەرگەی شەڕکەری باوەڕپێکراو سنووری عێراقیان بەزاندبوو و هاتبوونە مەهاباد.

کۆماری مەهاباد لە لایەن رووسەکانەوە پشتگریی لێ دەکرا، بەڵام دەوڵەتێکی کۆمۆنیستی نەبوو. تەمەنی ئەم کۆمارە بە زەحمەت ساڵێکی پڕ کردەوە، بەڵام لەو ماوە کورتەدا بیرۆکەی نەتەوە و دەوڵەتێکی بۆ کورد جێ هێشت، دەوڵەتێک کە کورد هەردەم خەباتیان بۆ کردووە و هیچ کات وازیان لە هەوڵدان بۆ دامەزرانی نەهێناوە.

مەهاباد، وەک من تێی گەیشتووم شارێکی پیرۆزی کوردییە، "مەهاباد" مانای هێندە گەورەیە نابێت تەنیا وەک ناوێک و شارێک سەیری بکەیت.

بگره وەک رەمزێک بۆ گشت ئاواتەکانی گەلی کورد بۆ رزگاری ببینرێ.

ئێستە بێدەنگی لە مەهاباددا سەردەستە، بەڵام ئەم بێدەنگییە پڕە لە هیوا بە دوارۆژ.

دوکتۆر رەمزی ناونیشانی بنەماڵە ئاوارەیەکی تری خەڵکی بەغدای لایە. ئێمە رۆیشتین بۆ شارێکی تر و لەم شارە بچکۆلەیەدا کە ناوی "لافلی"یە(؟) بە دوای ئەو ماڵەدا گەڕاین. چارەنووسی ئەوانیش وەک ئەوانی ترە: لە بەغدا وەدەرنران، رێگەی باکوریان پێشان دان و وتیان بڕۆن بۆ لای کوڕەکەتان. کوڕەکەیان تێکەڵی شۆڕش بووبوو و سزای بەشداری لە شۆڕشیش دەرکردنە.

باوکی ٦٧ ساڵەی ئەو کوڕە، پێشمەرگەیە، دانیشتووە و خەریکە گیروگرفتەکانی خۆیمان بۆ دەگێڕێتەوە:

ئێمە هاتین بۆ کوردستان، وەک سواڵکەر لەم شوێن بۆ ئەو شوێن بە دوای کوڕەکەمدا گەڕاین و کە بینیشمانەوە و لێم پرسی کە بۆ ئەم رۆژەت خستە بەرم؟ لە وەڵامدا وتی:

جا من ئەگەر نەشهاتمایە بۆ ناو شۆڕش زوو یان درەنگ هەڵیان دەواسیم، پێت وایە ئەو کاتە باشتر دەبوو؟

دوایە ئەم پیاوە بە هاوسەر و چوار منداڵی بچووکەوە رێگەی ئێران دەگرێتە پێش و ئێستە لەم شارۆکەیە ماڵێکی بچووکی بەکرێ گرتووە و بە قسەی دوکتۆر رەمزی پێویستی بە یارمەتی نییە.

– خۆی کەسێکی دەوڵەمەند بوو لە بەغدا. راستە بەشێک لە شتەکانیان لێ سەندووە بەڵام هەمیشە بۆ کەسی خاوەن سەروەت بوارێک هەیە.

من کەمێک لەم گشت لادان و سەردانانەی دوکتۆر رەمزی بێزار بووم بەڵام دەشزانم چەندە گرینگە بۆ ئەو و خزمەکانی یەکتر ببینن، هەواڵی

یەکتر بپرسن و پێوەندییەکانیان نوێ بکەنەوە تا وەک سازکردنی پردێک ئەم لێکپچڕانە ناچارییە کەم کەنەوە.

سەرەنجام بەرەو سنوور ڕێگە دەگرینە بەر و شۆفێرەکەمان بۆ ئاخرین جار لە پیرانشاردا بەنزین تێ دەکا و دوای ئەمە تەنیا چەند کیلۆمەتری ماوە. لە ڕێگە تووشی پەلێکی سوپای ئێران دەبین بەلامیاندا تێ دەپەڕن. لە ڕۆژاواوە کێوەکان بەرز و بەرزتر دەنوێن. دوکتۆر ڕەمزی دەڵێ بەرزترین شاخ، ئەوەی کە بە حاڵ لەناو تەمومژەکەدا دیارە ئەوە کوردستانی عێراقە. جلەی گاگەل، مەڕ و بزن و قەل و مریشک دێنە سەر ڕێگەمان و لە لای ڕێگەوە و لە دۆڵێکدا کۆمەڵە چادرێک دەبینین، بەڵام چادرەکان وا دیارە جۆرێک حەشارگەن و لەژێریانەوە تۆپ و ژمارەیەک تانکی سوپای ئێران شاراونەتەوە. بە جادەیەکی گڵیندا دەڕۆینە سەر تا دەگەینە سەر یاڵێک، کە لەوێوە ناوچەکە و هاتوچووی خەڵک جوانتر دێتە بەرچاو. پاش هێندێک یاڵ و دۆڵ، بێ ئەوە من هەست پێ بکەم دەگەینە جێگەیەک بنکەی کۆنترۆڵی سوپای ئێرانە و رامان دەگرن.

هەزاران کەسی ئاوارە – زۆربەیان ژن و منداڵ – لەودیوی خاڵی بنکەکەوە ڕاوەستاون. ژمارەیەکی کەمیان چادریان هەیە بەڵام ئەوانی تر بە شێوەی کاتی بە پەتوو جێگەیەکیان ساز کردووە بۆ خۆیان. ڕێگە گرمەی دێت لە پیاو و هەموویان چەک و ڕەختیان پێیە.

من پێشتر لەسەر ئەم سەفەرە درێژم نووسیوە و دەکرا ئەمجارە لە باسی ئەم بەشە گەڕێم. بەڵام لەبەر ئەوە قەولم داوە ئەم کتێبە لەسەر مێزی نووسینەکەمەوە دەست پێ بکات و هەر لێرەش تەواو بێت، ناچارم دیسان بینووسمەوە. من نامەوێ هیچ شتێکی سەفەرەکەم لەم کتێبەدا جێ بێڵم و هیچ شتێکیش زیاد کەم لەوەی بینیومە، بۆیە دەمەوێ ئێوەش گشت ئەو شتانە ببینن، کە من لە ماوەی سەفەرەکەمدا بینیومن.

به شێوەیەکی سروشتی من وێنەی تایبەتی خۆم لە کوردستان لە ناخی خۆمدا هەبوو. ئەو وێنەیە تێکەڵاوێک بوو لەو شتانەی من بیستبوومن و لێرە و لەوێ لە ژیانمدا خوێندبوومنەوە. بەڵام لەو کاتەی لاندرۆڤەرەکە، لە پشت بەربەستەی بنکە سنوورییەکەوە راوەستا، ئەو وێنەیە پاک بوو، بێلایەن بوو و ئیدی شتێک نازانم، هیچ بۆچوون و چاوەڕوانییەکیشم لەم بارەوە نییە.

من تەنیا هەست دەکەم کە بە توندی دنیا لە پشت ئەو بەربەستە و لەم سنوورە ساکارەدا بەکۆتا دێت و شتێکی بە تەواوی جیاوازتر و نەناسراو لەوێ، لە پشتەوەی ئەو میلەوەیە. بەڵام هاوکات واش دێتە بەرچاو، کە ئەو میلە سنوورییە، دوو دنیا لێک جیا دەکاتەوە. هەردەم لەپێش دەرگەکەم، لێرە لە سوێدیش هەبووە و من نەمتوانیوە هەست بە بوونی بکەم.

دوکتۆر رەمزی شتێک بە پیاوەکانی بنکەکە دەڵێ، کابرا میلەکە بەرز دەکاتەوە، ئێمە تێپەڕ دەبین و بە پەلە بەدوای ئێمەدا دای دەخاتەوە. دوای ئەم شوێنە ئێمە دەربازی کوردستانی عێراق دەبین.

گوێت لێیانە چۆن گۆرانی دەڵێن؟

لە دەم سنوورەوە جادەیەک بە دۆڵێکدا دەڕواتە خوار و هەرچییەک دەڕواتە پێشتر تەنگ و باریکتر دەبێتەوە. ڕێگەکە پێی دەوترێ "جادەی هامیلتۆن" و پێشتر، کاتێک ئینگلیز لە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا سەردەست بوون، سازیان کرد. دیارە ئەمە جادەیەکی سەربازی و تایبەت بوو بۆ ئەوەی هێز و توانستی سەربازی، لە کاتی شەڕدا لە عێراقەوە بۆ ئێران وەگوێزرێ. ئێستە وەک تاقە ڕێگەی پێوەندیی کوردستانی عێراق لەگەڵ دنیای دەرەوە بەکار دێ، کە لە سەرێکەوە چەک و تفاق بۆ شەڕوانانی کوردی پێدا دێ و لە سەرەکەی تریەوە ئاوارە و لێقەوماوانی هەڵاتووی دەستی شەڕ.

هیچ نەخشەیەکی بە کەڵک نییە بتوانرێ وەک ڕێ نیشاندەر لەم ناوچەیەدا کەڵکی لێ وەربگری جگە لە تەنیا نەخشەیەکی توریستیی عێراق، کە هیچ وردەکارییەکی تێدا نییە، بۆیە هێندێک وزەت دەبات تا من بە باشی سەر لە جیۆگرافیای ئەم هەرێمە دەربێنم و دەزانم ئەم کوردستانی ئازادە تەنێ هەرێمێکی باریک و درێژ لە لای باکورە. بەڵام شوێنێکی سەخت و هەڵەمووت، بە کۆمەڵێک شاخی بەرز و دۆڵی قووڵ دەورەی گیراوە و کورد لە پشت ئەم شاخە سەخت و دۆڵە قووڵانەوە سەنگەریان گرتووە و ڕوو لە هێزی هێرشبەری دەوڵەت بۆ پاراستنی خۆیان، دامەزراون.

بە درێژاییی جادەی هامیلتۆن کۆمەڵێک ئاوەدانی و گوند هەن و لێرە شۆڕش و شەڕ بەڕێوە دەچێ و ڕێبەرایەتی دەکرێ. چەند ساڵ پێش ئێستە بنکەی سەرەکیی بارزانی لە ڕانیە بوو، دواتر گوێزرایەوە بۆ شارۆکەی گەڵاڵە لە چەند کیلۆمەتری جادەی هامیلتۆن لە نزیک پردی گرینگی گەڵاڵە.

بەلام ناوی ئێستەی "پایەتەختی" هەرێمی کوردستان، چۆمانە.

ئەم شوێنەش لە راستیدا گوندێکی گەورە و بلاوە لە دۆلێکی تەنگەبەردا، کە بە لای باشووری رۆژاوا تا سنووری ئێران درێژ دەبێتەوە و دەگاتە لووتکەی زنجیرە شاخەکان. لە سنوورەوە تا چۆمان هەر سەعاتە رێگەیەکە بە ترۆمبیل. مرۆڤ سەرەتا دێتە حاجی ئۆمەران، ژمارەیەک مالی قورین رەت دەکات، بە رێگەیەکی سەخت و مەترسیداردا تێ دەپەڕێ کە کامیۆن، لاندرۆڤەر و گەلێک ئۆتۆمۆبێلی شەخسیی نەگونج بۆ ئەم رێگەیە بە چاو دەبینێ.

لە گشت جێگەیەکی ئەم رێگەیەدا سەرباز، کە لای کورد پێیان دەوترێ "پێشمەرگە" دەبینرێن. خەلکی هیچ ناوێکی تر بۆ ئەوان بەکار نابات و مانای پێشمەرگەش مەیلەو دەبێتە ئەوە "کەسێک کە ئامادەیە گیانی خۆی بەخت بکا، یان ئامادەیە ڕووبەڕووی مردن بێتەوە". دیارە من لەم سەفەرەدا هەول دەدەم زۆر زیاتر لەسەر پێشمەرگە بنووسم چونکە ئەوان بڕبڕەی پشتی ئەم شۆڕشەن. پیاو دەتوانێ ئەوان لە گشت شوێنێک لە کوردستاندا ببینێ، بەلام لە راستیدا من هەوەلێن جارە دەیانبینم و بە وردی سەرنجیان دەدەم. بە جامەدانی و بەم شەروالە پان و پۆڕانەیانەوە کە زیاتر وەک تەلیس دەچن.

دواتر من ناوی گشت جلوبەرگی ئەم پێشمەرگانە فێر دەبم، ئەوەی لە سەریانە پێی دەلێن کلاو، هی دەوری کلاوەکە جامەدانی، ئەوەی لەژێرەوە لەبەری دەکەن پێی دەلێن شەپک (کراس)، ئەوەی وەک تەلیس وایە شەلوار و ئەوەی لە ناوقەدیان دەیبەسن پێی دەلێن شوتک (پشتوێن) کە زۆر درێژە و کاری جۆرەوجۆری پێ دەکەن. پشتوێن زک گەرم رادەگرێ، وەک دەستمال کاری پێ دەکرێ و لە هەمووان گرینگتر کاتی نووستن دەموچاوی پێشمەرگە لە سەرما و هێندێک جاریش هێرشی مێشوولان دەپارێزێ.

من قەت نابینم ئەوان بە ڕیز بڕۆن یان وەک سەرباز مەشق ئەنجام بدەن. بەڵام هیچ کات ئەوان بێ چەک نابینم، بۆ هەر کوێیەک بچن یان هەر کارێک ئەنجام بدەن چەک لە دەست و هەردەم سازن. زۆربەی نێزیک بە تەواوی پیاوەکانی ئەم خەڵکە چەکدارن و جگە لە پیرەپیاوان و مێرمندالان (کوڕ) کەسی بێ چەک نابینرێ و جاری واشە کوڕی ١٤ ساڵە دەبینی دەمانچەی پێیە و سنوورێکیش بۆ ئەوە، کە پیر بێت و لەبەر پیری نەتکەنە پێشمەرگە بوونی نییە – بارزانی خۆی ٧٤ ساڵە.

ڕوانگەی ئەم شەڕوانە چیاییانە لەسەر ژیان و مردن دەبێتە یەکەم کاریگەری بەسەر منەوە. هەرکە ئەو میلە سنوورییەم تێ پەڕاند ئەوانم بینین...، لە حاجی ئۆمەران، لە "دوربان" لە چۆمان. من پێشتر هیچ کات هێندەم چەک نەبینیوە، سوپایەک وەک ئەمانە بێباک، پیاوانی بڕوابەخۆ، من دەزانم. . . من دەزانم لەم وڵاتەدا شەڕێکی بەتەواوی مانا و بێ بەزەییانە بەڕێوە دەچێت و هەموو ئەم پێشمەرگانە بێ هیچ شک و گومانێک لە ڕەوابوونی ئامانجیان، سازن گیانی خۆیان بەخت بکەن بۆ پاراستنی خەڵکی خۆیان.

تەنیا سەرنجێکی کورت لەم پیاوانە من لەم بارەوە قایل دەکات و من دەزانم کورد هێندە لە شەڕدا ژیاون، ئەم دیاردەیە بووەتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەیان و خۆیان لەگەڵ دۆخەکەدا ڕێک خستووە. بۆیە بێ گلە و گازندە تێکڕا ڕووبەڕووی هەموو پێشهاتێک دەبنەوە.

دوکتۆر ڕەمزی من دەباتە هۆتێلێک لە "دوربان" و داوام لێ دەکات ڕاوەستم تا ئەو ئاگەدارم دەکاتەوە. بۆ خۆی خەریکی لاندرۆڤەرەکە و دانانی ئەسپابەکانی دەبێت.

من چاوەڕوانی هۆتێلێکی لەم جۆرە لە دوربان و لەناو شەڕی کوردستان نەبووم. ئەمە هۆتێلێکی توریستیی مۆدێرنە، کە دەوڵەتی عێراق لە وەختی

ئاشتیدا سازی کردووە بەڵام ئێستە لەژێر دەستی شۆڕشدایە. من بەرپرسی هۆتێلەکەم بینی. ناوی "یۆنادم بنیامینە" و ٤٤ ساڵییە. لەبەر ئەوە من حەز دەکەم هەرچێک زووتر دەست بەکار و ئەرکەکانم بکەم وتووێژێک لەگەڵ ئەم کەسەدا ساز دەکەم. ئێمە لە کاتێکدا خەریکە تاریک دابێت لە دەرەوەی هۆتێلەکە دادەنیشین، لە دیوی لای شاخەکەوە پاشماوەی فڕۆکەیەکی تێکشکاو دەبینرێ و بینجامین دەڵێ ئەوە لە شەڕی پێشوودا کەوتە خوار نەک لەم شەڕەی ئێستە.

بنیامین دەڵێ ئەو خەڵکی شاری پڕ لە نەوتی کەرکووکە، کاتێک لە مانگی ئاداردا شەڕ دەستی پێ کردەوە ئەو هەڵات بۆ چۆمان و ئامادەیی خۆی بۆ خزمەتکردنی شۆڕش ڕاگەیاند و ئەوانیش کردیانە بەرپرسی ئەم هۆتێلە، کە ئێستە تاقولۆق پێشمەرگە نەبێت مێوانی توریستی بۆ نایەت. ئەو ژنەکەی و پێنج منداڵی لە کەرکووک بەجێ هێشتوون و شەش مانگە هیچ ئاگایەکی لێیان نییە، بۆیە زۆر نیگەران و ناڕەحەتە.

لە گەرمەی قسەدا پێشمەرگەیەک و پیاوێکی بچکۆلەی بێ چەک دێن و دەڵێن:

– ئێمە چاوەڕوانی تۆ بووین، پێمان وا بوو دوێنێ دەگەی. تۆ نابێ لێرە بیت، تۆ دەبێت لەگەڵ ئێمەدا بێیت بۆ چۆمان. ئێمە لەوێ مێوانخانەیەکمان هەیە ناوی قەسرول – سەلامە "ماڵی ئاشتی" و گشت ڕۆژنامەوانان لەوێ دەمێننەوە.

ئەو ماوەیە لە کوردستانم، قەسرول – سەلام (ماڵی ئاشتی) دەبێتە بنکە و شوێنی مانەوەم. هۆی ئەوەی کە بەم هۆتێلە (کە لە ڕاستیدا نەک قەسر و هۆتێلێکی مۆدێرن بگرە زیاتر لە میوانخانەیەکی ئاسایی دەچێ) دەوترێ ماڵی ئاشتی ئەوەیە، کە ڕێککەوتنی ئاشتی ساڵی ١٩٧٠ لێرەدا مۆر کرا. ڕێککەوتنێک، کە سێ ساڵ دواتر تێک چوو. تەختێک و لامپێکم پێ دەدەن و

داوام لێ دەکەن شەوانە، کاتێک لامپەکە دادەگرسێنم پەردە دابدەمەوە چونکە قەرارە شەوانە لامپ و رووناکی دەرنەکەون. کاتێک بە تەواوی تاریک دادێ دەوروبەر وا بێ دەنگە من هاژەی ئاوی تاڤگەی دۆڵەکەی خوارەوە و جریوەی مەلان بە دارەکانەوە بە هاسانی دێتە گوێم.

من و میشل، یەکێک لەو کەسانەی هاتە شوێنم تا بمهێنن بۆ ئەم هۆتێلە، لە تەنیشت مێزێکی گەورەوە دادەنیشین و دەست دەکەین بە فراوین خواردن. چێشتەکە گۆشت و تەماتەیە. میشل دەست دەکات بە باسی خۆی و شەڕێک کە لە گۆڕێدایە:

– من بەرپرسی بەشی توورێزمی مووسڵ بووم. ئێستە لێرە وەرگێڕی زمانی فرەنساییم لە بەشی زانیاریدا. میشل ئینگلیزیش دەزانێ بەڵام فرەنساییەکەی باشترە. ئەو لە بنەڕەتدا فرەنساییە. – ئەگەر ئەو جلە پێشمەرگانەی نەبن من ناتوانم لە فرەنساییەکی رەسەن جیای بکەمەوە. میشل درێژەی دەدات و دەڵێ:

گرفتی ئێمە ئەوەیە رێژیم فڕۆکە و تانکی هەیە و ئێمە شتی لەو شێوەیەمان نییە. بەڵام ئێمە شتێکمان هەیە خەباتی بۆ بکەین، کوردستانێکی سەربەست، کە زۆر لە لامان پڕ بایەخترە. پێشمەرگەی ئێمە ئازا و لە شکان نەهاتوون، ئەگەر لەگەڵ هێزی ئاسایی –پیادە–ی رێژیم بەرەوڕوو دەبن یەکیان بەرانبەرە لەگەڵ سەد سەربازی عێراقدا. بەڵام شەڕ لەگەڵ تانکدا دژوارە و بە زەحمەت دەچێتە پێش.

میشل دەڵێ:

– چەند رۆژ پێش ئێستە دەستەیەک پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر بنکەیەکی سەربازیی رێژیم و سێسەد سەربازی دەوڵەتیان کوشت و پەنجا ئۆتۆمۆبێل و تانکیشیان تێک شکاندن.

وردە وردە خەریکە باران دەست پێ بکات و زستانیش بەڕێوەیە، بە

زستان تا دوو مەتر بەفر لێرە دەبارێ و ئەو کات سوپای عێراق لە جێگەی خۆیدا دەچەقێ و بواری جووڵانی نابێت. بەڵام هێزەکانی ئێمە وا نین. ئەوان بە شاخ و ئاو و هەواکەی فێرن و باشتر لەگەڵیدا راهاتوون.

لە قووڵاییی دۆڵەکەوە کاروانێک کامیۆن و ماشێن دەبینم هەموو لامپەکانیان هەڵکردووە و دەنگی گۆرانیش دێتە گوێم، میشل دەڵێ:

پێشمەرگە بۆ بەرەی شەڕ دەڕۆن. گوێت لێیانە چۆن گۆرانی دەڵێن.

من رادیۆیەک لە میشل بە قەرز وەردەگرم و لە کاتێکدا هەمووان رۆیشتن بخەون، سەعات ١٠ی شەو گوێ دەدەمە بەشی ئینگلیزیی دەنگی کوردستان. هەموو بەرنامەکە باسی بەرەی شەڕ، پەیامی رەمز، هێرشی هەوایی، شەڕ لە بەرەکانی رەواندز، بێتواتە، کۆیسنجاق و ئاکرێیە.

پێچی رادیۆیەکە با دەدەم و دەچمە سەر دەنگی ئەمەریکا، گوێ دەدەمە دوایین خەبەر و دەبیستم دیسان باسی کاردانەوەیە بۆ لێبووردنی سەرۆک "فۆرد" لە "نیکسۆن" کێشەی وەتەرگەیت، کە هەڵایەکی گەورەی نایەوە و پێچی رادیۆیەکە بادەدەمەوە بۆ سەر رادیۆی کوردستان و دیسان گوێ دەدەمە هەواڵەکانی بەرەی شەڕ:

پەیامنێرمان لە بەتالیۆنی سێیەوە لە قەرەداغ رادەگەیەنێ، کە دوێنێ پاش نیوەڕۆ، دەستەیەک لە پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر بارەگاکانی رێژیم لە کێوی سەگرمە و زیان و زەرەرێکی زۆریان بە دوژمن گەیاند، دواتر لە ماوەی رۆژدا دەستەیەکی تری پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر دوژمن لە قەڵا سوورە، لەم شەڕەدا پێشمەرگە چەکی جۆرەوجۆریان بەکار هێنا و زیانی گەورەیان گەیاندە دوژمن... لقی سێی کەرکووکی پارتی دیموکراتی کوردستان رای گەیاند، کە ئەوان ئاگەدار کراون رۆژی ٢٥ی... رێژیمی دیکتاتۆریی بەعس ١٥ پێشمەرگەی لە مووسڵ لەدار داوە. پێویستە بگوترێ کە ٣ کەس لەم هەڵواسراوانە سەر بە نەتەوەی عەرەبن... هێزی شێخان رای

گەیاند شەش بنەماڵەی تری کورد ناچار کراون مووسڵ بەجێ بێڵن و دوێنێ ڕۆژی ٨ی... گەیشتنە بنکەی هێز. هەروەها عەینی ڕۆژ ٩ بنەماڵەی تر لە کەرکووک دەرکران... هێزی بێتواتە ڕای گەیاند هێزێکی زۆری دوژمن نیوەشەوی ٧ی ئەم مانگە هێرشیان کردە سەر بنکەکانی ئێمە لە گوندی بەردانگە. ئەم هێرشە لە لایەن پێشمەرگەکانی بەتالیۆنی یەکەوە پاش چەند سەعات شەڕی سەخت پێشی پێ گیرا و دوژمن ناچار کرا دوای زیانێکی زۆر پاشەکشێ بکاتەوە بۆ شوێنەکانی پێشووی.

باسی لەیلایان بۆ کردووی؟

بەیانیی رۆژی دوایی داوام کرد بمبەنەوە سەر سنوور، پێیانم وت من دەبێ ریپۆرتاجەکەم لەوێوە دەست پێ بکەم. - دوێنێ ئێمە زۆر بە پەلە لەوێوە تێ پەڕین بەڵام من لە گشت لایەک ئاوارەم بینین لە چادر و کۆخی ساکاردا دەژیان:

من دیمەنێکی ناڕوونی ئەو خەڵکەم لەپێش چاوانە، دەمەوێ بگەڕێمەوە و بە تەواوی لێی دڵنیا بم. ئەو دیمەنە دڵتەزێنەی خەڵکی دەربەدەر و ئاوارە، کە لە ئینجیلدا باسی دەکرێ. دەبێت سەردەمی مووساش هەر وا بووبێت، نزیکەی هەموو کاتێک لەم بەشەی دنیادا هەر وا بووە، لێرە هەمیشە مرۆڤەکان ئاوارە بوون، هەردەم ناچار کراون ماڵەکانی خۆیان بەجێ بهێڵن و روو لە چارەنووسێکی نادیار، رێگە بگرنە پێش.

ئەحمەد، یەکێک لەو قوتابییە گەنجانەی "وەزارەتی" رۆشنبیری لەگەڵمدا دێت بۆ سنوور. ئەو تەمەنی ٢٣ ساڵە و خۆرتێکی زۆر تێ گەیشتووە. هەرکە خوێندنەکەی لە زانستگەی بەغدا تەواو بوو بەرەو کوردستان کەوتە رێ، زۆربەی هاورێ و دۆستەکانی وی لە کوردستانن و بۆ خۆشی تەنیا دوو حەفتەیە تێکەڵی شۆڕش بووە. ئەحمەد دەڵێ:

- ئێستە زیاتر لە نەوەد لە سەدی قوتابییە کوردەکانی بەغدا لێرەن. ئێمەش هەوڵ دەدەین بەشی خۆمان یارمەتیی بزاوەکە بدەین، ئێمە لە دژی چەتە و باندەکانی دەوڵەتی عێراق خەبات دەکەین. ئەرێ بە راست تۆ لەم ماوەیەدا لێرەیت باسی لەیلایان بۆ کردوویت؟ ئەو کچێکی ٢١ ساڵە بوو، لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا لە بەغدا گیرا و دارکاری کرا و هەڵواسرا. ئەو

کچە کوردێک بوو دەوڵەتی عێراق لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر هەڤاڵی تری مندا کوشتییان.

بە دەم قسەکردنەوە، من و ئەحمەد گەیشتینە سنوور. ئاوارەکان لە لای سنوور ماونەتەوە، ئێستە ژمارەیان نزیک ٣٠٠٠ هەزار کەسە کە بە شێوەی مامناونجی هەر بنەماڵەیەک شەش - حەوت و ماڵی واش هەیە تا دوازدە منداڵی هەیە. ئەمانە لەو گوندانەوە دێن کە لە لایەن سوپای عێراقەوە بۆمباران و پاشان داگیر دەکرێن، ئێستەش لێرەن تا دەرگەی سنووریان لێ بکرێتەوە و بچنە ناو خاکی ئێران بۆ ناو کامپی پەنابەران. مەیلەو سەرجەمی ئەم خەڵکە ژن و منداڵن، پیاوەکانیان گشت لە بەرەی شەڕدان. یەکێک لە بەرپرسانی پێشمەرگە دەڵێ:

– ئێمە هەموو ئەوانەی دەگەنە ئێرە ناونووس دەکەین و هەموو رۆژێکیش دەستەیەکی تازە دەگەن. لەپێشدا دەبێت کاربەدەستانی ئێرانی بڕیار بدەن کەی ئەمانە دەتوانن دەرباز بن، دەبێت لەپێشدا چادرەکانیان بۆ ساز بکرێن. هێندێک لەم خەڵکە سێ مانگە بەم دۆخە خراپەوە لێرە چاوەڕوانن تا بزانن کەی دەتوانن لەم سنوورە دەرباز بن. ئێمە لێرە دوکتۆرێک و نەخۆشخانەیەکی بچووکمان هەیە و هەوڵ دەدەین خواردنیش بۆ ئەم خەڵکە دابین بکەین، بەڵام فرەیەک لەم ئاپۆڕەیە تەنانەت چادریشی نییە تێیدا بخەوێ و رۆژانە منداڵی ساوا لەبەر سەرما و سۆڵە لەپێش چاوی ئێمە و باوک و دایکیاندا دەمرن.

ئەم لێقەوماوانە لێرەش لە ترسی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق چاڵیان هەڵکەندووە (کونە تەیارە)، تا خۆیانی تێدا حەشار بدەن و بەر بۆمبای تەیارە نەکەون. لە تەنیشت ئەم حەشارگەیانەشەوە چاڵێکیان هەڵکەندووە و بە گڵی سوور (تەندوور) سافیان کردووە تا لەو نانە ناسکە کوردییەی لێ ساز کەن و من، کە هەوڵ دەدەم سەری قسە لەگەڵ دەستەی ئەو ژنانە،

بکەمەوە کە هێندێک منداڵیشیان بەدەورەوەیە و لە لای ئەو ئاگرانە دانیشتوون و خەریکی نانکردنن.

ئەحمەد خەریکی وەرگێڕانی قسەکانی هەردووک لامانە و زوو بۆم دەردەکەوێ بەسەرهاتی هەموویان وەک یەکە، شەڕ و بۆمباران ئەوانی ئاوارە کردووە، ئێستەش لێرە گیرساونەتەوە بەو هیوایە، دەرگەی سنووریان لێ بکرێتەوە و لەژێر ئاگری فڕۆکەی عێراقدا رزگاریان بێت:

– ئێمە لە گوندی باتاسەوە لە نزیک شەقڵاوەدا دێین. هەوەڵین جار فڕۆکە هاتنە سەرمان پێش سێ مانگ بوو، چەندین جاری تریش هاتنەوە و ٢٠ – ٣٠ کەسیان لێ کوشتین و زیاتر لە دوو مانگیشە لێرە چاوەڕوانین.

– ئێمە لە گوندێکی نزیک هەولێرەوە دێین، سێ مانگە لێرەین، منداڵەکەمان لێرە لەدایک بووە. ئەوەی ئێمە بزانین تا ئێستە دوو منداڵ لێرە مردوون.

– پیاوەکەی من لە بەرەی شەڕە، من ئێستە ٣ منداڵم هەیە، دووان لە منداڵەکانم لێرە مردوون.

من دەتوانم ماوەیەکی درێژ لەگەڵ ئەم خەڵکەدا ئەم باسە درێژە بدەم بەڵام ئەحمەد بۆی زەحمەتە لەم هەموو تاوانە بگات و ئەوانیش بۆیان سەختە باسی هەموو ئازارەکانیان بکەن. منداڵەکانیان هەڵدەگرن و هەوڵ دەدەن روو بە کامێراکەی من بە بزەوە دەرکەون.

لەپێش کەپرێکدا، کە بە دوو بەتانی ساز کراوە پیاوێکی پیر دانیشتووە و خەریکە چەقۆیەک بە بەردێکدا دێنێ و تیژی دەکاتەوە. ئەویش لە ئاواییەکی بۆمبارانکراوەوە دێت. ئەو دەڵێ ژنەکەی کە ئەویش زۆر بەتەمەن بوو لەوێ کوژراوە و منداڵێکیشیان لە دوا نەماوە. من دەپرسم مامە ئەگەر ئێستە گەنج بوایەی ئەتۆش پێشمەرگە بووی؟

– بێگومان. هەڵبەت منیش پێشمەرگە بووم و لەو شوێنەش بووم کە چەکە

دژە فڕۆکەکانی لێیە تا یەکێک لەو فڕۆکانە بخەمە خوارەوە. بە پێکەنینەوە چەقوە کۆنەکەی بە دەستەوە دەگرێ و ڕوو لە ئاسمان بە نیشانەی هەڕەشە بەرزی دەکاتەوە.

منداڵ بە ناو چادر و کەپرەکاندا دێن و دەچن و بۆ خۆیان خەریکی گەمەن. هێندێکیان کۆمەڵێک ئامرازی یارییان بۆ خۆیان لە کوتە ئاسنان ساز کردوون پێیانەوە سەرگەرمن. بایەکی سارد لە باکورەوە هەڵی کردووە و بە پێی ئەزموون زۆریش ناخایەنێ وەرزی بەفر و بارانیش دەست پێ بکەن. لە یەکێک لە بەرپرسەکان دەپرسم باری ئەمانە – لە وەها دۆخێکدا، چی بەسەر دێ؟

بەرپرسی کەمپەکە پێش ئەوەی بێتە ناو شۆڕش ئەفسەری پۆلیس بووە دەڵێ:

– ئەوان دەبێت پێش ئەوەی دۆخەکە بگاتە ئەو جێگەیە لێرە بڕۆن. ئێمە هەوڵ دەدەین هەرچییەک زووتر کێشەی کرانەوەی سنوورییان لە لای ئێرانییەکانەوە بۆ چارەسەر کەین و لەوە زیاتر لە دەستی ئێمە نایەت. بۆ خۆت دەزانی هەر ڕۆژە دەستەیەکی ئاوارەی نوێ دەگەن و هەر ئێستە دۆخەکە مەترسیدارە، جا ئەگەر بێتو بگاتە زستان، بێ شک هەموو لێرە لە سەرما و لە برسانە دەمرن.

من لەبەر خۆمەوە دەڵێم ئەمە لە گشت شەڕێکدا هەر وایە، زیاتر ژن و منداڵان زیانمەند دەبن. پیاوەکان لە بەرەی شەڕدا هێندە ئازار نابینن. بەڵام کاتێک لەگەڵ ئەم خەڵکەدا قسە دەکەم دەبینم کەسیان بۆڵە و گلەییەکی لە دۆخەکە نییە. بە پێچەوانەوە ئەم شەڕە وەک مەرجی مانەوەی خۆیان دەبینن و هەرچییەک تاوانی دەوڵەت زۆرتر دەبێ بڕوای ئەوانیش وەک شاخ و کێوەکانیان مەحکەم و پتەوتر دەبێت. ئەوەی کە دەوڵەت گوندەکانی ئەوانی بۆمباران و وێران کردووە، شەوانە پۆلیس هاتوون و ئەوانی لە ماڵەکانیان

وەدەر ناوە، تۆپخانەی دەوڵەت ماڵ و حاڵی تێک داون، هەموو ئەوانە تەنیا ورەی ئەوانی بەرزتر و رقی لە دەسەلات و دەوڵەت زیاتر کردووین. ئەمانە کاتێک ناوی دەوڵەت دێن رقێکی تایبەت لە تۆنی دەنگیاندا هەست پێ دەکرێ، فرۆکەکانی دەوڵەت گوندەکانی وێران کردن، سەربازی دەوڵەت ئەوانی دەربەدەر کرد، پۆلیسی دەوڵەت ئەوانی راو نا و... بەم شێوەیە دەوڵەت و تاوان لای ئەمانە بوونەتە یەک.

هێندێک لە منداڵەکان کاڵ و چاوشین، ژنەکان سەر و شکڵیان جوان و رێکوپێکە. ژنێکی جوان، کە دایکی سێ منداڵە سەرنجم رادەکێشێ. بە خۆم دەڵێم ئەگەر من ئەم ژنە، لە سوێد بە جلوبەرگی خۆمانەوە ببینم قەت ناتوانم بڵێم ئەمە ژنێکی بێگانەیە. ئەو زۆر جوانە و بۆ من دژوارە، کە رابردوو و دۆخی ئێستەی بێنمە پێش چاو – ئەوەی کە ئەو قەت نەیتوانیوە فێری خوێندن و نووسین بێت، ژیانێکی بە پێوانەکانی ئێمە (بەلام تەنیا بە پێوانەکانی ئێمە)، دواکەوتووانە دەباتە سەر. بۆ من دژوارە لە ژیانێک کە ئەو بردوویەتیە سەر تێ بگەم، کەچی سەر و سیما و رەنگی قژ و چاوەکانی، کە جیاوازییان لەگەڵ ژنێکی ئەوروپاییدا نییە و وەک خۆشی کەسێکی ژیر دێتە بەرچاو، بە هیچ شێوەیەک پێکەوە ناگونجێن. من لە ناخی خۆمدا هێندێک لەو بیرکردنەوەی خۆم هەست بە شەرم دەکەم. بەو حاڵەش کاتێک وەرگێڕەکەم ئەحمەد لێم دەپرسی، کە بیر لە چی دەکەمەوە بۆی دەدرکێنم و ئەحمەد لە وەلامدا ئێژێ:

– زۆر سروشتییە، ئێمە ئارياین، راست وەکو تۆ. ئێمە عەرەب نین، ئێمە ئاریاین و بە زمانێکی هیندۆ ئەوروپایی قسە دەکەین.

ئەو لە کاتی دەربڕینی ئەم وتەیەدا هەست بە باری نێگەتیڤ و بیرۆکەی رەگەزپەرستی لە وشەی "ئاری"دا ناکات، تەنیا خۆشحاڵە، کە لەم بارەوە ئیمکانی بۆ رەخسا تا ئەم زانیارییە بداتە من، کە بۆ ئەو چەندە گرینگە من

بزانم ئەو عەرەب نییە. رەنگە ئەو پێی وابێ ئەم زانیارییە بە شێوەیەک سۆزی من – بۆ کورد – زیاد بکات. وە یان رەنگە منیش، بێ ئەوەی بە خۆم بزانم لەو چوارچێوەیەدا هەڵسوکەوت بکەم.

لە گەڕانەوەدا ئەحمەد من دەبات بۆ شوێنێک لە حاجی ئۆمەران، لەوێ کۆمەڵێک هونەرمەندی کورد، لەسەر پارچەیەکی گەورەوە خەریکی کێشانی وێنەن. لە وێنەکاندا هێندێک پێشمەرگەی چەک لە شان و کۆمەڵێک گوندی وێرانکراوی ژێر بۆمبا دەبینرێن، لەگەڵ وێنەکانیشدا دروشمی شۆڕشگێڕانە نووسراون.

لە یەکێک لە تابلۆکاندا لەیلا – ئەو کچەی لە بەغدا هەڵواسرا، دەبینم. بە تەواوی سەرنجم رادەکێشێ. دیمەنی یەکەم وێنەیەکی ناڕوونی ژنێک پێشان دەدات، کە سەربەرزانە بەرەو سێدارە هەنگاو دەنێ و لە دووەمین دیمەندا پەتی سێدارە لە مل، بە هەڵواسراوی دەبینرێ.

پاش نیوەڕۆکەی داوا دەکەم دوکتۆر مەحموود، یەکێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی ببینم. ناوبراو پزیشک و بەرپرسی "بەش"ی تەندروستییە، هاوکات یەکێکە لە رێبەرانی شۆڕش و لە سەرەتاوە تا ئێستە لەگەڵدا بووە.

شوێنی دیداری من لەگەڵ دوکتۆر عوسماندا کونەبەردێکە، کە بە شێوەیەک داپۆشراوە من تا بە تەواوی نزیک نەبمەوە و کەسێک دەرگەیەکم پێشان دەدات هەست بەوە نەکەم ئەمە جێگەی مانەوەی کەسێکە. مەحموود پیاوێکی ئارام و وردبینە. بیری ورد و هۆشی تیژی دەبنە هۆی ئەوە سەرەڕای ماندوویی، بریسکەی چاوی بێت. ئەو بە باشی و رەوان ئینگلیزی قسە دەکات، وشەکانی زۆر بە سەرنجەوە هەڵدەبژێرێ و بچووکترین گومان لە وتەکانیدا نیشان نادات. یەکەم پرسیارم بەم شێوەیە دەست پێ دەکەم:

من تەنیا شەو و رۆژێکە لێرەم، بەڵام هەر لە ئێستەوە تێ گەیشتووم، کە کوردستانی عێراق راست وەک وڵاتێکی سەربەخۆ کار دەکات. چۆنە ئێوە

تەنیا باسی ئۆتۆنۆمی دەکەن؟ راستی مەسەلەکە وا نییە کە ئێوە پێتان خۆشتر بێ خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆتان بن؟

– من لە دنیا نەتەوەیەک شک نابەم ئاواتی سەربەخۆیی نەبێت، بەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان پارتییەکی عێراقییە. ئامانجی ئێمە ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدایە. ئەمە هەڵەیە ئینکاری ئەوە بکەین، کە هەموو کورد سەربەخۆییان ناوێ، بە پێچەوانەوە. بەڵام ئەمە تەنیا بۆچوونی کەسانیی منە و بۆچوونی پارتی ئەوەیە داوای شتی ناسبەجێ نەکەین. ئێمە هیچ پێوەندییەکی سیاسیمان لەگەڵ ئێران و تورکیادا نییە، ئێمە تەنیا لەناو عێراقدا کار دەکەین.

بەڵام ئەمە چۆن ئەبێت؟ چۆن دەتوانن بگەنە ئەم ئامانجە؟

– دوو جێگرەوە هەیە، یان لە رێگەی ئاشتییەوە، کە مانای ئەوەیە ئێمە بە شێوەیەکی یاسایی دەبینە خاوەنی ئۆتۆنۆمی لە چوارچێوەی عێراقدا، یان جیابوونەوەیەک کە بە شێوەی "دێفاکتۆ" مەیلەو وەک ئێستە هەیە. دیارە ئەلتەرناتیڤی دووەم لە یەکەمیان زۆر مەترسیدارترە بۆ گشت عێراق. ئەگەر ئەوان لە بەغدا ژیر بن دەبووا تێ بگەن، کە چارەسەری سیاسی تەنیا یەکەتیی عێراق بەهێز دەکات، ئەوکات کورد رازی دەبوون و نەتەوەی عێراقیش بەهێزتر.

بەڵام چی رووی دا؟ بۆچی شەڕ دیسان هەڵگیرسایەوە؟

– وتووێژ گەیشتبوونە ئاستێکی لاواز، باشتر وا بوو دیسان درێژەیان پێ بدرێ بەڵکو رێککەوتنێک بە دەست بێ، بەڵام دەوڵەتی عێراق ریالیست نییە. بەجێی ئەوە کردەوەی سەربازییان دەست پێ کردەوە. هەر لە مانگی کانوونی یەکەوە بڕیاری دەست پێکردنەوەی شەڕیان دابوو و لە کۆتاییەکانیشدا دانیشتنەکان لە لایەن دەوڵەتەوە ئەسڵەن جیدی نەبوون. ئەوان زیان و گورزەکانی پێشتری شەڕیان لە بیر کردبوو و پێیان وا بوو بە

هێرشی سەربازی ئێمە لەناو دەبەن. بەڵام ئەوان لەم ڕێگەیەدا سەرکەوتوو نابن. ژمارەیەکی کەم کورد هەن هاوکاریی ئەوان بکەن و ئێستە لە هەر کاتێکی تر زیاتر لە لایەن خەڵکی کوردەوە دابڕ کراون.

بەڵام نەوت، ڕۆڵی نەوت چییە لەم کێشەیەدا؟

– نەوت بە جۆرێک ڕۆڵی هەیە. یەکێک لە دەلیلە هەرە گرینگەکانی ئەم شەڕە نەوتە. ئێمە پێشنیازمان کردووە دەوڵەتی ناوەندی کاری دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتی لە ئەستۆ بێت، بەڵام لەبەر ئەوە نەوتەکە لەناو خاکی کورددایە ئێمە لامان وایە دەبێت نەوتی گشت خەڵکی عێراق بێت نەک وەک ئەوە ئێستە دەوڵەت داهاتی نەوت بۆ شەڕێک تەرخان دەکات کە وڵاتەکە وێران و خاپوور دەبێ. دروشمی ئەوان ئەوەیە "نەوتی عەرەب بۆ عەرەب" بە بڕوای ئێمە ئەمە خۆی جۆرە هاندان و ڕاچڵەکاندنێکە دژی خەڵکی کورد.

شەڕەکە چۆن دەڕواتە پێشەوە؟

– ناوچەی وا هەیە کۆنترۆڵی بە تەواوی لە دەست ئێمەدایە، ناوچەی واش هەن ئێمە تێیاندا شەڕی پارتیزانی دەکەین. ئەوان چەکی گران، کە لە ڕووسیاوە پێیان دەگات لە دژی ئێمە بەکار دێنن. بەو حاڵەش زیانی گەورە بەر ئەوان دەکەوێت. ئێمە لەم ماوەیەدا هێندێک ناوچەمان لە دەست داون، بەڵام ڕوونە کە دۆخەکە لە قازانجی ئەواندا ناڕواتە پێش. فاکتەرێک لەم بارەوە ئەوەیە، کە ئەو ناوچانەی دەکەونە چنگ ئەوان بە تەواوی چۆڵن و خەڵکی تێدا نامێنێ. دوای داگیرکران خەڵکەکەی تێکڕا هەڵدێن بۆ لای ئێمە. ناوچەی بێ خەڵک هیچ مانایەکی نییە، هەروەها ئەمەش دەردەخات، کە چۆن خەڵکی کورد لەوان دوور کەوتووەتەوە. ئێمە گەلێک گرفتمان لەسەر ڕێگەدان، ئەمە ڕاستییەکە، بەڵام خەریکین کێشەکان چارەسەر کەین. ئاوارەکان گەورەترین گرفتی ئێستەی ئێمەن. ئەوانە دەبێت شوێنێکیان بۆ ژیان لە زستاندا بۆ دابین بکرێ، ئەوان ماڵ و حاڵیان لێ تێک چووە و ناچار

کراون روو لە ئێران بکەن. ئێمە پێویستمان بە یارمەتیی مرۆیی هەیە و بە داخەوە دنیا لە حاست داواکاریی ئێمەدا کەڕە.

چوارسەد هەزار کەس ناچار کراون ماڵ و حاڵیان بەجێ بێڵن و ڕێگەی ئاوارەیی بگرنە پێش. ئێران هاوکاریی ئێمە دەکات و ئەوانیش، واتا ئێرانی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان لەمەدا هەیە، ئێمە پشتیوانیی ئەوانمان هەیە.
د. عوسمان درێژەی دەدات و دەبێژێ:

مەترسیی لەبەینچوونی ئێمە زۆر لاوازە، زستان لە ڕێیە و لە وەرزی بەفردا تانکەکانی ئەوان، کە چەکێکی کاریگەری ئەمڕۆی ئەوانە، ناتوانن وەک پێویست بجووڵێنەوە.

تۆ دەبێت بزانی کە هەڵواسین لە عێراقی ئێستەدا وەک ئاوخواردنەوە وایە. ڕێژیمێکی وا ناتوانێ بۆ ماوەیەکی زۆر بژی، درەنگ یان زوو سەروژێر دەبێت و دەڕووخێ.

من پاش دیداری دوکتۆر عوسمان، بۆ لای تەحسین بەگ میری ئێزیدییان وەڕێ دەکەوم. من پێشتر قەت ناوی ئێزیدییانم نەبیستووە. ئێستە، کاتێک لێرە خەریکی نووسینی ئەم کتێبەم لە فەرهەنگێکدا بە دوای وشەی ئێزیدیدا دەگەڕێم و دەبینم نووسراوە:

ئێزیدی عەشیرەتێکی کوردن لە عێراق لە لای مووسڵ، هێندێکیان لە کێوەکانی کوردستان، باکوری ڕۆژاوای مووسڵ و هێندێکیشیان لە شاخەکانی سنجاردا نیشتەجێن. ئاینەکەیان تێکەڵاوێکە لە مەسیحییەت، جوولەکە و موسڵمان و هێندێک ئاینی کۆنی ناوچەکە... ئێزیدییەکان، کە زیاتر بە شەیتانپەرست ناودێر دەکرێن هەر لەمێژەوە کەوتوونەتە بەر هێرشی زاڵم و زۆردارانی ناوچەکە و، بە شێوەی جۆرەوجۆر راوەدوو نراون. هەژماریان لە گەلێک کۆمەڵکوژیی جۆرەوجۆر لە ساڵەکانی ۱۷۰۰ و ۱۸۰۰دا کەم بووەتەوە.

تەحسین بەگ میری ئەوانە. بەو جۆرەی من تێ گەیشتووم مانای میر وەک شازادەیە و تەحسین بەگیش لەناو ئێزیدییەکاندا ئەو پلە و پایەیەی هەیە، کە پاپ لەناو کاتۆلیکاندا هەیەتی. میر تەحسین دوای ئەوە پێوەندیی کرد بە شۆڕشەوە لێرە، لە چۆمان دەژی و من لەو شوێنەی، کە بە شێوەی کاتی بۆی ساز کراوە دەیبینم. لەو دەمەی من رۆیشتم ئەو رازا بوو و ناچار مام تاوێک راوەستم تا لە خەو هەستا. سەرحاڵ و مێزەرێکی شل و ول لە دەوری سەری، راست وەک "پاپ"ێکی رەسەن دێتە بەرچاو. زۆر نەجیبە و ئینگلیزییەکی جوان قسە دەکات. لەبەر ئەوە من ناچار بووم راوەستم تا ئەو دێت، داوای لێبووردنم لێ دەکات. چام لەپێش دادەنێ و ئامادەییی خۆی بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم پێشان دەدات. میر دەڵێ:

– نزیک بە (١٠٠,٠٠٠) ئێزیدی لە عێراق دەژین، لە رووسیا سەد و سی هەزار، لە تورکیا پەنجا هەزار و لە سووریا چل هەزار. کەوا بوو ژمارەی ئێزیدییەکان زیاتر لە (٣٠٠,٠٠٠) سێسەد هەزارە.

ئەو میرایەتیی لە باوکیەوە بۆ بە میرات ماوەتەوە. بە وتەی میر دوو – سێ هەزار ساڵە ئەم ئاینە هەیە و لەو کاتیشەوە میرایەتی وەک میرات بۆ کەسەکان بەجێ ماوە.

– دینی ئێمە دینێکی کەونارایە، بەڵام ببوورە، بۆم نییە زۆرترت بۆ باس بکەم. ئەمە نهێنییەکی گشتیی ئێمەیە. سروشتییە ئێمە بڕوامان بە خوا هەیە، بەڵام زیاتر بۆم نییە باس بکەم.

– ئەوەی کە رێبەری ئاینی ئێزیدییەکان بیت، بۆ تۆ چی مانایەک دەدات؟

– من کۆمەڵێک ئەرکم لەسەر شانە وەک ئەوە کە چاودێریی جێبەجێبوونی یاسا ئاینییەکانی خۆمان بکەم. ئەگەر کەسێک سنووری یاساکانی بەزاند ئەرکی منە حوکمی بەسەردا بدەم. بۆ نموونە پێوەندیی زایەندی لە ژیاندا، یان کەسێک حاشا لە بوونی خوا بکات. شتی لەم چەشنە بە لادانی گەورە

دێنە ژمار. تەحسین بەگ درێژەی دەدات:

ئێزیدی چەند هۆزی جیاوازن و ژیانێکی ساکار دەبەنە سەر. پێشتر بە زۆری کۆچەر بوون بەڵام ئێستە نیشتەجێن و لە شار و گوندان‌دا دەژین. نەریتی چەندژنی ئاساییە لەناو ئێمەدا و دینەکەمان سنوورێکی بۆ ژمارەی ژن دانەناوە، بەڵام زۆربەی پیاو بە سێ ژن رازی دەبن. دیارە ئەمە زۆرە و من خۆم ئەگەر کاتی گەنجی ژیرانە بیرم بکردایەتەوە بە تەنیا یەک ژن رازی دەبووم.

کاتێک من لێی دەپرسم ئەو چەند منداڵی هەن دەڵێ:

– پێم وایە دە… ، یان دوازدە.

میر بە وتەی خۆی وەک شوێنەکانی تر زەکاتی تایبەتی "کڵێسا" لە خەڵک وەرناگرێ، بگرە موریدەکانی دڵخواز یارمەتیی دەدەن:

– من هەموو شتێک بۆ خۆم هەڵناگرم، زۆربەی دەروات بۆ پەرستگەی خۆمان. من بەشی ئەوەندەم هەیە خۆم بەرێوە ببەم.

میری ئێزیدییان ساڵی ١٩٦٩ تێکەڵی شۆڕش بووە:

– من بڕوام بە بناخەکانی ئەم شۆڕشە هەیە. بەڵام ئەمە هیچ پێوەندیی بە ئاینەوە نییە. من کوردم، هەموو ئێزیدییەکان کوردن. بۆیە من تێکەڵی ئەم شۆڕشە بووم چونکە شۆڕشێکی کوردییە.

هەموو ئێزیدییەکانی عێراق لەگەڵ شۆڕشدان؟

– نا، بەڵام ئەمە تەنیا پێوەندیی بەوەوە هەیە هێشتا ئەو پێویستییە نەهاتووە هەموو چەک هەڵگرن. من هێشتا داوای وام لێ نەکردوون، بەڵام بێت و من ئەو داوایە بکەم نەوەد و پێنج لە سەدیان ئامادەن بەشدار بن. لەم رۆژانەدا بیست ئێزیدی لە مووسڵ لە لایەن دەوڵەتەوە هەڵواسران.

لە زۆر لاوە هەوڵی فریودانی میری ئێزیدییان دراوە:

– دەوڵەت هەوڵی داوە من بۆ لای خۆی راکێشێ. زێڕ و پارەی زۆریان بۆ پێشنیاز کردووم بەڵام من پرەنسیپەکانی خۆم بە پارە نافرۆشم. من شتێکم لەگەڵ بەعسییاندا نییە. من نامەوێ وەک ناپاکێک بژیم. من جەنەراڵ بارزانی وەک رێبەر و خەباتکارێکی مەزن دەبینم. ئەو هەموو ژیانی فیدای گەلی خۆی کردووە. ئەو مرۆڤێکی پاک و خاوەن بڕوایە.

میر لە درێژەدا دەڵێ:

– من پارەکە لە ستۆکهۆڵم بووم، لەو سەفەرەدا دەورێکی ئەورووپام دایەوە و دوو شەو لە ستۆکهۆڵم مانەوە. لە هۆتێلێک مانەوە ناوەکەی چی بوو... ئاها گراند هۆتێل.

مانگایەک بە پێشماندا تێپەڕ دەبێ و میر بێ ئەوەی گرینگیی پێ بدات درێژە دەداتە باسەکەی:

ئێمە لەم شەڕەدا سەر دەکەوین چونکە ئێمە بۆ مافێکی رەوا خەبات دەکەین، هەموو نەتەوەکانی دنیا خاوەنی مافەکانی خۆیانن، بۆ دەبێت نەتەوەی کورد لەو مافانە بێبەش بێ؟

میری ئێزیدییان بە شێوەیەکی سەیر تێکەڵاوە لە کۆن و نوێ، دواکەوتوویی و شتی مۆدێرن. رێبەری رۆحی ئاینێکی پڕ لە رەمزی هەزاران ساڵەیە، کە پەیڕەوانی پێک هاتوون لە چەند عەشیرەتی هەژار ژیانیان بە کشتوکاڵی بچووک و شوانی لە کێوەکانی کوردستاندا بەڕێوە دەچێ. بەڵام خۆی مەیلەو لە سیاسەت شارەزایە و بڕوایەکی پۆڵاینیشی بە پشتیوانیی ئەم شۆڕشە هەیە و دوور نییە شارەزاییشی لە ساڵۆنەکانی "گراند هۆتێل" لە ستۆکهۆڵم کەمتر نەبێ لەم ماڵە ساکارەی خۆی لێرە لە چۆمان.

ئێوارە دوای نانخواردن، لەگەڵ ئەحمەد، سەعدوڵڵا، خوران (سۆران؟ وەرگێڕ) و هەندێکی تر لەو کوڕە گەنجانە، کە وەک وەرگێڕ لێرە خزمەت دەکەن، لە دیوەکەی خۆم دانیشتووم. دیوەکە مەیلەو تاریکە، لە کوردستان

جگە لەو جێگەیەی رادیۆ و نەخۆشخانەی لێیە کارەبایەک لە گۆڕێدا نییە. چراقوتوویەک لە دیوەکەیە، کە رووناکییەکەی راست لە میچەکە دەدات و تۆزێک رووناکی دەداتە دیوەکەی ئێمەش. روو دەکەمە کوڕەکان و دەڵێم دەمەوێ زۆرتر لەبارەی لەیلاوە بزانم. ئەحمەد دەڵێ:

– چیت دەوێ بزانی؟

هەموو شتێک، دەمەوێ هەموو شتێک بزانم. هەموو ئەم کوڕانە لە نزیکەوە لەیلا دەناسن، بۆیە پێکەوە هاوکاریی دەکەن تا ئەوەی دەیزانن بۆ من باسی بکەن:

– ئەو لە کۆلێجی زانستگەی بەغدا بەشی سۆسیۆلۆجی دەیخوێند. لەگەڵ بنەماڵەکەی، کە ماڵێکی مامناوەندی بوون دەژیا. لەیلا لە خانەقین لەدایک بوو بەڵام بەشی زۆری تەمەنی لە بەغدا بردە سەر، کاتی شەهیدبوون ٢١ساڵی بوو. باڵای بەرز و باریک، قژی زۆر کاڵ، چاوی رەش بوون. جوان بوو بەڵام هێندەش نا، کە سەرنجی خەڵک بۆ لای خۆی راکێشێ. ئەندامێکی زۆر چالاکی یەکەتیی قوتابیانی کوردستان بوو. سەرپەرشتیی ئەو دەورە و کۆرسانەی دەکرد، کە لەسەر کولتووری کوردی بەڕێوە دەچوون و لە زۆر شوێنان قسەی بۆ خەڵک دەکرد. قەت نەدەترسا، دەیزانی کە بەم کارانەی خۆی کاربەدەستانی دەوڵەت تووڕە دەکات، بەڵام قەت ترسی نەدەناسی.

سەرەنجام شەوێک لە لایەن پۆلیسەوە گیرا، دوای نیوەشەو بوو و لە سەریەک پێنج قوتابیی گەنج گیران. هەوەڵ دوو کوڕ لە هۆتێلێک لە بەغدا گیران، ئازاد سلێمان و رەشاد سەبری. شەوی دوایی لەیلا و سێیانەکەی تر گیران. ئەوان هەمیشە پێکەوە بوون و پێکەوە کاری سیاسییان دەکرد. ئامانجی ئەوان کوردستان و یەکگرتنی کورد بوو. ئەوان قەت کارێکی خراپیان ئەنجام نەدابوو بەڵام دوای گیران تۆمەتی خراوکارییان لێ درا و بێ موحاکەمە حوکمی هەڵواسینیان بەسەردا سەپا.

یانەیەک لە بەغدا هەیە ناوی مەنسووورە. لە ڕواڵەتدا شوێنی کۆبوونەوەی چینە باڵادەستەکان و ڕێبەرانی حزبی بەعسە، بەڵام هەمووان دەزانن، کە لە پشت ئەو شوێنەوە زیندانێکی تاریکە، کە نارازییانی تێدا دارکاریی بێ بەزەیانە دەکرێن. تا ئێستە هەزاران کەس لەوێ لەژێر دارکاریدا مردوون. خەڵکی ناوی ئەو جێگەیەیان ناوە "کۆشکی کۆتایی". ئەو شەش کوردە گیراوە لە شوێنێکی نهێنی بۆ ماوەیەک ڕاگیران بەڵام دوای وشاری زۆر دەوڵەت ناچار بوو ئەوان بێنێتە سەر تەلەڤزیۆن، وەک خراپکار و تاوانبار پێشانیان بدات و پاڵەپەستیان خستە سەر لەیلا نامەی پەشیمانی بنووسێ بەڵام ئەو نەچووە ژێر باری زوڵمی ئەوان و بەو شێوەیە لەیلا بوو بە یەکەم ژن لە عێراق لە سێدارە بدرێ.

دیارە لەگەڵ ئەودا، کوڕێکیش بە ناوی جەواد لە سێدارە درا. بە پێچەوانەی ئەوانی تر جەواد قوتابی نەبوو، کوڕە کرێکارێکی ساکار بوو. ئەو و لەیلا ئەویندارى یەک و هەردەم پێکەوە بوون. سێ دانەی تر لە کوڕەکان دوای دارکاری و ئازار هەڵواسران و ئەم ڕووداوەش مێژووی ١٣ی مانگی ئایاری ١٩٧٤ بوو.

قەولیان بە بنەماڵەکانیان دابوو پێش هەڵواسین و بۆ دواجار بتوانن کوڕەکانیان ببینن بەڵام کاتێک بنەماڵەکان گەیشتن تەنیا تەرمی بێ گیان و دارکاریکراوی ڕۆڵەکانیان لەوێ بوو.

کەوا بوو ئەو پێنج قوربانییە برێتی بوون لە لەیلا و دەزگیرانەکەی جەواد، ئازاد، کە بەرپرسی قوتابیانی کورد بوو، نەریمان، کوڕێکی ئارام و جوانچاک و حەسەن کە هاوڕێی نەریمان بوو.

ئەحمەد دەڵێ:

– ئازاد باشترین دۆستی من بوو.

کەسی شەشەم، ڕەشاد سەبری هەڵنەواسرا، سەرەڕای ئەوە ئەویش وەک

پێنجەکەی تر بەشداریی چالاکییەکان بوو بەڵام ڕێژیم پاش ماوەیەک ئازادیان کرد و بەم کارەش گەرەکیان بوو بێژن گوایا دادگە و موحاکەمەیەک لە گۆڕێدا بووە و ئەو بێ گوناهـ دەرچووە.

هەر ئەو شەوە لەیلا گیرا ٣٠ قوتابی هەڵاتن و خۆیان گەیاندە شۆڕش. ئەحمەد لەم بارەوە دەڵێ:

– زۆر دۆخێکی پڕ مەترسی بوو، پێش گیرانی لەیلا دەستیان پێ کرد، گەنجێک بە ناوی محەمەد رەشید بە شێوەیەکی گوماناوی کوژرا، تەرمەکەی لەسەر شەقام دیترایەوە. ئێمە تەرمەکەمان بردە نەخۆشخانەیەک بەڵام دواتر لە نیشاندانی تەرمەکە بە ئێمە و بنەماڵەکەی خۆیان پاراست. ئێمە دڵنیا بووین، کە کاری بەعسییەکانە بۆیە دوای ئەوە زۆر ترساین و نەماندەوێرا دیوەکانی خۆمان بەجێ بهێڵین.

لە دە ڕۆژاندا ١٤٠ کەسیان لە بەغدا گوللەباران کردن. ئێستە زۆربەی نزیک بە تەواوی قوتابییە کوردەکان هەڵاتوون و گەیشتوونەتە لای شۆڕش.

من ساتێکیش گومان لە ڕاستیی داستانی ئەم کوڕە گەنجانە ناکەم، ئەوان ئارام و لەسەرەخۆ قسە دەکەن – ئەوان ڕاستییەکی تاڵ و ترسناک ئاشکرا دەکەن. لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەوڵەت کۆمەڵێک چەتە و تاخمن و هیچی تر.

ئەوان گوێداریی بەشی عەرەبی ڕادیۆ کوردستان دەکەن:

– دیسان کوردێکی تر لە سێدارە دراوە، کوردێکی تر لەژێر دارکاریدا مردووە. هەموو ڕۆژێک وایە و ئەمە بووەتە شتێکی ئاسایی بۆ ئێمە.

نیوەشەو کاتێک من تەنیا چەند سەعات خەوتووم بە گرمەی هەور و چەخماخە وە خەبەر دێم، باران بەتوندی دەبارێ و من دەکەومە بیری ئەو خەڵکەی لەسەر سنوور گیریان خواردووە، بیری چادرە شڕەکانیان، منداڵە

هەژارەکانیان، کە لە گژەی با و تۆفی بەر سەرماوە بێ کەس و یاریدەرێک دەمرن.

چرا قوتووەکە هەڵدەکەم و تەلەگرامێک بۆ "لووتەر یەلپێن" (بنکەی یارمەتیی لۆتێر) لە سوێد دەنووسم. – رەنگە لەبەر ئەوە ویژدانی خۆم کەڕ بکەم، رەنگە تەنیا بۆ ئەوە پەنجەرەیەک بۆ بێ توانایی خۆم بکەمەوە.

لە تەلەگرامەکەدا دەنووسم:

١٥٠٠٠٠ هەزار ئاوارەی شەڕ لێرەن، هەزاران کەس لەوان تەنانەت چادریشیان نییە بچنە ژێری. باران دەستی پێ کردووە و بەم زووانەش بەفر دەبارێ. ئێوە دەبێت کارێک بۆ ئەم خەڵکە ئەنجام بدەن.

بەیانی تەلەگرامەکە دەدەمە میشل و قەولی لێ وەردەگرم، کە بەڕێی کات. قەرارە ئەویش بینێرێ بۆ ئێران و لەوێوە بەڕێی بکەن بۆ شوێنی باسکراو.

ئەو لە فڕۆکە دەترسێ

لە چۆمـانـدا نەخـۆشـخـانەیەک هەیە – نـاوەندی تەنـدروسـتـی بۆ گـشت کوردسـتـانی ئازاد – بۆ کەسی ناشـارەزا دیتنەوەی نامـومکـینە. لەبەر ئەوە نەکـەوێتـە بەر هێـرشی تەیارە دەبێت لە ئاسـمـانەوە نەبـینرێ و مـەیلەو لە زەویشـەوە نـەدیوە. ئەم جێگەیە پێش سێ مـانگ، لە چۆڵەوانییـەک، لە دۆڵێکی تەنگەبەر و لە نـزیک دەربەندێکدا سـاز کـراوە. لە دەرەوەی دۆڵەکە و لە لێـوار رێگەوە تەنیا چەند ماڵی قوڕین هەن.

پێش دەست پێکردنەوەی شــەڕ لە مــانگی ئادار تەنیـا دوو پـزیشـک لە سەراسەری کوردسـتـاندا هەبوون. ئێسـتە ٩٥ دانەی لێیـە. دوکتۆرەکان دوای بەرپابوونەوەی شـەڕ بە لێـشـاو لە هەمـوو شـوێنـێکی عـێـراق و تەنـانەت لە وڵاتانی تریشەوە روویان لە کوردستان کرد. زۆربەی ئەم دوکتۆرانە لە ناوچە و نزیک بەرەکانی شـەڕدا خـەریکی خزمـەتن، بەڵام نەخـۆشـخـانەی ناوەندیی چۆمـان کۆمـەڵێک دوکتۆری باش و خاوەن بڕوانامـەی جێ چاو و پسپۆڕی بە ئەزمـوونی لێیـە، کـە لەگەڵ دوکتـۆرەکانی نـەخـۆشـخـانەکانی سـوێد بەراورد دەکرێن.

هۆیەکەی تری ئەوە ئەم دەربەندە چۆڵە بۆ شوێنی نەخۆشخانە هەڵبژێردرا ئەوە بوو، کە ئاوی زوڵاڵی فرەوان و شـوێنی هەڵکەندنی ماڵ لەناو بەردەکاندا هاسـانـتر بوو، کە مرۆڤ دەیتوانی حەشـارگە و شوێنـی پەنادانی برینداری لێ سـاز بکات. سـەرۆکی دوکتـۆران خورشـید درەیی دەورێکی دەربەندەکە و نەخۆشخانەکەم لەگەڵدا دەگەڕێ و بە وردی بۆم باس دەکات:

– ئێـمـە زیـاتر لە ٤٠ تەختـمـان لێرە هەیە، لەوانە ١٥یان تایبـەتی ژنانن.

پسپۆڕێکی نەخۆشیی دەروونی، دوکتۆرێک بۆ نەخۆشیی گشتی، دوکتۆرێکی منداڵان، یەکێکی تایبەتی ژنان، یەکێکی قورگ، لووت و گوێچکە، سێ پەرستار، دوو دەرمانناس، ئامبولانسێک و سێ دانە لاندرۆڤەرمان هەیە.

دوکتۆر دزەیی وا باسی نەخۆشخانەکەی دەکات وەک بڵێی قسە لە نەخۆشخانەیەکی زێدە مۆدێرن و لە دۆخێکی ئاسایی و دوور لە شەڕدا بکات، بەڵام بەشەکانی ئەم شوێنە تەنیا بە چادر و تەلیس لێک جیا دەکرێنەوە، کە قەرەوێڵەکان لە کن یەکدا ریز کراون. دوکتۆر دزەیی دەڵێ:

– دوێنێ گوندی وەرتێ بۆمباران کرا و ١١ کوژراو و ٢٠ بریندارى لێ کەوتەوە. وەرتێ لە نزیک بەرەی شەڕە و نەخۆشخانەیەکی بچووکی لێیە، کە بەر کەوت و ژمارەیەک لە بریندارەکانی ئەوێش ئێستە لێرەن.

پێشمەرگەیەکی ١٨ ساڵە بە ناوی سەفیر مستەفا یەکێک لە بریندارەکانە. ئەو لە نەخۆشخانەکەی وەرتێ بە بریندارى کەوتبوو و زۆری نەمابوو برینەکانی چاک ببنەوە و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی کەچی دیسان بەر هێرشی فڕۆکە کەوتەوە و بۆ جارێکی تر بریندار کرایەوە. دەموچاوی پڕە لە پریشکە بۆمب بەڵام برینەکەی جێگەی مەترسی نییە، بە قسەی دوکتۆر دزەیی سەفیر شانسی هەبووە کوێر نەبووە.

برینی هیچ کام لە بریندارەکان وا نایەنە پێش چاو مەترسیدار بێت، زۆربەیان لەسەر تەختەکانیان دانیشتوون و حاڵیان باش دیارە. بەڵام کەسێکیان لەسەر دۆشەکەیەک درێژ بووەتەوە و برینێکی گرانی بەسەر سنگەوە دەبینرێ. ئەو یەکێک لە سەربازە عێراقییەکانە، کە بە بریندارى بە دیل گیراوە و ئێستە لێرە یەکێک لە پەرستارە پیاوەکان خەریکی "تەداوی" کردنیەتی. کاتێک من دەپرسم، کە بۆم هەیە وێنەی لێ بگرم لە وەڵامدا دەڵێن زۆر ئاساییە و بۆ خۆشی زۆر رازییە، کە بەم شێوەیە رزگاری بووە لەناو ئاگری ئەم شەڕەدا، ئێرە باشترە بۆ ئەو تا بەرەی شەڕ.

لە بەشی ژناندا لە لای ژنێکی گەنج رادەوەستم و دوکتۆر برینەکەیم پێ نیشان دەدات. برینێکی ترسناکە و هەموو لای خواری پشتی لە بەردەگرێ، ئەو باش دەبێتەوە بەڵام کاتی دەوێ، دووریش نییە شوێنی برینەکەی هەر وا بە ناحەزی بمێنێتەوە.

ئەم ژنە ناوی سامیەیە و خەڵکی گوندی "بوچورنیدی" دەڤەری دهۆکە. سامیە یەکێک لە قوربانییانی بۆمبارانێکە ٢ رۆژ پێش ئەنجام درا. تەنیا ژن و منداڵ لە دێیەکەدا بوون کاتێک فڕۆکەکان دەرکەوتن و لەو کاتەدا زۆربەی ژنەکان لەسەر کانی بوون. بۆمبەکە لە نزیک کانییەکە کەوتە ئەرد، ژنێک کوژرا و ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون. کاتێکی زۆری کێشا تا سامیە گەیشتە لای دوکتۆر چونکە گوندەکە دوورە و رێگەی هاتوچۆی سەختە.

سامیە بێدەنگ و دەموچاوی ترسی لێوە دیارە، من هەوڵ دەدەم بە یارمەتیی دوکتۆر قسەی لەگەڵدا بکەم:

– من لە فڕۆکە دەترسم، ئاواتم تەنیا ئەوەیە شەڕ تەواو بێت و ئەو کات من پێویست نەبێت لە فڕۆکە بترسم.

من لەم ماوەدا لە بەشی ژنانی ئەم جێگەیەدا وێنەیەک دێنمە بەرچاوم و هەوڵ دەدەم بە باشی بینووسمەوە. لە گۆشەیەکی ئەم نەخۆشخانەیەوە کوڕێک لەسەر تەختێک راکشاوە و تەمەنی رەنگە لە دەوروبەری ١٠ ساڵاندا بێت. هەموو شتێک ئەوە نیشان دەدات، کە لە مردن نزیک دەبێتەوە. نیگەران دێتە بەرچاو بەڵام چاوەکانی کراوەن. لە تەنیشت ئەم کوڕەوە کچێکی هاوتەمەنی خۆی راوەستاوە، دەستی لەناو دەستی ناوە و بە شێوەیەکی جیدی چاوی بڕیوەتە ناو چاوی و سەیری دەکات، ئەو لەم شوێنەدا هەست بەوە ناکات کە بیانییەک ئەوی خستووەتە ژێر چاودێری.

ئەمانە خوشک و برای یەکن و ئەم کچە شەو و رۆژ لێرەیە، خەمبار و دڵبریندار بەڵام ئارام و بەسەبر، ئامادەی یارمەتیدانە بە براکەی تا ئەو

ساتەی دەژی. من قەت پێشتر ئیشقی وا خاوێن، راستەقینە و جوانم لە ناخی هیچ خوشک و برایەکدا نەبینیوە. ماوەیەکی زۆر لەوێ رادەوەستم و سەیری ئەم خوشک و برایە دەکەم. من بە بینینی ئەم دیمەنە تووشی دڵەڕاوکێ، هەستی هاودەردی یان بێدەسەڵاتی نابم، بگرە جۆرێک شادی و خۆشحاڵی دام دەگرێ. ئاخر ئەمە دیمەنێکی راستەقینەی مرۆڤایەتیی ئێستەیە، ئەم دیمەنە دەبووا بە تەواوی ئاسایی بوایە. رۆژانە ژمارەیەکی زۆر منداڵ لەم دنیایەدا دەمرن. ئەم کوڕە قوربانیی شەڕ نییە، ئەو تووشی نەخۆشییەکی چارەهەڵنەگر بووە. ئێستە لەناو تەختی نەخۆشخانەیەکدا کەوتووە بەڵام تەختەکە لەژێر چادرێکدایە. رووناکی و تیشکی خۆر دێتە ناو چادرەکە و ئەو دەتوانێ دەنگی با و هاژەی ئاوی دەربەندەکە ببیسێ. کاتێک بمرێ لە نەخۆشخانەیەک، کە دیوارەکانی هەموو سپی و دەوروبەری ئاسن نین، ئەو لەناو کەس و ئاشنای خۆیدا، کە دەیانناسێ و لە لای خوشکەکەیدا دەمرێ. ئەم کچە تاقە وشەیەک نایەتە سەر زمانی و لەگەڵ کەسدا قسە ناکات، دوکتۆر خورشید دەڵێ:

– ئەرێ، ئەوە خوشکی ئەو کوڕەیە، ئەو هەموو کاتێک لە لایەتی. ئێمە ناتوانین کاتێک بۆ دیداری خزم و کەسی نەخۆشەکان دانێین، لێرە پێوەندیی بنەماڵە و کەسان زۆر بەهێزە و خەڵک گەرەکیە هەردەم لە لای نەخۆشی خۆیان بن، ئێمەش کێشەیەکی تایبەتی لەم بارەوە نابینین و لێیان دەگەڕێن هەر کات ویستیان بێن. دوکتۆر خورشید دەستێکی لەسەر توێڵی کوڕەکە نا و روو لە من وتی:

– ئێمە هیچ شتێکمان بۆ رزگاریی ئەم کوڕە لەدەست نایە، هیوایەک بۆ زیندوومانەوەی نەماوە.

بەڵام لانی کەم ئەوە هەیە کاتی مردن بە تەنیا نابێ. هەست پێ ناکرێ ترسی لە مردنیش هەبێ، بە تەواوی ئارام دێتە بەرچاو.

ئەوان دەیانەوێ نەخۆشخانەی تایبەتی "سیل"، کە لە لایەن خۆیانەوە دامەزراوە و هەر خۆشیان بەڕێوەی دەبەن، پێشانی من بدەن. ئەم نەخۆشخانەیە لە شوێنێکی تر و لەسەر لووتکەی شاخێکە و ساڵی ١٩٧٣ دامەزراوە. یەکێک لە پزیشکەکان لەم بارەیەوە ئێژێ:

– ئێمە پێشتر داوامان لە دەوڵەت کرد نەخۆشخانەیەکی بەم شێوەیە ساز بکات چونکە نەخۆشیی سیل لە کوردستاندا بڵاوە و خەڵکانێکی زۆر تووشی دەبن. بەڵام ڕێژیم ئارەزووێکی نیشان نەدا بۆیە ئێمە خۆمان دەست بەکار بووین، دواتر ڕێژیم، کە زانی ئێمە دەستمان پێ کردووە بۆ دامەزراندن و تا ١١ی ئاداری ئەم ساڵیش، کە شەڕ هەڵگیرسایەوە بۆ بەڕێچوونی یارمەتیی دارایی داین. دیارە ئەمە تەنیا نەخۆشخانەی لەو جۆرەیە لە سەرانسەری کوردستاندا و خەڵک لە گشت لایەکەوە دێن بۆ ئێرە.

سی تەختی زۆر خاوێن و ڕێکوپێک لە نەخۆشخانەکەدان بەڵام زۆربەی تەختەکان بەتاڵن و تەنیا شەش ژن و سێ پیاوی نەخۆش لێرەدان. یەکێک لە دوکتۆرەکان لەم بارەوە دەڵێ:

– هۆی ئەوەی ئەم تەختانە وا چۆڵن ئەوەیە خەڵک لە ترسی بۆمباران ناوێرن لێرە بمێننەوە، بەجێی ئەوە ڕۆژانە دێن، دەرمان دەکرێن و دەڕۆنەوە بۆ شوێنی خۆیان.

بەڵام چۆنە لەم هەوا خاوێنەشدا نەخۆشیی سیل ئاوا بڵاوە؟

– ئەمە پێوەندیی بە شێوەی ژیانی خەڵکەوە هەیە، خواردنی خەڵک هەژارانە و بێ ڤیتامینە. لە زستانیش ناچارن لە ماڵەکانیاندا بە کۆمەڵ بتەپنە پاڵ یەکتری تا خۆیان لە سەرماوسۆڵە بپارێزن. دیارە ئەگەر لەبەر کەمتەرخەمیی دەوڵەت نەبوایە لەمێژە ئەم نەخۆشییە ڕیشەکێش کرابوو.

هەرچەند ئێستە زۆر باشتر بووە، ئێمە هەوڵ دەدەین کۆنترۆڵی تەواومان بەسەر نەخۆشییەکەدا هەبێت. دیارە بەم توانستەی هەمانە ناتوانین بە

تەواوی ریشەکەنی کەین بەڵام دەتوانین دۆخەکە زۆر باشتر بکەین.

کچێکی گەنج لەناو یەکێک لە تەختەکاندایە، چاوی خەفەتیان لێ دەبارێ و وا هەست دەکەم لەمێژە بزەیەک نەهاتووەتە سەر لێوی. ئەو خەڵکی مووسڵە، کاتێک دەوڵەت زانی باوکی تێکەڵی شۆڕش بووە و بووەتە پێشمەرگە، لەگەڵ هەموو بنەماڵەکەیدا دایک و ٦ منداڵ، شاربەدەری کردن.

ئەمە چیرۆکێکە، کە من هەر رۆژە دەیبیسم و دەیبیسمەوە. ئەم کچە ناوی قیشا ئیسماعیل و تەمەنی ١٥ ساڵە، لەسەر تەختێکی خاوێن دانیشتووە و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوە دەکات، زۆر زۆر خەمبارە و پەژارە سەراپای داپۆشیوە "قیشا" پێی وایە سێ مانگە لێرەیە، وا هەست دەکات بەرەو چاکبوونەوە دەڕوات بەڵام هێشتا هێز و وورەی بەردەوامیدان بە ژیانی وەبەر نەهاتووەتەوە.

بەشی راگەیاندن لە دۆڵێکی خوارەوە، لە نێوان چۆمان و حاجی ئۆمەراندا هەڵکەوتووە. هەر بەشە و تاقمە چادری خۆی هەیە و لە پاڵ چادرەکانیشدا چاڵ و کونی فرەوان هەن تا کاتی هێرشی فرۆکە خۆیان بشارنەوە. لێرە بەشی زۆری رووناکبیران و کەسانی خوێندەوار، کە دوای ١١ی ئادار و دەست پێکرانەوەی شەڕ بە لێشاو هاتن بۆ کوردستان گیرساونەتەوە و رەهەندێکی تریان بەم بزووتنەوەیە زیاد کرد. ئیدی ئەم شۆڕشە شەڕی تاقەت پڕووکێنی کۆمەڵێک "دڕندەی کێوی" نییە، وەک گەلێک کەس پێیان وا بوو، بگرە خەباتێکی رزگاریخوازانەیە بە بەرنامە، ئامانج و ئیدیۆلۆجیی روون.

من لەناو ئەم چادرە سەوز و بۆرانەدا چاوم بە کۆمەڵێک پرۆفیسۆر و پیاوانی تری شەهادە بەرز کەوت، کە بێگومان هاوتایان لە دنیادا نییە. من دوکتۆر کەمال مەزهەر دەبینم، کە پسپۆڕی مێژووی کوردە.

ناوبراو ئێژێ:

– ئێمە نامانەوێ بانگەشەی ئەوە بکەین، کە کورد زیاتر لە خەڵکی تر بۆ رزگاریی خۆیان خوێنیان داوە، بەڵام شۆڕشی ئێمە نموونەیە و لە راستیدا نموونەیەکی باشیشە. شۆڕشی خەڵکی ئێمە نیشان دەدات، کە چۆن نەتەوەیەکی بچووک، بەرە دوای بەرە، کۆڵنەدەرانە بۆ مانەوە و ژیان خەباتی بێ پسانەوە دەکات. خەبات لە عێراق لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانەوە بەردەوامە. ماوەیەکی کورت نێوان ساڵەکانی ١٩٢٢ – ١٩٢٣ خەباتی ئێمە لە لایەن شێخ مەحموودەوە رێبەری دەکرا. ئەوان رۆژنامە، سوپا و تەنانەت پوول (طابع)ی تایبەتی خۆیان هەبوو. لە کوردستانی ئێران ساڵی ١٩٤٦ لە مەهاباد کۆماری کوردستان جاڕ درا. کوردی تورکیا سێ جار سەرهەڵدانیان کردووە ١٩٢٥، ١٩٣٠ و ١٩٣٨ ژمارەی کورد لەوێ لە بەشەکانی تری کوردستان زۆرترە. دەوروبەری ٧ ملیۆن کەس دەبن. بەڵام ئەوان هیچ جۆرە مافێکیان نییە و بە توندی سەرکوت کراون. ئێستە تەنیا کوردی عێراقن خەبات دەکەن بەڵام خەباتی ئێمە بۆ هەموو کوردە.

ئەی بارزانی، جێگەی ئەو لەم خەباتەدا چییە؟

– بێگومان و بێ ئەوەی بمەوێ قسەی بێ بناخە بکەم دەتوانم دڵنیات کەم، کە هەموو کورد جەنەراڵ بارزانی وەک سەرۆکی خۆیان دەبینن و رێز و حورمەتیان بۆی هەیە. ئەو هەر لە منداڵییەوە تا ئێستە خەبات بۆ مافی کورد دەکات. ئەو نە تەنیا لێرە لە کوردستانی عێراق بگرە لەناو دڵی هەموو کورددایە. بۆ ئەوەی بزانی، کە کورد چەندە جەنەراڵ بارزانییان خۆش دەوێ دەبێ بزانی، کە وێنەی وی لە هەموو ماڵە کوردێک لە ڕووسیاشدا هەن و ناو لە منداڵی خۆیان دەنێن بارزانی، لە رووسیا ها نەک لێرە.

بەڵام دەمەوێ بپرسم چی روو دەدات ئەگەر ئەو بمرێ؟

– ئێمە ئاواتی تەمەنێکی درێژی بۆ دەخوازین، بەڵام بێتو ئەو بمرێ ئێمە رێگەیەک ئەو پێشانی داوین دەگرین و درێژەی دەدەین.

دوکتۆر کەمال لە رووسیا خوێندوویەتی و رووسیی رەوان و بە باشی قسە دەکات بەڵام لە ئینگلیزیدا باش نییە، بۆیە بانگی "شەوکەت"، کە یەکێک لە پێشڕەوانی شۆڕش و ماوەیەکی زۆر تەنیا کەسێک بوو وەرگێڕانی بە زمانی ئینگلیزی لە دەست دەهات، دەکات.

"شەوکەت" ٢١ی ئەیلوولی ١٩٦١ هاتە ڕیزی هەڤاڵانی بارزانییەوە. ئەو ئەفسەری پۆلیسی عێراق بوو و کاتێک دیتی لە شوێنی خزمەتەکەی ئەو بە یەک بەتالیۆنی تەواوەوە هێرشیان کردە سەر کورد، بە ناو بەرەی شەڕدا هەڵات و خۆی بە بارزانی ناساند. شەوکەت لەم بارەوە دەڵێ:

– جەنەراڵ زۆر خۆشحاڵ بوو، لەو دەمەدا زۆر ئاسایی نەبوو کەسێک لەناو پۆلیسی عێراقەوە بڕوات و خۆی بە شۆڕش بناسێنێ. بەڵام دوای ئەوە سەدان ئەفسەری عێراقی، هەم لەناو پۆلیس و هەم سوپاشدا ئەو بڕیارەیان داوە و هاتوون، من هیچ کات لەو بڕیارەی خۆم پەشیمان نەبوومەتەوە.

شەوکەت شەهادەی کارکردن لە رادیۆی هەبوو و یەکەم ئەرکیشی ئەوە بوو سەرپەرشتیی رادیۆیەک، کە شۆڕش لە دەوڵەتی بە دەست کەوت گرتبوو، بکات. ئێستە بەرپرسی بەشی فەنیی رادیۆی شۆڕشە و پاش راگۆڕینەوەیەکی کورت لەگەڵ دوکتۆر کەمالدا بڕیار دەدەن، کە بۆ من جیاوازییەک لەگەڵ خەڵکی تردا دابنێن و ئێستگە و شوێنی رادیۆیەکەیانم پێشان دەن. ئێمە بە سواری لاندروڤەرێک بەرەو چۆمان وەڕێ دەکەوین بەڵام بە ڕێگەیەکی تردا لادەدەین و بەرەوژوور بۆ سەر کێوێک سەر دەکەوین. لە دەربەندێکدا، کە بە باشی پارێزگاریی لێ دەکرێ بنکەی رادیۆی کوردستانی ئازاد بە شێوەی کوردی لە خشتی گڵین (قوڕین)، کە لەبەر خۆرەوە سوور بوونەتەوە – ئەسڵەن دواکەوتووانە نایەتە پێش چاو – و کۆمەڵێک دیو، ستۆدیۆی تۆمارکردن و دیوی رادیۆ ساز کراون. ئەو بەشەی رادیۆیەکە، کە دەنگەکە دەنێرێ – کیانەر – (وشەیەکی هەورامییە بە مانای بەڕێکەر –

وەرگـێـڕ)، لە ژێرزەمـینێکدایە کـە لە دڵی بەردێکدا هەڵکەندراوە، پیـاو لە کـونێکەوە دەڕواتە ناو و هات و چوو و کـاری ئەم خـەڵکە لەم بن ئەردەدا دەبێتە مایەی رامان و سەرنجی من. شەوکەت دەبێژێ:

– ئێستە ئێمە بە کوردی، عەرەبی، ئاسووری، تورکی و ئینگلیزی بەرنامە بڵاو دەکـەینەوە. لەبەر ئەوەش عـێراقـیـیـەکـان بە یارمـەتیـی رووس پارازیتی بەهێزیان بەدەست خستووە، کە پێشی بڵاوبوونەوەی دەنگی ئێمە دەگرێ. ناچارین لەسـەر شـەپۆلی جـۆرەوجـۆر بەرنـامـەکـانمان بەڕێ کـەین. بەڵام خـەریکین "کـیـانەر"ی نوێ دامـەزرێنین و لە مـاوەیەکی کـورتدا لە شـەش شـەپۆلانەوە بەرنـامـە بڵاو دەکەینەوە بۆ ئەوە بەسـەر پـارازیتـەکەدا زاڵ بین و دەنگمان بگاتە خەڵک.

شەوکەت لە درێژەدا دەڵێ:

– ئێمە تەکنیکاری زۆر باشمان هەن.

چاپخـانەی شـۆڕشـیش هـەر لەم نزیکانە و لە ژێرزەمـینێکی تردایە. ئەو سـەردەمـە بەسـەرچووە، کـە مـرۆڤ کۆمـەڵێک شـتی سـاکار و تەنزاوی لە کاغەزێکدا دەنووسـی و بە دزییەوە بڵاوی دەکردنەوە، لێرەدا چاپخـانەیەکی مۆدێرن و گەورە هەیە، کە بە کارەبا ئیش دەکات و ٣٦ کەس دایمی کاری لێ دەکەن. لەم شـوێنەدا حـەفتـەنامـەیەک، کە زیاتر هـەواڵ و دەنگوباسـە و ناوی "شـەڕ" و هـەر ژمارەی ٥٢١ دانەیە دەردەچێ، هـەروەها گەلێک بڵاڤۆکی تریش بۆ نموونە کۆوارێکی تایبـەتی پێشـمـەرگە، کۆوارێکی تایبـەت بە ئەندامـانی حزب، کۆوارێکی زانستی و مانگنامەیەکی ئەدەبیش لێرە چاپ دەکرێن.

دەبینم ئەمـڕۆ رۆژێکی زۆر باش بـوو بۆ من، زۆر شـت فـێـر بووم، مـن تا ئێـسـتـە زۆر لەوە زیاترم بینیـوە، کـە بە تەمـای بـووم. لای ئێـوارە کـۆڕێکی میوزیک دێن و لە پاڵ پەنجەرەکەی من لە قەسرول – سەلامدا بارگە و بنەیان دەخەن. هەتا نیوەی شەو پێکەوە دادەنیشـین و گۆرانی دەڵێن. مانگ نیوەیە و

له دۆڵەکـەی خـوارەوە سـتـوونی سـەربازی پێـشـمـەرگان بـەرێوەن بۆ بەرەی شـەڕ، جاروبار گرمـەیەکی لاواز و دوور دێتـە گـوێم، نازانم هـەورە یان دەنگی تۆپە.

من تـەنیـا دوو رۆژە لێـرەم بەڵام دەبیـنم دۆسـتم لێـرەدا زۆرتـرن وەک لە هـەموو شـوێنەکانی تری دنیا.

ئەم شەڕە هەڵەیە

بەیانی زوو بە دەنگی تەقـە وەخـەبەر هاتم، فـڕۆکـەیەکی تۆپۆلۆف هـاتووەتە سەر ئاسمانی ناوچە و هێندە بەرز دەفڕێ گوللەی چەکی دژە هەواییی کورد ناگاتە لای. میشل لەم بارەیەوە دەڵێ:

– ئێمـە دەزانین، کە چەکی مـە ناگەنە فڕۆکـە. تەنیا بۆ ئەوە تەقـەیان لێ دەکـەین بیـانتـرسـێنین، بەڵام لە بەرەی شـەڕدا زۆر نەوی دەفـڕن و ئێـمـە دەتوانین بیـانپێکین. تـا ئێسـتە ٢٠ – ٣٠ دانەمـان خسـتوونەتە خوار و ئاخـر دانەیان حەفتەی پێشوو بوو. فڕۆکەوانەکەی خۆی بە چەتر فڕێ دایە خوار و کـەوتە ناوچەی ژێر دەسـەڵاتی ئێـمـە و بە دیلمـان گـرت. ئەو ئێـسـتـە لە شوێنێکی تایبەت بە گیراوانی شەڕدایە و تۆ ئەگەر بتەوێ دەتوانی ببینی.

من زۆر کـەیفم بەوە نیـیـە لایەنەکـانی شـەڕ دیلەکـانیـان وەک "پێـشـانگە" نیشـانی رۆژنامەوانان دەدەن و حەز ناکەم شـتی وا ئازاردەر ببینم. بەڵام من هـەر دەبێ ببـینم دیلەکـانی ئەم شـەڕە لە کوردسـتـان چۆن هەڵسوکەوتیـان لەگەڵدا دەکرێ – من پێشتر بیستوومـە هێندێک لەوان بە تۆڵەی هەڵواسینی ئەو کوردانەی لە لایەن دەوڵەتەوە لە بەغدا دەکرێن، لە لایەن شۆڕشـەوە گوللە کراون. میشل، کە زۆر بە بیستنی ئەم شتە توورە بوو، روو بە من دەڵێ:

– ئەمـە بە تەواوی درۆیە، هیچ کـات ئێـمـە دیلمـان نەکـوشـتـووە، تەنانەت بیرکردنەوەشی لای ئێمە نەگونجە. ئێمە لەگەڵ ئەواندا باش دەجووڵێینەوە و دەزانین ئەمـە تاوانی ئەوان نیـیـە، کـە لە لایەن دەوڵەتە تـاوانبـارەکـەیانەوە ناچار بوون بێنە شـەڕی کـورد. ئێـمـە هـەست بە هیچ رقـێک لە بەرانبـەر سەربازانی عێراقدا ناکەین.

- پێم وا نییە هیچ کوردێ، تەنانەت پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕیش هەست بە شتی وا بکەن.

کامپی دیلەکانی شەڕ لە ناوەڕاستی چۆماندایە و من چەند جار بەوێدا تێ پەڕیوم بێ ئەوەی هەست بە بوونی بکەم. بینایەکی یەک نهۆمیی گەورەیە، کە پێشتر لە بەردەستی قایمقامدا بووە. ئەم بینایە جوانترین بینای چۆمانە و لە راستیدا من تێ ناگەم بۆچی راست ئەم جێگەیە کراوەتە شوێنی سەربازانی دیلی شەڕ. لە بەراورد لەگەڵ شوێنی نەخۆشخانە قوڕینەکەی دوێنێ بینیم ئەیرە چەند قات خۆشترە. ئەمماڵەی قایمقام گەلێک باشتر بوو بۆ نەخۆشخانە، لەبەر چی ئەم جێگەیەیان نەکردووەتە نەخۆشخانە، وەڵامێکی دەردخواردووم دەست نەکەوتووە بەڵام پێم وایە لەبەر دیاریبوونی، شوێنەکە زوو دەبووە ئامانجی بۆمبارانی فڕۆکەکانی رێژیم و وێران دەکرا. هەروەها لە نزیکی ئەم شوێنەش ناوەندێکی نیوەتەواوی کارەبا هەیە، کە دەکرا وەک ئامانجێکی سەربازی بناسرێ و بیانووی بۆمبارانی ساز بێت.

کامپی دیلەکان بە زەحمەت بوترێ چاودێریی لێ دەکرێ. ژمارەیەک پێشمەرگەی قسەخۆشی بەتەمەنی لێیە و بێ زەحمەت و گرفتێک دەرگەی ئیدارەی شوێنەکەم بۆ دەکەنەوە بچمە لایان. جێگەیەک، کە تەنیا مێزێکی ئاسنین و چەند کورسیی لێیە. فەرماندەی ئەم کامپە نەیگەرەکە ناوی راستەقینەی خۆی بڵێ و ناشیەوێ وێنەی لێ بگرم. دیارە هۆی ئەم کارەشی ئەوەیە، کە رێژیم وشار نەخاتە سەر بنەماڵەکەی، کە ئێستە لە بەغدان و رەنگە ئێستە پێیان وا بێت ئەو لە شەڕ کوژراوە. بەر لە چەند مانگ ئەو لە سوپای عێراق ئەفسەر و فەرماندە بوو. ناوبراو، کە ئێستە بەرپرسی ئەم شوێنەیە دەڵێ:

١٢٤ گرتوو لێرەدان و ژمارەیەکی تریش لە رێگەدان، کە لە بەرەی

ڕۆژاوادا گیراون. هەموو دیلەکان لێرە کۆ دەکرێنەوە، شوێنێکی ترمان نییە و سروشتیشە گشت ئەمانە لە شەڕ گیراون.

ئێمە باش هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم دیلانە دەکەین و لە ڕاستیدا خواردنی ئەوان لە پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕیشمان باشترە. بۆ بەیانی هەر کامەیان دوو نان بە پەنیرەوە دەخۆن، نیوەڕوان برنج و شلەیە و ئێوارانیش نان و جۆرێک شلەیان دەدەینێ. هەموو ڕۆژێک هەموو زیندانییەک ٦ نان و ٩ پیاڵە چای پێ دەدرێ. شەش جار لە مانگدا هەر کەسە ٢٠٠ گرام گوشتی بەر دەکەوێت. هەر دیلێک لە مانگدا پاکەتێک مووس (تیخ) ٣ سابوون – زیاتریش ئەگەر خۆیان بیانەوێ – کیلۆیەک توتنی کوردی، ٣ تۆپ کاغەز جگەرە و یەک دینار تا خۆیان میوەی پێ بکڕن بەردەکەوێ.

لە بەرەی شەڕدا ئەوان فێر دەکرێن رقیان لە ئێمە بێت و ڕێژیم ئەوانی بە کۆڵێک درۆ فریو داوە. – پێیان دەڵێن ئەوان لە دژی کۆمەڵێک چەتە و خەڵکی دواکەوتوو شەڕ دەکەن – ئەمە فاشیستەکانی بەعسن ڕاستییان لەمانە شێواندووە. بەڵام بەرەی شەڕ قوتابخانەیەکی باشە بۆ ئەوان. ئەوان وا حاڵی کراون ئەمە شەڕێکی هاسانە و نازانن کە چی جەهەندەمێک چاوەڕوانی ئەوانە. بۆیە ئەوانەیان گیانی خۆیان دەردەکەن و دەگەنە لای ئێمە زۆر خۆشحاڵن. ئێمە باشیان لەگەڵ دەجووڵێینەوە و پێشمەرگە هەر دوای گیران تۆقەیان لەگەڵدا دەکەن و دەڵێن "وەرن با ببینە دۆست" بەڕاستی وایە، ئاخر بەم شێوەیە ئێمە تێیان دەگەیێنین کە ئەوان بڕوایان بە چی ڕێبەرانێکی دەستبڕ و فریوکار کردووە. ئەفسەرێکی عێراقی بەدیل گیرابوو، دوای دوو ڕۆژ دەیوت گەورەترین ئاواتی من ئەوە بوو کوردێک بگرم و دارکاریی بکەم، بەڵام ئێستە دەزانم پڕوپاگەندەی بەعس چەندە چەواشەکارانەیە. ئەگەر بێتو ئێمە باش لەگەڵ ئەم دیلانەدا نەجووڵێینەوە گورج بەرپرسەکانمان سزامان دەدەن. فەرماندە درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ:

– ئێمە ناوی هەموو دیلەکان دەدەینە خاچی سوور و داوایان لێ دەکەین کە نوێنەری خۆیان بنێرن، بەچاوی خۆیان کردەوەی ئێمە لەگەڵ دیلەکان ببین و بزانن رژێمی بەعس درۆ دەکات کاتێک دەڵێ ئێمەش وەک ئەوان دیلان هەڵدەسواین. قەت شتی لەو شێوەیە لە ئێمە ناوەشێتەوە چونکە ئەوان برای ئێمەن. گەورەترین کێشەی ئێمە ئەوەیە ئەوان ناتوانن لەگەڵ بنەماڵەی خۆیاندا پێوەندی بگرن. ئێمە هەوڵ دەدەین یارمەتییان بدەین – ئەگەر خۆیان بخوازن ئێمە دەهێڵین هەر کامەیان نامە بنووسن و بینێرین لە دەرەوە پۆست بکرێ، بەلاّم ئەوان ناوێرن ئەم کارە بکەن. ئەوان دەترسن رژێم ئەم کەمپە بۆمباران بکات یان گرفت بۆ ماڵباتیان پێک بێنێ. ئاخر رژێم بانگەشەی ئەوە دەکات، کە شەڕێک لە گۆڕێدا نییە تا دیلی شەڕی هەبێ.

فەرماندە بۆ خواردنی نیوەڕۆ من لە دیوەکەی خۆیدا مێوان دەکات و خواردنەکەش هەمان خواردنی گیراوەکانە نەک شتێکی زیاتر. پاشان من هەڵدەستم بە هاوڕێیەتیی فەرماندە سەیرێکی دەوروبەر لەناو کەمپەکەدا دەکەم، تەختی نووستن لەناو دیوەکاندا نییە، تەنیا دۆشەکە لەسەر زەوی ڕاخراون. ئەمە هێندێک نارێک دێتە بەرچاو ئەگەر مرۆڤ نەزانێ، کە لە ماڵێکی ئاسایی کوردانیشدا هەواڵێک لە تەخت و مێز نییە. – کورسی و مێزی پێویست نییە، خەوتن، خواردن و دانیشتن هەمووی لەسەر ئەردە. ئەوەی، کە لەگەڵ چوونە ژوورەوەی ئێمە هەموو پیاو هەڵدەستنە سەرپێ و تەنیا کاتێک دادەنیشن "فەرماندە" پێیان بڵێ زۆر من ئەزیەت دەکات. فەرمانده کاتێک لەگەڵ من بەناو ئەم دیوانەدا دەگەڕێ دەڵێ:

– ئەوان خۆیان خواردنی خۆیان ساز دەکەن، خۆیان داوایان کرد ئەم کارە بکەن، دیارە بێکاری گرفتێکە بۆ ئەوان، بەلاّم لە هەموو دیوەکاندا رادیۆیەک هەیە و ئەوان دەتوانن گوێ لە دەنگوباس بگرن تەنانەت هەواڵ و دەنگوباسی ئێستگەی عێراقیش.

من قسه لەگەڵ "چاودێرێک"دا دەکەم کە ناوی شەهاب ئەحمەدە و لە ٤ی مانگی تەمووزەوە لێرەیە. پیاوێکی کورتەباڵا و وا دیارە ماوەی گرتن بە جۆرێک کاریگەری لەسەر داناوە، بڕوای بە خۆی نەماوە، شتێک لەبارەی داهاتووەوە نازانێ و گەیشتووەتە هەلومەرجێک هیوایەکی تێدا بەدی ناکات. من لێی دەپرسم داخوا گرفتێک هەیە ئەگەر باسی خۆیم بۆ بکات، ئەو لەم بارەوە کێشەیەکی نییە بە هاسانی دەست دەکات بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی:

– پێش ئەوەی بێینە بەرەی شەڕ پێیان وتین ئێمە دەچینە شەڕی کۆنەپەرست و یاخییان و دەیانوت پێشمەرگە نایەڵن کەسێک بە زیندوویی بکەوێتە دەستیان. بەڵام ئێستە بە چاوی خۆم دەبینم ئەمە چەندە هەڵەیە. ئەم گرتیگەیە جێگەیەکی باشە بەڵام روونە من حەز ناکەم لێرە بم. من ژنم نییە بەڵام باوک و دایک و خوشک و براکانم لە بەغدان و ئەوان هیچ شتێک لەسەر دۆخی من نازانن. تەنیا رێگە ئاشتییە و من تەنیا هیوام بە ئاشتییە. بەڵام شەڕ ئێستە بەردەوامە، ئەگەر ئێستە من ئازاد بکرێم ناتوانم جارێکی تر لەم شەڕەدا بەشداری بکەم. من گەرەکمە عەرەب و کورد پەیمانی ئاشتی مۆر بکەن – ئەم شەڕە بێ مانایە.

پێت وایە چۆن دەکرێ هەلومەرجی دۆخێکی وا پێک بێت؟

– دژوار و نامومکینە بڵێم، چۆن کوردیش چەکی باشیان هەیە ئێستە، بەڵام عێراقی زۆرتریان هەیە. ئەوان لانی کەم چوار لەشکریان لە بەرەی شەڕدا هەیە و هەر لەشکرەش ١٢٠٠٠ کەسە. هەروەها تانک و تەیارەش.

بەڵام ئێستە دەزانم کە کورد حەقیانە و داواکانیان رەوان.

ئەو مێشکیان نەشۆردووەتەوە بەڵام تووشی شۆکێکی گەورە بووە، کە هێشتا ئاسەوارەکانی پێوەی دیارن.

تۆ دەڵێی ئەم شەڕە دەبێت تەواو بێت، بەڵام پێت وا نییە، کە هەموو شەڕ

وان و وەک ئەم شەڕە بێ مانان؟

– نا، ئەگەر ئێمە شەڕی ئیسرائیل بکەین، من سازم ئەرکی خۆم لە سوپادا بەجێ بگەیێنم.

کتوپڕ هەست پێ دەکەم هەموو ئەو قینەی پێشتر لە کوردی هەبووە پێش ئەوە بە دیل بگیردرێ، هێندێکی تریشی لێ زیاد و گواستیەوە بۆ ئیسرائیل، بۆیە من لێی دەپرسم:

بەڵام رەنگە تۆ لەو شەڕەشیش بە دیل بگیردرێیت و لەوێش بۆت دەرکەوێ، کە جارێکی تر فریوت خواردووە؟

– قەت، ئیمکانی نییە. رۆژێک بێت و بڕیار بێت لە لایەن ئیسرائیلییانەوە بە دیل بگیرێم خۆم دەکوژم.

فەرماندە دەڵێ من بۆم هەیە لەگەڵ هەر کام لە سەربازە دیلە عێراقییەکاندا پێم خۆشە بە تەنێ قسە بکەم و ئەو لەم بارەوە گازندەیەکی نییە. من داوا دەکەم کە لەگەڵ فڕۆکەوانە عێراقییەکەدا قسە بکەم و بە هاسانی دەرفەتم بۆ دەڕەخسێنن.

ئەو ناوی سەفا شەلال فایال و ٢٣ ساڵی تەمەنە. ئەو راست بە پێچەوانەی ئەو چاودێرە چووکەڵەی پێشوو، باڵابەرز، خوێندەوار، ئینگلیزییەکی باش قسە دەکات و ڕەنگە لە بنەماڵەیەکی چینی سەرەوەی بەغدا سەر بە حزبی بەعسیشە. بەڵام کاتێک دێمە دیوەکەی هەست دەکەم دەترسێ و دەکرێ سەرچاوەکەی لە دڵنیانەبوونەوە بێ. من بۆی روون دەکەمەوە، کە خۆی دەتوانێ دیاری بکات ئاخۆ گەرەکیە قسە لەگەڵ مندا بکات یان نا. پێی دەڵێم نە من و نە بەرپرسی کامپیش ناچاری ناکەین بەو کارە.

بەڵام ئەو دەڵێ بە سەردانی من خۆشحاڵە، دیداری من ئەو ئارام دەکاتەوە. کاتێک دێتە سەر باسی خۆی دەڵێ ئەو میگێکی ١٩ی بەسەر بەرەی شەڕدا لێ دەخوڕی، کە دوو حەفتە پێشتر بەر چەکی کورد کەوت،

خرایە خوارەوە و لە لایەن پێشمەرگەوە بە دیل گیرا:

– لە کاتی دووەم هێرشمدا بوو هەستم کرد شتێکی فڕۆکەکە وەک خۆی نییە. نەدەکرا وەک پێویست هەڵی سووڕێنم، خۆم لە فڕۆکەکە فڕێ دا و لە هەڵدێرێکی سەختدا هاتمە خوار. زۆر نێزیکی بەرەی شەڕ بوو و من هەوڵم دا بڕۆمە بەرەی عێراقییەکان، بەڵام پشتم بریندار بووبوو و نەمتوانی توند بڕۆم. لە لایەن پێشمەرگانەوە دەورەم گیرا و داوایان لێ کردم "مەبزوو" لە شوێنی خۆت راوەستە... من ترسام، ئەوان لە دەوروبەرم بوون بەڵام ئارامیان کردمەوە، یارمەتییان دام، هێنایانم بۆ نەخۆشخانە و ئەوەتا ئێستە لێرەم.

ئەوان باش، زۆر باش لەگەڵم دەجووڵێنەوە بەڵام ئێرە زۆر ناخۆشە و بیری ماڵەوەم کردووە. ئەو بە پاسەوانەکانی خۆی دەڵێ "دۆستەکانی من".

تۆ پێش ئەوە چۆن لەبارەی کوردەوە بیرت دەکردەوە؟

– من دەمزانی ئەوان مێواندۆست و بە بەزەیین. باوکم بۆی باس کردبووم. هەروەها خۆم بۆ گەشت و سەیران و سەردانی ئێرە ناو کێو و شاخان حازر کردبوو بەڵام بەو حاڵەش دەترسام، کەس نازانێ لە شەڕێکدا چی روو دەدات.

بەڵام بەوەشەوە کە تۆ کوردت دەناسین بەشداریی شەڕی دژی ئەوانت کرد؟

– من ساڵی ١٩٧٠ بوومە فڕۆکەوان و دەمەویست دژی ئیسرائیل شەڕ بکەم – هەر لەبەر ئەوە بوو من خۆم بە هێزی هەوایی ناساند – کاتێک دەستوورم بۆ هات بەشداریی ئەم شەڕە بکەم ئیشی من نەبوو هەڵوێست بگرم، من دەبووا بڕیار جێبەجێ بکەم نەک هەڵوێستی سیاسی بگرم.

ئەو لەسەر ئەو شێوە ئاساییە سەربازییە بیر دەکاتەوە، کە سەربازێکی باش لە هەر حاڵەتێکدا دەستوور جێبەجێ دەکات.

ئێستە چۆن بیر دەکەیتەوە، ئەم شەڕەت پێ چۆنە؟

– هەڵەیە – ئەم شـــەڕە هەڵەیە. ئەوان دەبێت بگەنە ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە، کە جێ پەسندی هەمووان بێت. شەڕ هیچ کێشەیەک چارەسەر ناکات.

ئەگەر تۆ ئێستە ئازاد بکرێیت دەگەڕێیتەوە ناو هێزی هەواییی عێراق؟

– بەڵێ، بەڵام لەم شـــەڕەدا بەشـداری ناکـــەم. من دەمـــەوێ شـــەڕ دژی ئیسرائیل بکەم نەک دژی کورد.

من تێ دەگەم ئەو هێشتا بەسەر ئەو شۆکەدا کە دوای کەوتنەخوارەوە تووشی بووە زاڵ نەبووە. دوو حەفتەیە تەنیا لە سلوولێکدا ماوەتەوە – بە هۆیەک ئەو لە دیوی تاکەکەسیدا دەژی – و بیر لە چارەنووسی خۆی دەکاتەوە. دوای کەوتنە خوارەوە هەموو دنیای پێشووی بەسەردا رووخاوە و هێشتا خۆی کۆ نەکردووەتەوە. تەنیا بەشێک لەو دنیایە هێشتا وەک خۆی ماوەتەوە قین و رقێکە لە ئیسرائیل هەیبوو و من بێزار دەبم کاتێک هەست بەم دۆخەی دەکەم.

تۆ تێ ناگەی، کە رەنگە وەک ئەم جارە لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلیشدا وەک کوردستان فریوت خواردبێت و کاتێک لەوێش دیل کرای هەمان شت بڵێی، کە تۆ تەنیا دەستوورت جێبەجێ کردووە بەڵام شەڕەکە هەڵەیە؟

ئەو کتوپڕ دۆخی بە تەواوی تێک دەچێ و هەوڵ دەدات بە باشترین شێوە مەبەستەکەی دەرببڕێ و نیشان بدات، کە باسی ئیسرائیل بە تەواوی شتێکی ترە، خۆی کۆ دەکاتەوە، ورد و حیسێب بۆکراو دەڵێ:

– ئەوان وڵاتی عەرەبیان داگیر کردووە، دزیویانە و خەڵکیان کوشتووە، ئەوان دەبێت پێشیان پێ بگیرێ، لەناو ببرێن. کاتێک ئەم شتانە دێنێتە زمان هێندە رق لە دڵیدا کۆ بووەتەوە خەریکە لە رقان هەموو شتێک تێکەڵ دەکات.

بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە، ئەگەر دەوڵەتەکەی تۆ لە پێوەندی لەگەڵ

کوردستاندا درۆی کردووە – شتێک، کە تۆ بۆ خۆت ددانی پێدا دەنێی کە کردوویە – رەنگە هەر بەو شێوەیەش لە پێوەندی لەگەڵ ئیسرائیلیشدا درۆ بکەن.

بەڵام بانگەشەکەی من نارەحەتی دەکات من تێ دەگەم کە نامەنتقییە بەو شێوەیە وشاری بۆ بێنم و پەشیمانم، کە چوومە ناو ئەم باسەوە. قازانجێکی نییە، من دەبێت بزانم کە ئەو لەم گرتیگەیە لە کوردستاندا تەنیا رقی لە ئیسرائیلە وەک شتێکی دیار مانا بە ژیانی دەدا. زاڵمانەیە ئەویشی لێ بستێنییەوە.

بۆ ئەوەی باسەکە بگرم دەپرسم تۆ تەنیا بەسەر بەرەکانی شەڕدا فڕیت؟ تۆ بۆ خۆت دەزانی کە فڕۆکە عێراقییەکان خەڵکی سیڤیلیشیان بۆمباران کردوون، ئاخۆ تۆش بەشداریت لە بۆمبارانی خەڵکی ئاساییدا کردووە؟

– نا، من تەنیا لە بەرەی شەڕدا بووم، دەزانم گوندیشمان بۆمباران کردوون، بەڵام حەزم لەوە نییە، پیاو نابێ خەڵکی سیڤیل بۆمباران بکات.

بەڵام لە ئیسرائیل، ئەگەر لەوێ دەستوورت پێ بدەن بۆ کوشتنی ژن و منداڵی ئیسرائیلی، مەبەستت ئەوەیە، کە هیچ گومانی لێ ناکەیت؟

– نا، نا، (هێند دەنگی بەرز دەکاتەوە هەست پێ دەکەم دەنەڕێنێ).

من دیسان پەشیمانم تووڕەم کردەوە، چە قازانجێکی هەیە. لە راستیدا من ئەوم خۆش دەوێ، ئەو ئێستە بە تەواوی کەسێکی ترە و لە بەراورد لەگەڵ پێشتردا. لێ دەگەڕێم تا ئاخر درێژە بە قسەکانی لەسەر ئیسرائیل بدات. کاتێک من دەڕۆم تا دەمی دەرگە لەگەڵمدا دێت.

وەرگێڕەکەی پێشووم ئەحمەد، کە لە بەردەرگەیە لێم دەپرسێ چیم لێ پرسیوە؟

– ئەگەر ئەو وتبێتی، کە هیچ لە بۆمبارانی خەڵکی سیڤیلدا بەشدار نەبووە درۆی کردووە، چونکە لەو شوێنەدا کەوتە خوارەوە خەڵکی سیڤیلی

بۆمباران کردبوو، ژمارەیەک بنەماڵە بوون کە لە شوێنی تر بە هێسترێکەوە هەڵاتبوون و خۆیان گەیاندبووە شاخەکان. ئەو یەکەم هێرش ئەوانی نەپێکا و کە گەرەکی بوو جارێکی تر هێرش بکاتەوە خستمانە خوار. ئەو بەو جۆرەش، کە خۆی باسی دەکات بێ تاوان نییە. من مەیلەو دڵنیام، کە ئەو فڕۆکەوانی ئەو فڕۆکەیە بوو کە چەند رۆژ پێشتر گوندێکی بۆمباران کرد و دە ژن و منداڵی کوشت.

من لە ناخەوە هەوڵ دەدەم خۆم لە جێگەی ئەو، واتا ئەو گەنجە عێراقییە دانێم، کە لەناو مێگێکی رووسیدا دانیشتووە و لە ئاسمانەوە بۆ سەر گوندێک شەڕ دەبێتەوە بۆ ئەوەی باشتر دڵنیا بێت و دەست لەسەر دوگمەی بۆمبایەکەی دادەنێ تا مردن و فەوتاندن بەسەر گرووپێک ژن و منداڵدا لەو خوارەوە بڵاو کاتەوە. هەر ئێستە ئەو وەک هەر مرۆڤێکی تر وا ترسی پێوە دیار بوو، کە من بەزەییم پێدا هات ئەو تەنیا لە دیوێکدا دانیشتووە و ژیانی گەنجیەتیی خۆی لە بەین دەبات. بەڵام بەڕاستی چۆن لەگەڵ ویژدانی خۆیدا قسە دەکات؟

لە راستیدا ئەویش قوربانییەکی ئەم شەڕەیە، ئەویش دەیتوانی لەگەڵ فڕۆکەکەیدا بکەوێتە چاڵێکەوە و بمرێ، ئەو هێشتا ٢٣ ساڵی تەمەنە، کەچی هەر لە ئێستەوە ناخی پڕە لە رق و قین.

تۆ دەبووا بڕۆی بۆ بادینان

ئەحمەد دەڵێ تۆ دەبوا سەردانێکی ناوچەی بادینان بکەیت.

بادینان؟

– ئەرێ، ئەم ناوچەیە لە لای رۆژاوا هەڵکەوتووە و شارەکانی دهۆک، زاخۆ و ئامێدی لەوێن. تۆ دەبوا ئەو بەشەی کوردستان ببینی، من خەڵکی ئەو ناوەم، دەتوانم لەگەڵت بێم. تۆ دەبێ بەرواریی بالا ببینی، دۆڵێکە راست لەسەر سنووری تورکیا. کاری خەڵکی ئەو ناوە بەرهەمهێنانی میوەیە، گەلێک گوند لەو ناوەن، کە هیچ بەر بۆمباران نەکەوتوون. لەبەر نزیکییان لە سنووری تورکیا عێراق ناوێرێ بۆمبارانیان بکات نەوەک بە هەڵە خاکی تورک بەر بۆمب کەوێ. من زۆر حەز دەکەم بەرواریی بالات پێشان بدەم.

کاتێک ئەحمەد باسی بەرواری بالا، ئەو دۆڵە جوان و دڵڕفێنەم بۆ دەکات من نەخشەیەکم نییە تا بزانم لە کام لاوەیە بەڵام لە فانتازیی خۆمدا شوێنێکی سەخت و هەڵەمووتم دێتە بەرچاو، بەهەشتێک لە پشت ئەو کێوانەوە. زوو بڕیاری خۆم دەدەم لەگەڵیدا بڕۆم.

پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ بە سواریی لاندرۆڤەرێک بەڕێ دەکەوین، بۆ من ئەم سەفەرە روو لە شوێنێکی نادیارە و بۆ ئەحمەدیش زۆر و کەم هەر وایە. ئەحمەدیش هیچ لەم رێگەیەوە نەڕۆیشتووە، چونکە لە کاتی ئاشتیدا رێگەکە لە خوار، لەناو هەولێرەوە بۆ مووسڵ و دیسان لەوێوە روو لە باکور دێتەوە. بەڵام ئێستە ئەو رێگەیە بەستراوە و ئێمە ناچارین لە پشت شاخە بەرزەکانەوە بڕۆین تا لە دەست تۆپبارانی سوپای عێراق دوور بین و لەبەر

ئەوە تەیارە نەمانبینێ ناچارین بە تاریکی ڕێگە ببڕین. ئەحمەد دەبێژێ:

– ئێمە دەبێ لە چۆمێک بپەڕینەوە و چۆمەکەش پردی نییە. ڕەنگە شەو درەنگێک بگەینە ئەوێ، تەنیا چەند سەعاتێک ڕێگەیە تا ئەوێ و دواتر بزانین چۆن درێژە بە ڕێگەکەمان بدەین.

بەڵام دواتر دەردەکەوێ، کە ئەو بە تەواوی لەم بارەوە هەڵەیە.

شۆفێرەکەمان ناوی عەبدوڵلایە و ئارامیی لە ڕادەبەدەری و شێوەی لێخوڕینی ژیرانەی جۆرە دڵنیاییەک بە من دەدا. هەر کاتێک لە حاڵەتێکی مەترسیدار تێپەڕ دەبێ – تێپەڕین بەلای کامیونێک لە باریکاییی جادەیەکی ترسێنەردا، ستۆپکردن لەسەر پێچێکی دۆڵێکی هەزار بەهەزار و... – سەیرێکی من دەکات و بە زەردەخەنەیەک، کە هەموو دەموچاوی گەش دەکاتەوە دەبێتە هۆی ئەوە منیش بزەیەک بکەم. جێی سەرسووڕمانە، کە چۆن بزەیەک دەتوانێ پێوەندییەکی وا قووڵ و مانادار دروست بکات.

ئێمە لەناو گەلاڵە، کە ڕۆژێک ناوەندی سەرەکیی شۆڕش بووە تێ پەڕین. ئێرە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ چۆماندا هەیە، لە چاو چۆمان ئێرە زۆر دواکەوتوو دێتە بەرچاو. گەلاڵە لە لێژاییییەکی سەختدا هەڵکەوتووە و ماڵەکانی لە پاڵ یەک و لەسەر شەقامێکی باریکدا ساز کراون. ئەم شوێنە چەندین جار لە مانگی نیساندا بۆمباران کرا و دژوارترینیان ڕۆژی ٢٩ هەمی مانگ بوو، کە ٢٠ کەس کوژران.

ئێمە دیسان بە دۆڵێکی تردا سەردەکەوین، هەورازێکی بەرز بەرەو لووتکەیەکی لە گیران نەهاتوو. جاروبار ماشینی تر و کاروانی خەڵک بە هێستر و ئەسپەوە دەبینین بەلاماندا تێ دەپەڕن و هەورێک لە تەپوتۆزی دەم ڕێگەکە هەڵدەستێ. لەناو یەکێک لەم کاروانانەدا کە بە لاماندا رادەبرن یەکێک لەو دیمەنە کورت، بەڵام جوانانە دەبینم کە بۆ پاشماوەی ژیانم لە بیرم دەمێنێ: کۆمەڵێک ژن بە هێسترەکانیانەوە رادەبرن، تۆزێک کە بە پێی

ئەوانەوە هەڵدەستێ روو بە خۆر بەرز دەبێتەوە و دیمەنێکی وا ساز دەکات، کە زیاتر لە خەون و خەیاڵ دەچێ. لە رێگەی یەکێک لەو شۆفێرانەوە، کە لەوسەرەوە دێت دەزانین رێگەکە لە لای "باڵەک" بەستراوە. شەڕی دژوار روویان داوە و تانکەکانی عێراق وا هاتوونەتە پێش، کە دەتوانن تەقە لە رێگەکە بکەن و ببنە هۆی بەستنی هاتوچۆی خەڵک. بە ناچاری بۆ لای باکور بادەدەینەوە و بەسەر شاخەکاندا دەگەینە رێگەیەک، کە چەند ساڵ پێش بۆ رۆژی وەک ئێستە، کە رێگەکەی تر بەسترا لە لایەن شۆڕشەوە ساز کراوە. ئەم رێگە سەربازییە زۆر دوورترە، بەڵام نە عەبدوڵڵا و نە ئەحمەد دەزانن چەندە دوورترە. بۆیە ئێمە بە نابەڵەدی درێژە دەدەین بە رۆیشتن بێ ئەوەی بزانین کەی دەگەینە شوێنی مەبەست.

رێگەکە زۆر سەخڵەت و تەنیا لاندرۆڤەر و ماشینی باری دەتوانن پێیدا سەرکەون. خۆر لە لای دۆڵەکەی خوارەوە ئاوا دەبێت بەڵام عەبدوڵڵا تا بە تەواوی هەوا تاریک دادێ بۆ پاراستنی باری تەناهیی جێگەکە بێ چرا لێ دەخوڕێ، دوای ئەوە زۆر تێ دەپەڕین و دەگەینە پشت کێوێکی بەرز ئەو کات چرای ترۆمبێلەکەی دادەگیرسێنێ.

لە رێگەدا تووشی گەلێک کامیۆن دەبین، کە باری گرانیان پێیە و بە سەختی سەردەکەون. هەروەها زۆر ترۆمبێلی تر، کە بە پێچەوانە لەو لاوە بە خاڵی دێن و لێمان تێ دەپەڕن. من شتێک لەم ناوچەیە ناتوانم ببینم بەڵام جاری وایە هەست دەکەم، کە لە جێگەیەکی زۆر بەرزین – لە دوورەوە چەند ئاگرێک دەبینم لە خوارەوەی ئێمەوە دەبریسکێنەوە. وەک ئەوە دێتە بەرچاوم، کە بۆ "فەزا" برۆین.

عەبدوڵڵا چەند جارێک رادەوەستێ و لەگەڵ ئەو خەڵکەی لەوسەرەوە دێن پرسیاری رێگە لە یەکتر دەکەن، لێرە پێوانەی رێگە بە کات و سەعاتە و هەواڵێک لە کیلۆمەتر نییە:

چەندی ماوە بۆ گەلاڵە؟

– شەش سەعات.

ئەی بۆ بلێ؟

– نێزیکەی شەش سەعات.

ئێمە بە دۆڵێکدا تێ دەپەڕین ناوی حەسەن بەگە و دەوترێ جوانترین دۆڵی کوردستانە. من لەبەر تاریکی هیچ نابینم، لە ئاسمانەوە تەنیا ئەستێرە دیارن و درەوشانەوەی کەوانەی مانگ.

عەبدوڵڵا پڕی ٥ دۆلکە بەنزینی زیادی پێیە و لە ڕێگە حازر دەبێت یەکێکیان بە شۆفێری لاندرۆڤێرێک، کە پڕە لە پێشمەرگە و وەک پێویست بەنزینیان پێ نییە تا دەگەنە گەلاڵە، بفرۆشێ. پیاوێک بە چرا قوتووەکەوە دێتە سەر ڕێگەمان و گەرەکیە بزانێ ئێمە هەواڵی نوێی بەرەی شەڕمان پێیە؟ ئەو بیستوویە ڕۆژی پێشتر شەڕێکی گران لە لای "باڵەک" رووی داوە و پێشمەرگە سەخت خۆڕاگرییان کردووە. ئەو لەبەر ئەوە پاتریی رادیۆیەکەی تەواو بوون ناتوانێ گوێی لە هەواڵەکان بێ لەو ڕێگەیەوە، هەر بۆیە روو لە ئێمە دەپرسێ شتێک دەزانن؟

– نا ئێمەش گوێمان لە ڕادیۆ نەگرتووە.

لە جێگەیەک دەگەینە چۆمێک پردێکیان بە شێوەی کاتی بەسەردا ساز کردووە و ئێمە پێدا تێ دەپەڕین. ئەحمەد دەڵێ عێراق پردەکەی بۆمباران کردووە و رووخاندوویە، لای نیوەشەو دەگەینە "بلێ" جێگەیەک، کە وا دیارە خاڵی پێوەندی و نێوەڕاست بێت بۆ ئەو گرێدانە لاوازەی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوای ئەم ناوچەیە. من هەوڵ دەدەم لەم شوێنە نوێیەدا بەرزایی، دۆڵ و دەشت لێک جیا کەمەوە بەڵام دەردەکەوێ هەوڵەکەم بێ سوودە چونکە شتێک بە ناوی دەشت لەم بەشەی کوردستاندا نییە.

ئێمە دەچینە ناو دیوێکی گەورە، کە چرا پریمزێکی تێدایە، پێشمەرگە بە چەکەکانیانەوە بێدەنگ لەسەر تەختێکی چوارگۆشە دانیشتوون و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە سەیری من دەکەن. دەست بە چاخواردنەوە دەکەین، کوڕێک لە سووچێکی ماڵەکەدا ئاگر دەکاتەوە و پاش ماوەیەکی کورت برنجمان بۆ ساز دەکات. من لە پێشمەرگەکان دەپرسم وا دیارە نابێت زۆریش لە بەرەی شەڕ دوور بین:

– ئەرێ، لە ماوەی رۆژدا شەڕێکی گران هاتە گۆڕێ، رێژیم بە تانک هێرشی کرد و ئێمە توانیمان ٨ تانک بسووتێنین بەڵام نەمانتوانی پێشی هێرشەکەیان بگرین و تەپۆڵکەیەک، کە لە رێگەکەش نزیکە کەوتە دەست ئەوان و لەوێوە دەوروبەر دەکوتنەوە، هەر بۆیەشە ئێستە رێگەکە گیراوە.

هێشتا دوو سەعاتمان ماوە بگەینە چۆمێکی تر، بە تاریکی و بە ناو دۆڵی بارزاندا تێ دەپەڕین. دوای سەعاتێک دەگەینە گوندێکی تاریک – ئێرە گوندی بارزانە – و درێژە بە رێگەکەمان دەدەین. رێگەکە زۆر دژوارە و گوایا تەنیا چەند حەفتە پێش لە لایەن شۆڕشەوە ساز کراوە و ماشینەکەی ئێمە لەو هەوەڵین ترۆمبێلانەیە، کە پێدا رەت دەبێت. لە رێگە یەکێک لە تایەکانمان پەنچەر بوو و دوای زەحمەتێکی زۆر لای سەعات ٥ی بەیانی و لە کاتێکدا خەریک بوو هەوا رووناک بێت گەیشتینە لای چۆمەکە. چۆمێکی گەورە و بەرینە، لێرە پێی دەڵێن "رییەشین" بەڵام لام وایە ئەو چۆمەیە، کە لە نەخشەکەی مندا ناوی زێی گەورە و یەکێک لە لقەکانی چۆمی دیجلەیە. کیسە خەوەکەم دەکەمەوە تا تۆزێک بخەوم بەڵام زۆر ناخایەنێ ئەحمەد هەڵم دەسێنێ و دەڵێ کاتی رۆیشتنە. عەبدوڵڵا ماڵاواییی کردووە و گەڕاوەتەوە . ئەو هەر بەو رێگە درێژەدا، کە هاتووین دەبێت بگەڕێتەوە بۆ چۆمان بەڵام بێگومان لە بلێ رێبواری دەست دەکەون چونکە پڕە لە پێشمەرگە، کە دەیانەوێ بۆ حەسانەوە بڕۆنەوە بۆ لای چۆمان.

لە خوارەوەی ئێمـە لای ئاوەکەوە کۆمـەڵێک پیـاو بە هێسترەکانیانەوە کۆ بوونەتەوە و چاوەڕوانی خۆرهەڵاتن و کاتی پەڕینەوە دەکەن. "کەشتییەک" کە خـەڵک لە کۆمـەڵێک سـیم و تەختـە سـازیان کـردووە و چـوار پیـاو لەمـسـەر و لەوسـەرەوە و هـەر کـامـیـان بە دارێکی درێژەوە ئاوەکە دەشـڵـەژێنن هـاتوچۆی پێ دەکەن لەو بەرەوە دەگاتە ئەمبـەر و ئـێمـە سـوار دەبین، خـەڵکی بارەکـان دەخەنە سـەر ئەم کەشـتییـە و هێسترەکانیش بە مـەلە دەپەڕنەوە. هێندێک لە وڵاخـەکـان خـۆیان بـە دڵخـواز دەپەڕنە نـاو ئاوەکـە و هـێندێکیش بـە پەت ڕاکێشی دوای کەشتییەکە دەکرێن.

لەوبەری چۆمەوە لە کەپرێکدا نان و چایەک دەخۆین و دوای سـەرکەوتن لە هەورازێک لاندرۆڤـێـرێک دەگـرین و بەرەو ئامـێـدی وەڕێ دەکـەوین. دۆڵێکی بەرین و گـەورە باوەشـمـان بۆ دەکاتەوە بەڵام لە لای باشـوورەوە هێـشـتـا لە پەنای دیواری بەرزی کـێـوەکـانداین. لە ڕێگە تەنیـا تووشی یەک ئـاوەدانی دەبین، دەچینە خوار بۆ سەر کانییەکە، ئاو دەخـۆینەوە و جگە لە چەند ژن و منداڵ و پیاوی بەساڵاچوو کەسی تری تێدا بەدی ناکرێ. ئەحمەد دەڵێ:

من پێش مـانگێک لێـرە بووم، گـوندەکـە بە تەواوی چۆڵ بوو، کـاتی بۆمبـارانەکە بوو... کەس نەیدەوێرا لێرە بمێنێتـەوە. بەڵام ئێسـتـە خـەریکە خـەڵک دەگەڕێنەوە، سێ حـەفتـەیە هیچ بۆمبـارانێک لە بادینان ڕووی نەداوە ئێمەش هۆیەکەی تێ ناگەین.

سـەعات دەی بەیانی، دوای بڕینی ١٨ سـەعات ڕێگە و بە مـاندووییەتییـەکی زۆرەوە گـەیشـتـینە شـاری ئامێـدی. شـارێکی جوان و دیمـەنێکی خـەیاڵیی هەیە.

ئامێدی لە دۆڵێک و بە لالێژێکەوە ساز کراوە، لالێژێکی زۆر هەڵەمووت، کە لە لای لووتکەوە هـێندێک ئارام دەشـتـە. ئـەم جـێـگەیە شـاری ئارام و سـەربەسـتی "سانمارینۆ"ی ئیتاڵیا وەبیر من دێنێتەوە، یان قەڵای کێوینی

"ماسادا" له ئیسرائیل. بەڵام ئامێدی لەو شوێنانەش خەیاڵیترە.

تەنیا یەک ڕێگە بۆ چوونە سەر هەیە، ڕێگەیەکی باریک و پێچاوپێچ، کە لە کێوەکەدا هەڵکەنراوە. بەو ڕێگەیەدا هەڵدەزنێین و دەگەینە دەروازەی شار. ڕاست وەک ئەوە وایە بڕۆیتە ناو مێژووی چەرخەکانی ناوین. ئاخر بێگومان ئامێدی لە چاو سەدان ساڵ پێش ئێستە گۆڕانێکی تایبەتی بەسەردا نەهاتووە؟ ئەحمەد لەم بارەوە دەبێژێ:

دەگێڕنەوە، کە سەردەمێکی زۆر کۆن، دوژمنێک ئامێدی ماوەی هەشت ساڵ دەورە گرتووە بەڵام شارەکەی بۆ نەگیراوە.

بنەماڵەی ئەحمەد لێرەن و ئەو من دەباتە ئەوێ. ماڵێکی زۆر کۆن و دەتوانم بڵێم لە ماڵە هەرە کۆنەکانی ئەم شارەیە، کە بێگومان تەمەنی لە سەد ساڵ پترە.

تەمەنی ئەحمەد ٢٣ ساڵە بەڵام ئەو لێرە لەدایک نەبووە، لە بامەڕنی گوندێک هێندێک ئەولاتر بۆ لای ڕۆژاوا. باوکی بازرگانە - یان بازرگان بووە - چونکە ئێستە پیرە و بە وتەی ئەحمەد هیچ کارێک ناکات.

ئەحمەد دوو خوشک و برای ڕاستی و لەبەر ئەوە باوکی دوو ژنی هێناون شەش خوشک و برای باوکیشی هەن. پێم خۆشە زیاتر لەسەر بنەماڵەی بزانم بەڵام ئەحمەد زۆر کەم قسەیە و بە هاسانی شتی لێ دەرنایە.

کاتێک ئەحمەد بێ ئاگەداری و لەگەڵ بیانییەکدا دەگەڕێتەوە ماڵ دەبینم لە نەبوونی باوکیدا، کە ئێستە لە سەفەرە لە لایەن زڕدایکی و خوشک و براکانیەوە زۆر بەڕێز و حورمەتەوە پێشوازیی لێ دەکرێ. ئەو لەناو منداڵەکاندا تەنیا کەسێکە لە ئاستی زانستگەدا دەرسی خوێندووە:

بەڵام گشت خوشک و براکانم - بە کچەکانیشەوە - دەڕۆنە قوتابخانە بۆ ئەوەی هەر کامەیان بەشی خوێندن و نووسین فێر بن.

لە پلەکـانێکی نـیوە رووخـاوەوە دەچینە خـوار، باوەژنەکەی ئەحـمـەد، کـە ژنێکی باڵابـەرز و قــژکــاڵە و دەبێت بـە گـــەنجـی زۆر جـــوانـیش بـوویێت دۆشـەکـمـان لـەسـەر زەوی بۆ رادەخـات. کـۆڵ و ئەسـپـاوەکـان لە خـۆمـان دەکـەینـەوە و لاقی لێ رادەکـێـشـین. دوای مـــاوەیەک باوەژنی ئەحـمـــەد لەناو سـینییـەکی گـەورەدا خـواردنمان بۆ دێنـێ، کـە برێتـیـیـە لە برنج، گـۆشت و تەمــاتە و لە تـەنیـشـــتـیــەوە هێندێک (ترێ)ش دانراوە. دوای نانـخــواردن رادەکشێن و بۆ خۆمان سەرخەوێک دەشکێنین.

بە رۆژدا گەرمـای ئێرە هێندە زۆر دەبێ، کە بەرگەگرتنی دژوارە و شـار بە تەواوی چۆڵ دەبێت. ئەحمەد لەم بارەوە دەڵێ:

– خـەڵکی دەڕۆنە خـوار بۆ ناو دۆڵ، لـەم وەرزەدا هـەمـوو لەوێن و خـەریکی مووچە و مەزرای خۆیانن.

پاش نیوەڕۆ دادەبەزینە خـوار بۆ ناو دۆڵ و بە نـاو سـەوزەڵانی و دارسـتـانی جـواندا تێ دەپـەڕین، کـە هـاژەی ئاوی زوڵاڵ و سـارد لە هـەر لاوە دێتـە گـوێی مـرۆڤ. بـاخ و مـوڵکی خـەڵکی راست لـە داوێنی شـاردا هەڵکەوتووە و لێـرە هـەموو جـۆرێک مێوە وەک ترێ، قەیسی، هـەڵووژە و سـێو بەرهـەم دێن و لەناو ئـەم سـەوزەڵانیـیـەدا دارگـوێز... . و سنەوبـەری بەرز بەرز روو لە ئـاسـمـان هـەڵکشاون.

خـــەڵکی شـار لـەناو باخـەکـانیـان و لە "سـۆلاڤ" لە دەربـەندێک ڕووبەڕووی لووتکەی ئامـێدی دەمێننـەوە. لە سۆلاڤ هۆتێلێکی تووریسـتی سـاز کـراوە و بە هـۆی شـەڕەوە هـێشـتـا کـارەکەی ناتـەواو مـاوەتەوە. ئەم هۆتێلە بـەشـێکی وەک نەخـۆشـخـانە و بـەشـێکیـشی وەک شـوێنی مـانـەوەی ئاوارە بەکـار دێت. جۆگەئاوێک بە توندی لە دەربەندەکەوە دێتە خـوار و ئێمە بە شـوێن ئاوەکەدا سـەر دەکەوین بۆ سـەرەوە. لە هـەر چواردەوری ئاوەکـەوە خەڵک دانیـشـتـوون، ئێـمـە رادەوەسـتـین تـا هـێندێک پرسـیـاریان لێ بکـەین. تێکڕای ئـەم خـەڵکە ئاوارەن و هـەر کـەسـە کـەپرێکی سـاکاری بـۆ شـوێنی حـەوانـەوەی خـۆی سـاز

کردووه. به دوای ئاوەکەدا دەڕۆین تا دەگەینە سەرچاوەکەی، کە لە بنی شاخێکدا دێتە دەر. دەموچاومان بە ئاوە ساردەکە فێنک دەکەینەوە. دەگەینە نووسینگەی پارێزگار، کە کەمێک خوارتری هۆتێلەکەوەیە. ئەویش لە دەست گەرما هەڵاتووە ، ئامێدی بەجێ هێشتووە و رووی لەم سێبەر و فێنکاییيە کردووە.

مێزی نووسینگەی پارێزگار لەژێر کەپرێک و لە پەنای تاڤگەی ئاوەکەدایە. مێزێکی نووسین و چەند دانە کورسی بۆ مێوانان. پارێزگار ناوی "ئەحمەد ساڵحی" و بەرپرسی پارێزگەی دهۆکە. هەڵبەت جگە لەم پارێزگارە پارێزگارێکی تر لە دهۆک هەیە، کە لەژێر دەست و فەرمانی رێژیمدایە بەڵام ساڵحی لە لایەن رێبەری شۆڕشەوە دانراوە و تەنیا بڕیار لە چۆمانەوە وەردەگرێ.

من لە پارێزگار ساڵحی دەپرسم ژمارەی دانیشتوانی ئەم دەڤەری رۆژاوایە چەندە؟

– بە پێی دوایین ئامارەکان دەوروبەری ٣٠٠٠٠٠ کەسە بەڵام ئەمە پێش ١٦ ساڵان بوو، ئێستە زۆر زیاترن، رەنگە ئێستە پارێزگەی دهۆک نزیکی نیو ملیۆن کەس بن. کێشەی مەزنی ئێمە خۆراکە، وەک پێویست بەشی زستان خواردنمان نییە. زستانەکانی ئێرە زۆر سەخڵەتن و بەفری زۆری لێ دەبارێ. ئێمە بە تەواوی دەورەمان گیراوە و لە هیچ لایەکەوە یارمەتیمان پێ ناگات. ئەوان لە چۆمانەوە بەڵێنیان داوە ئەوەی پێویستمانە بۆمان بنێرن. جگە لە خواردن، چەکی دژە هەوایی و تۆپیشمان پێویستە. بەڵێنی ئەوەشیان پێ داوین.

ئەو دەڵێ "ئەوان" و ئەمەش سەرنجی من رادەکێشێ. دیارە مەبەستی لەوان رێبەری شۆڕشە لە چۆمان بەڵام کاتێک دەڵێ "ئەوان" و ناڵێ "ئێمە" لای من پرسیار دروست دەکات. کاتێک لە دەرەوە دانیشتووین و خەریکی

چاخواردنەوەین من لەبەر خۆمەوە بیر دەکەمەوە و بەم شێوەیە لە دۆخی ئەم ناوچەیە حاڵی دەبم:

دەوڵەت خەریکە ئەم ڕێگەیە، کە ئێمە پێیدا هاتین داگیر بکات و ئەم تاقە پێوەندییەی نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاواش بپسێنێ. ڕێگەی ئێرە تا بلێی هاتوچووی زۆری لەسەرە بەڵام دوای ئەوە دەبێتە چۆمەکە و لە ڕاستیدا ئەو چۆمەشە ڕۆڵی سنوورێکی ڕاستەقینە لەم نێوانەدا دەبینێ.

بەڵام سەراسەری ئەم ناوچەیە گرێدراوی ئەو پێوەندییە لەرزۆکەیە و هەموو یارمەتی و پێوەندییەک لەگەڵ دنیای دەرەوە هەر لەو ڕێگەیە و بەسەر ئەو چۆمەدا مومکینە. سنووری تورکیا داخراوە و سنووری سووریاش هەروەتر، لای خوارووش بەرەی شەڕەکەیە.

لە ڕۆهەڵات دۆخەکە بە تەواوی جیاوازە، ڕێگەی ئێران کراوەیە و لەوێوە دەکرێ خواردن، بێنزین و چەکوچۆلیش بێتە ناو، بەڵام دەبێ دۆخەکە لە بادینان چی بەسەر بێت ئەگەر زستان بێت و ئەم خەڵکە چۆن لەو حاڵەدا بیبەنە سەر؟

ڕەنگە هۆی ئەوەش بێ، کە دەوڵەت وازی لە بۆمبارانی ناوچەکە هێناوە و هێرشەکانیش وەک لای ڕۆهەڵات سەخت و بەرفراوان نین هەر ئەوە بێت؟ ئەوان حیسێبی ئەوە دەکەن، کە برسییەتی کاری خۆی دەکات و وا دیارە تاکتیکی ئەوان لەسەر ئەوە ڕاوەستاوە. ئەمە بارێکی زۆر جیدییە بەڵام بلێی ڕێبەران لە ڕۆهەڵات بە تەواوی ئەمە تێ گەیشتبن؟ دوکتۆر مەحموود هیچێکی لەم بارەوە نەوت کاتێک من دیدارم لەگەڵدا کرد. ئاخر من پێشتر لە "بیافرا"ش (بەشێکی وڵاتی ئەفریقیاییی نێجیرییە، کە سەردەمێک خەباتێکی خوێناوی بۆ سەربەخۆیی لە ئارادا بوو – وەرگێڕ) بووم، لەوێ بینیم چۆن برسیەتی خەڵکی ئەو جێگەیەی بە چۆکدا هێنا. هەوڵ دەدەم خۆم لە بەراوردکردنی کوردستان و بیافرا بپارێزم بەڵام ئەم کارە دژوارە و

ئەزموونی ڕابردوو خۆیان لە لام زیندوو دەکەنەوە. لە بەرچاوم روونە و لەبەر خۆمەوە دەڵێم:

دەوڵەت خەریکە بیافرایەکی نوێ لەم ناوچە دوورەدەستەدا لە بادینان بئافرێنێ. بێ گومانم، کە زستان گەیشت برسییەتیش دەگاتە ئێرە.

من دەبێ دیسان دوکتۆر مەحموود یان ئیدریس بارزانی ببینم. ئەی بۆ پارێزگار دەیگوت "ئەوان" بەڵێنیان داوە کێشەکە چارەسەر بکەن؟ بۆ نەیوت خۆمان هەوڵ دەدەین چارەسەری بکەین؟

شوێنی دانیشتنەکەمان زۆر جوان و دڵڕفێنە، من لێرەوە هەڵدێرەکانی ئامێدی و دۆڵەکەی خوار شار بە گشت باخەکانیەوە دەبینم. خەریکی چای شیرین خواردنەوەین و کوڕێکی گەنج خەریکی گەڕاندنی ئاوە بەسەر خەڵکەکەدا. لەسەر تەختەکانی دەوروبەرمان پێشمەرگە بە چەکەوە دانیشتوون و زۆربەیان بێدەنگ و تەنیا سەیری وڵاتە جوانەکەی خۆیان دەکەن و چێژ دەبەن. وا دێتە بەرچاو، کە ئەم پێشمەرگانە بە سەیرکردنی ئەم جوانییە هێزیان وەبەر بێتەوە و بە باوەڕ و وورەی زیاترەوە بگەڕێنەوە بۆ بەرەی شەڕ.

کوڕێکی گەنج کە لە پەنای من دانیشتووە بە ئینگلیزی لێم دەپرسێ من خەڵکی کوێم، من پێی دەڵێم سوێدیم. ئەو زۆر باش دەزانێ سوێد لە کوێیە و زۆریش خۆشحاڵە، کە من لێرەم. ئەو دەگێڕێتەوە، کە برا گەورەکەی دوو حەفتە پێش لە لایەن عێراقییەکانەوە کوژرا:

– براکەم لە مووسڵ دەژیا، ناوی فاروق ئیسماعیل لینکی و ٢٤ ساڵ تەمەنی بوو. ئۆتۆمۆبێلێکی هەبوو و لەو ڕێگەیەوە یارمەتیی شۆڕشی دەکرد تا خواردن بگەیەنێتە هێزی پێشمەرگە. براکەم لە لایەن سەربازێکی عەرەبەوە ئاشکرا کرا، من بیستبووم کە گیراوە و دواتر پەیام هات، کە هەڵیان واسیوە. کچێکی دوو ساڵە و کۆرپەیەکی ساوای لە دوا بەجێ ماوە.

ژن و منداڵەکانی لە مووسڵ بەجێ ماون.

ئەم کورە بۆ خۆی ناوی ئیسماعیل ئیسماعیلە، تەمەنی ١٩ ساڵ و لە ئامێدی مامۆستایە:

– ئێمە چوار برا بووین و من بچووکی هەمووان بووم. کاتێک بیستم براکەم گیراوە ویستم بڕۆم بۆ مووسڵ بەڵکو بتوانم سەربەستی کەم بەڵام کەس هاوکاریی نەکردم. من دەبێت ئاگام لە ژنی براکەم بێت و کوردستان رزگار بوو زەماوەندی لەگەڵدا بکەم. ئەویش ئامۆزای خۆمە.

من لەو دەپرسم ئاخۆ ئەو ژنی براکەی خۆش دەوێ؟

– ناوەڵڵا، بەڵام ئەمە نەریتی ئێمەیە و پێشم وایە نەریتێکی باشە. من نامەوێ لەو رەسم و نەریتە لابدەم، من براکەم خۆش دەویست و ئەرکی سەرشانیشمە ئاگام لە ژن و منداڵەکانی بێت. بنەماڵەی براکەم بنەماڵەی منیشە و منداڵەکانی ئەو منداڵی منیشن. من ئێستە زگورتیم، بەڵام دەبێ ژنی برایەکەم مارە بکەم.

ئیسماعیل چەند وێنە و لەوانە وێنەیەکی براکەیم پێشان دەدات:

– سەیری کە، ئەوە براکەمە لەگەڵ دوو سەربازی عەرەبدا. ئەوانە دۆستی براکەمن، هەمووان خۆشیان گەرەک بوو و گەلێک دۆستی عەرەب و کوردی هەبوون، بەڵام ئێستە فاشیستەکانی بەغدا ئەویان لە ئێمە سەندووە و کوشتوویانە.

کەس گوێی بۆ ئێمە شل نییە

ئەحمەد هێسترێکی بەکرێ گرتووە و هەوەڵی بەیانی لە بەردەرگە ئامادەیە. بڕیارە بڕۆین بۆ بەرواریی باڵا لەسەر سنووری تورکیا. بۆ چوون بۆ ئەو جێگەیە ڕێگەی ترومبێل نییە و تەنیا ڕێگەی وڵاخ و ئەویش دەبێت بەسەر کۆمەڵە شاخێکی بەرز لە باکوری ئامێدییەوە سەرکەوین. خاوەنی هێسترەکە ناوی ساڵح و وەک عەبدوڵڵای شۆفێری لاندرۆڤێرەکە، لە چۆمانەوە هێنامانی ئارام و لەسەرەخۆ دێتە بەرچاو. من و ساڵح هیچ قسەیەک پێکەوە ناکەین، تەنیا سەیری یەکتر دەکەین، بە بزەیەک وەڵامی یەک دەدەینەوە و ئەمەش بۆ هەمیشە دەمانکاتە دۆستی یەکتر.

ساڵح هەموو کۆڵەکەمان – کیسە خەو و ساکەکەی من و کۆڵەپشتەکەی ئەحمەد – دەخاتە سەر پشتی هێسترەکەی و وە ڕێ دەکەوین. بەڵام هێسترەکە ناڵی پێشەوەی نەماون و بۆ ئەم ڕێگە سەختە پێویستە لابدەینە لای ناڵبەندێک و "پێڵاوی تازەی" بۆ بکڕین.

من و ئەحمەد بە ناو دارستانەکەدا هەڵدەکشێین و ساڵح و هێسترەکە لە ڕێگەیەکی ترەوە دەڕۆن. بەیانییەکی سەرنج ڕاکێشە و ڕێگەی بەرواریی باڵا لە تەنیشت کانییەکەی دەربەندەوە دەست پێ دەکات. کاتێک ئێمە خەریکی سڕینەوەی ئارەقەی دەموچاومان و ئاوخواردنەوەین ساڵحیش دەگات و هێسترەکەی دێنێتە سەر ئاو. سەیرێکی لووتکەی شاخ دەکەم، زۆر بەرز و بەسام دێتە بەرچاو. من بۆم دژوارە بە کێواندا هەڵگەڕێم، لە ڕاستیدا من پیاوی دەشتاییم، هەناسەم سوارە و بڕینی هەر مەترێکی ئەم هەورازە ئازارێکە بۆم. زەحمەتە بێ یارمەتیی هێسترەکە بتوانم بڕۆمە سەر.

هەرچەند زەحمەتە تێ بگەم، کە ئەم هێسترەش چۆن هێزی سەرکەوتن لەم بەرەوژوورەی هەیە، دیسانیش کاتێک ساڵح رای دەگرت و بە دەست حاڵیم دەکات تا بڕۆم سوار بم لێ راناوەستم و ئەو کارە دەکەم. ساڵح هەوساری هێسترەکە بەردەدا، بۆ خۆی لە دواوە لێ دەخوڕێ و بێ وچان و راوەستان تا سەر لووتکەی شاخ دەڕۆینە سەر.

لە ماوەی چوار رۆژاندا فێری هێز، توان و لەسەرخۆیی لەدوانەهاتووی هێستر دەبم بەڵام هێشتاش سەرم سووڕماوە لەم گشتە توانە. گیان لەبەرێکی لەم چەشنە سەرکەوتنی ئاشکرای سروشتە بەسەر تەکنیکدا. دیار و ئاشکرایە هیچ لاندرۆڤەر، تراکتۆر یان تانکێک ناتوانێ بەم رێگەیەدا، کە هێسترەکان بە بارەکانیانەوە رۆژانە دەیبڕن سەرکەوێت. سەدان ساڵ و رەنگە هەزاران ساڵە هێستر بۆ ئەم کارە و ئەم مەبەستانە لەم جۆرە شوێنانەدا بە کار دەبرێ.

کاتێک من سوار و لاقم بە دەوری ملی هێسترەکەدا شۆڕ کردوونەتەوە ساڵح لە دواوەیە و دارێکی بە دەستەوەیە، بەڵام قەت بە کاری ناهێنێ و تەنیا ئەو کاتە هێسترەکە لە شوێنێک راوەستا و گومانی لە رۆیشتن کرد دارەکە رادەوەشێنێ هەرای لێ دەکات.

هێسترەکە زۆر بە وردی رێگە دەبڕێ، رێگەکە دەخاتە ژێر کۆنترۆڵ و هەردەم هۆشیارانە جێگەی ناڵەکانی هەڵدەبژێرێ. قەت لە بەینی دوو بەردانەوە، کە بۆ تێپەڕینی تەنگەبەر بێت رەت نابێت و هەوڵ دەدات رێگەی تر هەڵبژێرێ و هەمیشەش رێگەی دروست و لەبار هەڵدەبژێرێ... ... ...

لێرە لە کوردستاندا هێندێک گوێدرێژیش هەن و خەڵکی بۆ راگواستنی کەلوپەل بەکاریان دێنن. هێندێک جار لەم رێگەیەدا بە کاروان دەیانبینین و بەباری گرانەوە لە هاتوچۆدان... ... گوێدرێژ وەک هێستر توانی بارهەڵگرتنی زۆریان نییە و ئەسپیش زیاتر بۆ سواری بەکار دێ. دەکرێ

بڵێین بە بێ هێستر و رۆڵی ئەو، ژیان لە کوردستان رادەوەستێ. هەموو رۆژێک و تەنانەت شەویش سەدان کاروانی هێستر لەمسەر بۆ ئەوسەری ئەم وڵاتە خەریکی گواستنەوەی خواردن، سووتەمەنی و چەکوچۆڵن بۆ خەڵک و بۆ بەرەکانی شەڕ.

جارێک لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەدا گوێم لە رادیۆ گرتبوو باسی هێرشێکی پێشمەرگەی دەکرد، کە تێدا کورد ٢٠ کلاشینکۆف، ژمارەیەکی زۆر فیشەک، ٢ ئار پی جی، ٢ بێسیم و ٩ دانە هێستریان دەست کەوتبووە. پێشمەرگە زۆر ئاسایی گوێیان گرتبوو کاتێک چەک و چۆڵ و بێسیمەکانی خوێندەوە بەڵام کاتێک ناوی هێسترەکانی هێنا رەنگیان روونتر بووەوە و لە کاتێکدا سەیری یەکیان دەکرد سەرێکی مانادariyan بۆ یەکتر رادەوەشاند.

ئەو دۆڵەی لە سۆلاڤەوە دێت و بەرەو کێوەکانی باکور دەڕوات یەکجار زۆر قەرەباڵغە و لە هاتوچۆی کاروانچییان جمەی دێت. ئەحمەد دەڵێ:

– ئەم رێگەیە پێشتر لە لایەن ئینگلیزەوە ساز کراوە و ئەوان لەم پشتەوە بنکەیەکی سەربازییان هەبوو هێشتاش وێرانەکانی دەبینرێن. لە دەربەندەکە جۆرێک پلیکانەیان ساز کردبوو، کە ئێستە بەردەکانی لەژێر ناڵی هێستراندا ساف و سوواون.

دوای دەربەندەکە ئێمە سەرمان بە دەشتاییەکەوە دەردەچێ، کە لێرە و لەوێ هێندێک دەوەن و بنچکی لێ رواون و بەر و سەمەرێکی زەردیان هەیە، کە گوایە دەشخورێن. جڵەیەک مەڕ لە دوورەوە دەبینرێن، کە بە لالێژێکەوە خەریکی لەوەڕن، ئێمە هێشتا هێندێکمان ماوە بگەینە لووتکە بەڵام خۆشیی ئەم وڵاتە جوانە لەوەدایە لێرەش، لەم لووتکە بەرز و بیابانەشەوە کانی و ئاوی لێیە و ئێمە، کە دیسان تینوومانە پڕ بە پێستیەتی لادەین و ماندوویەتییەک دەرکەین. ئامێدی بە حاڵ لە دوورەوە دەبینرێ، ئێمە دەچینە سەر کانییەکە، تاوێک رادەوەستین و ئاوێکی سارد دەخۆینەوە.

کە دەگەینە سەر یاڵەکە من لە هێسترەکە دادەبەزم، چونکە ڕۆیشتنی بەرەوخوارم لا هاسانە. دەگەینە ناو دارستانێکی چڕ و بە جۆگە و گوێ کەناڵێکدا درێژە بە ڕێگە دەدەین. دواتر بۆم دەردەکەوێ، کە لە گشت شوێنێکی ئەم وڵاتەدا جۆگە و کەناڵی پێچاوپێچ بە بناری هەڵدێرەکاندا تێ دەپەڕن، باخ و بێستان، مووچە و مەزرای گوندنشینان تێرئاو دەکەن.

لە هەوەڵین ئاوەدانی لادەدەین تا خواردنی ناو کۆڵەکەمان بخۆین، سەرەتا لە کەنارێکەوە رادەوەستین بەڵام زوو پەشیمان دەبینەوە و دەڕۆینە ماڵێک، ژنی خاوەن ماڵ لە کەپرێکی گەڵاییندا بە ماست، کە لە شیری بزن سازی کردووە و چایی پێشوازیمان لێ دەکات.

ئێمە درێژە بە ڕێگەکەمان دەدەین، جاروباریش من سواری هێسترە ماندووەتی نەناسەکەمان دەبم و هێندێک جاریش بە پێ لەگەڵ ئەواندا ڕێگە دەبڕم. دەگەینە دۆڵێکی چۆڵ و هۆڵ، هێندێک مانگا خەریکن دەلەوەڕێن و ڕووبەڕوومان بەرزاییەکی پڕ لە ئەشکەوت و کونەبەردە. لە پشتەوەی ئەو کێوەوە لووتکەیەکی بەرزتر دەردەکەوێ، بەرواریی باڵا لەوێیە.

هێڵێکی تیژی ئاسۆییە – سنووری تورکیا لەو سەرەوەیە:

ئێرە ئاخری ئەم دنیایەیە. هیچ کەس لەوێوە دەرباز نابێت. لە لای خوارەوە، ئەو تەپۆڵکە زەردهەڵگەڕاوانە، بنچکێک لێرە و لەوێ، دۆڵەکەی لای خوار و سنەوبەرەکانیش وەک نیشانەی سەرسووڕمان دەچن. ڕاست وەک ئەو جێگەیە دەچێ، کە ئینجیل باسی دەکات. هەم ئینجیل و هەم قورئان بەم شێوەیە باسی باخی عەدەن دەکەن. دەبێت ئەوانەی یەکەم جار ئەو شوێنەیان بینیبێ خەڵکی دەشتەکی بووبن و کاتێک دۆڵ و شاخ و باخاتێکی لەم جۆرەیان بینیبێ و بۆ هەتایە خەونیان پێوە بینیبێ.

دەچینە خوار بۆ ناو دۆڵ و سەوزەڵانییە فێنکەکان، خوڕەی ئاوی کانی دێتە گوێمان و ژنێک لەسەر کانی خەریکی پڕکردنی زەرفی ئاوەکەیەتی.

پیاوێک دەڵێ بەخێر بێن بۆ "کانی ماسی" کە ناوی گوندەکەیە و بە کۆڵانێکدا پێشمان دەکەوێ بۆ باخەکەی خۆی. باخی ئەم کابرایە سەمەرێکی لە ئەندازەبەدەر، لەوانە سێوی گەورە گەورەی گرتووە، تازە کاتی گەیشتنیان هاتووە و خەریکی داوەرینن.

– ئێمە ناتوانین ئەم میوانە بفرۆشین. دەبێت لێیان گەڕێن تا لەسەرە خۆیان دەگەنێ.

من پێشتر قەت سێوی لەم جۆرەم نەبینیون، هەم سوور و هەم زەردن.

– فەرموون، بخۆن شەرم مەکەن.

من دوو دانە سێو دەخۆم و دووی تریش هەڵدەگرم، خاوەن باخ بەناو میوە و دارەکانیدا دەمانگێڕێ، ترێ، تەماتە، خیار و شووتی.

ساڵح بە هێسترەکەوە، هێندێک لەسەرترەوەیە و لەناو ئاواییدا پێک دەگەین، ئەم خەڵکە، لە سیستەم کەناڵێکەوە، کە بە شێوەیەکی زۆر داهێنەرانە ساز کراوە ئاویان راکێشاوە و "لەوپەڕی بیابانەوە" گەنمەشامی و مەرەزەی برنج ئاودێری دەکەن. بەڵام لەو شوێنەی سنووری ئەم کشتوکاڵە تەواو دەبێت ئەرزی رەش و سووتاو دەست پێ دەکات.

پیاوێک لە کۆڵانێکەوە بەرەو روومان دێت، ئەحمەد هاوار دەکات:

– ئەوە باوکمە.

ئەحمەد دەزانێ باوکی هاتووە بۆ سەردانی خزمانی بۆ بەرواری باڵا و ئامادەییی ئەوەی هەبوو لێرەدا بیبینێ. ئەوان یەکتر لە ئامێز دەگرن و ماچی سەرکوڵمی یەکتر دەکەن. باوکی ئەحمەد پیاوێکی بە تەمەنە، جلوبەرگی ساکاری لەبەرە بەڵام هیچ ددانی نەماون. مەودایەکی زۆر جگە لە هەستێکی دەروونی لە نێوان کوڕ و باوکدا هەست پێ ناکرێ.

سەرەڕای ئەوە ئێمە هەمیشە پێکەوە بووین، من بە درێژاییی رێگە

نەمتوانی پێوەندییەکی بەتەواوی باش لەگەڵ ئەحمەددا ساز بکەم. بێگومان گەرم نەبوونی پێوەندیی من و ئەحمەد پێوەندیی بە منیشەوە هەیە، بەڵام ئێمە قەت ناگەینە ئەو جێگەیە، کە بە روونی پێکەوە بدوێین. ئەو گشت هەوڵێکی خۆی دەدات بۆ ئەوەی یارمەتیی من بدات و تێ بگات من چیم دەوێ. هەرچەند خۆشی ملی پێدا ناکات بەڵام ئەو ماوەیە وەک قوتابی لە بەغدا بووە ئاو و هەوای ئەوێ هێندێک لە خەڵکەکەی خۆی دوور خستووەتەوە، بۆ نموونە وەڵامی هەموو شتێکی لا نییە و ناشیەوێ لە خەڵکی تر پرسیار بکات.

بەڵام، ئەویش وەک گشت قوتابیان، پزیشکان، پرۆفیسۆران و مامۆستایانێک، کە تێکەڵی شۆڕش بوون، هیچ کات نایەوێ خۆی بە زانیارییەکانیەوە هەڵکێشێ، پلەی خوێندن وەک پوانێک بۆ خۆی حیساب بکات و بە چاوی بچووک سەیری خەڵکی تر بکات. ئەم بیرۆکەیە هیچ بە مێشکیدا نەهاتووە.

من قەت هیچ کۆمەڵگەیەکم نەدیوە هێندەی ئەم کۆمەڵگەی کوردستانە لە کێشە و ڕووبەڕووبوونەوەی چینایەتی بە دوور بێت و ئەحمەد خۆی دەتوانێ نموونەیەکی ئەم بانگەشەیە بێت – هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئەو و سالحی هێسترەواندا نییە – پێکەوە ڕێگە دەبڕن، ڕێز لەیەک دەگرن و هیچیان بە چاوی سووک یان ڕێزی زیاترەوە سەیری یەک ناکەن بۆ ئەو جێگە کۆمەڵایەتییەی هەیانە. هەروەها کێشە و ناکۆکیی نێوان تەمەن و وەچەکانیش لێرە نابینرێ، لە وڵاتانی تری لای باشوور پیاو گەنجانێک دەبینێ پێیان وایە خوێندن هەموو شتێکە، هەوڵ دەدەن بە هاسانی بنچینە و ریشەی خۆیان لە بیر کەن، کاتێک دێنەوە ناو خەڵکی گوندەکەیان وەک خەڵکی جیاواز هەڵسوکەوت دەکەن و بە چاوێکی کەم بایەخەوە سەیری خزمانی "نەزانی" خۆیان دەکەن. ئەم جۆرە گیان و نەریتە هاوشێوەی لە سوێدیش دەبینرێ بەڵام من لە کوردستان شتی لەو جۆرە نابینم و بە پێچەوانە بیرکردنەوە لە

نەریتی لەو جۆرەش بە تەواوی نامۆمکینە. ئەوان شانازییەکیان هەیە و بناخەی ئەو شانازییەش لەسەر سامانداری، پلە و پایەی کۆمەڵایەتی یان خوێندن نییە، بگرە لەسەر ئەوەیە، کە هیچ حاشا لە کوردبوونی خۆت نەکەیت، وڵاتەکەت نەفرۆشی، یاسا و ڕێسای خەڵکەکەت پێشێل نەکەیت، کوردێک بیت لەناو کوردان و مرۆڤێک بیت لەناو مرۆڤەکانی تردا.

ئەوەی من و ئەحمەد ناتوانین بە شێوەیەکی کراوەتر نزیکی یەکتر بینەوە ڕەنگە هێندێکی هۆی ڕێگەکە بێت، کە ناهەموار و سەختە، هێندێکیشی هی ئەوە بێت، کە ئەحمەدیش وەک من لەم مەودایەی بڕیومانە ناشارەزایە و منیش دەمەویست هەموو شتێک بزانم و چاوەڕوان بووم ئەو وەڵامی گشت شتێکی لە لابێت.

بەڵام کاتێک دەبینم کتوپڕ و بێ ئاگەداریی پێشوو، ئەحمەد باوکی لە نزیک بەرواری بالادا دەبینێ چی ڕێز و خۆشەویستییەکی پێشان دەدات، ڕێز و حورمەتێک کە لە دڵەوە دێت و بە هیچ ڕەنگێک ساختە و دروستکراو نییە، هەروەها کاتێک باوکیشی هەمان ڕێز پێشانی کوڕەکەی دەدات بۆم دەردەکەوێ ئەم شتەیە لە کوردستان پێوەندیی گەرموگوڕی نێوان وەچە و نەوەکان ڕادەگرێ و نەوەکانی داهاتووش بەو شێوەیە باردێنێ.

باوکی ئەحمەد سواری هێسترەکە دەبێت، لەگەڵمان دێت بۆ گوندی "بەدە بەدە"، کە قەرارە شەو لەوێ لە ماڵی مامێکی ئەحمەددا بمێنینەوە و باوکیشی هەر لەوێ مێوانە. بەدە بەدە گوندێکی زۆر گەورەیە، بووەتە سێ بەش و هەر بەشەی لە لایەکدا هەڵکەوتووە. ئێمە ڕاست دەڕۆینە ماڵی مامی ئەحمەد.

– ماڵێکی زۆر ساکار و سادەیە، خزمەکانی من دەوڵەمەند نین، پێم وایە بۆ تۆ سەرنج ڕاکێش دەبێت ببینی، کە خەڵک لە کوردستان چەندە ساکار دەژین.

له کوردستان به شێوەی سەردەمی زۆر کۆن، خانووەکان یان له بەردی ئاسایی یان له خشت، که لەبەر خۆردا سوور هەڵگەڕاون ساز دەکرێ. قوڕ و کا تێکەڵ دەکەن بۆ ئەوەی چاک خۆی بگرێ، له قاڵبێکدا ڕێکوپێکی دەکەن و به شێوەی بلۆکی دڵخواز دەری دێنن تا دواتر لەبەر خۆرەوە وشک بێتەوە. ماڵی قوڕین ئاساییترین شێوەی ماڵن پیاو دەیانبینێ بەلام دەڵێن ماڵی بەردین باشترە. دیوارەکان به قوڕ سواخ دەدرێن و بانەکانیشیان سافی سافە. دارچناری درێژ دەخەنه سەر دیوارەکان و دواتر به لق و گەڵا دای دەپۆشن دیسان قوڕی بەسەردا دەکەن. مەرجی ئەوەی ئەم ماڵانه له وەرزی باران و بەفردا دڵۆپه نەکەن ئەوەیه قوڕەکه سفت بێت و بۆ ئەو مەبەستەش هەر بانه شتێکی لەسەره پێی دەوترێ بانگردێن. هەرکه بەفر باری دەیماڵن و بەو بانگردێنەش بانەکه دەشێلن تا سفت و پتەو بێتەوە و دڵۆپه ناکات.

ڕەنگی ئەم دیواره قوڕینانه پاش ماوەیەک دەگۆڕێ و له دوورەوە بینینی ماڵەکان دژوار دەبێت. سەربانی ئەم ماڵانەش کاتێک هەوا گەرم دەبێت دەبێته شوێنی کاری ژنان، گەنمی لێ پاک دەکەن، نۆک و ساوەری لێ دەستهاڕ دەکەن و... ... . هێندێک جاریش شەوانه لەسەر بان دەخەون. لەسەر هەموو بانەکان کونێک هەیە، که زستانان سۆبەیەک له ناوەڕاستی ماڵەکان دادەنێن و ئاگری تێدا دەکەنەوە، دووکەڵ و گەرما زیادەکه لەو کونەوە، که تا خوار لوولەیه دەچێته دەر و له ماڵەوەش گەرمای دیوەکان دابین دەکات. (*نووسەر له سێ لاپەڕەدا باسی سازکردن و چۆنیەتیی کارکردنی ماڵه کوردێکی ئەو سەردەمه دەکات، من وەرگێڕانی هەموویم بۆ کوردی به پێویست نەزانی و تەنیا چەند کۆپلەیەکم وەک نیشاندانی مەبەستەکەی ئەو هەڵبژارد. – وەرگێڕ*)

ماڵی مامی ئەحمەد، که به بەرد ساز کراوه تەنیا دوو دیوی هەیە. دیوه گەورەکەیان پەنجەرەیەکی لێیە، تەختە و مێزێک له گۆڕێدا نابینرێ، له

گـۆشــەیەكـەوە لێـفـە و جـێـوان بـە دیوارەوە هەڵپـەسـێـردراون و چەند دۆشـەكـەشـیـان بـۆ دانیشـتن راخـسـتوون. دیوێكی بچكۆلانەی تر هـەیە، كە پەنجـەرەی نییـە، وەك ئەنبـار كەڵكی لێ وەردەگیـردرێ، كـاتێك بیـانییـەك لە مــاڵ بێت ژنـەكــان لەوێ دەخــەون و چێــشـت و خــواردنـیش لـە دەرەوە لە دالانێكدا ساز دەكرێ.

لەگــەڵ تاریكداهاتنی هـەوادا دەچینە ژوور، لەســەر دۆش دادەنیــشین و خواردنمان لەناو سینییـەكی فافۆندا بۆ دێنن. خواردنەكە مـاست، برنج، نان و جۆرێك سۆسە، بەڵام خەبەرێك لە گۆشت نییە.

كۆمـەڵێك پیـاوی تر دێنە ناو، لە كـاتێكدا هـەمـوو لە پەنـای یەك دادەنیـشن تێكرا دەست دەكەن بە جگەرەكێشان، كە خۆیان لە تووتنێكی زەردی كوردی هەڵی دەپێـچن و لـەسـەرەخـۆ مـژی لێ دەدەن. چرا لامـپـایەكی كـز رووناكی دەداتە دیوەكـەمـان، ژنـەكـان كـەسـیـان نایەنە مـاڵ، ئـەوان لە دەرەوە لە لای "چێشتخانەكەی" دەرەوە دانیشتوون و خەریكی قسەوباسی خۆیانن.

ئەحمەد بۆم باس دەكات كە مێوانەكان باسی چی دەكەن:

– ئێمـە باسی باری شەڕەكە دەكەین، ئەوان دەڵێن داخوا دوارۆژ چی روو دەدات و هیوادارن ئاگربەستێك بێتە ئاراوە. ئەوان وەك پێویست ئازووخەی ئەم زستانەیان نییە و ئەوەش بە گەورەترین كێشە دێتە ئەژمار.

تێكڕای ئەم پیاوانە گوێ لە رادیۆ كوردستان دەگرن، لە هـەموو جێگەیەكدا شــەڕ رووی داوە. ســاڵوەگـەڕی شـۆڕشـیـشـە، جـەنەراڵ بارزانـی پەیامـێكی تایبــەتی بـەم بۆنەوە بۆ خــەڵك دەركـردووە و ناوەڕۆكـەكـەی بە كـورتـی بەم جۆرەیە:

"ئێـمـە تا بەدەسـتـهـێنانی ئۆتۆنۆمی دەست لە خـەبات هەڵناگـرین. رۆژی سەركەوتن نزیكە."

هیچ كام لەم پیاوانە چەكی پێ نییە، ئەی بۆ ئەمانە نەبوونەتە پێشمەرگە؟

ئەحمەد دەڵێ:

– زیاتر لە حەفتا کەسی ئەم گوندە پێشمەرگەن، هەموو بنەماڵەیەک کەسێکی لە بەرەی شەڕدایە. بەڵام نەریت وایە کە هەردەم دەبێت پیاوێک لە ماڵدا بمێنێ، ئاخر دەبێت کەسێک ئاگای لە دەر و دەشت بێت، هەموو ناتوانن لە شەڕدا بن. دیارە ئەگەر پێویست بێت ئەم پیاوانەش سازن ببنە پێشمەرگە و پێم وا نییە کەسیان ئاواتێکی تری هەبێت.

بەڵام شەڕ لێرەش لەم دۆڵە دوورەدەستەشدا کاریگەری لەسەر ئەوان دەکات، هەردەم باسی شەڕ، ئاکامەکانی و گرانی دەکەن، کە هۆیەکەی هەر شەڕە. دوای ڕۆیشتنی مێوانەکان سەرینێک بە من دەدەن، کەسێک لامپاکە دەکوژێنێتەوە و من لەسەر دۆشەکە نەرمەکەوە خەو دەمباتەوە.

بەیانی پێش ئەوە من وەخەبەر بێم ساڵح هێسترەکەی بار کردووە و سازی ڕۆیشتنە، ژنەکان هەموو بە توندی سەرگەرمی کاری خۆیانن. ژنێک خەریکی مەشکەژەندنە، ماستەکەی کردووەتە ناو پێستی بزنێک و بە سێ پەت لە دارێکەوە شۆڕیان کردووەتەوە. ژنەکە پاڵ بەو پێستەوە دەنێ بۆ پاش و دوایە بۆ لای خۆی ڕای دەکێشێ، شڵقەشڵقی ماستەکە بە باشی دەبیسترێ و وا دیارە ڕۆنە کەرەیەکی چاکی لێ بێتە دەر.

پێش ئەوەی بکەوینە ڕێ دەبینم ئەحمەد و مامی پێکەوە قسە دەکەن، من دەزانم ئەحمەد خەریکە لە جێی خواردن و زەحمەتی ئەم شەوە هێندێک پارە بداتە مامی، بەڵام ئەو ساز نییە هیچ پارەیەک گل بداتەوە و ئەحمەدیش نارەحەتە و دەڵێ:

– ئاخر ئەوان پێویستیان بەم پارەیە هەیە، ئەوان پارەیان نییە شتی زستانیان دابین کەن. بەڵام حازر نین هیچ وەرگرن.

ئێمە بەناو کۆڵانە تەنگەبەرەکانی گونددا تێپەڕ دەبین، بەسەر جۆگەیەکدا دەڕۆین و دەگەینە پردێک، کە بە دار سازیان کردووە. دارگوێزی بەرز و

توودڕک دەورەی ڕێگەکەیان داوە. تۆزێک سەرتر دەگەینە بێستانێک پڕە لە خیار، پەتاتە و. . . مەڕومالآت بەسەر بەرزاییەکانەوەن و هەر دەستەیەک شوانێک و چەند سەگ پاسەوانییان لێ دەکەن.

لای نیوەڕۆ، لە دۆڵێکی تردا دەگەینە گوندێک بە ناوی "ئادینە"، هەوەڵ بە تەمای راوەستان نین، بەڵام کاتێک دەگەینە سێبەری دارگوێزەکان، کە فێنکییەکی باش بە خەڵکەکە دەدەن پەشیمان دەبینەوە و بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ لادەدەین. لەم شوێنە خەڵکی دوو بۆمبای گەورەمان پێشان دەدەن، کە وەک یادگارێک لەبن دارەکاندا رایان گرتوون، بە قسەی ئەم خەڵکە ئەم بۆمبانە ساڵی ١٩٦٦ لە لایەن فڕۆکەی دەوڵەتەوە دژی ئەم گوندە بەکار هاتن بەڵام نەتەقینەوە و دواتر لە لایەن شۆڕشەوە پووچەڵ کرانەوە، ئێستەش وەک نموونەی دڕندەیی دەوڵەت دانراون تا خەڵک بیانبینێ.

لە درێژەی ڕێگەدا گەلێک دیمەنی جوان دەبینین، کە سەرنجم رادەکێشن. لە کەناری ڕێگەکەوە سێو، هەنجیری گەیو شۆڕ بوونەتەوە و لە هەر لایەک کانی و جۆگەی ئاوە، کە لە بنەبەردێکدا دێتە دەر، لە بەرزاییەکدا کۆ دەبێتەوە و دواتر لە تاڤگەیەکی دڵڕفێنەوە خۆی هاوێتەی سروشتی جوانی ئەم دەڤەرە دەکات. ساڵح و هێسترەکە بە ڕێگەیەکی هێندێک گەورەتردا دەڕۆن و من و ئەحمەد هەروا بە تەنیشت جۆگەکەدا دەڕۆین تا دەگەینە گوندێکی تر. لە ماڵێکدا لادەدەین، کە خاوەن ماڵ خەریکی دروومانی جلوبەرگی پێشمەرگەیە. کابرای بەرگدروو ناسراوی ئەحمەدە و هەرکە خەڵکی ئاگەداری هاتنمان دەبن کۆمەڵێک ژن و پیاو دێن تا هەواڵی شەڕ و دۆخی لای چۆمان لە ئەحمەد بپرسن. هێندێک لە خەڵکەکە دەڕۆن لەناو باخ سێو، هەنجیر و ترێمان دێنن و هەر بۆڵێکی ترێیەکە هێندەی هەڵووژەیەک دەبن. کاتێک من یەکێک لە سێوەکان لەت دەکەم کرمێکی زەلام لەناویدا دێتە دەر و مریشکێک کە لەو ناوە حازرە پەلاماری کرمەکە دەدات، هەوەڵ کرمەکە خۆی ون دەکات بەڵام سەرەنجام مریشکەکە دەتوانێ بیگرێ و بیخوات. من

نازانم بۆ ئێستە راست ئەو سێو و کرمەم دێتەوە بیر رەنگە هی گەورەیی سێوەکە یان قەڵەویی کرمەکە بێت، کە من تا ئەوکات کرمی هێندە زەلامم نەدیتبوو. لە کاتێکدا ئەحمەد و هاوڕێیانی بە زمانێک، کە من تێ نەدەگەیشتم خەریکی قسان بوون منیش خۆم بەو کرم و مریشکەوە خەریک کردبوو.

من هیچ کات هێندەی ئەم سەفەرەی کوردستان میوەم نەخواردووە و قەتیش لە هیچ جێگەیەک سێوی وا گەورە، شووتی، ترێ، هەنجیر و... وا باش و خۆشم نەدیتوون.

هێندێک رێگەمان لێ تێک دەچێ، ئەحمەد و سالحیش وەک من قەت پێشتر بەم رێگەیەدا نەهاتوون. لە چەند پیاوێک، کە خەریکی مەرەزەی برنج و ئاودێرانی گەنمەشامین یارمەتی وەردەگرین و دێینەوە سەر رێگەی راست. دەگەینە گوندێک لەسەر تاشەبەردێکی زۆر تەختەوە ساز کراوە و دوای ئەم گوندە زۆرمان نەماوە بگەینە گوندی "بازێ" کە بڕیارە شەو لەوێ بمێنینەوە.

جارێکی تر دەڕۆینە ماڵێکی گەورە، پاڵشتی نەرمی لێ دانراون و دوای دانیشتن بە لیوانێک ئاوەوە بەخێرهاتنمان دەکەن. دواتر من تێ دەگەم، کە ئەمە لە کوردستان نەریت و باوە کە بە لیوانێک ئاوی سارد بەخێرهاتنی مێوان بکەن. ئاوێکی ساردی کەللەتەزێن و وەک کریستاڵ روون. من هەوەڵ لیوانەکە دەگرم، هەوڵ دەدەم بە ئارامی ئاوەکە بڕواتە خوار و هەموو لەشم هەستی پێ بکات. راستی من لە بیرم نایە خواردنەوەیەکی ترم لە هیچ کوێیەک خواردبێت تامی ئەم ئاوەی ئێرەی دابێت.

دەنگۆی هاتنی ئێمە لەناو خەڵکدا بڵاو دەبێتەوە و زوو دەورمان پڕ دەبێت لە خەڵک. یەکێک لەوان ناوی محەمەد ئەحمەدە، ٣٥ ساڵ تەمەنیە و داوا لە ئەحمەدی هاوڕێی من دەکات بە من بڵێ، کە ئەوان خۆشحاڵن بە هاتنی من و زۆریان پێ خۆشە من لەسەر کوردستان بنووسم:

– پێش هەر شـتـێک تۆ دەبێ باسی ئەوە بکەیت ئێـمـە وەک پێـویست ئازووخـە و خـواردنمان نییـە. لە گشت لایەکەوە دەورە گیـراوین و زەحـمـەتە زسـتـان ببـەینە سـەر – ئێمە زۆر لەم دۆخـە دەترسـین. هەروەها دەمـانەوێ تۆ باسـی ئەوە بکەیت ئێـمـە سـەرەڕای ئەو هـەمـوو ئازار و زیـانەی بـەرمـان کەوتووە، نەتەوە یەکگرتووەکان گوێ ناداتە چارەنووسی خەڵکی کوردستان. راستی، کەسێک نییە بایەخ بە ئێمە بدات؟ ئێمە ناتوانین هۆی ئەم شـتە تێ بگەین.

من لە مـحـەمـەد دەپرسم شـۆڕش بۆ ئەم گـوندە بە گـشـتی چی مـانایەکی هەیە و بە چی شێوەیەک ئاڵوگۆڕ بەسەر باری ئەواندا هاتووە؟

– شـۆڕش بۆ ئێمـە مـانای ئەوەیە، کە نـرخـی مـرۆڤانەمـان بۆ گەڕاوەتەوە، پێشتر ئەرد و خـاکی ئەم گوندە و ئاواییـیـەکانی تر هی خـەڵکانی دەوڵەمـەند بوو، کـە خـۆیان لە شـار دەژیان. ئێـمـە زەوییـەکـانمان بەخـێـو دەکـردن و وەرزێری ئەوان بووین. ئێـمـە کورد وەک چینی خوارتر و پلـە دوو حیسێب دەکراین. بەڵام دوای دەست پێکردنی شـۆڕش خـاوەن مـوڵکە زۆردارەکـانمان راونان و مـاڵەکـانمان سـووتاندن. ئێسـتـە خـۆمـان خـاوەنی ئەو مـوڵک و زەوینەین خـۆمـان دەیکێڵین. ئاغـاکـان ئێسـتـە لە شـاردان و هـاوکـاریی رێژیم دەکەن. ئەوان دەخـوازن شۆڕشـەکەی ئێمـە تێک بشکێنن و ببنەوە ئاغـاکەی جاران. بەڵام هـەرگیز ئیزنی ئەو کارەیان پێ نادەین.

جەنەراڵ بارزانی چۆن دەبینی؟

– لە روانگەی منەوە جەنەراڵ بارزانی پیاوێکی زۆر گەورەیە، ئەو هـەمیشـە خەباتی بۆ نەتەوەی کورد کردووە، هەموو ژیانی.

کـەسی تر بە نیشـانەی رەزامـەندی سـەر بۆ قسـەکـانی دەلـەقێنن و پێیـان وایە چاکی قسـە کردووە، ئەحمەد هـەمـوو هـەوڵی دەدات قسەکان وەرگێڕێ و من گومـانێکم نییـە، کە قسـەکـانی دروست وەرنەگـێڕابێ. ئەوان ئاگـەداری

ئامـانجـەکـانی ئـەم بزاڤـەن تەنانەت لەم گـوندە دوورەدەسـتـەشـدا. رێگەی ئاگـەدارکردنەوەی ئەم خـەڵکە لە مـەبەسـتـەکانی شـۆڕش رادیۆیە و رادیۆی کوردسـتـان، سـەرەڕای وژەوژی حکوومەت لێرەدا باش دەبیـسترێ. پێش ئەوە بخەوین گوێ دەدەینە دوایین هەواڵەکانی:

– پەیامێک لە ناوچـەی رانیـەی پارتییـەوە رادەگـەیەنێ، کـە هێـزێکی زۆری دوژمن هێـرشـی کـردووەتە سـەر پێـشـمـەرگـە لە گـوندەکـانی "بەردانگە" و "بەردەبی" لە نزیک شـاری رانیـە. هێـزی دوژمن تێک شکێنران و حـەوت بەکـرێگیـراویش کـوژران. رێژیم وەک تۆڵەکـردنەوە هەشت گـوندنشـینی گـرتوون... بە پێی هەواڵی هێـزی شـێـخـان شـەڕەکـانی ئەو ناوەش لە نزیک ئاوایی "مـرێبـە" بە توندی بەردەوامـن و دوژمن زیانـی زۆری بەرکـەوتووە... هەواڵدەرمـان لە دهـۆک رادەگـەیێنێ، کـە دوێنێ تۆپخـانەکـانی شـۆڕش هێـرشـیـان کـردە سـەر پێگەیەکی دوژمـن لە نزیک دهۆک. هەروەها باس دەکـرێ، کـە رێژیم دیسـان لە شـاری مـووسڵ ٣٢ هاووڵاتیی کـوردی هەڵواسیـون... هـێزی زاخـۆ رادەگەیێنێ، کە دوێنێ مینێکی پێشـمـەرگە بە کـامیـۆنێکی پڕ لە سـەربازی دوژمـندا تەقیـوەتەوە و هـەمـووی کـوشـتـوون... بەتالیـۆنی شـەشـی خانەقین رادەگەیەنێ، کە هێزێکی پێشـمـەرگە هێرشی کردووەتە سەر کاروانێکی رێژیم لە نێوان گوندەکانی"عیسایی" "عەلیخان"دا. هەروەها هێزی دژە هـەوایی ئەو بەتالیـۆنە تەقەی لە فڕۆکەیەکی دوژمن، کە بەسـەر چۆمی سیرواندا دەسووڕایەوە کرد و ئەنگاوتی.

راست لە خوار گوندەوە جۆگەیەک هەیە و لە تەنیشت جۆگەکەوە ئاشێکی ئاوی کـۆنی سـەردەمی زوو هەیە بە ئـاوی ئەو جـۆگـەیە دەگـەڕێ. بەیانی لە ئاوی ساردی ئەو جۆگەیە دەمـوچاوم دەشـۆم و دوای خـواردنی نـانی بەیانی دەکەوینـە رێ. ئێمـە دەبێت لە کێـوی "مـەتین"ەوە سـەرکـەوین. کێـوێکی زۆر بڵندە و مـن هەرچەند بەزەییـشم پێدا دێتـەوە ناچارم سـواری هێسـترەکەم ببمەوە. چەند سات بەم کێوەدا هەڵدەگەڕێین، هێندێک جار من لە هێسترەکە

دادەبەزم و دیسان سوار دەبمەوە. دەگەینە دارستانێک دوو کوڕ و دوو کچ خەریکی بڕینی گەڵای داربەڕوون بۆ زستانی مەڕەکانیان. کوڕەکان دەچنە سەر، لقەکان دەبڕن و کچەکان لە خوار کۆی دەکەنەوە. تووشی کاروانێکی تر دەبین، کە بە ژمارەیەک هێسترەوە لە ڕێگەدان و سەرەنجام دەگەینە سەر لووتکەی شاخ، لەوێشەوە دۆڵێکی تر لەلای خوارەوە دەردەکەوێ.

تا ئەو کاتەی سەردەکەوین یان لەناو دەچین

پێش ساڵی ١٩٧٠ کێوی مەتین کەوتبووە نێوان سنووری هێزەکانی دەوڵەت و پێشمەرگە. سوپای دەوڵەت لە شەڕەکانی ٦٥ – ٦٦دا لە دهۆکەوە هێرشی هێنا، ئامێدی و بامەڕنیشی داگیر کردن. ئەحمەد دەبێژێ:

– من ئەو دەم لە بامەڕنی بووم. جگە لە مزگەوتەکە هەموو گوند لە لایەن دوژمنەوە ئاگری تێ بەردرا، خەڵک کێویان گرتە بەر و هەڵاتن بۆ بەرواریی باڵا. دەوڵەت بە تانکەکانیەوە توانی بگاتە نزیکی ئەم کێوە، بەڵام پێشمەرگە پێشیان پێ گرتن و نەیانهێشت زیاتر بێنە پێش.

ساڵح بە هێسترەکەوە لە پێشمانەوە بەو هەورازە هەڵدێرەدا هەڵدەگەڕێ و من حەز دەکەم زوو زوو راوەستم بۆ ئەوەی ئەم دیمەنە جوان و سەیرانە زیاتر تەماشا بکەم. دەگەینە کانیاوێک دیمەنەکەی لە بەهەشت دەچێ، ژنێک بە منداڵەکانیەوە هەواری لێ خستووە و بزن و مەڕ بە دەوروبەری کانیاوەکەوە خەریکی لەوەڕن. ئەحمەد پێشم دەکەوێ بۆ ناو کەلاوەیەک:

– لێرە من و بنەماڵەکەمان دەژیاین. بەڵام دەوڵەت ماڵەکەمانی سووتاند و ئیدی هیچ کات سازمان نەکردەوە، قەت نەگەڕاینەوە بۆ ئێرە.

لە بامەڕنی لادەدەینە لای ژمارەیەک پێشمەرگە، کە لە حاڵی مۆڵەتدان و لە سێبەرێکدا تاوێک لە لایان دادەنیشین. ژنان خەریکی جلشۆرین، ئەحمەد لێرەش خزمی هەن و ئێمە سەردانیان دەکەین. باسی ئێرەش هەر لەسەر شەڕ و ئەو گەمارۆیە بوو، کە دەوڵەت خستوویەتییە سەر ئەم خەڵکە. یەکێک لە پیاوەکان کوڕێکی بچووکی لە باوەشدایە و کلاشینکۆفەکەی پاڵداوە بە دیوارەکەوە. ئەم پیاوە تازە لە بەرەی شەڕ گەڕاوەتەوە و داوا لە ئەحمەد

دەکات قسەکانی بۆ من وەرگێڕێ:

– بۆ هیچ کەس گوێ ناداتە خەباتی کورد؟ بۆ کەس گوێ لە ئێمە ناگرێ؟ ئێمە بە تاقی تەنیاین، کەس دۆستمان نییە. تەنیا کێوەکانمان نەبن. داخوا ڕێگەی کوێ بگرینە بەر ئەگەر ئەم کێوانەش پەنامان نەدەن بە سەربەستی بژین؟ ئێمە ناتوانین لە شوێنێکی تر بژین، بەڵام دەبێت درێژە بە خەبات و بەرخۆدان بدەین و لای ئێمە هەژاری زۆر لە ژێردەستی باشترە.

پلانی من و ئەحمەد ئەوەیە ئەسعەد، فەرماندەری هێزی یەکەمی پێشمەرگە ببینینەوە تا مۆڵەتی ڕۆیشتن بۆ بەرەی شەڕی لێ وەرگرین. لە لای بنکەی ناوەندیی سوپا لە دهۆک، گوندێکی بچووک لە ڕۆئاوای بامەڕنییەوە هەیە و ڕێگەیەکی هەیە ئۆتۆمۆبێلێکی جێب دەتوانن پێیدا بڕۆن. ئێمە هەر چوارمان، من، ئەحمەد، ساڵح و هێسترەکە دەڕۆین بۆ ئەوێ. پاسەوان لە بەرزاییەکانەوە دەبینرێین و کاتێک نزیکی گوند دەبینەوە پێشمەرگەیەک ڕێگەی بنکەمان پێشان دەدات. بنکە ماڵێکی ساکار و کەپرێکە. پێشمەرگە لەسەر کورسی بە دەوری یەکەوە دانیشتوون و جلوبەرگ و "یونیفۆرمی" هەمووان وەک یەکە.

لەناو سوپای پێشمەرگەدا تۆ ناتوانی کەسەکان لە ڕێگەی پایە، پلەی ئەفسەری و... لێک جیا بکەیتەوە. چونکە شتی لەو بابەتە نییە، سان، ڕژە، سڵاوی سەربازییەکیش لە گۆڕێدا نییە. بەو حاڵەش من کاتێک دێمە ژێر کەپری هەوارەکە گومانێک لەوە ناکەم کامیان ئەسعەدە، بۆیە ڕاست دەچمە پێش بۆ لای. ئەو بەخێرهاتنی من دەکات، ئاماژەم بۆ دەکات لەسەر کورسییەکەی تەنیشتییەوە دانیشم. هەست بە ئارامییەکی زۆر دەکەم. جاروبار پێشمەرگەی نوێ دێنە ژوور، سڵاو دەکەن و بۆ خۆیان دادەنیشن و بە ئارامی و لەسەرخۆ قسە لەگەڵ یەکدا دەکەن.

ئەسعەد دەڵێ زۆر خۆشحاڵە بە هاتنی ئێمە و کێشەیەکیش نابینێ بۆ

سەردانی ئێمە لە بەرەی شەڕ.

پێشمەرگەیەک بە نامەیەکەوە دێتە ناو، نامەکە دەداتە دەستی ئەسعەد و ئەویش دەیداتە کەسێک، کە لە تەنیشتییەوە دانیشتووە و وا دیارە بەردەستی بێت و داوای لێ دەکات نامەکە بخوێنێتەوە. ئەحمەد دەڵێ:

– نامەیەکە لە مووسڵەوە هاتووە، بینراوە خەڵکی دروشمی بە دیوارانەوە نووسیوە و لە دروشمەکاندا دەڵێن: لە وڵاتێکی خاوەن نەوتی دەوڵەمەنددا هەموو شتێک گرانە و بەعسی ژن و منداڵی خەڵک دەکوژن، نەخۆشی نەخۆشخانەی مووسڵیان دەرکردوون و سەربازی بریندارییان لە جێگە داناون. لە دەرەوەی نەخۆشخانە خەڵک کۆ بوونەتەوە و نارەزایەتییان دەربڕیوە بەڵام دەوڵەت بەزۆر پێشی پێ گرتوون.

من داوا لە ئەسعەد دەکەم باسی چۆنیەتیی بەرەی شەڕم بۆ بکات:

– دۆخەکە لە قازانجی ئێمەدا دەڕواتە پێش. ئێمە کۆنترۆڵی تەواومان بەسەر بەرەدا هەیە. هێزەکانی رێژیم لە دەهۆک ناوێرن لە مۆڵگەکەیان بێنە دەر و تەنیا خەریکی تۆقاندنی خەڵکی سڤیلن.

زیانی گیانیتان تا ئێستە لەم شەڕەدا چەند کەس بووە؟

– پێشمەرگە کەمتر لە ٣٠ کەسمان لە دەست داون، بەڵام نزیک بە سەد کەسی سیڤیل کوژراون. زیانی رێژیم نێزیک هەزار کەس کوژراو و ٥٠٠ کەسیشیان بریندار بوون. بۆ ئێمە سەخت نییە پێشی هێرشی ئەوان بگرین، ئەگەر بە تانک و تەیارە هێرشمان بکەنە سەر زەحمەتە ڕووبەڕوو لە بەرانبەریان خۆمان ڕاگرین، بەڵام دواتر لێکیان هەڵدەبڕین، لە چەند لاوە دێینەوە سەریان و لەناویان دەبەین. ئێمە شارەزای کون و قوژبنی ئەم وڵاتەین و لە پشتی بەرەی شەڕیشەوە هێرشیان دەکەینە سەر. ئەوان تەنیا لەناو شار و مۆڵگەی خۆیاندان.

ئەسعەد لە ساڵی ١٩٥٣ەوە لەگەڵ بارزانیدا بووە و یەکێکە لەوانەش کە

لەگەڵیدا چوون بۆ رووسیا و ساڵی ١٩٥٨ دوای رووخانی رێژیمی ئەو دەمی عێراق گەڕانەوە. ئەسعەد لە شەڕەکانی ١٩٦١یشدا بەشدار بووە، من داوای لێ دەکەم بەراوردێکی شەڕی ئەو کات و ئێستە بکات:

– جیاوازیی زۆری هەیە. ئەودەم ئێمە رەنگە زیاتر لە ١٠٠٠ پێشمەرگە نەبووین، بەڵام ئێستە دە قات زێدەترین. ئەودەم چەکەکانیش وەک ئێستە نەبوون، ئێستە دەوڵەت مۆدێرنترین چەکی لە رووسیاوە پێ دەگات. ئێستە شەڕەکە گرانترە، بەڵام بۆ ئێمەش هەلومەرجێکی تەواو جیاوازە، ئێستە هەموو خەڵکی کورد تێ دەگات خەبات بۆ چی دەکات. خەڵکی ئاگەدارن ئێمە جگە لە بەرخۆدان رێگەیەکی ترمان بۆ نەماوەتەوە و بۆ خۆشیان تێکڕا بەشداری شۆڕشەکەن. هێزی پێشمەرگە لە شکان نەهاتوون، راستی ئەم پێشمەرگانە باشترین سەربازی دنیان. ئێمە هێشتا بەشێکی زۆری هێزەکەمان بەشداریی شەڕ نەکردووە، ئەگەر من ئێستە بمەوێ لە تەنیا چەند رۆژاندا ٢٠٠٠ هەزاری تر پێشمەرگە ئامادە دەکەم بێنە بەرەی شەڕ، پیاوانێک ئاواتیان ئەوەیە بێنە بەرەی شەڕ و گیانفیدایی بکەن.

پێت وایە تا کەی ئەم شەڕە درێژەی دەبێت؟

– تا سەردەکەوین، یان تێکڕا لەناو دەچین. ئێمە تەنیا دوو جێگرەوەمان هەیە: یان کوردستان یان نەمان.

ئەورۆ چ شتێکی نوێ لە بەرەی شەڕدا رووی داوە؟

– ئێمە بەتۆپ هێرشمان کردووەتە سەر هێزی دوژمن، چەند مینی ئێمە لە نێوان دهۆک و مووسڵ بە کامیۆن و هۆیەلی ئەواندا تەقیونەتەوە، دەستەیەک پێشمەرگە هێرشیان کردووەتە سەر رێگرەکانی دوژمن لە نێزیک زاخۆ.

ئەسعەد بۆ خواردنی ئێوارە مێواندارییمان دەکات، کە بڕیارە دوای ساتێکی تر بێت، لەو ماوەیە پێش ئەوە تاریکی بکات ئێمە دەچینە خوار بۆ

ناو گوند، ئاوەدانییەکی بچووکە بەڵام لەبەر ئەوە ماڵەکان لە نزیک یەکن ژمارەیەکی زۆر خەڵکی لێ دەژین، تەماشای ئێزگەی رادیۆ دەکەین کە لەناو ئەشکەوتێکدا دایان مەزراندووە. لە ژوورتر و لای کێوەکەوە پڕە لە ئەشکەوتی سروشتی، کە هەموویان "رۆژێک" ئاوەدان بوون. ئەحمەد دەڵێ:

– مانگێک پێش ئێستە دەوڵەت هەر رۆژ ئەم دەڤەرەی بۆمباران دەکرد و خەڵکی پەنایان هێنابووە بەر ئەم ئەشکەوتانە، بەڵام ئێستە بە تەواوی فڕۆکەکان وازیان لە بۆمباران لەم بەرەیەدا هێناوە و خەڵکیش گەڕاونەتەوە ناو ماڵەکانی خۆیان. ئێمە هۆی ئەم کارەی دەوڵەت نازانین.

هێشتا چەند ژن و منداڵێک لە یەکێک لە ئەشکەوتەکاندا دەژین. بە گەڵا و هێندێک دار، کەپرێکی زۆر جوانیان ساز کردووە بۆ خۆیان.

خواردنی ئێوارەمان لە لای ئەسعەد بوو. خۆشترین تەماتەی ئەم ناوەیان بۆ لێ ناوین، پێش شەڕەکە تەماتەی ئەم دەڤەرە بەناوبانگ بوون و هەر رۆژە سەدان لۆری بە تەماتەوە دەچوونە بەغدا و ئەو دەم کیلۆیەک بە ٣٠ فلس دەفرۆشران. ئێستە کیلۆیەک بە دووسەد فلسیش دەست ناکەون، بەڵام کوردستان سەر بە زیادەی خۆشی تەماتەی هەیە.

دوای ئەوە بە تەواوی تاریک دادێ، بە سواریی گەڵابەیەک بۆ بەرەی شەڕەکە بەرێ دەکەوین، من پێش وەرێ کەوتن، ماڵاوایی لە ساڵح دەکەم، کە قەرارە بە هێسترەکەیەوە بگەڕێتەوە بۆ بەرواریی باڵا بۆ لای بنەماڵەکەی. دوای تۆزێک چرای گەڵابەکەمان لە کار دەکەون و شۆفێرەکەمان، کە کوڕێکی گەنجە ناچارە بە تاریکی لێ خوڕێ تا شوێنێکی لەبار بۆ راوەستان و باشکردنی چراکانی.

دیارە زۆر زەحمەتە چرایەکان بخرێنەوە کار چونکە "ستارتموتۆرەکە"ش مردووە. لاندرۆڤەرێکی پڕ لە پێشمەرگە بە دوامانەوەن و گەڵابەکەی ئێمەش هەموو رێگەکەی گرتووە. هەموو پێکەوە خەریکی وەکارخستنەوەی گەڵابەکە

دەبن و سەرەنجام لە هەوڵەکەیاندا سەرکەوتوو دەبن. پاش تۆزێک جارێکی تر گەلاَبە تووشی کێشە دەبێتەوە و ناچار دەبین راوەستین. من تەمای گەیشتن بە بەرەی شەڕ بۆ ئەو شەوە لە دەست دەدەم بەلاَم دەبینم ماشێنێک لە دواوە دێت و دەگاتە لامان. دەرکەوت ماشێنی تایبەتیی ئەسعەد خۆیەتی، تویوتا لاندکرۆزەرێکی مەیلەو نوێ.

بەم تویوتایە بە خێرایی بەسەر جادەی قیردا بەرەو لای باشوور لێ دەخورین و دوای دوو سات شۆفێرەکە چرای تویوتاکە دەکوژێنێتەوە. تاریکەشەوە و بە زەحمەت پیاو پێشی خۆی دەبینێ، شۆفێرەکەمان لە شووشەی ماشینەکەوە سەر دەردێنێ و وە دوای ڕێگەکە دەکەوێ. نیوەشەو دەگەینە شوێنی مەبەست و دەمانبەنە دیوێک لەوێ پێشمەرگە لەسەر زەوی بە چەکەکانیانەوە خەوتوون. من چوومە ناو کیسەخەوەکەم و لەبەر ئەوە رۆژێکی پڕ زەحمەتم تێ پەڕاندبوو بێ دەردی سەر خەوم لێ کەوت.

من نازانم ئێستە ئەم شوێنە لە کام لا هەڵکەوتووە، ناشزانم ئەم ڕێگەیەی پێیدا هاتین لە کوێ دەستی پێ کرد و چۆن گەیشتینە ئێرە، بەلاَم دەزانم زۆر لە بەرەی شەڕ و لە بەرواریی بالاَ دوور نین. هەرچەند ئەو ڕێگەیەی بڕیمان زۆر دوور دێتە بەرچاو و رۆژەکەش زۆر درێژ بوو. دەمەوبەیان ئەحمەد، کە کەیفی ساز نەدەهاتە بەرچاو وەخەبەری هێنام و تەنیا وتی کاتی ئەوەیە بڕۆین بۆ بەرەی شەڕ.

دەکەوینە دوای دەستەیەک پێشمەرگە – من نازانم چەندەی تر دەبێت بڕۆین و لە لای خۆشم حەزێکی وام بۆ ڕۆیشتن نییە. هەموو رۆژەکە خەریکی ڕۆیشتن دەبین، خوناوکە بە گشت لەشمدا دێتە خوار، ژێر پێیەکانم بوونەتە بلۆق و جاری وایە خەریکە بە چۆکدا بێم. ڕەنگە من بتوانم رۆژێک وەک ئەم پێشمەرگانە لەم چۆڵەوانییە سووتاوەدا، کە هەموو دێیەکانی وێران و دیوارەکانیان جێگەی ناشیرینی گوللەتۆپانیان پێوە دیارە هەڵکەم. . بەلاَم زۆرتر ناتوانم.

ئێمە بە سات بەرێوەین و هەتا دێت گەرماش زۆرتر و رۆژەکەی بەتینتر دەبێت. ئێرە پێچەوانەی لای سەرو، کانی و ئاوی لێ نییە و من بە تەواوی مەودا و کاتم لێ تێک چووە. لە دەفتەری یاداشتەکەمدا بۆ گشت ئەم رۆژە تەنیا دوو پەرەم نووسیوە بەڵام ئێستە، کە دەمەوێ ئەوەی ئەو رۆژە بینیم بێنمەوە بیری خۆم ناوچەکەم ئاوا دێتە پێش چاو:

– بنکەی ناوەندیی هێز، کە ئێمە شەو تێیدا بووین و من هیچ بە رۆژدا نەمبینی، لە ماڵێکی سپیدایە لە بنی رێگەکە. رەنگە ئەم شوێنە کاتی خۆی رێستوورانی سەر رێگەکەی دهۆک بووبێ. ئەمە تاقە رێگەی ماشێنە لە نێوان ئامێدی و دۆڵی بامەرنیدا. زنجیرە شاخێک بە لای چۆمی دیجلەدا تێ دەپەرێ بۆ لای دهۆک، کە زۆریش بەرز و سەخڵەت نییە و رێگەکە لە ناوقەدی ئەو کێوەوە تێپەڕ دەبێت.

ناوچەیەک کە دەکەوێتە نێوان بنکەی هێز و شاری دهۆک بەتەواوی لەژێر دەستی پێشمەرگەدایە و کورد لەوێوە چاودێریی دەوروبەر دەکەن. هەموو خەڵکە ئاساییەکە باریان کردووە و گوندەکانیشیان لەژێر رهێڵەی تۆپبارانی عێراقدا وێران بوون و ئەوەی لەم ناوەدا جووڵەی بێت و ببینرێ پێشمەرگەیە. مرۆڤ دەتوانێ وا بیر بکاتەوە، کە ناوچەکە بە تەواوی چۆڵەوانییە و بێ شک لە ئاسمانەوە وا دێتە پێش چاو، بەڵام لە هەر قڵشی بەردێک و لە پەنا هەر دەوەنێکدا، پێشمەرگە خۆیان حەشار داوە. هەزاران پێشمەرگە، کە ئامادەن هەر جموجۆڵێک بەرپەرچ بدەنەوە.

ئێمە دەگەینە دەراوێک ژمارەیەک پێشمەرگە لەژێر کەپرێکدا، کە بنکەی پەلێکە دانیشتوون و خەریکی حەوانەوەن. تاوێک لەژێر کەپرەکەدا پشوو دەدەین و پیاڵەیەک چا دەخۆینەوە. پاشان بە گوێ جۆگەیەکدا درێژە بە رێگە دەدەین، دەگەینە هێندێک بێستان و چەم و دۆڵێک دێتە سەر رێگەمان تا دەگەینە بنکەی پەلێکی تری پێشمەرگە. ئێرە نزیکترین بنکەیە بە شەرەوە و

لێرە بۆ نانی نیوەڕۆ دەبینە مێوانی ئەم بنکەیە. ژمارەی پەلەکە بە قسەی فەرماندەکەیان ٩٥ کەسە و ئەرکی ئەوەیان لەسەرە ئاگەداریی بەرەکە بکەن و بەرپەرچی هەر هێرشێکی دوژمن بدەنەوە. بەڵام ماوەیەکە شەڕێک نەهاتووەتە گۆڕێ و دوا هێرشی دوژمنیش بەری سێ حەفتە بوو، کە زیاتر لە سێ ساتی تووڵ کێشا:

– دوای ئەوە بینییان هیچیان پێ ناکرێ پاشەکشێیان کرد، تانکیشیان لەم هێرشە بەکار هێنا، ئێمە بە تەواوی نازانین ئەوان چەند کەسیان لێ کوژرا بەڵام شەش لاشەیان لە مەیدانی شەڕدا لێ بەجێ مان و ڕۆژی دواتر هێندێک ژنیان ناردن بیانبەنەوە. – ئێمە بە شێوەی سروشتی ئەم کارانە دەکەین و تەرمەکانیان دەدەینەوە – ئێمە چەکی دژە تانکمان نییە بەڵام دەتوانین بە مین پێشی تانکەکان بگرین. ئێستە بەرەی شەڕەکە لای ئێمە زۆر ئارامە، دۆخەکەمان بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵدایە، ئێمە زۆر لە پشت سەنگەرەکانی ئەوانەوە هێزمان هەیە و هەوڵ دەدەین پێوەندییەکانیان تێک بدەین.

من لەم فەرماندەیە دەپرسم، ئەوان تا ئێستە چەند کەسیان گیانی لە دەست داوە؟

– لە مانگی ئادارەوە ٨ کوژراو و ١٥ بریندارمان بوون، بەڵام عێراقییەکان زۆر زیاتریان هەبوون، ئێمە نازانین چەندە.

لەگەڵ ئەحمەد و دوو شارەزای تردا لە دەراوەکەوە بەرەوژوور هەڵدەبەزین و دوای دەشت و جارێکی نەکێڵدراو دەگەینە تەپۆڵکەیەکی بچووک و لەو شوێنەوە دەتوانین دهۆک ببینین. لەژێر دارهەنجیرێکدا خۆمان حەشار دەدەین و بە دووربین سەیری هێندێک مۆڵگە و پێگەی عێراقییەکان دەکەین. هێندە نزیکین بە ڕوونی دەتوانین جموجۆڵی سەربازەکان لە شوێنەکانی خۆیاندا ببینین. ئارامییەکی تەواو بەسەر ناوچەکەدا زاڵە و من نابیستم

تاکە فیشەکێک بتەقێ.

کاتێک ئێمە دەگەڕێینەوە لەژێر پردێک تووشی دەستەیەک پێشمەرگە دەبین. دەچینە لایان و ئەوان هەوڵ دەدەن چەکەکانیان پێشانی من بدەن. من بە وردی سەرنج دەدەم بزانم چی جۆرە چەکێکیان پێیە:

چەکی هەرە دڵخوازی ئەم پێشمەرگانە ماوزەری درێژە لە مارکەی برنۆ. ئەم چەکانە لە ساڵەکانی ١٩٢٢ - ١٩٢٧ ساز کراون و پیاو دەتوانێ ئەم ڕێکەوتە بە سەریانەوە ببینێ. پێشمەرگەیەک کە برنۆی پێ بێ زۆر چاک ئاگەداریی دەکات و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێن بەکاری دێنێ، کە بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئامانج دەپێکێ. من لەگەڵدا بووم چەند پێشمەرگەیەک بۆ مەشق و تاقیکاری سێوێکیان لەسەر بەردێکدا دادەنا، کە من بە زەحمەت لە دوورەوە دەمبینی، بە نۆبە تەقەیان لێ دەکرد و هەر کامە و بە هەوەڵین فیشەک لە سێوەکەیان دەدا.

ئەوانەی برنۆیان پێ نییە لە بری ئەوە کلاشینکۆفی مارکەی ڕووسییان لە شانە. مەخزەنەکانیان ٣٠ فیشەک دەگرێ و ئەوانیش نیشانە و ئامانجیان باش دەنگێون. هەمان ئەم کلاشینکۆفە ڕووسییانە مارکەی چینیشیان هەیە بەلام زۆر باش و پەسند نین. جگە لەمانە سیمینۆف و جۆرێکی تری چەکی گران بە ناوی دیکتانۆفیان هەیە، کە فیشەکەکانی بە زنجیرێکەوەن و سەد دانە هەڵدەگرن. بەلام گرانترین چەکی ئەم بەرەیە دۆشکەیە، چەکێکی ئوتوماتیک، کە دەکرێ دژی ئەو فڕۆکانەش، کە نزم دەفڕن بەکار بێت.

ئێمە دەڕۆین بۆ لای گرووپێکی تری پێشمەرگە، کە لە بناری کێوێکی لێژدا بنکەیان داناوە. پەیامێک دەگاتە لای بەرپرسانی ئەو شوێنە و تێیدا هاتووە، کە بڕیارە سات چواری پاش نیوەڕۆ تۆپبارانی هێندێک لە بنکەکانی ڕێژیم بکرێ. - من پێم وایە ئەم کارە تایبەت بۆ من ڕێک خراوە، بەلام بەرپرسان بە توندی ئەمە ڕەد دەکەنەوە. داوا دەکەن لەگەڵیاندا بڕۆم بۆ سەر

یاڵ و لەوێوە چاودێریی تۆپبارانەکە بکەم. زۆر ماندوو و هیلاکم بەڵام نەمگەرەکە دڵیان بشکێنم و لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەک بۆ سەر یاڵ وەڕێ دەکەوم. بڕوا ناکەم ئەم هەورازەم پێ ببڕێ، بەڵام دوای دوو سات دەگەینە سەر لووتکە و لەوێوە دەشتێکی چۆڵ و وێران، شاری دهۆک و جادەیەک، کە بەرەو دەشتەکانی عێراق دەڕوا، بە ئاسانی دەبینرێن.

تیرەشانێک کە ئێمەی لێین پڕە لە تاشەبەرد و زۆر گونجاوە بۆ سەیرکردن بێ ئەوەی لە دوورەوەش ببینرێن. مۆڵگەی عێراقییەکان راست لە تەنیشت دهۆکە، من بە دووربین دەتوانم ئۆتۆمۆبێلی باری ببینم وەستاون و سەرباز لە هاتوچۆدان. تۆپباران بە چەند نرکەی گەورەوە دەست پێ دەکات و من لەو بەرزاییەوە دەبمە شاهێدی شانۆگەرییەک، کە بە تەواوی لام جێگەی بڕواکردن نییە. تۆپخانەی رێژیمیش لە مۆڵگەکە و من هێندێک دووکەڵی چڕ، چەند ترۆمبێلێک دەکەونە جووڵە و لە گۆشەیەکەوە رادەوەستن.

بەڵام کورد لەوە ناچێ مۆڵگەکە تۆپباران بکەن، بگرە هێندێک پۆست و پێگەی بچووک، کە ئێمە لە خوارەوە لە سێبەری دارهەنجیرەکەوە بینیمانن و ئێستە لێرەوە نابینرێن. تۆپخانەی کورد لەناو شاخەکاندا شاردراوەتەوە و من نازانم لە کوێوە دەهاوێژرێن و لە کوێش وە زەوی دەکەون. بەڵام تۆپخانەی عێراقییەکان لە مۆڵگەکەدایە و لێرە و لەوێش دەبینرێن، دوای دەنگێکی ترسێنەر لە زەوی دەدەن و دووکەڵ و تۆزێک بەرپا دەکەن. دیارە عێراقییەکان هەروا "ئەڵا بەختەکی" تۆپەکانیان داوێن و ئاگایان لەوە نییە داخوا تۆپخانەی پێشمەرگە لە کام لایە. سەرەنجام چەند گوللەتۆپێک ویزەویز دێن و بەسەرماندا تێ دەپەڕن، یەک دوو دانەیان لەو خوارەوە نزیک دارهەنجیرەکە دادەکەون.

من ناتوانم حوکم لەسەر ئەم تەقە و تۆپهاویشتنەی کورد بدەم چونکە نەمزانی گوللەکان لە کوێ وە زەوی کەوتن بەڵام دەزانم تۆپەکانی عێراق بێ

کــــەڵک و وەک ئەوە بـوو فــــڕەیان بدەیت، دیارە لای مـن ئـەمــــە تەنیـــا گـاڵتـەجـاڕییـەکـە، کـە بۆ ئەوە سـازیان کـردووە مـن شـتـێکم بۆ بـاسکردن هەبووبێت.

دهۆک شـارێکی بە تەواوی کـوردنشـینە، بەشـێکی زۆری ئەم پێشـمـەرگـانە من قسـەم لەگەڵ کردوون خـەڵکی ئەوێن و بنـەماڵەکانیـان لەوێ بەجێ مـاوە. جاری وایە دەستـەی پێشمەرگە بە شـەو دەچنە خوار بۆ ناو شار. بەڵام هیچ پلانێک بۆ گرتنەوەی شار لە ئارادا نییە. کارێکی نامومکینە، پێشمـەرگە لە دەشتـاییدا بەرانبـەری تـانک و زرێپۆشی دەوڵەت شـانسـێکی زۆریان نییـە. بەڵام دەوڵەتیش بەو ئەندازەیە ناتەوانە لـە داگیـرکـردنی ئەم شـاخـانە، کـە پێشمەرگەی لێ دامەزراوە.

دوای ئەوە تاریک داهات دەگەڕێنەوە دواوە و پیاوێکی پیری شـەڕدیتە، کە لە بەیانییـەوە لەگەڵمانە ڕێگەکەمان پێشـان دەدات. هەوا بە تەواوی تاریکە و من تا بۆم بکرێ خـۆم لە نزیکی ئەم پیاوەوە رادەگرم. سـەرم سوور مـاوە، کە ئەم پیـاوە بـە تەمــەنە لـەم هەڵەمــووتـەدا چۆن ڕێگە دەردەکـات. ڕێگەیەکی سـەخت و بۆ من دژوارە، تاکە ئارەزووم ئەوەیە بێمە ناو چۆمـەکە، لاقم لەناو ئاوی ساردی کـانییـەکە نێم و بحەسـێمـەوە. کاتێک دێنە خوار پێشـمـەرگە لە دەوری مێز و لای چرا لامپـایەکدا ریزیان بەسـتووە و فـەرمـاندەی لەشکر بە پیرمانەوە دێت و دەڵێ:

بەخێربێن بۆ لامان

کـــاتێک لـە نزیکەوە ســــەرنجی ئـەم بەرپرســـە دەدەم دەبینـم راست وەک ئەسـعەد، فـەرمـاندەکەی هێزی پێشـمـەرگە، کە لە بنکەی ئەسـڵیدا بینیمـان دەچێ و بە سـەرسووڕمانەوە لە ئەحمەد دەپرسم ئەمە کوڕی ئەسعەد نییە؟

– بەڵێ راستە ئەمە کوڕی ئەسعەدە.

لێکچوونی ئەم دوو کەسـە جۆرێکە، تـەنیا لە رواڵەتدا نا، بگرە رووخۆشی،

ئارامی و بڕوابەخۆبوونیشیان ڕاست وەک یەک دەچێ.

جگە لە ئێمە مێوانێکی تر لەناو کۆڕەکەدایە، جلی پێشمەرگانەی لەبەرە و کلاشینکۆفێکیشی لە پێشە. بەڵام من بڕوا ناکەم ئەمە پێشمەرگەی بەرەی شەڕ بێت. دۆستانە بە ئینگلیزی قسە لەگەڵ مندا دەکات و دەڵێ ناوی "محەمەد سەلیم ئەلوفتی"یە. لە بەشی سیڤیلی شۆڕشدا خزمەت دەکات و ئێستە بۆ سەردان و بینینی دۆخەکە هاتووە بۆ بادینان:

– من هاتم بۆ ئەم بەرەی شەڕ تا بەڵکو هەواڵێک لە بنەماڵەکەم، کە ئێستە لە دهۆکن و من هیچ هەواڵێکم لێیان نییە بزانم.

پێش چەند مانگان محەمەد لە دهۆک دەژیا و نووسینگەی بریکارەتیی هەبوو، جگە لەوەش مووڵک و ماڵێکی باشی لە دەرەوەی شاردا هەبوو و ژیانی زۆر باش دەسووڕا. بەڵام لە مانگی مارت هات و تێکەڵی شۆڕش بوو:

– ئێستە دەبێتە حەوت مانگ و دە ڕۆژ، کە من هیچ هەواڵێکم لەبارەی بنەماڵەکەمەوە نییە. تەنیا ئاگەدارم، کە زاواکەم کە ئەفسەری سوپا بوو گیراوە، ئەوڕۆ هاتم بۆ ئەم شوێنە تا بزانم ئەوان خەبەرێکیان هەیە بمدەنێ بەڵام بە داخەوە ئەوانیش هیچ هەواڵێک لەم بارەوە نازانن.

پێم وت، کە من ئەمڕۆ لە بەرزاییەکەوە دهۆکم بینی.

– ئای، خۆزگە بە خۆت، منیش زۆرم پێ خۆشە هەر لە دووریشەوە بیبینم و بزانم بنەماڵەکەم لەو خوارەوە لە چی جێگەیەکدا دەژین.

محەمەد کاتێک هاتە دەر لە دهۆک ترۆمبێلە "فیاتە"کەی لەگەڵ خۆی هێنا و هێشتا پێیەتی، بەو ماشێنە هاتووە بۆ ئێرە و داوا لە من و ئەحمەد دەکات لەگەڵیدا بڕۆین بۆ سەرسەنگ گوایا ئەو لەوێ ماڵی هەیە. کوڕەکەی ئەسعەد دەڵێ لێرە بمێننەوە پشوو بدەن ئەمشەو. منیش وام پێ باشە بەڵام ناشمەوێ ئەو هەلە لە دەست بدەم، کە بە هاسانی بۆم هەڵکەوتووە سەرسەنگ ببینم، ڕێگەیەکی دوورە تا چۆمان و لەم بەرەی ڕۆژاواشدا

شـتـێکی نویێ نیـیـە من لەسـەری بنووسم بۆیە نیـوەشـەو مـاڵاوایی لەم پێشمەرگانە دەکەین و بەرێ دەکەوین.

لە کاتی ڕێکەوتندا ئەو پێشمەرگە بە تەمەنەی، کە دوێنێ لەگەڵمان بوو من لە ئامێز دەگرێ، بە شێوەی کوردی ئەملا و ئەولام ماچ دەکات و دەڵێ:

– تۆ زۆر ئازای، ئەگەر بمایایتەوە دەمانکردیتە پێشمەرگەیەکی باش.

راستیت دەوێ، ئەوەی ئێمە داوای دەکەین
شتێکی زۆر نییە

سەرسەنگ یەکێک لە ناسراوترین شوێنە گەشتیارییەکانە لە کوردستانی عێراق. لە سەردەمی ئاشتی خەڵکی ناوچە دەشتاییەکان بە شاخاندا هەڵدەگەڕان و خۆیان دەگەیاندە ئەوێ تا خۆیان بگەیێننە هەوای فێنک و سازگاری ئەم دەڤەرە. سەرسەنگ بەگەلێک هۆتێل و بینای تازەوە، کە بە مەبەستی گەشتەوەری ساز کراون خۆی جۆرە ناوەندێکە. پێش دەست پێکردنی شۆڕشی ١٩٥٨ مەلیک فەیسەڵ کۆشکێکی لێرە ساز کردبوو و ئەم هۆتێلانەش بەشێک بوون لە پرۆژەکە.

ئێستە هەواڵێک لە گەشتەوەران لە گۆڕێدا نەماوە، هۆتێلەکان بە ناچار کراونەتە ماڵ بۆ ئاوارە و لێقەوماوانی شەڕ و شارەکەش بووەتە ناوەندێک بۆ ئیدارەی شۆڕش لە هەموو بادیناندا. زۆرێک لە رووناکبیران، کە لە مانگی ئاداردا تێکەڵی شۆڕش بوون لێرە کۆ بوونەتەوە و هەوڵ دەدەن بۆ شۆڕش بە کەڵک بن و قازانجێکی پێ بگەیێنن. رێنوێن و رێبەری ئەمانە پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانە، کە بۆ نموونە لە فەسڵی ٢٣دا هاتووە:

"ئێمە تێ دەکۆشین خوێندنی قۆناغی سەرەتایی بۆ ژن و پیاو بکەینە زۆرەکی و کورسیی شەوانە بۆ کرێکاران، جووتیاران و. . . دابنێین و ژمارەی کتێبخانان زیاد بکەین تا ئاستی خوێندەواریی خەڵک بەرینە سەر. "

ئامانج ئەوەیە نەخوێندەواری بە تەواوی لەناو ببرێ و لەناو گڵپەی ئاگری شەڕیشدا ئەم هەوڵانە بە بەربڵاوی بەردەوامن و شەڕ نەیتوانیوە پێشی

بگرێ. ڕاست ئەو ڕۆژەی من دەگەمە سەرسەنگ تاقیکردنەوەی دەرسی ئینگلیزی بۆ ٢١٨ کەس، کە قەرارە ببنە مامۆستا بەڕێوە دەچوو. تاقیکردنەوەکە لە قوتابخانەیەکدا بەڕێوە دەچوو، قوتابییەکان بە پرسیارەکانیانەوە لەسەر مێز و لە دالانی مەکتەبەکەدا دانیشتوون و خەریکی کاری خۆیانن. زۆربەی ئەم قوتابیانە، کە بڕیارە دوای تاقیکردنەوە ببنە مامۆستا، کوڕی گەنج و هێندێکیان پێشمەرگەن، کە ڕاست لە بەرەی شەڕەوە هاتوون و چەکەکانیان لە دیوێکی تری تەنیشتەوە هەڵپەساردوون. بەڵام هێندێک کچیش بەشداری ئەم تاقیکارییەن.

لە سەرەتای شۆڕشدا زانسگەی کوردیی سلێمانی داخرا بەڵام مامۆستا و قوتابییەکان تێکڕا بەشداری شۆڕش بوون. پلان ئەوە بوو زانسگەیەکی نوێ لە قەڵادزێ ساز بکرێ. بەڵام ڕۆژی ٢٤ی تشرینی یەکەم شارەکە کەوتە بەر شاڵاوی بۆمباردمان و لە ئاکامدا ١٣١ کەس کوژران و زیاتر لە ٣٠٠ کەسیش بریندار بوون. دوو قوتابخانە وێران بوون و ژمارەیەکی زۆر لە کوژراوەکان قوتابی بوون. قەڵادزێ دوای ئەم ڕووداوە کەوتووەتە دەست هێزەکانی ڕێژیم و زۆربەی خەڵکەکەشی کێویان گرتووەتە بەر و گەیشتوونەتە لای شۆڕش.

تا توانرا هەوڵ درا قوتابخانە بەردەوام بن بەڵام بۆمباران مۆڵەتیان نەدا و سەرەنجام بڕیار درا لەبەر ئاسایشی خەڵک لەو دەڤەرە قوتابخانەکان دابخرێن. مستەفا محەمەد، کە لە سەرسەنگ بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکە دەڵێ:

– ئێمە خەریکین جارێکی تر قوتابخانە بکەینەوە و خوێندن لە کۆمەڵێک گوند دەستی پێ کردووەتەوە. بەڵام لە ترسی فڕۆکەی دوژمن زیاتر لە دەرەوەی قوتابخانەکان دەرس بە منداڵەکان دەڵێین و ناوێرین ریسک بە ژیانی خۆمانەوە بکەین چونکە دەترسین کارەساتی قەڵادزێ دووپات بێتەوە.

گـرینگ ئەوەیە نـەهێـڵـین کـردەوەی خـوێندن راوەسـتێ. چونکە ئێـمـە لە هەلومەرجێکی تایبەتدا دەژین، ستانداردی ئێمە بۆ خوێندن زۆر لەسەرترە لە عـێـراق. ئەو گـەنجـانەی ئێـسـتـە خـەریکی تاقـیکردنەوەن لە هەمـوو کوردستانەوە دێن، سلێمانی، کەرکووک، مووسڵ و. . . ئەوان لەم ماوەیە درێژەیان بە خوێندنی خۆیان داوە و ئێستەش هاتوون بۆ سەرسەنگ تا لێرە تاقیکردنەوەکەیان بدەن و ببنە مامۆستا.

لە سەرسەنگ تووشی کەسێکی سەیر بە ناوی جەرجیس مەلەک چەکۆ، بە پێی ڤـزیت کـارتەکەی: بەرپرسی کـۆمـیتـەی بەرزی کـریسـتـیانەکـان (لە کوردستانی عێراق) بووم.

من لەم ماوەدا بـۆم دەرکـەوتووە کورد لە بناخـەدا هەمـوو مـوسـڵـمـان نین. چونکە لە سەفەری بادینانمدا لە بەرواریی باڵا تووشی کەسانی مەسیحی بووم. زۆر دیار و روونە، کە لە هێندێک گونددا موسـڵمان و کریسـتیان لە تەنیشت یەکتردا دەژین. لە چۆمانیش من خـۆم مـیری خـەڵکی یەزیدییانم بینیوە.

لە سـەرسـەنگ گـەڕەکـێـکی مـەسـیـحـیـیان هەیە و ئێـمـە دەچین بۆ ئەوێ تا قـەشـەکـەیان ببـینین. من زۆرم پێ خـۆشـە بزانم ئەوان سـەر بـە کـام تیـرەی مەسیحین – ئاخر گەلێک تیرەی جۆرەوجۆری مەسیحی هەن – ئەحمەد کە سـەر بە وەچەی مـۆدێرن و زۆر پێوەندیی بـە ئاینەوە نییـە بەڵام ئەویش وەک باوکی موسڵمانە و لەم بارەوە ناتوانێ وەڵامێکی بۆ من هەبێت.

ئێـمـە لە بەرجـێـوانی مـاڵێکدا قـەشـە دەبینین بەڵام هاوکـات جـەرجـیس مـەلەکـیش لەوێیـە، کە بـە ئینگلیـزییـەکی تەواو بانگی مـن دەکات و بەوپەڕی ئامـادەیییـەوە قـەول دەدات وەڵامی پرسـیـارەکـانی من سـەبارەت بـە ئاین لە کـوردسـتـان بداتـەوە. ئاخـر ئەو بەرپـرسی کـۆمـیـتـەی بەرزی کـاروباری مەسیحییانە و بۆ من باس دەکات، کە:

– زۆربەی کریستیانە کوردەکان "کاتۆلیکی رۆمین". بەڵام من خۆم سەر بە تیرەی کڵێسای رۆهەڵاتی کۆنم. بە ئێمە دەڵێن "نێستووریان" نێستووریوس ساڵەکانی ٤٢٨ – ٤٣١ "پاتێریارکێک" (قەشەیەک) بوو لە کۆستانتینوپێل (ئێستانبووڵ). ئەو بیری لە کریتسی (مرۆڤایەتیی راستەقینە) دەکردەوە و گەیشتبووە ئەوەی، کە عیسا سروشتێکی دوو لایەنەی هەیە. واتا هەم مرۆڤە و هەم خوا. جیاوازیی ئێمە لەگەڵ مەسیحییەکانی تر لەوەدایە، کە نێستووریانەکان مریەم بە "دایکی خوا" قەبووڵ ناکەن. دەوروبەری ٤٠٠٠٠ مەسیحیی نێستووریان لە کوردستانی عێراقدا هەن بەڵام قەشەکەیان لە سانفرانسیسکۆیە و لەم جۆرە تیرەیە لە هەموو دنیا بڵاو بوونەتەوە.

جەرجیس درێژەی دەدات و دەڵێ:

– زۆربەی کورد موسڵمانی سونین، دوای ئەوان کاتۆلیکە رۆمەکان دێن و دوای ئەوانیش ئێزیدی – ئێمە شەیتانپەرستیان پێ دەڵێین – هەروەها ژمارەیەکی کەم مەسیحی پرۆتێستانیش هەن. بەڵام ئێمە لە کوردستان دەگمەن هەست بە کێشەیەکی بەرچاو لە نێوان پەیڕەوانی ئاینەکاندا دەکەین . لێرە هەر کەس سەربەستە بڕوای خۆی هەبێ و بۆ خۆی خواپەرستی بکات. من خۆم هیچ کێشەیەکم لەگەڵ ئیسلامدا نییە و هێندەی ئاینی خۆم بە نرخ سەیری دەکەم. ئێمە هەموو لایەکمان بڕوامان بە هەمان خوا هەیە، تەنیا ناوی جیاوازمان بۆ پێغەمبەرەکەی هەیە و ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ئێمە بچووک سەیری یەکتر بکەین. رژێمی بەغدا هەوڵ دەدات دین و بڕوای ئاینیی خەڵک لەم شەڕەدا بە قازانجی خۆی بەکار بێنێ، بەڵام بێ ئاکام بووە. ئێمە لە کوردستان پێوەندییەک لە نێوان ئاین و سیاسەتدا هەست پێ ناکەین. شۆڕش هەمووان دەگرێتەوە و هەمووانیش بەشداریی تێدا دەکەن، جا ئیدی نێستووریان بن، موسڵمان، یان ئێزیدی. هەمووان شان بەشانی یەک خەبات دەکەین. ئێمە هەموو لەم ناوچەیە لەدایک بووین و هەڵبژاردنێک بۆ کەسمان لەم بارەوە لە گۆڕێدا نەبووە. بڕوای کەسانیی من ئەوەیە هەموو

مرۆڤێک دەبێت بڕوای بە هێزێکی سەرەوە، کە هەموو شتێکی بەدەستە، هەبێ. دەنا جیاوازیی لەگەڵ ئاژەڵێکدا نابێ. بەڵام چۆن خوای خۆی پێناسە دەکات و چۆن یاد و بۆنەکانی بەڕێوە دەبات زۆر گرینگ نییە. ئێمە لە کوردستان ڕێز لە بڕوای یەکتر دەگرین و ئەمەش تایبەتمەندییەکی خەڵکی کوردە. تۆلەرانس و قبوولکردنی بیروڕای جیاواز. تۆ هەستت پێ نەکردووە لەم ماوەدا؟

بۆچە نا، منیش لەم ماوە کورتە هەستم بەم دیاردەیە کردووە و ئەگەر وا بێت ئێوە لە چاو خەڵکانی تردا گەیشتوونەتە ئاستێکی باشی پێشکەوتن. چەکۆ درێژەی دەدات:

– بەڵێ، بەڵام شتێکی تر هەیە، کە تایبەتی کولتووری کوردە، ئەویش ئەو پێوەندییە توندەیە لەناو بنەماڵەدا هەیە. من بە جۆرێک بەزەییم بە ئێوەی سوێدییاندا دێتەوە. – لە باری مادییەوە ئێوە گەیشتوونەتە ئاستێکی باش – بەڵام پێوەندیی بنەماڵەتان تێک دراوە. ئێوە نرخێکی گرانتان بۆ ئەم کارە داوە و لەم بارەوە لە دواڕۆژدا کێشەی گەورەتان بۆ ساز دەبێت.

من لە چەکۆ دەپرسم ئاخۆ ئەو لە سوێد بووە؟

– بەڵێ، مانگی کانوونی دووەم لەوێ بووم. ڕێبەری شۆڕش منی لەگەڵ تیمێک ناردبوو تا هەوڵی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕش بدەین. من لە سوێد چاوم بە "ئۆلۆف پاڵمە" (ئۆلۆف پاڵمە ئەودەم سەرەک وەزیری سوێد بوو. – وەرگێڕ) کەوت. بە باشی گوێی لە قسەکانمان گرت و من هەستم کرد ئەو بە شێوەیەکی باش و پۆزەتیڤ سەیری کورد دەکات. ئەو حاڵی دەبوو شۆڕشی ئێمە بۆ چی ئامانجێک تێ دەکۆشێ.

بەڵام هیچ یارمەتییەکتان وەرگرت؟

– ئەوان بەڵێنی یارمەتیی مرۆڤییان پێ داین. هێندێک داو و دەرمانمان وەرگرت. بەڵام ئەوەی ئێمە پێش هەموو شتێک پێویستمانە یارمەتیی

سیاسییە، ئەمە گرینگترین شتە لای ئێمە و دەشزانین ئەمە زۆر هاسانە بۆ سوێد کێشەی ئێمە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا بێنێتە گۆڕێ. ئەمە تاکە شتێکە ئێمە داوای دەکەین.

من بە تەواوی لە چەکۆ و جێگە و شوێنی لەم شۆڕشەدا تێ ناگەم، لە لایەک ئەو خۆی وەک بەرپرسی کۆمیتەی مەسیحییەکان بە من دەناسێنێ و لە لایەکی ترەوە دەڵێ وەک نوێنەر و دیپلۆماتێک سەردانی ئەوروپای کردووە و دیدارێکی یەک سەعاتەشی لەگەڵ سەرەک وەزیری سوێد پاڵمەدا هەبووە. ئێستەش من لێرە دەیبینم بێ کار لە سەرسەنگە و لێرەوە داوا لە من دەکات سوێد کێشەی ئەوان لە یو ئێندا بێنێتە بەرباس.

پێم وا نییە ئێوە بتوانن هیوایەکی زۆرتان لەم بارەوە بە سوێد هەبێ، چونکە ئەم کێشەیە وەک "کێشەی ناوەخۆیی" عێراق بە حیسێب دێت و نەتەوە یەکگرتووەکان پێوەندییەکی بەم جۆرە شتانە نییە.

– بەڵام بنەمای یو ئێن ئەوەیە هەر نەتەوەیەک بۆی هەیە دەوڵەتی خۆی دامەزرێنێ و چارەنووسی دوارۆژی خۆی دیاری بکات. بۆچی جیاوازییەک بۆ نەتەوەی کورد لە بەرچاو دەگیرێ؟ ئەوەی کە ئێمە دەکاتە کەمایەتییەک لە وڵاتێک بە ناوی عێراقدا مانای ئەوە نییە لە مافە نەتەوەییەکانی خۆمان دەست هەڵگرین؟ ئێمە بەو حاڵەش داوای سەربەخۆیی ناکەین، تەنیا داوای ئۆتۆنۆمی دەکەین. راستی ئەمە شتێکی زۆر نییە ئێمە داوای دەکەین. گەلێک کەمایەتیی تر ئەم مافەیان بە دەست هێناوە – بۆ نموونە سەیری کۆیبەک لە کەنەدا بکە – من پێم وایە پاڵمەی ئێوە ئەم خەباتەی ئێمە بە رەوا دەزانێ. من چاوەڕوانم سوێد هەوڵ بدات کوردستان لە بەرنامەی یو ئێندا جێ بگرێ، وڵاتی سوێد کە رۆژێک ژێر پرۆگرامی یو ئێنی ئیمزا کردووە دەبێت هەوڵی جێبەجێکردنیشی بدات. دەوڵەتی تۆ دوو رێگەی لە بەرە: یان یو ئێن بەجێ بێڵێ یان هەوڵ بدات کێشەی کورد بکرێتە باس و بەرنامەی ئەو رێکخراوە.

من بە چەکۆ دەڵێم لەگەڵتدا هاودەنگم بەڵام دیسانیش دەبێت بزانی، کە شت وا ناچنە پێش. تۆ بە تەواوی چاوەڕوانی زیادە لە رادەت هەم لە سوێد و هەم لە یو ئێن هەیە. جەرجیس مەلیک چەکۆ لە وەڵامدا دەڵێ:

– شتێکی تر هەیە تۆ دەبێت بیگەینیتە خەڵکی سوێد، ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ نەوتدایە. ئەگەر کورد رۆژێک بگەنە داوا رەواکانیان بەشی زۆری چاڵە نەوتەکان دەکەونە ناو سنووری کوردستانەوە. ئێستە هێزەکانی دەوڵەت ئەو ناوچانەیان داگیر کردووە بەڵام ئەو شوێنانە خاک و موڵکی ئێمەن. کاتێک ئێمە سەرکەوین ئەو گەلانەی یارمەتییان داوین کێشەیەکیان لەبارەی نەوتەوە نابێت، هەرچییەک نەوتیان بویَ دەتوانن بیبەن.

من دەڵێم: بەڵام نەوت لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە دەنێردرێتە دەرەوە و لەم بارەوە دوکتۆر عوسمان بە وردی باسی بۆ من کرد.

– بەڵێ ئەمە راستە. بەڵام ئێمە دەسرۆینمان لەسەر دەوڵەتی ناوەندی دەبێت و ئەو کات ئێمە هەوڵ دەدەین دۆستەکانمان پێش هەمووان بەریان کەویَ. دیارە ئەمە کانزا سروشتییەکانی تریش دەگرێتەوە. کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە. لێرە ئاسن، کریستاڵ، یۆرانیۆم و تەنانەت زێڕیش هەیە. ئێمە هەوڵی دەرهێنانی ئەم کانگایانە دەدەین و ئەوانەی ئێستە هاوکاریمان دەکەن بە زیادیشەوە تۆڵەی چاکەیان دەکەینەوە. بە چەکۆ دەڵێم:

من پێم وا نییە باسی ئەم شتانە و بە تایبەتی نەوت بەم شێوەیە لە لای رۆژاواییەکان قازانجێکی بۆ ئێوە هەبیَ و ببێتە هۆی یارمەتیدانی ئەوان بە ئێوە، چونکە تا ئەو کاتەی دەوڵەت نەوت و فرۆشتن و ناردنە دەرەوەی کۆنترۆڵ بکات، رۆژاوا ئەوان بە خاوەنی نەوت دەزانێت و پشتیان دەگریَ.

– بەڵام ئێمە چی بکەین؟ تا ئێستە هیچ دەوڵەتێکی ئەندامی یو ئێن یارمەتیی ئێمەی نەداوە. هەرچەند ئێمە خۆمان لە توانماندا هەیە لەم

شەڕەدا سەرکەوین و چونکە ئامانجەکانمان رەوا و راستن، هەموو خەڵکی ئێمە هاوکار و پشتیوانی ئێمەن و سازن لەم ڕێگەیەدا بمرن بۆیە هەر سەردەکەوین.

تۆ خۆشت سازی لەم ڕێگەیەدا بمری؟

- برایەکم پێشمەرگە بوو - لە شەڕدا کوژرا - ناوی هورموز بوو و دوای مەرگی ناوی بەتالیۆنێکی تایبەتی پێشمەرگەیان بە ناویەوە کردووە پێی دەڵێن هێزی هورموز. روونە منیش سازم وەک پێشمەرگەیەک خزمەت بکەم هەر کات پێویست بێت. بەڵام دەزانم من لە پشتی بەرەی شەڕەوە خزمەتی چاکترم پێ دەکرێ چونکە من شەڕوانێکی باش نیم.

پاش نیوەڕۆکەی سواری ئۆتۆمۆبێلە فیاتەکەی محەمەد ئەلوفتی دەبین و دەچینە ئامێدی تا شەوێکی تر لە ماڵی باوکی ئەحمەددا بمێنینەوە. پارێزگار قەولی داوە بەیانی زوو ترۆمبێلێکمان بۆ ئامادە بکات تا بمانگەیەنێتە سەر چۆم تا بۆ لای رۆژاوا بگەڕێنەوە و دەرکەوت بەڵێنەکەی بردە سەر. بە پێچەوانەی جاری پێشوو ئەم جار ناچینە لای گەمییەکە، بگرە لە خوارترەوە لە شوێنێک، کە ئاوەکە بواری پەڕینەوەی هەیە رادەوەستین. چەند وڵاخدارێک بە هێسترەکانیانەوە خەریکی پەڕینەوەن و ئاو تا نزیک سینگیان دەگات. چەند پیاوێک لەوبەرەوە چاویان بە ئێمە دەکەوێ و دواتر رێگەهەڵکەنێک (حفارة) دێتە ناو ئاوەکە، ئێمە بە کۆڵەکانمانەوە سەردەکەوین و بێ هیچ گرفتێک دەمانپەڕێنێتەوە. من چاوم بە کرێکارانێک دەکەوێ رێگەی نێوان بارزان و ئاوکە و ئامێدی و ئەم چۆمەیان ساز کردووە. بەرپرسی ئەم دەستەیە ناوی ئەحمەد سەعید بریفکانی و ئەندازیارێکی ٢٦ساڵەی خەڵکی دهۆکە. ئەحمەد بریفکانی ساڵی ١٩٧١ خوێندنی لە زانسگەی مووسڵدا تەواو کردووە. لە مانگی ئاداری ئەم ساڵدا کاتێک شەڕ دەستی پێ کردەوە ئەرکی خۆی لە لای رێژیم بەجێ هێشت و

خۆی گەیاندە هێزی پێشمەرگە. ئێستە ئەحمەد سەرپەرشتیی هێزێکی ڕێگەسازکەری ٣٠ کەسی دەکات کە ٣ بۆلدۆزەر، ٢ بەردشکێن، کۆمرێسەرێک و جووتێک تراکتۆریان لە بەردەستدایە. بریفکانی لەم بارەوە دەڵێ:

– ئێمە ڕێگەی نێوان ئەم چۆمە و بارزانمان بە ٣٥ ڕۆژان ساز کرد. ئێمە لەم سەرەوە دەستمان پێ کرد چونکە سەرەتا مەکینەکانمان لێرە بوون. ئەم ماوەیە ٣٠ کیلۆمەترە و ئێمە شەو و ڕۆژ کارمان تێدا کرد تا ئامادەمان کرد. ئێستە گەرەکمانە پردێک لەسەر ئەم چۆمەدا ساز بکەین بەڵام لەبەر نەبوونی سووتەمەنی بۆ دەستگاکانمان ناچار بووین ڕاوەستین و چاوەڕوانی گەیشتنی تانکەرێک بکەین، کە بڕیارە لە چۆمانەوە بگات.

ئەمانە جۆرێکی تایبەتین لە پیاوان، ژیان بۆ ئەوان ئەوەیە کە ڕێگە ساز بکەن. وزە و توانێکی وایان لێ دەبینرێ بتوانن کێو هەڵگرن و بۆ شوێنێکی تری بگوازنەوە. ئەوان ئاگەدارن کە خزمەتی ئەوان بەم شۆڕشە یەکسانە لەگەڵ ئەوەی لە بەرەی شەڕدا ڕاستەوخۆ بەشداریی پەلامار بن و دەشزانن دەردی سەر و زەحمەتیی ئەم کارەی ئەوان لە کاری پێشمەرگەی بەرەی شەڕ کەمتر نییە. کێشانی ٣٠ کیلۆمەتر ڕێگە لەم هەڵەمووتەدا بە ٣٥ ڕۆژ خۆی شاکارێکە. ئەوان پێیان وایە ئەم ڕێگەیە دەتوانرا زۆر پێشتر ساز بکرێ، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن ڕێژیم بایەخی بە سازکردنی ڕێگە لە کوردستاندا نەبوو. هەوەڵ جار، کاتێک سەرلەنوێ شەڕ دەستی پێ کردەوە ئەوان توانییان دەست بەو شتەی، کە هەردەم ئارەزووویان بووە – لە کوردستان ڕێگە سازکردن – بکەن. بریفکانی دەڵێ:

– هەڵبەتە مەکینە و کەرەستەکان هی عێراقن، ئەوانیش ئاوارەن. شۆفێرەکان لە دهۆکەوە هەڵیان گرتن و هاتن تا بیاندەنە شۆڕش.

ئەم کەسانە ئەو توانە بەنرخەیان تێدایە هەر ڕۆژە و وەک خۆی ببینن، واتا

خۆیان لەگەڵ هەموو هەلومەرجێکی نوێدا بگونجێنن. بڕیارە کار بکەن، وزەی ئەوان خاڵی بوونەوە و تەواوبوون ناناسێ. ئەگەر بە هۆی نەبوونی کەرەستەیەکیشەوە - نەبوونی سووتەمەنی بۆ نموونە - ئەوان دەتوانن پشووی خۆیان وەرگرن و بۆ کاتی کار خۆیان ساز و ئامادە بکەنەوە. کاتی حەسانەوە خۆیان بە ماسیگرتنەوە خەریک دەکەن. من لەگەڵیان دەڕۆم بۆ لای گۆمێک، کە قووڵترە لە شوێنەکانی تر و دەبینم بە دینامیت لەناو قوتوویەکی چوارگۆشەدا، کە حاڵەتی بۆمبێکی بچووکی هەیە، لەناو ئاوەکەدا دەیتەقێننەوە و دەبێتە هۆی سڕبوونی ماسییەکان و ئەوانیش بە مەلەکردن و بەهاسانی دەتوانن بیانگرن. بریفکانی لەم بارەوە دەڵێ:

- ئەم جۆرە ماسیگرتنە بە پێی یاسای شۆڕش قەدەغەیە، ئێمە زۆر دەگمەن ئەم کارە دەکەین بەڵام ئەمڕۆ دەمانەوێ تۆ بانگهێشتن بکەین بە ماسی بۆیە ئەم کارە دەکەین.

ماسییەکان لەسەر ئاگرێک و لە گوێ چۆمەکەدا دەبرژێن و پێکەوە لەگەڵ برنج و پەتاتە دەیخۆین. ئێوارەیەکی درەنگ سواری لانرۆڤەرێک دەبین و بریفکانی بڕیارە تا گوندی "بلێ" بمانگەیێنێ. ڕێگەکە لە چاو چەند ڕۆژ پێشتر، کە ئێمە بە شەو پێیدا تێ پەڕین باشتر بووە و بریفکانی لەم بارەوە دەبێژێ:

- ڕۆژێک ئەمە دەبێتە جادەیەکی باش و قیرتاو.

ئەو زۆر خۆشحاڵ و ڕازییە لە کارەکەی و بە وتەی خۆی بۆ دەست پێکردنی ئەم کارە ئامرازی پێوانە و تاقیکارییان نەبوو، تەنیا بە بولدۆزەرێک دەستیان بە هەڵکەندن و هەڵدڕینی کێوەکان کرد و درێژەیان دا تا گەیشتنە گوێ چەم. ئێستەش ئەم ڕێگەیە تەنیا ڕێگەی گرێدانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەم بەشە ئازادەی کوردستانە. من لە بریفکانی دەپرسم ئاخۆ کاتی زستانیش دەتوانن ئەم ڕێگەیە کراوە ڕاگرن؟

– بە باشی نازانین. هەوڵی خۆمان دەدەین. ئێستە کێشەی هەرە سەرەکیمان ئەوەیە بتوانین سووتەمەنیی تەواو بۆ موتۆرەکانمان دابین بکەین و ئەویش دەبێت لە ئێرانەوە بگاتە ئێرە.

ئەم ئەندازیارە گەنجە کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر من هەیە، ئەو دەیتوانی لە عێراق راوەستێ، ئیشێکی باشی هەبوو، دەیتوانی ژیانی هاوبەش پێکەوە بنێ، ماڵ و حاڵی خۆی هەبێت و ژیانێکی بێ گرفت بباتە سەر. کەچی من دەبینم ئەو لە بری ئەوە ژیانێکی سەخت و دژواری لەم هەردەدا بەبێ ژن، ماڵ و دوور لە هەر جۆرە ئاسوودەیی و ئاسایشێک بۆ خۆی هەڵبژاردووە.

من لێی دەپرسم تۆ پێت وا نییە ژیانت بەفیڕۆ چووە؟

– با، شتێکی سروشتییە. هێندێک جار و شەو کاتی نووستن بیر دەکەمەوە. ژیانی ئێمە سەختە. بەڵام جێگرەوەیەکی ترمان نییە. ئێمە دەبێت ژیانمان لە رێگەی کوردستاندا بەخت بکەین.

لە بارزان رادەوەستین تا سەردانی قایمقام، کە ناوی عەبدوڵڵا بارزانی و خزمێکی جەنەراڵ بارزانییە بکەین. ئەو هەوڵ دەدا بۆ خواردنی ئێوارە رامان گرێ بەڵام ئێمە نامانەوێ درەنگمان بەسەر بێت و خوازیاری رۆیشتنین. لە باخچە بۆنخۆشەکەیدا دانیشتین و پێشمەرگە بێدەنگ لەسەر گیای باخچەکە دانیشتوون و گوێدارییی رادیۆ کوردستان دەکەن. هەواڵەکانی رادیۆ باسی شەڕ و پێکچوونی دژوار لە بەرەی رەواندزدا دەکەن. لای نیوەشەو دیسان دەگەینەوە بلێ و دەچینە رستوورانە شڕەکەی پێشوو، کە بە چرا لامپایەکی نەوتی رووناک کراوە. بۆشکەیەکی پڕ لە ئاو لەبەر دەرگەیە و پێشمەرگەی ماندوو لە دەرەوە دێن و خەریکن لێی دەخۆنەوە. هێسترێک لە دەرەوە خەریکی سمکۆڵانە و پشیلەیەک بە بەچکەکانیەوە دێت و لە پاشماوەی خواردنێکی بەجێماو دەگەڕێ تا بیخوا.

من وای حیسێب دەکەم، کە شەو لەم شوێنە ببەینە سەر بەڵام پاش تۆزێک لاندرۆڤەرێک دێت، جێگەی خۆمان دەکەینەوە و دەگەڕێینەوە بۆ چۆمان. من لەم رێگە درێژ و سەختەدا خەریکی وەنەوز دانم بەڵام لەبەر رووناکیی چرای ماشێنەکەوە تانکەرێک دەبینم لە گۆشەیەکی رێگەدا هەڵدێراوە. لەبەر خۆمەوە ئێژم رەنگە ئەمە ئەو تانکەرە بێت، کە کرێکارەکانی رێگە سازکردن چاوەڕوانی گەیشتنی دەکەن.

کێوەکان تاقە دۆستی ئێمەن

لەو مـاوەیەی من لـە بادینان بـووم شـەڕ لـە بەرەی ڕۆهـەڵات دژوارتر بـووبوو. کـاتێک سـەرلەبەیانی من گـەیشـتمـە چۆمـان هـەسـتم کرد دۆخـەکە گۆڕاوە و شـەڕەکە زۆر نێزیکتر بووەتەوە.

من هـەلێکم بۆ هـەڵکەوت تا سـەردانی بەرەی شـەڕ لە ناوچەی باڵەکدا بکەم. ئەم بەرەیـە بە ترۆمـبێل دوو سـات ڕێگەیە و لەگـەڵ وەرگـێـڕێکی تـر بە ناوی لەتیف، کە هێندێک جیاوازیی لەگەڵ ئەحمەددا هەیە بە سواری لاندرۆڤەرێک بەرەو ئەو شـوێنە وەڕێ دەکەوین. لـە لای گـەلاڵەوە بەرەو ڕۆژاوا دەگـەڕێینەوە و دەگـەینە لای بنکەیەکی سـەربازیی پێشـمـەر. لە بـەرپرسی بنکە کـە لەژێر کـەپرێک و لە تەنیشـت مێزێکەوە دانیشـتووە و لێمـان دەپرسێ ئاخـۆ ئێمـە ئاگەداری مەترسییەکانی ئەم جێگەیەین، مۆڵەتی تێپەڕین وەردەگرین.

هـەرچییەک پێشـتر دەچین دۆخـەکە ئـاڵۆزتر و پڕ مەترسـیـتر دێتە بەرچاو. ماشـین و لۆریی سیڤیل خۆیان لەژێر سێبەری دارەکاندا حەشار داوە و باس دەکـرێ تازە هێرشـێکی فـڕۆکەی مـێگ لەم نزیکانە ئەنجـام دراوە و بووەتە هۆی کوژرانی چەندین پێشـمـەرگە. شۆفێرەکـەمان زۆر نەبەدڵ و ناڕازییە لەم سـەفـەرە و زۆری پێ خـۆشـە بگەڕێتـەوە. بە پێـچـەوانەی عـەبدوڵڵا، کـە بۆ سـەفـەری بادینان لەگـەڵمـان بوو ئەم زۆر شـڵـەژاو و ترسـاو دێتـە بەرچاو. بەرەوخـوار و روو لە دۆڵێک درێژە بە ڕێگـە دەدەین و من لام وایە ئەم ڕێگەیە زۆر پڕ مـەترسـییـە. ئـێمـە دەبـوا بە شـەو ئەم ڕێگەیە ببڕین، چونکە هـەردەم دەشێ مـێگێک سـەرهـەڵبدات و راست ترۆمـبێلەکـەی ئێمـە بکاتە نیشـانە. دەنگی تەقینەوەی تۆپ لە هـەر لاوە دەگاتە گوێمان و من هـەمـوو ڕێگە بیـر لە

بنەماڵەکەم دەکەمەوە و پەشیمانم لەم "قورشێلانە"ی خۆمم تێ خستووە، بەڵام تازە بۆ گەڕانەوەش درەنگ بووە.

کتوپڕ دەگەینە خوار، دەبینم دەربەندێکە لە هەر لاوە ئاو بە خوڕی قەڵبەزەی بەستووە و دوای بڕینی ڕێگەیەکی دوور و پێچاوپێچ دەگاتە ناو جۆگەیەک. دەبوا ئەمە خۆی جۆرە بەهەشتێک بێت بەڵام ئێستە شوێنپێی مردن و بۆنی وێرانیی لێ دێت.

جێبێکی سووتاو لەژێر دارێکدا دەبینرێ و هێندێک پەڕۆ و پارچەی خوێناوییش لەو ناوە کەوتوون. دووکەڵی دوای سووتمانەکە هێشتا هەر ماوە. پێش دوو سات مێگێکی ١٧ بە هەموو چەکە ٣٧ و ٢٢ میلیمەترە ئۆتۆماتەکانیەوە هێرشی کردە سەر ئەم شوێنە و یازدە پێشمەرگەی گەنج، کە لەژێر ئەم دارەدا خەریکی چاخواردنەوە بوون، پێش ئەوە فریاکەون خۆیان حەشار دەن بەرکەوتن و تێکڕا کوژران. تەنیا کەسێک کە لەم هێرشەدا نەکوژرا پێشمەرگەیەک بوو بە ناوی "فازڵ"، کە ئێستەش بە تەواوی نەهاتووەتەوە سەر خۆی و گێژ و وڕ لە لای جێبە سووتاوەکەدا ڕاوەستاوە. ئەم پێشمەرگەیە دەڵێ:

– ئەوان هەموو گەنجی ١٧– ١٨ ساڵان و تازە لە قوتابخانەوە هاتبوون و تێکەڵی شۆڕش بووبوون. چواریان لە دەستەکەی مندا بوون و ئەوەش جێبی منە سووتاوە. ئەوان ئەم شوێنەیان بۆ حەسانەوە لە پشتی بەرەی شەڕ هەڵبژاردبوو و پێیان وا بوو تەناهە. ئەم جێگەیە پڕە لە ئەشکەوت و شوێنی باش بۆ خۆشاردنەوە بەڵام ئەم جارە زۆر کتوپڕ بوو ئەوان بواری خۆشاردنەوەیان نەبوو.

گرمە و ئاگری تۆپخانە نێزیکتر دێتە بەرچاو و وا دیارە لە نێزیک ئێمە وە زەوی دەدەن. لە پڕ فازڵ هاوار لە هەڤاڵانی دەکات بڵاوە بکەن و ڕێگەی ئەشکەوت و حەشارگەیەک بە من نیشان دەدات و کاتێک دەبینێ من زۆر ترساوم دەڵێ:

– تۆ دەتوانی لەم شوێنەدا، بێ خەم دانیشی و ئێرە هیچ مەترسییەکی نییە.

تا ئێستە من هەستم پێ نەکردبوو بەڵام کاتێک لەسەرەخۆیی و ئارامییەکەیم بینی، تێ گەیشتم فازڵ یەکێکە لە فەرماندەکانی ئەم بەرەیە. بەڵام ئەم کوڕە گەنجە هیچ شتێکی لە میلیتەر و سەرباز ناچێ، چۆن بووەتە یەکێک لە قارەمانانی شەڕ، شتێکە دواتر دەیزانم. پاشان و دوای ئەم رووداوە بۆم باس دەکەن، کە ئەویش یەکێکە لەو قوتابییانەی، کە تێکەڵی شۆڕش بووە، ئەو خەڵکی کەرکووک و قوتابیی زانسگەی بەغدا بووە. بۆ خۆی دەڵێ:

– من لە بەغدا دۆستی سوێدیی زۆرم هەبوون، ئەوان لە هاوسێیەتیی مندا دەژیان و کاریان بۆ کۆمپانیایەکی سوێدی بە ناوی ئێریکسۆنەوە دەکرد. ئێل ئێم ئێریکسۆن؟ ئەرێ پێم وایە ناوەکەی شتێکی وا بوو. ئەگەر ئەوان دواتر شتەکانی تۆ بخوێننەوە بێگومان منیان وەبیر دێتەوە.

کاتێک سەرەتا فازڵ هاتە لای شۆڕش لە بەشی سیاسی و ئیداریدا کاریان بۆ دیاری کرد بەڵام ئەو ئامانجی ئەوە بوو بێتە بەرەی شەڕ و بەشداریی کاری پێشمەرگانە بێت. دوای ٣ مانگ گەیشتە پلەی فەرماندە و ئێستە بەرپرسی ٢٠ پێشمەرگەیە. ئەم دەستەیە خولێکی کورتی بەکارهێنانی چەکی دژی تانکیان بینیوە و پاشان نێردراون بۆ بەرەی شەڕ. کاربەدەستانی شۆڕش ئاگەدار کرابوون و دەزانرا دەوڵەت بە سەدان تانک و زرێپۆشی رووسییەوە پلانی هێرشێکی گەورەی بۆ سەر ناوچەکە هەیە، بۆیە ئەم بیست کوڕە گەنجە نێردران تا لە دژی ئەم هێرشەی دوژمن و تانکەکانیاندا شەڕ بکەن.

تۆپەکان زۆر لە نێزیکی ئێمەوە دادەکەون و هێندێک جار هێندە نێزیکن گرمەیان ناهێڵێ ئێمە پێکەوە قسە بکەین، بەڵام هەرکە دەرفەتێک دێتە

پێشـەوە، کوڕێکی گەنج، زۆر ئاسـایی و بـە لەسـەرەخـۆییـیـەوە دێتـە ناو و چاییمان بۆ دێنێ.

لە کاتی بێدەنگیی تۆپەکاندا فازڵ دەگێڕێتەوە:

– دوو حـەفـتـە پێش، ئێـمـە لەگـەڵ ٧٠ تانکی دەوڵەتدا ڕووبەڕووی یەکتـر بووینەوە. پاش پێنـج سات شـەڕ توانیـمـان پێشی هێرشـەکەیان بگرین. دوو چەکی دژە تانکمـان هەبوو و تـوانیـمـان ١٣ تانکیـان لێ بسـووتێـنین. ئەو بە جۆرێک باسی ئەم شـەڕە دەکات دڵنیا نییە لەوەی من بڕوای پێ بکەم. ڕەنگە بڕواش نـەکــەم، ڕەنگە لەم شــوێـنەی هێندێک جــار پریشکی گــولله تۆپە تەقیـوەکان بەسـەر سـەرمـاندا گیڤـەیان دێ و خـاک و خـۆڵی بەردەکانی بان سـەرمان دەخـەنە خوارەوە، بوارێکی بۆ بیرکردنەوە لەو شتانە نەهێشـتبێ تا من بیر لە راسـتی و نەڕاستیی قسـەی فازڵ بکەمـەوە. فازڵ درێژەی دەدات و دەبێژێ:

– چوار کـەس لەو کـوڕانەی ئەوڕۆ کـوژران پێـشـتـر بریندار بـووبوون و ئەوڕۆش مــیگەکــە هات کـۆتـای بە ژیانیــان هـێنا. ئـەمــان چوار کــەس لە باشترین هاوڕێیانی من بوون.

چ هەستێکت هەیە ئێستە بیر لە هەڤاڵەکانت دەکەیتەوە؟

– تەنیا شـتێک ئێسـتـە من بیری لێ دەکەمەوە تۆڵەسـەندنی هـەڤالانمە. من دەبێت تۆڵەی ئەوان لە دوژمن بکەمـەوە.

تاریکی بە هێـواشـی دەگاتـە ئێرە، سـەیری دوور دەکـەم و دەبینم زەردەپەڕ دوا لزگەکـانی تیشکی خـۆر دەگەیێنێتە سـەر لووتکەی کێـوەکان و وردە وردە مالاوایی دەکات. فازڵ درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێ:

– کارتێکی داوەتمان لە گیرفانی یەکێک لە کوژراوە عێراقییەکاندا دیتەوە، کە بانگهێشتنی جەژنێک بۆ رۆژی ٢٤ی ئەیلوول لە چۆمان کرابوو. بەلام ئەو نەگەیشتە ئەوێ و هیچ کەسی تریشیان ناگەنە ئەو مەبەست و شوێنە.

دوای ئەوە هەوا بە تەواوی تاریک داهات دەنگی تۆپخـــانەش رووی لە بێدەنگی نا و تەنیا جاروبار گرمەی گوللە تۆپێک لێرە و لەوێ دەبیسترێ، کە بەسەر دەربەندەکەی جێگەی دانیشتنی ئێمەدا تێپەڕ دەبێ. فازڵ دەڵێ:

– ئێستە دەتوانین بڕۆین و پێکەوە "مستەفا" ببینین.

"مستەفا نێروەیی "بەرپرسی لەشکرە. فەرماندەی هەموو ئەم بەرەی شەڕە، کە شوێنێکی ستراتیجییە و بە گەرووی عەمەر ئاغا لەناو خەڵکدا بەناوبانگە. ئێمە لە بنی شاخەکەداین و مستەفا بنکەی سەرەکیی خۆی لە بنی بەردێکدا ساز کردووە، کە تۆپ و بۆمبا نایگرێتەوە. ئێمە دەچینە ئەو شوێنە و لەسەر چەند بەتانییەک دادەنیشین و چاوەڕێی مستەفا دەکەین، کە لەسەر بەرزاییەکەوە بێتە خوار بۆ لامان. فازڵ من دڵنیا دەکاتەوە، کە ئەم شوێنە بە تەواوی تەناهە و جێگەی مەترسی نییە. تۆپخانە نایگرێتەوە و فڕۆکە مێگەکانیش ئەگەر بیانەوێ ئەم جێگەیە بۆمباران بکەن دەبێت خۆیان بەم بەردانەدا، کە هەر چواردەوری دۆڵەکەیان گرتووە بکێشن. فازڵ روو لە من دەڵێ:

– کێوەکان ئێمە دەپارێزن. ئەم کێوانە تاقە دۆستی ئێمەن.

من دانیشتووم و پاڵم بە دیوارە بەردینەکەوە داوە و بە تەواوی هەست بە ئارامی دەکەم. دوای بێدەنگبوونی تۆپخانەکە، شەو ئارام و بێدەنگە، جار جارێک پێشمەرگەیەک بێدەنگ دێت بە خۆی و چەکەکەیەوە بە پێشماندا تێ دەپەڕێ. کاتێک مستەفای سەرلەشکر دەگاتەوە لای ئێمە سات نێزیک هەشتە. من بۆ رێز لێنان لە بەری هەڵدەستمە سەرپێ، بەڵام ئەو ئیشارەم پێ دەکات، کە دانیشمەوە، بەخێرهاتنم دەکات و ئارام بەڵام ماندوو دیارە. بێدەنگ و لەناو دنیای بیرکردنەوەدا بە چۆکەوە لە بەرانبەرمدا دادەنیشێ. جگەرەیەک هەڵدەکات و دەستەکانی بە شێوەیەکی ژیرانە و بە حورمەتەوە لەگەڵ جگەرەکێشانەکەیدا دەجووڵێنێ، کە ئارامییەکی سەیر بە من دەدا.

من لەبەر رووناکاییی چرا لامپایەکی بێ هێزەوە هەست بە هەیبەت و سامێک لەودا دەکەم، جلوبەرگی هەروەک پێشمەرگەکانی تر و جامەدانییەکی سووری لەسەرە. کولّەباڵێکی کوردیی لەبەرە، کە لە خوری ساز کراوە و بۆ خۆپاراستن لە گەرما و لە سەرماش بە کەڵک دێت. فیشەکدانێکی پان و پڕ لە فیشەکی لە پشتە، کلاشینکۆفێک و بێسیمێکی تاڵکی - واڵکی لە تەنشتیەوەیەتی.

لووتێکی زۆر گەورە، کونەلووتەکانی ئەستوور و لێوی خوارەوەی هێندێک کۆلّترە. تێکڕای ئەو تایبەتمەندییانە دیمەنێکی وایان بە دەموچاوی داوە، کە کەسێکی شێلگیر، خاوەن بڕیار و لە شکان نەهاتوو بێتە بەرچاو. هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی لە ئەسعەد فەرماندەکەی بەرەی بادیناندا بینیمن، بە زیادیشەوە لە مستەفادا بەدی دەکرێن.

کاتی قسە نییە، تەنیا بواری بیرکردنەوە هەیە، من تەنیا هەست بە بوونی ئەو لە لای خۆمدا دەکەم و ئەو هەست پێکردنەش ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆری لا دروست کردووم. دوای نیو سات ڕاوەستان و بێدەنگی لە ڕێگەی وەرگێڕەکەمەوە لێی دەپرسم، داخوا مستەفا ئامادەیە بەرسڤی پرسەکانم بداتەوە؟

- ئێستە نا. من ئێستە زۆر ماندوو و ناڕەحەتم. ئەگەر من وا زوو وەڵامت بدەمەوە ناڕەحەتی و ماندوویيم ئاشکرا دەبێت و ناتوانم ئەو قسانە بکەم، کە دڵم دەیخوازێ. دواتر. دەتوانین تۆزێک دواتر قسە بکەین.

خواردنی ئێوارە سازە و وەک هەر جارێک خواردنەکە برنج و جۆرە شلەیەکە، لەناو قاپێکدا هێندێک گۆشتاویش دانراوە و مستەفا باشترین پلە گۆشتەکان بۆ من دادەنێ. هێشووە ترێیەکیشم لە بەردەستدا دادەنێ و بێدەنگ و لەسەرخۆ تێکڕامان خەریکی خواردن دەبین. لەم ماوەیەدا فێر بووم نانخواردنێک لە کوردستان بە مانای جەژن و یادکردنەوە نییە بەڵام

تەنیا خۆتێرکردنێکیش نایەتە حیسێبکردن، بگرە ئەم ساتەوەختە ڕێگەیەکە بۆ لێک نزیکبوونەوە، قسەکردن و بوونە دۆست لەگەڵ یەک و جاری واشە ئەم دۆستایەتییە بۆ هەموو ماوەی ژیانە. من ئەمەم چەند جاران لە بادیناندا بینیوە و لێرەش لەناو ئاگری بەرەی شەڕی باڵەکدا زیاتر لە گشت لایەک بە چاوی خۆم دەیبینم.

دوای ئەوە چا خورایەوە مستەفا هاتووەتەوە سەرخۆ. من نازانم لە خەڵوەتیی خۆیدا بە چی بڕیارگەلێک گەیشتووە، بەڵام دەبینم بە پێکەنین و بزەیەکەوە دەڵێ:

– ئێستە دەتوانین پێکەوە قسە بکەین. من ئێستە دەتوانم وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە.

داوای لێ دەکەم باسێکی وردی بەرەی شەڕم بۆ بکات و ئەویش دەست پێ دەکات:

– ئەوان ڕەواندزیان داگیر کردبوو، ئێمە نەمانتوانی پێشی هێرشی تانکەکانیان لەو دۆڵەدا بگرین. بەڵام هەموو خەڵکەکە ناوچەیان بەجێ هێشت و هاتن بۆ لای ئێمە. ئەوان تەنیا وڵاتی چۆڵی بێ خەڵکیان داگیر کرد. خاکی بێ خەڵک هیچ بایەخێکی نییە. ئێمە دەمانزانی ئەوان خۆیان بۆ هێرش و پەلاماری ناوچەکە ئامادە دەکەن. ڕۆژی ٩ی ئەم مانگە یەکەم هێرشیان دەستی پێ کرد. هێرشەکەیان بە نزیک لە سەد تانک و ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەوە دەست پێ کرد. ئامانجیان ئەوە بوو ئەم شاخە داگیر بکەن. پێشمەرگەی ئێمە ئامادە بوون و هێرشەکەیان بە چەکی تانکشکێن پووچەڵ کردەوە. ئێمە ١٤ تانک و ژمارەیەکی زۆر مەکینەی تری دوژمنمان تێک شکاند. بەڵام شەڕێکی زۆر گران و دژوار بوو. شەوی دواتر هێرشی دووەمیان دەست پێ کرد. بۆ ئەم مەبەستە گشت هێزی زەوینی، تۆپخانە و چەکی تریان خستە کار بەڵام ئەم هێرشەشمان پەک خست. لەم هێرشەدا

ئەوان زیاتر لە ٢٠٠ کەسیان لێ کوژرا و زۆر تانکیان لێ تێک شکێنرا. دەستکەوتی ئێمە ٣٦ چەک، ٢٠ دەزگای بێتەل و ٢٠ هێستر بوو. ئەوەتا من یەکێک لە بێتەلەکانی دەستکەوتی ئەو شەڕەم پێیە.

بێتەلەکە پێشانی من دەدات، سازکراوی رووسیایە و بڵندگۆ و ئانتێنێکی درێژی هەیە، کە دەچەمێتەوە. مستەفا درێژەی دەدات:

- بەڵام ئەوان وازیان نەهێنا و پێش دوو رۆژ دیسان هێرشی سێیەمیان دەست پێ کردەوە و ئەمەش گرانترین پەلامار بوو. ئەم هێرشەیان بەیانی زوو دەستی پێ کرد و شەڕ بۆ ماوەی ١٣ ساتان درێژەی کێشا. ئەوان هەر وا هێزیان هەڵدەڕژاندە مەیدانی شەڕ بەڵام پێشمەرگەی ئێمە ئازایانە راوەستان و شێرانە بەرخۆدانیان کرد. ئێمە زیاتر لە ٣٠٠ سەربازی دەوڵەتمان کوشت، بەشێکی زۆریان لە مەیدانی شەڕدا بەجێ مان و ئێستەش لەوێن. راستی بینینی ئەو تەرمانە دیمەنێکی زۆر ترسێنەرە. ئێمە ١٤ چەکی گەورە ٤ نارنجۆک هاوێژ، ٣ تۆپی سووک و گەلێک تەقەمەنیمان کەوتە دەست. ٣ کەسیشمان بە دیل گرتن و یەکێکیان ئەیوت فەرماندەی ئەم بەرەیەی شەڕیش کوژراوە.

ئەم پێشمەرگە کۆنەکارە لەمێژە خەریکی خەبات و تێکۆشانە. ئەو هەر لە سەرەتاوە کە کورد لە عێراق دەستیان بە سەرهەڵدان بۆ بە دەستهێنانی مافەکانیان کرد تا ئێستە لەگەڵدا بووە. بەڵام بە قسەی خۆی ئەم شەڕەی دوایی دژوارترین شەڕ بووە ئەو تێیدا بەشدار بووبێ. ١٣ سات شەڕی بێ پسانەوە لەگەڵ دوژمنێکی چەندین قات بەهێزتر لە باری ژمارە و چەکوچۆڵیشەوە. دوژمن هێرشی سات نۆی شەو دەست پێ کرد و تا سات دەی شەوی رۆژی دوایی شەڕ درێژەی کێشا. من لێی دەپرسم، کە ئاخۆ ئەو چاوەڕوانە دوژمن پەلاماری تری لە بەرنامەدا بێت؟

- ئەگەر ئەوان هێندێک هەستی مرۆڤانەیان هەبوایە نەدەبوو هێرشی تر

بکەنەوە – ئاخر ئەوان زیاتر لە ٥٠٠ کەسیان لێ کوژراوە – بەڵام ئەوان گوێ بەم شتانە نادەن و بێگومان لە ماوەی چەند رۆژی تردا هێرشی تر دەکەنەوە. ئەوان هیچ رێز و بایەخێک بۆ گیانی سەربازی خۆیان دانانێن و ئێمەش ئامادەی بەرپەرچدانەوەی هێرشی ئەوانین و ناچارین بیانکوژین.

مستەفا بێتەلە تاڵکی – واڵکییەکەی هەڵدەگرێ، هێندێک پەیام دەنێرێ و هەواڵی شوێن و پۆستە جیا جیاکان وەردەگرێ. لەتیف، وەرگێڕەکەم کاتێک گوێی لە قسەکانی مستەفایە دەڵێ:

– بە ڕاستی زۆر جوانە، ئێمە لە زمانی خۆماندا لە کوردستان گەلێک رستە و وشەی تایبەتیمان هەیە، کە کاتی پێکەوە ئاخافتن وەک نیشانەی پایە و رێز لێنان بەکاریان دەبەین، من دەبینم ئەمانیش لێرە، لەم شوێنە حاستەمەشدا بەو شێوەیە بە حورمەتەوە قسە لەگەڵ یەکتریدا دەکەن. مستەفا لە کاتێکدا بێتەلەکەی لەولاوە داناوە، روو لە من دەڵێ:

– من دەمەوێ، کە تۆ بە خەڵکی سوێد بڵێی ئێمە پێویستمان بە هاوکاری و یارمەتیی ئەوانە. ئێمە خەڵکێکی ئاشتیخوازین، ئێمە تەنیا پارێزگاری لە خاک و خەڵکی خۆمان دەکەین. ئێمە لەم رێگەیەشدا سەردەکەوین، من لەمەدا دڵنیام چونکە ئێمە حەقخوازین. ئەوانن (عێراقییەکان)، گەرەکیانە ئێمە بە کۆیلە بکەن.

من بە درێژی لەبارەی کوردستان و دنیاوە لەگەڵ مستەفادا قسە دەکەم و ئەویش گەلێک جار ئەو پرسیارە دووپات دەکاتەوە، کە بۆچی دنیا گوێ ناداتە دۆخ و چارەنووسی کورد؟ بۆچی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست وەرناداتە کێشەکە؟ بۆچی ئێمە لە دنیا دابڕاوین؟ بۆچی... و... پرسیارگەلێک، کە منیش هیچ کات ناتوانم وەڵامێکی دەردخواردوویان پێ بدەمەوە.

کە سات خۆی لە دە نزیک دەکاتەوە مستەفا بە بێتەلەکەی چەند پەیامێکی تر ئاڵوگۆڕ دەکات، رادەسپێرێ، کە بەتانییەکی تر بدەنە من، دەڵێ من بێ

ترس و خـەم دەتوانم لەم تاقـجـانە بـەردینەدا بخـەوم و بۆ خـۆی مـالآوایی دەکات و لەناو تاریکیی شەوەزەنگدا ون دەبێت.

شـەوێکی پڕ لە سەفـا و هەوایەکی لەبارە، مـانگەشـەو نییـە بەلآم بریسکەی ئەستێرە وا دەکات هیچ کات بە تەواوی تاریک دانایە. پێشمەرگەی کێشک، بەبێـدەنگی لـە هاتوچۆدان و مـن لە نێـوان خــەو و وەنەوزدا بیـر لە شـتـێک دەکەمەوە، شتێکی سەیر: لەژێر ئاسمانی شیندا خەوتن، ئەویش لە وڵاتێکدا بوونی نییـە، لە تـاق و دڕناڵی بەردی شـوێنێکدا، کە تـازە مـەیدانی شـەڕێکی بێ رەحمـانە بووە و مەودای نێوان مردن و ژیان تەنیا هەناسـەیـەکە، هـەردەم دەتوانـێ جــەهەندەمــێک دروست ببـێ و بە منـیش دەوترێ، کــە بـێ ترس و دڵەخورپە بخەوم.

من خـەوم لـێ کـەوت و خـەوێکی خـۆشـیـشم کـرد، هیچ خـەونێکم نـەبینی و تەنیـا جـارێکیش لە مـاوەی شـەودا وەخـەبەر هـاتم ئەویش بە هـۆی گـرمـەی چەند تەقینەوەیەکی دوور بوو. دەزانم ئەم دەنگانە هـی تۆپخانەی عێراقن، کە پشتی بەرەی شـەڕ بە تۆپی دوورهـاوێژ دەکوتن، بەلآم تۆپخانەی کوردی گوێ ناداتێ و وەلآم ناداتەوە.

بەیانییەکی ئارام و بێدەنگە. مستەفـای فەرمـاندەی لەشکر هێندە دوور لە من نەخـەوتووە، تۆزێک لەولاترەوە لە بن دڕناڵـی بەردێکی تردا. هەسـتـاوەتە سەرپێ و خـەریکی رێکوپێککردنی خۆیەتی، سەرەتا جـامەدانییەکەی لەسەر دەنێ، شاڵە درێژەکەی، کە هەمـوو پێشمەرگەیەک دەبێت هەیبێت دەبەسـتێتە پشتی، رەخت و فیشـەکدان دەبەستێ و کلاشینکۆفەکەی دەکاتە شانی. من و ئەو پێکەوە نانی بـەیانـی دەخــۆین، جگەری برژاو، تـەمــاتە، ترێ و دیارە چاش وەک هـەر جارێکی تر ئامادە کراوە. من لە مستەفا دەپرسم، کە داخوا شتێکی تایبەت لە ماوەی شەودا رووی داوە؟

– نا. شەو هەموو ئارام تێ پەڕیوە.

پێشمەرگەیەک دێتە پێش و نامەیەک دەداتە دەست مستەفا، فەرماندە سەیرێکی نامەکە دەکات و دواتر دەیداتە دەست بەردەستێک تا بۆی بخوێنێتەوە. ئێستە ئیدی بۆ من دەردەکەوێ، کە فەرماندەی گشتیی کورد بۆ گرینگترین بەرەی شەڕ ناتوانێ بنووسێ یان بخوێنێتەوە. من پێشتر بە هیچ شێوەیەک هەستم بەمە نەکردبوو و ئێستە بۆم روون دەبێتەوە تێگەیشتن و خوێندەواری بۆ ئەرکی لەم جۆرە گرینگ، کە لای من هەردەم وەک پێویستییەکی ناچاری و حاشاهەڵنەگر بوو، چەندە بێ مانایە.

فازڵ ئەو گەنجە قوتابییەی، کە بەرپرسی گرووپی دژە تانکە لە دوورەوە دەگاتە جێ، هێندێک قسە لەگەڵ مستەفا، کە جاروبار خەریکی تاڵکی – واڵکییەکەیەتی، دەکات. بۆم دەردەکەوێ ئەم پیرە شەڕوانە کۆنەکارە نەخوێندەوارە و ئەو گەنجە قوتابییە کەم ئەزموونە هەریەکە لەبەر خۆیەوە رێزێکی تایبەت بۆ بەرانبەرەکەیان دادەنێن و ئاگەداریی یەک دەکەن. فازڵ روو لە من دەڵێ:

– ئێمە کێشەیەکمان هەیە. ئێمە دەبێت جێبێکی تر لە بری ئەو جێبەی دوێنێ سووتا بۆ گرووپەکەمان پەیدا بکەین، چونکە هەر ساتێک ئیمکانی هێرشی تانک بۆ سەر ئێمە لە گۆڕێدایە و ئێمەش پێویستە ئامادە بین.

من لەگەڵ فازڵدا دەڕۆمە خوار بۆ دەربەندەکە بۆ شوێنی حەسانەوەی وی، بەڵام پێش ئەوە بگەینە جێ، دەنگی فڕۆکە دێتە گوێمان و ئێمە ناچار دەبین، کە دوایین بەشی رێگەکەمان هەڵێین تا خۆمان بگەیێنینە پەناگە و لەژێری بەردەکاندا خۆمان بشارینەوە. مێگێک دەردەکەوێ و من دیسان تووشی ترس دەبمەوە و دەزانم، کە ئەوەی لەو سەرەوە لەناو فڕۆکەکەدا دانیشتووە لە دوای جووڵە و گیاندارێک دەگەڕێ تا بیکاتە نیشانە و هەردەم دەتوانێ وەک هەڵۆیەک راوی مشک بکات، سەرەوژێر بێتەوە و ئەم ناوە بە بۆمبا و شەستیر دابێژێ. بەڵام دوای تاوێک فڕۆکە ون بوو و رووی لە لای باکور کرد.

من داوا له فازڵ دەکەم بە وردی باسی شەڕی خۆیان لەگەڵ تانکەکاندا بۆ من بکات و ئەمەش چیرۆکەکەی ئەوە:

– ئێمە پێنج جێبی دژە تانکمان هەبوون. هەر پێنجیان بە ڕۆکێتی دژە تانک تەیار کرابوون. ئەم جێب و ڕۆکێتانە ئەمەریکایی و گەلێک کاریگەرن. من نازانم شۆڕش چۆن و لە کام ڕێگەوە ئەم شتانەی دەست کەوتووە. بەڵام ئێمە مەشقی ئەوەمان کردبوو، کە چۆن ئەم چەکانە بە باشی بەکار بێنین، هەر جێبە و چوار کەسی لەسەرە یەکێکیان لە پشت فەرمانی جێبەکەیە، فەرماندەی گرووپ لە پێشەوە و لە تەنیشت شۆفێر دادەنیشێ. یەکێک لە کوڕەکان لە پشتی ڕاکێتەکەوە خەریکی نیشانەگری و کەسی چوارەم ڕۆکتهاوێژەکە پڕ دەکاتەوە. ئێمە دەتوانین بە هەر چواردەوری خۆمان و لە مەودای یەک کیلۆمەتر و نیودا تەقە لە دوژمن بکەین. ئێستە دوو دانە لەو جێبانەمان وەک "ڕێزێرڤ" لە پشتی بەرەوە هەڵگرتبوون و ٣ دانەمان هێنابوونە پێش. هەستمان پێ کردبوو ئەوان بەیانی زوو هێرش دەکەن بۆیە ئێمە جێبەکانمان هێنابوون لە نزیک تەپۆڵکەیەکەوە، کە نزیکی مەبەستەکەمان بوو و دامان نابوون تا ئەو دەمەی تانکەکان لەوێوە دەرکەون لەژێر گەڵا و هەژگادا حەشارمان دابوون.

ڕاست سات پێنجی بەیانی، کاتێک خەریک بوو هەوا ڕووناک بێت بینیمان تانکەکان کەوتنە جووڵە. ژمارەی تانکەکان یەک ئارمادای (ئارماردا بۆ دەستەیەک تانک کە پێکەوە و هاوکات بەشداریی ئۆپەراسیۆنێک دەبن بەکار دێ – وەرگێڕ) تەواو بوو. ئێمە ئەوانمان لە دوورەوە دەبینی و دەشمانزانی هەموو شتێک بە کار و ڕۆڵی ئێمەوە گرێ دراوە، چونکە جگە لە ئێمە کەسی تر لەم بەرەی شەڕەدا چەکی دژە تانکی پێ نییە. نەدەبووا پێش ئەوەی دڵنیا بین، کە لە ئامانج دەدەین، دەست بکەینەوە. ڕاوەستاین تا گەیشتنە کەمتر لە نیو کیلۆمەتر و ئەوجا یەکەم ڕۆکێتمان هاویشتن و هەردووک گوللە لە ئامانجیان دا. بە چاوی خۆمان بینیمان چۆن ڕاکێتەکانمان لەناو

تانکەکاندا تەقینەوە. گوللەی سێیەمیش هەروەتر، لە خاڵی خۆی دا.

دوای ئەمە ئیدی مایەوە ئێمە و ئەوان. پاش ئەم هەڵمەتەی ئێمە ئەوان راوەستان و نەیاندەوێرا کەمتر لە ٨٠٠ مەتر نێزیک ببنەوە. دیارە بۆ ئێمە هاسانتر بوو لە ئامانج بدەین کاتێک ئەوان بێ جووڵە راوەستابوون، بەڵام بۆ ئەوانیش هاسان بوو ئێمە بپێکن. ئەوان بە تۆپ و دەستڕێژ ئێمەیان داگرت بەڵام نەیانئەنگاوتین. ئێمە هەردەم و بێ پسانەوە شوێنی خۆمان دەگۆڕی و بە دەوری گردەکەدا دەسووڕاینەوە. بە تەواوی نازانم ئێمە چەند دانە تانکی ئەوانمان تێک شکاند، بەڵام پێم وایە ژمارەیان لانی کەم دەگەیشتە ١٣ دانە.

ئێمە لە جیپەکەی مندا تا گوللەمان هەبوو هاویشتمان و ئەو جێبەکەی تر لوولەکەی تووشی کێشە بوو، بۆیە ناچار بووین شوێنەکەمان چۆڵ بکەین. دیارە ئێمە پێشی بەرەوپێش هاتنی تانکەکانمان گرتبوو و ئەوان نەیانتوانی درێژە بە هاتنەپێش بدەن. یەکێکی تر لە جێبەکانمان هێنایە پێش، ژمارەیەکی زۆرتر رۆکێتمان هێنان بەڵام زەحمەت بوو بگەینەوە شوێنەکەی پێشوو و ناچار لەسەر رێگەکەوە تەقەمان دەکرد، کە جێگەیەکی خراپ و نالەبار بوو. بەو حاڵەش ئێمە لەم شوێنە تازەیەدا تانکێکی ترمان تێک شکاند و ویستمان هێندێک بچینە پێش بۆ جێگەیەکی باشتر لە پڕ جێبەکەی من بەرکەوت، شۆفێرەکەمان هەر لەوێ گیانی لەدەست دا و دووانەکەی تریش بە سەختی بریندار بوون. من بە ساغی دەرچووم، هەروەک چۆن لە هێرشەکەی دوێنێدا، وا دیارە جارێ نۆرەی مردنی من نەهاتووە. جێبەکەمان گواستەوە بۆ شوێنێکی تر، کە سێبەر بوو، لە ئاسمانەوە نەدەبینرا.

کاتێک فازڵ ئەم رووداوە بۆ من دەگێڕێتەوە دەگەمە ئەو بڕوایە ئەمە دەبێت یەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین رووداوەکانی شەڕ بێت، کە راست رۆژی ٩ ئەیلوولی ١٩٧٤ رووی دا. ئەو دەم رۆژنامەوان یان وێنەهەڵگرێک لەو ناوەدا

نەبوو تا ئەم دیمەن و سێنانە تۆمار بکات، بەڵام زۆریش دژوار نییە مرۆڤ بیهێنێتە پێش چاوی خۆی:

لەسەر شاخ و لەبن بەردەکانەوە چەند هەزار پێشمەرگەی شەڕوان ئامادە لە سەنگەردا راوەستاون، بەڵام کاروانێک تانک و زرێپۆشی سازکراوی رووسیی سەر بە دوژمن لە دەشتایی و لای خوارەوە لە جموجۆڵدان. چەکی پێشمەرگە لە بەرانبەر ئەم تانکانەدا بێ کاریگەر و تەواوی پاراستن و بەرخۆدان کەوتووەتە سەر شانی ٨ کوڕی گەنجی کەم تەمەن، کە چەند مانگ پێشتر لە پشت مێزی زانستگەوە هاتوون.

ئەم شەڕە، کە گەورەترین پەلاماری تا ئێستەی دەوڵەت بوو یەکەم شەڕی ئەم ٨ گەنجە قوتابییەش بوو، کە راستەوخۆ لەگەڵ دوژمندا بیکەن. لە پێش چاوی ئەو چەند هەزار پێشمەرگەوە، کە لە بەرزاییەکانەوە دامەزرابوون ئەم ٨ گەنجە چوونە شەڕی سوپای پڕچەکی دوژمن، زیانی گەورەیان پێ گەیاند و گەورەترین هێرشی ئەوانیشیان تێک شکاند. روو لە فازڵ دەکەم و دەڵێم بەڕاستی دژوارە بڕواکردنی.

– تێ دەگەم، منیش بۆ خۆم گەلێک جار بیرم لێ کردووەتەوە و هێشتاش دژوارە بڕوا بکەم. بڕواکردنی ئەم رووداوە بۆ منیش راست وەک تۆ سەختە. نامومکینە مرۆڤ لەمە تێ بگات، ئەگەر من بڕوای ئاینیم هەبوایە دەمگوت خوا بوو یارمەتیی داین، بەڵام من بڕوام بەو شتانە نییە.

ئێوە دەبێت زۆر ترسابن؟

– نا، هەموو ئەو کوڕانە زۆر بوێر و ئازا بوون، کەسمان سەری لێ نەشێوا، ئاخر تۆ دەبێت بزانی، کە ئێمە تێکڕا ئامادە بووین لەم رێگەیەدا بمرین، ئێمە ترسێکمان لە مردن نییە، ئەگەر ئێمە لەم شەڕەدا تێ بشکێین شتێکمان بۆ درێژەدانی ژیان نامێنێ.

فازڵ کوڕێکم پێ دەناسێنێ، کە تازە گەیشتە لامان و لە پەناماندا دانیشت.

– ئەمە مەلا عەلی کەریمە، باشترین دۆستی من. ئەو لەم شەڕەدا سێ تانکی دوژمنی تێک شکاند، ئەو تەنیا ٢٤ ساڵی تەمەنە بەڵام لە ساڵی ١٩٦٥ەوە لەگەڵ شۆڕشە. فازڵ داوا لە عەلی دەکات هەموو کوڕەکانی گرووپی دژە تانک کۆ کاتەوە تا من وێنەیەکی تێکڕایان لەگەڵدا بگرم. دەچینە دەر بۆ لای یەکێک لە جێبەکان، کە لە سێبەرێکدا رایان گرتووە و بە هەژگ و گەڵای دار دایان پۆشیوە. بەشی فرەی ئەو کوڕانە دێن بۆ لامان و هێندێکیان دەست دەکەن بە پێشاندانی رۆکێتەکان و نیشانی من دەدەن چۆن کار دەکەن. بەڵام ئێمە وێڕا ناگەین وێنەکەمان بگرین دەنگی فڕۆکە دێت و ناچار دەست دەکەن بە داپۆشینەوەی جێبەکە. فڕۆکە مێگێکە لەو بەرزاییەوە خەریکی چاودێری و ناسینەوەی ئامانجە بۆ فڕۆکەکانی تر. دوای ماوەیەک فڕۆکە لە ئاسمان ون بوو و من لە فازڵ دەپرسم بڵێی جێبەکەی نەبینیبێ؟ ئاخر زۆر نزیکی رێگەکەیە و دەکرێ هاسان ببینرێ؟

– نا، بڕوا ناکەم چونکە ئەگەر دیتبای بێ شک هێرشی دەکردینە سەر. جێبەکە لە سێبەردایە و لەبەر چڕیی سێبەرەکان دژوارە لە ئاسمانەوە ببینرێ.

من لەگەڵ فازڵدا دەڕۆم تا شوێنی ئەم شەڕەم پێشان بدات و پێکەوە ئەو شوێنە، کە فازڵ و هاوڕێیانی پێشی هێرش تانکەکانیان گرت ببینین. ئێستە تانکەکان هەر لەو شوێنەی پێشیان پێ گیرا لەسەر گردۆڵەکاندا دامەزراون و خەریکی سەنگەر لێدانن. تا ئەو جێگەیە چەند کیلۆمەتر رێگەیە و دەکرا بە جێب بڕۆین، بەڵام من ترسی ئەوەم هەیە فڕۆکە بمانبینن و بە پێ رۆیشتنم لا باشترە و فازڵیش لەم بارەیەوە لێم تێ دەگات.

بە درێژاییی ئەم رێگەیەی ئێمەی پێدا دەڕۆین لوولە تۆپی شاراوە لەبن گەڵا و گژوگیادا دەبینین، کە لە لای هەر کامیان چەند کوڕێکی گەنج دامەزراون و ئامادەی ئەنجامدانی دەستوورن. لە خوارتر، لە نزیکی گەرووی دەربەندەکەوە رێگەکە مینڕێژ کراوە و ئێمە ناچارین بە تەنیشتیدا دابەزینە خوار و دەرباز بین.

له ڕێگه کەسێک بە ناوی مام "بێجان" بەرپرسی یەکێک لە بەتالیۆنەکان دەبێتە هاوڕێمان. بە وتەی فازڵ مام بێجان لە سەفەری رووسیا لەگەڵ مستەفا بارزانیدا بووە. هەرکە بێجان تێ دەگات من سوێدیم زوو شەڕەکەی "پۆلتاڤا"ی کارلی دوازدەمی پادشای ئەو سەردەمی سوێدیی وەبیر دێتەوە و دەڵێ:

– بەڵام ئێوە ئەو شەڕەتان دۆڕاند وا نییە؟

مام بێجان تەمەنی ٦٠ ساڵانە و هێندێکیش دەشەلێ، بۆیە لە کاتی رۆیشتندا گۆچان بەکار دێنێ، بەڵام بەو حاڵەش گورج و گۆڵ دێتە بەرچاو. بە گوێ جۆگەیەکی ناو دۆڵەکەدا درێژە بە رێگە دەدەین، لە لای هەندێک سندووقی خاڵی جێگەی چەکوچۆڵ، کە لەو ناوەدا فڕێ دراون بۆ پشووەدەرکردن رادەوەستین و من هەلێکم دەست کەوت تا لەبارەی ئەو دەمەی بێجان لە رووسیا ژیاوە پرسیاری لێ بکەم.

بێجان دوای ئەوەی کۆماری مەهاباد لە ئێران رووخا یەکێک بوو لەوانەی لەگەڵ بارزانیدا پەنایان بردە بەر سۆڤیەت و بۆ ماوەی ١٢ ساڵ لەوێ مایەوە. بۆ ماوەی دوو ساڵان لە خزمەتی سوپای رووسیادا بوو و دواتر کاری بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، کە لەو سەروبەندەدا دامەزرا و شکڵی گرت. لە شاری تاشکەند چووە قوتابخانەیەکی حزبی کۆمۆنیست. بارزانی لە قوتابخانەی بەرزی سوپادا دەیخوێند و لەوێ هەموو شتێک لەبارەی مارکس، لینین، هێگل و ڕێبەرانی تری کۆمۆنیستییەوە فێر بوو. بێجان لەم بارەوە دەڵێ:

– بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە بارزانی بووبێ بە کۆمۆنیست. ئێمە کۆمۆنیست نین، ئێمە دیموکراتین.

ئەو گرووپەی چوونە رووسیا نزیکی ٥٠٠ کەسێک بوون و ٢٠٠ کەسێکیان لەگەڵ ژنی رووسی ژیانی هاوبەشیان پێک هێنا. دیارە ئەوانەی ژنیان دێنا

بۆیان نەبوو لە ناوچە کوردییەکانی سۆڤیەتدا بژین بگرە دەبووا بار بکەن بۆ تاشکەند. بێجانیش یەکێک بوو لەوانەی ژنی رووسیی هێنا.

بێجان ١٩٥٩دا گەڕایەوە بەغدا و لەوێ زمانی رووسیی فێری سوپای عێراق دەکرد. بەڵام ساڵی ١٩٦١ دیسان تێکەڵی شۆڕش بووەوە و هاوکاریی خۆی لەگەڵ بارزانیدا سەرلەنوێ دەست پێ کردەوە. ژنەکەی و دوو کچەکەی لە بەغدادا مانەوە بەڵام ١٩٦٣ بێ ئەوەی ئەو ئاگەدار بێت دەرکرانەوە و نێردرانەوە بۆ سۆڤیەت. ئێستە بێجان ژنێکی تری کوردی هێناوە و سێ کچ و کوڕێکی لەم ژنە تازەیەدا هەیە. مام بێجان روو لە من دەڵێ:

– هەروەک چۆن "روبێسپیر" و "ماوتسی تۆنگ" لە خزمەتی خەڵکی فرەنسا و چیندا بوون بارزانییش ئاوا لە خزمەتی کورداندایە. ئەو ڕێبەری مەزنی ئەم شۆڕشەیە.

مام بێجان وەک شارەزا پێشمان دەکەوێ و بە کوڵمز و سەرەتاتکێ دەورێکی کێوەکە دەدەینەوە. ڕێگە سەخت و ناهەموارە، تۆزێک لەولاترەوە وەک ئاسەواری شەڕەکانی پێشوو لۆرییەکی سووتاو لەو ناوەدا دەبینرێ. بسکەبسک لە پەنای بنچک و دەوەنەکاندا خۆمان دەگەیێنینە جێگەیەک، کە تانکەکانی عێراقمان لێیەوە دیار بن. تانکەکان بە لق و پۆپی دارەکان داپۆشراون بەو حاڵەش بە روونی دەبینرێ ئەوانە زرێپۆش و دەبابەن. لەو بەرزاییەوە، کە تانکەکانی لێ دامەزراون دەتوانن بەشێکی ڕێگەکە ببینن، بۆدیی سووتاوی لۆرییەکە نموونەیەتی. فازڵ و هەڤاڵانی توانییان سەرەتا لە هێرشی ئەوان تا نزیک ڕێگەکە بەرگری بکەن بەڵام دواتر هێرشی تانکەکان بەردەوام بوو تا گەیشتنە ئامانجی خۆیان و توانییان بەسەر بەشێکی ئەم ڕێگەیەدا زاڵ بن و پێشی هاتوچۆی ترافیک بگرن. جا لەبەرئەوەیە ئێستە هەر جۆرە هاتوچۆیەک بەرەو رۆژاوا ناچار دەبێت لەو ڕێگە دوورەوە بڕوات، کە من دوێنێ پێیدا هاتم. مام بێجان روو لە من دەکات و دەڵێ:

– ئەوان ئێمەیان نەدیتوە، چونکە ئەگەر ئێمەیان ببینیایە، بێگومان ئێستە ئەم ناوەیان دابووە بەر تەقە.

فازڵ دەڵێ:

– مام بێجان نیشانەشکێنێکی سەیرە، لەم رۆژانەدا لە مەودای ٣٠٠ مەتردا بە ٣ گوللە سێ عێراقیی خستن.

لە گەڕانەوەدا سواری یەکێک لە جێبی دژی تانکەکان دەبین و سەرەتا پەلەوەرێکیش بە ئاسمانەوە نابینرێ، بەڵام دوای ئەوە ئێمە لە پشت هێندێک بەردەوە دادەنیشین و خەریکی قسانین، فڕۆکە مێگەکە دیسان دەگەڕێتەوە و دوو نرکەی گەورەی لێ بەرز دەبێتەوە. فازڵ دەڵێ:

– ئێستە دەگەڕێتەوە، فڕۆکەکان نەریتییانە وا بکەن، جارێک دێن ناسیاری دەکەن، ئەم جار لێی دڵنیا دەبن و ئەگەرنا بۆمبەکانیان بەسەر بەرەی شەڕەکەدا هەڵدەڕێژن.

بەڵام فڕۆکەکە بۆ جاری سێیەم نەگەڕایەوە و ئێمە تەنیا گرمەی ئەو تۆپانە دەبیسین، کە بەسەر سەرماندا تێ دەپەڕن و ویزەیەکی سەیر و ناخۆشیان لێ دەبیسترێ.

محەمەد شەوقی، کە بەرپرسی بەشی دژە تانکی هەموو ئەم بەرەیەی شەڕە، کتێبێکی ئینگلیزی، کە باسی فڕۆکە دەکات دەردێنێ و جۆری ئەو فڕۆکانە پێشانی من دەدات، کە دەوڵەتی عێراق دژی کورد بەکاریان دێنێ و برێتین لە تۆپۆلۆفی ٢٢، فڕۆکەیەک، کە مەودایەکی زۆر دەفڕێ و کاری ناسینەوەیە. سوخۆی ١١ کە یەک کەس هەڵدەگرێ و بۆ هێرش بەکار دێ. سوخۆی ٧ ئێس – یو – ئێم، کە بۆ هێرشە. فڕۆکەی مێگی ١٧ و ١٩ و ٢١، کە هەموو بۆ هێرش بەکار دێن و هەلیکۆپتەرێکی گەورە، کە هەر لە سەرەتای شەڕەوە هەیانبووە و ئێمە تا ئێستە دووانمان لێ خستووە.

شەوقی ٢٧ ساڵ و ئەفسەری سوپای عێراق بووە. کاتێک لە سوپای

عێراق وەرگیراوە ٢٢ ساڵی بووە و بە وتەی خۆی نیازی بەشداریکردنیشی لە سوپای عێراق ئەوە بووە تا ببێتە خاوەن توانست و زانیاریی سەربازی بۆ ئەوە لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستاندا بەکاری بێنێ. کاتێک لە مانگی ئاداردا شەڕ دەستی پێ کردەوە، شەوقیش وەک گەلێکی تر، خۆی گەیاندە شۆڕش و بوو بە پێشمەرگە.

ئەو لە هێرشی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ی عەرەبدا دژی ئیسرائیل بەشداریی کردووە، بەڵام بە قسەی خۆی بڕوایەکی وای بە ئەفسەرانی پلە بەرز نەبووە، کە چۆن ئەم شەڕەیان بەڕێوە دەبرد:

– ئێمە لە بەغداوە تا سووریا رێگەمان بڕی و بێ هیچ پلان و حەسانەوەیەک هێرشمان کردە سەر دوژمن. ئاکامەکەشی ئەوە بوو سەرجەمی "بریگاردەکە"ی من لە لایەن ئیسرائیلییەکانەوە دەورەی گیرا و تەنیا بەو شێوەیە رزگارمان بوو، کە "بریگاردەکەی تر"ی سوپای عێراق هاتنە مەیدان، گەمارۆیەکەیان تێک شکاند و ئێمە پاشەکشێمان کرد. لە راستیدا ئەمە سەرجەمی رۆڵ و جێگەی سوپای زەبەلاحی عێراق لەم شەڕەدا بوو، نیوەمان گیر کەوتین و نیوەکەی ترمان هاتن بە هەزار زەحمەت رزگاریان کردین.

شەوقی داوامان لێ دەکات بڕۆین بۆ جێگەی حەسانەوەی ئەو، کە هێندێک لەسەرترەوەیە و لەوێ بۆ خواردنی نیوەڕۆ مێوانی ئەو بین. خواردن لێرەش وەک شوێنەکانی تر برنج و لە لای برنجەکە کۆنسێرڤێکی "ساردینەر" دانراوە و بە وتەی شەوقی وەک دەستکەوت لە سەربازێکی عێراقی گیراوە.

– سەربازی عێراقی هەردەم شتانێکی لووکس و نایابیان پێیە، بەڵام پێشمەرگەی ئێمە وا نین. ئێمە ئەگەر هیچیشمان نەبێت بیخۆین بە نانی وشک و چای شیرین رازین. من لەم بەرپرسانە لەسەر شێوەی ژیانی پێشمەرگە دەپرسم بۆ نموونە دەپرسم داخوا ئێوە شتێک بە ناوی مووچە وەردەگرن؟ فازڵ دەبێژێ:

– راستــــەوخــۆ نا. بۆ نموونە مـن ٢٣ دینـار وەردەگــرم بۆ ئـەو بیــست پێشمەرگەیەی لەگەڵ مندان، بەو پارانە جگەرە، چا و شتی لەم بابەتەیان بۆ دەکڕم. ئەگەر کەسێکیش پێویستی بە کڕینی شتێکی تایبەت بێت دەتوانێ پارەکەی لە من وەرگرێ. دیارە پێشمەرگەیەک ژن و منداڵی هەبێ هێندێک پارە بۆ بەڕێچوونی ئەوانیش وەردەگرێ. هەڵبەت ئەمە پارەیەکی دیاریکراو و یەکسان نییە بۆ گشت جارێک، بگرە بە پێی پێویست و توانست بڕی پارەکەش دیاری دەکرێ. پیاوێک کە ١٠ منداڵی هەیە زۆرتری بەردەکەوێ لە پیاوێک کە ٥ منداڵی هەبن.

من پرسیارێکم لا دروست بووە – راستی ئێوە چۆن دەتوانن بۆ ماوەیەکی وا درێژ، دوور لە ژن بن؟

فازڵ لەم بارەوە دەڵێ:

– راستی ئەمە گرفتێکی زۆر گەورەیە. زۆرجار روو دەدات، کە ئەم پێشمەرگانە بۆ ماوەی دوو مانگی تەخت لە بەرەی شەڕدان و چاویان بە ژنێکیش ناکەوێ. ئەوانەیان ژنیان هەیە رەنگە بتوانن دوو مانگ جارێک ژنەکانیان ببینن، بەڵام بۆ پێشمەرگە گەنجە بێ ژنەکان شتێک لە ئارادا نییە. خۆت دەزانی لە لای ئێمە لە کوردستان ئەم شتانە زۆر سەخت و توند دەگرن و پێوەندیی کوڕ و کچ یەکجار دژوار و هێندێک جاریش زیاتر خەونە تا ڕاستی. دیارە ئەمە زۆر سەختە و قبووڵیشمانە، کە ئەمەش بەشێک لە ئەرکەکانمانە بۆیە ناچارین لەگەڵیدا رابێین.

لەتیف، کە لەم سەفەرەدا وەرگێڕی منە دەڵێ:

– من جارێک لەگەڵ رۆژنامەوانێکی ژندا، کە پێم وایە ئەمەریکایی بوو رۆیشتم بۆ بەرەی شەڕ. زۆرم هەوڵ دا، کە هێندێک جلی گونجاو لەبەر کات و زۆر خۆی لە پێش چاوی پێشمەرگەکان دەرنەخات بەڵام بۆم حاڵی نەدەبوو.

ئەو بە شـــەروالێکی تەنگ، بلووســێکی ناسک و بێ ســینەبەند بە ناو پێشـمـەرگـەکاندا هەڵدەسـووڕا. ئەگـەر ئەو تێ دەگەیشت، کـە کـوڕ لەناو خۆیاندا چییان دەوت و چۆن بانگی ئەویان دەکرد. بە ڕاستی گوناح بوو، ئاخـر ئەو پیـاوانە بە مـانگان ژنێکیـان نەبینیـبـوو و لە پڕ ژنێکی رووتی جـوانکیلە بێت و بە پێش چاویاندا هاتوچۆ بکات. ئەو هیچ تێگەیشـتنێکی لەم بارەوە نەبوو نا.

لەو کـاتەی کـە ئێمـە دانیـشـتووین و قـسـە دەکـەین پێشـمـەرگەکـان بە بەردەممـاندا دێن و دەچن و هێندێکیـشـیـان تاوێک دادەنیـشن تا پشـووێک بدەن و یەکێک لەو پێشمەرگانە لە لایەن فازڵ و شەوقییەوە جیاواز و زۆر بە گەرمی پێشوازیی لێ دەکرێ. فازڵ دەبێژێ:

– ئەمە کاک نوورییە. ئەو و پێشمەرگەکانی هاتوون بۆ یارمەتیدانی ئێمە. کـاک نووری لەناو ئێـمـەدا بۆ ئازایەتی و قـارەمـانەتی بەناوبانگە. نووری نە جـامـەدانەی لەسـەرە و نە لەو پشـتوێنە درێژەش، کـە پێی دەڵێن "شـوتوک". سـەراپای جـەسـتـەی بڕوا، هێز و توانـایەکی لە بڕان نەهـاتووی لێ دەبارێ. چاوی چکۆڵە، برۆی پڕ و ڕەش، هێندێک گـرنج لە توێڵی کـەوتوون و زنج و روومەتی بە ڕدێنێکی رەش داپۆشراوە. فازڵ دەڵێ:

– کـاک نووری بە ٩٠ پێشـمـەرگەوە کێوی "گۆرا"ی لە دوژمن وەرگرتەوە. ئەمە سەرکەوتنێکی مەزن و لە راستیدا بۆ خۆی شاکارێک بوو.

نووری تـەمـەنی ٣٣ ســاڵە و خـەڵکی سلێـمـانیـیـە. دوای تـەواوکـردنی قـوتابخـانە و هەر لە ســاڵی ١٩٦٢ەوە تێکەڵی شـۆڕش بووە و تا ئێـسـتـە بەشـداریی خـەبات و خـزمـەتە. من داوای لێ دەکـەم باسی چۆنیـەتیی گیرانەوەی کێوی "گۆرا" بکات بەڵام ئەو زۆر کەم قسەیە و حەز لە گێڕانەوە و تاریفکردنی شتێک ناکات، کە خۆی ئەنجامی دابێت.

ڕۆژی رووداني ئـەم پەلامــارە ١٦ی ئاب بـوو، دەوڵەت لـە هێـرشــێکدا ئەو

شوێنەی داگیر کردبوو. لەبەر گرینگی و ستراتیجیەتی کێوەکە دەبووا بە هەر نرخێک بووە لە دوژمن بستێنرێتەوە. ئەم ئەرکە دژوارە بە کاک نووری سپێردرا. ئەو ٩٠ پێشمەرگەی بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژاردن و چەکی ئەم پێشمەرگانەش تەنیا کلاشینکۆف بوو. هێرشی پێشمەرگە سات ٦ ی بەیانی دەستی پێ کرد. لەژێر یارمەتیی تۆپخانەی شۆڕشدا تا لووتکەی شاخ چوونە سەر و لەوێ شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ سوپایەکی ٥٠٠ کەسیی دوژمندا دەستی پێ کرد. زیاتر لە ٢٠٠ سەرباز و ئەفسەری دوژمن کوژران و ئەوانی تریان سەرەنجام ڕێگەی هەڵاتنیان گرتە بەر. لەم شەڕەدا ١٣ پێشمەرگەش گیانیان سپارد و ٣٥یش بریندار بوون. ئێستە کاک نووری بە دووسەد پێشمەرگەوە نێردراوە بۆ یارمەتیی ئێمە تا بەرگری لە کێوی گەرووی عومەر ئاغا بکەین. ئەو لە سلێمانییەوە هاتووە و لەو بەرەیەشدا شەڕی دژوار لە ئارادایە بەڵام بەرەی باڵەکایەتی گرینگترە بۆیە کاک نووری پێویستە لێرەدا بێت.

من لە کاک نووری دەپرسم دۆخی پێشمەرگەکانی چۆنە، ورەیان، بڕوایان؟

– هەموو پێشمەرگەیەک بۆ خۆی قارەمانێکە. هەمووان شەڕوانی ئازا و نەترسن. بەڵام من پێم وایە پێشمەرگە گەنجەکان باشتر شەڕ دەکەن تا بە تەمەنەکان، هەموو پێشمەرگەکانی هاوڕێی من گەنج و کەم تەمەنن.

دوای ئەمە نووری دەڕوات بۆ بینینی مستەفا و هەڵسەنگاندنی دۆخەکە. فازڵ لەم بارەوە دەڵێ:

– کاک نووری دەیەوێ بۆ پارێزگاری لەم بەرەیە هاوکاریی کاک مستەفا بکات. بەڵام من لام وایە نووری گەرەکیە پەلامارێک بباتە سەر دوژمن. ئێمە بە دڵخواز لەم هێرشەدا بەشداری ناکەین، ئاخر ئێمە خەریکی پاراستنی ئەم بەرەیەین و ناتوانین ریسک بە گیانی پێشمەرگەکانمانەوە بکەین. ئێمە دەزانین، کە هەردەم پیاو زیانی لە هێرشدا زۆرترە تا لە کاتی پاراستن.

بەڵام کاک نووری پێی وایە ئێمە دەبێت هێرش بکەینە سەر دوژمن و دۆڵی رواندز پاکیان کەینەوە. ئەو خۆی ئامادەیە پلانەکە دارێژێ و بۆ خۆشی فەرماندەییی هێرشەکە بگرێتە ئەستۆ.

لەو ماوەیە ئێمە دانیشتووین قسە دەکەین هەوا تاریکی کردووە. پێشمەرگە بە هێندێک پەلوپووش ئاگرێک دادەگیرسێنن و زیاتر لەبەر رووناکییەکەی تا بە مەبەستی گەرمبوونەوەیان. ماوەیەکی زۆر لەبەر رووناکاییی ئاگرەکەوە دادەنیشین و قسە دەکەین. من لە دوورەوە رووناکیی چرا لامپاکەی بنکەی فەرماندەیی لە بەرزاییییەکەوە دەبینم و دوای ئەوە ئاگرەکەمان بە تەواوی دامرکا منیش لەوێ بە مەبەستی خەوتن هەر لە شوێنی خۆمدا درێژ دەبمەوە.

ئێمە دەبووا ئێوارە بگەڕێینەوە بۆ چۆمان بەڵام ئۆتۆمۆبێلێک، کە بڕیار بوو بێت و بمانباتەوە هیچ کات نەهات، نازانم رەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، کە شۆفێرەکەی نەوێرابێت جارێکی تر ئەو رێگەیە ببڕێ. لەتیف بەم بۆنەوە زۆر نیگەرانە بەڵام لە راستیدا بۆ من زۆر گرینگ نییە چونکە من حەز دەکەم لەم شوێنە، لە لای ئەم پیاوانە و لەم بەرەی شەڕەدا بمێنمەوە.

نیوەشەوێکی درەنگ لەتیف من هەڵدەستێنێ و ئۆتۆمۆبێلێکی سەربازی، کە چەکوچۆڵی بۆ بەرەی شەڕ هێناوە دەگەڕێتەوە و ئێمەش دەبێت لەگەڵیدا بڕۆینەوە. لەتیف دەڵێ:

– ئەگەر پێت خۆش بێت دەتوانی جارێکی تر بێیتەوە بۆ بەرەی شەڕ. منیش دەڵێم چووزانم، رەنگە وا بێت.

من دەمویست ببمە هاوولاتیی سوێد

من هەرکە گەڕامەوە چۆمان، بیری بەرەی شەڕ و ئەو کوڕانەم دەکرد، کە تازە بەجێم هێشتبوون. بەلام ناچار بووم چونکە پێویست بوو چەند رۆژ لە چۆمان بمێنمەوە بەڵکو کەسانێک لە رێبەرانی کورد و ئەگەریش بکرێ جەنەراڵ بارزانی خۆی ببینم، خۆ زۆر باشتر دەبێت.

لە قەسرولسەلام، لەو جێگەیەی من دادەنیشم دەتوانیت سەیر و سەمەرەترین قیافە و روخساری دنیا ببینی. سروشتییە، کە دەبێت من بۆ خۆشم لەو جۆرە کەس و قیافانە حیساب بکەم.

من زیاتر تێکەلاویم لەگەڵ وەرگێڕە گەنجەکان و شەماڵ و سیامەنددا هەیە، کە دوای ساڵانێک خوێندن لە لەندەن گەڕاونەتەوە بۆ کوردستان تا خزمەت و ئەرکی خۆیان لە بەرانبەر شۆڕشدا ئەنجام بدەن. ئەم دوو گەنجە ئەزموونێکی باشیان لە سیاسەتی جیهانیدا هەیە و هەروەها دەتوانن بەرسڤی گشت پرسیارەکانی من لەبارەی کوردستان بدەنەوە. من هەوڵ دەدەم خۆم لەوە بپارێزم وەختی خۆم لە قسەکردن و تێکەلاوی لەگەڵ رۆژنامەوانانی بیانیدا، کە ئەوانیش وەک من لێرەن بەفیڕۆ بدەم. بەلام بەو حاڵەش لە کاتی نانخواردندا تووشیان دەبم.

مرۆڤی کاری و پرۆفێسیۆنێل لەناو ئەم دەستەیەدا دەگمەنە. دوو کەسی ئەمەریکایی پەیدا بوون یەکیان لە ئەسۆشیەتید پرێسەوە بوو و ئەوی تر لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمزەوە. ئەوان تەنیا ٣ رۆژە گەیشتوونەتە ئێرە بەلام بە توندی خەریکی کاری خۆیانن. شەماڵ و سولەیمان هەوڵ دەدەن هەواڵێک بدەنە ئەم دوو کەسە و لەبەر خۆیانەوە هیوادارن هەواڵەکە ببێتە سەردێری

رۆژنامـه و مـیـدیاکـان و له رۆژاوادا دەنگ بداتـەوە. هـەواڵەکـەش، کە ئەمـان دڵیـان پێـی خـۆشـە رۆڵ و بـەشـداریـی زەق و بەرچاوی رووسـیـایـە لەم هێـرشـانەی عـێراقدا بـۆ سـەر کـورد. بـەڵام من خـۆم هیچ کـات ئاکامـێک و (شـتێکی بڵاوکراوەم) لەم بارەوە لـە سـەردانی ئەم دوو کـەسـە بۆ کـوردسـتـان نەبینی.

جگە لەم دوو کـەسـە تیـمـێکی تەلـەڤزیۆنی هۆڵەندایش لێرەن و خـەریکی سـازکردنی فیلمێکن لەسـەر شـۆڕشـی کـورد و خـاڵی دەسـتپێکی فـیلمەکەش بەسـەرهـاتی بنەماڵەیەکە، کە بە دڵنیاییەوە فـیلمێکی باش دەبێت. ئەم تیـمە ئەگـەرچی بـە توندی و رێکوپێکی خـەریکی کـاری خـۆیـانن بەڵام نایـانەوێ باسـی گـشت رووداوەکانی ئەم شـەڕە بکەن. رۆژێک رۆیشـتـبوون سـەردانی بەرەی شـەڕ بکەن، کەوتبـوونە ناو شـەڕ و فڕۆکە بەرەی شـەڕەکەی بۆمبـاران کـردبوو. بە قسـەی خـۆیان لە مـردنی بێ چەندوچۆن گـەڕابوونەوە بۆیە هێندە ترسابوون رۆحیان لەبەر نەمابوو.

کـوڕێکی گـەنجی فـرەنسـاییش لێـرەیە کـەس بە تەواوی لێی تێ ناگـات. شـەش مـانگە لێرەیە و بە قسـەی خۆی خـەریکی نووسـینی تێزی دوکتـۆرایە لەسـەر کـورد. بەڵام جگە لەم کـارەی جـاروبـاریش بە کـامـێـرایەکی کـۆنی ١٦مم- یەوە خەریکە و بۆ خۆشی دەڵێ، کە وتار بۆ رۆژنامەیەکی فـرەنسایی دەنێـرێ. ئەو زۆر بێ مگێـز و بێ خـوڵک دیارە. هێندێک جـار دەبینم لەگـەڵ مێواندارە کوردەکانیدا تووشی دەمـەقـاڵە دەبێت و راسـتـییـەکەی شـێوەی هـەڵسوکەوتی ئەم کابرایە بۆ منیش جێی سەرسـوڕمانە و بە هیـچ شـێوەیەک لێی حـاڵی نابم خـەریکی چییـە. سـەرباری هـەمـوو ئـەم کـەسـانە گـەنجـێکی تورکـە، کە بێ ئـەوەی هاتنی خۆی بە کـەس راگـەیاندبێ هاتووە. بە قـاچـاخ و نایاسـایی سنووری بەزانـدووە و بانگـەشـە دەکات، کە دەرهـێنەری تەلەڤزیۆنە. شتی هـەرە خۆش و جێی سـەرنج ئەوەیە ئەم کـابرایە جگە لە تورکی، بە هـیچ زمانێکی تر نازانێ قسە بکات.

بۆ نموونە تەنانەت تاقە وشەیەکی ئینگلیزی یان فرەنسایی نازانێ. دیارە ئەو لەسەر کڕی زاڵ لە تورکیادا وای حیساب کردووە خەڵک، تەنانەت لە کوردستانی عێراقیشدا بە تورکی قسە دەکەن. بە هەر جۆرێک بووە مەبەستی هاتنەکەی لە بەرپرسان دەگەیەنێ و گوایا دەیەوێ فیلمێک لەسەر جەنەراڵ بارزانی ساز بکات. لەبەر ئەوە کەس لە زمانی تێ ناگات و ناتوانێ قسەی لەگەڵدا بکات، هەر بۆ خۆی خەریکی هاتوچۆیە و جاروبار بزەیەک دێتە سەر لێوی، کە بۆ دەوروبەر وەک شتێکی سەیر و نەشیاو دێتە بەرچاو.

کورد تێ دەگەن کە ئەم کابرایە دەتوانێ خەفیە و سیخوڕیش بێت بەڵام بەو حاڵەش وەک ئەوانی تر مامەڵە و مێوانداریی دەکەن و لەولاشەوە خەریکی لێکۆڵینەوەن تا بزانن لە کوێوە و بە چ مەبەستێک هاتووە. ئەم گەنجە تورکە دە ڕۆژ لێرە ماوەتەوە، بەڵام سەرەنجام لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن ئەو ڕاست دەکات و بۆ کارێکی وا هاتووە، کە خۆی باسی دەکات، بۆیە بەرپرسە کوردەکان پێی دەڵێن ئێستە بڕۆوە و بەڵام جاری تر ویستت بێیتەوە دەبێت کەسێک لەگەڵ خۆتدا بێنیت فرەنسایی یان ئینگلیزی بزانێ تا ئێمەش بتوانین هاوکاریت بکەین.

دوو کەسی ئاوسترياییش لە سنووری تورکیاوە بێ مۆڵەت هاتوونەتە ناو، سەرەتا وەک تووریست کە سەری ئالپ دەدەن جلوبەرگیان پۆشیوە، خەڵکی بەرواریی باڵا بینیویانن، بردوویاننە لای ئەسعەد فەرماندەی هێزی ئەو ناوە و ئەویش بەڕێی کردوون بۆ ئێرە. ئەم دوو کەسە دوای حەفتەیەک بە ڕێگەی ئاساییدا لە ئێرانەوە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

بەڵام پێش هەموو کەس و سەمەرەتر لە هەمووان دوکتۆر "ئالکساندرە".

کاتێک، کە من لە بەرەی شەڕ گەڕامەوە بۆ چۆمان نیوەی شەو بوو، بینیم دوکتۆر ئالکساندر لەو تەختەیدا، کە من بە هی خۆمم دەزانی خەوتووە. لە تەنیشتەوە تەختێکی بەتاڵم بینییەوە و نیازم بوو بۆ خەوتن بەکاری بێنم.

بەڵام هێندە ماڵەکە خرت و پرتی تێدا بوو دوکتۆرم وەخەبەر هێنا، لە پڕدا بەو نیوەشەوە و بە دەنگی بەرز دەڵێ:

– بەیانی باش، جگەرەیەکت هەیە بمدەیتێ؟

ناوی تەواوی ئەم کابرایە دوکتۆر – ئالکساندر ل ئارێنسۆنە و بە سواری ئۆتۆمۆبێلێکی مێرسیدیس، کە پشتەکەی کردووەتە جێگەی دەوا و دەرمان و وەک "عیادە" کەڵکی لێ وەردەگرێ لە ڕێگەی ئێرانەوە خۆی گەیاندووەتە ئێرە. ئەو بەم شێوەیە و هەر بەم ترۆمبێلەوە زۆر شوێنی تری دنیا ڕۆیشتووە و لە هەر جێگەیەک پێی وا بێت بوونی ئەو پێویست بێت ئەو خۆی دەگەیێنێت. دیارە هیچ پارەیەک لە کەس بۆ ئەم کارانەی جگە لە خواردن و جێ حەوانەوە، وەرناگرێ.

ئالکساندر زەلام، بەهێز و سمێڵێکی زەبەلاحیشی پێوەیە، کە تەنانەت لەناو کوردانیشدا دەتوانێ پێیانەوە بنازێ. ئەو زۆر زوو خۆی لە کاری نەخۆشخانەکەی چۆمانەوە وەردەدات، بەڵام زۆر نارازییە و گەلێک رەخنە و کۆمەڵێک گۆڕانکاریی گرینگ و ئاقڵانەشی پێشنیاز کردووە، کە چۆن کارەکان باشتر و کاریگەرتر بڕۆنە پێش. بەڵام کورد بە قسەی ناکەن و گوێی لێ ناگرن. ئەو خاوەن ئەزموونێکی فرەوانە لەم بارەوە، لە"بیافرا"، هیند و زۆر وڵاتی تری شەڕلێدراو و بەر کارەسات کەوتوودا کاری کردووە. لەم ماوەیەدا فێر بووە چۆن بە ئیمکاناتی ساکار و سادە کاری زۆر گەورە و بەکەڵک بکات، بەڵام دوکتۆرە کوردەکان، کە لە نەخۆشخانەی تەیار و نوێوە لە بەغدا و شارەکانی ترەوە هاتوون بە زەحمەت لەم کابرایە و ڕێگەچارەکانی وی تێ دەگەن.

کاتێک ئەو پێشنیاز دەکات، کە ژنان دەتوانن بە کوڵاندنی ئاوی برنج سکچوونی منداڵەکانیان چارەسەر بکەن بە جێگەی ئەوە کوڵێک دەرمانی جۆرەوجۆریان بە زاردا بکەن، دوکتۆرە کوردەکان نایسەلمێنن و دەڵێن خەڵک

چۆن بەمــە رازی دەبن؟ و هێندێکیـشـیـان ئالکسـاندر بە شـێت دەزانن. بە قسـەی ئەم دوکـتـۆرانە خـەڵکی بۆیە دێنە لای دوکـتـۆر دەرمـانیـان پێ بدات نەک...

بە کـورتی هـەر پێشـنیـازێکی دوکـتـۆر ئالکسـاندر دەگـاتە لای دوکـتـۆرە کوردەکـان و لە لای ئەوان نامۆیە، سـەرێکی بۆ با دەدەن و لەبەر خـۆیانە بە گەوج و کەری دەزانن.

هەمـوو ئێوارەیەک، کە من ئەو دەبینم وەک رۆژی پێشـوو تووڕەیە و دەزانم شـتێکی وتووە بە قسـەیان نەکردووە. ئـەو زۆر دژوار دەتوانێ لەگەڵ هاوکارە کوردەکانیدا رێک کەوێ و بیر لەوە دەکاتەوە بڕوا و ئەم ناوە بەجێ بێڵێ:

– کـاتێک نەتوانم لێرە بـە دڵی خـۆم و بەو جـۆرەی خـۆم دەمـەوێ کـار بکەم گـوێ نادەمێ، کـوردسـتـان بـەجێ دێڵم و دەڕۆم بۆ هـیند، بۆ من جـیـاوازیی چییە؟ کاری من خزمەتی لێقەوماوانە و دنیاش پڕە لەوانە.

کاتێک من لێی دەپرسم ئەو چۆن خەرجی ئەم سەفەرانەی دابین دەکات، لە وەڵامدا تەنیا دەڵێ:

– من هێندێک سەروەتم هەیە.

ئەو ژنێک و کوڕێکی ١٤ سـاڵەی لە هۆڵەندا بـەجێ هێـشـتـووە و بـێ هیچ شکێک ئەو یەکێک لە مرۆڤە جیاوازەکانی ئەم دنیایەیە، کە هەر کەس بیبینێ قەت لـە بیری ناکات و رەنگە منیش لەو دەگمـەن کەسـانە بم، کە بە هاسـانی دەتوانم لەگەڵیدا بسازم و هەڵبکەم.

ئەو رۆژەی من لەناو چادرەکان، لـە بەشی زانیـاریدا دوکـتـۆر کـەمـالم بینی تووشی کابرایەک بووم و لێمی پرسی داخوا من لە ئینگلیزەوە دێم؟

نا، من خەڵکی سوێدم.

– ئاها، ئەگـەر وایە دەتوانین سـوێدی پێکـەوە قسـە بکەین. سـوێدییـەکـەی زۆر باش و مەیلەو بەبێ دەرکەوتنی زاراوەیە.

ئەم کـەسـە ناوی سـەعـیـد دزەیی و یەکـێک لەو کـوردانـەیە لە سـوێد خـوێندوویە، من ئـەودەم دەرفـەتم نـەبوو بە وردی قـسـەی لـەگـەڵدا بکەم بەڵام ئێستە لە دوای گەڕام و لـە ماڵێکی نزیک بەشی ڕاگەیاندن کە مـەیلەو هیچ تەختێکی تێدا نییە دیتمـەوە. ئەو بەهاتنی من زۆر خۆشحاڵە و لـە ڕاستیدا شـتـەکـە بۆ منیش هەر وایە، چاو لـە چارەنووسـی مـرۆڤ کـە، من لێـرە کـەسـێکی سـوێدی - کـورد دەبینمـەوە، کـە بە سـاڵان لـە سـوێد ژیاوە و شارەزاییی لە زمان و ژیانی سوێدییەکاندا پەیدا کردووە بەڵام ئێستە لێرە لە ناوەڕاستی ئازارەکانی خەڵکەکەی خۆیدایە.

سـەعـیـد دزەیی یەکێک لەو کـەسـانەیە لە دوو دنیـادا دەژی و لە هەردوو دنیاکەش باش تێ دەگات. سەعید تەمـەنی ٣٥ ساڵە و ڕەنگە لە پێش چاوی من زۆرتر دیاری بکات، بەڵام لەم ماوەیەدا فێر بووم دژوارە لە ڕێگەی ڕواڵەت و رووخـسـارەوە بزانی کـەس لەم وڵاتـەدا تەمـەنی چەندە. نـاوبراو لە شـاری هەولێـر لەدایک بووە، شـارێکی کـۆن و دێرین و مـێژوویی، کە لە ڕاسـتـیـدا دەبووا پایەتەخـتی کـوردسـتـان بێت، بەڵام ئێـسـتـە شـاری پڕ لە نـەوتی کـەرکـووک کەوتووەتە پێـشی و هەولێـر لەم بارەوە پاش خـراوە. من داوا لە سەعید دەکەم زیاتر باسی خۆیم بۆ بکات:

- باوکی من سێ جاران ژنی هێناوە و من ٢٠ خوشک و برای ترم هەیە. ١١ برا و ٩ خوشک. باوکی من خاوەن موڵک و زەوییـەکی فراوان بوو، بەڵام دوای شـۆڕشی ١٩٥٨، کە زەوی بەسـەر جـووتیـاران دابەش کـرا بنەمـاڵەی ئێـمـە زیانێکی زۆری بەرکـەوت. لەبەر ئـەوەش سـەرجـەمی زەوییـەکە لـەسـەر ناوی باوکم تاپۆ کرابوو، ئێمە هیچ قەرەبوویەک نەکرابنەوە، تەنیا تیکەیەک زەوی، کـە بەشی بنەمـاڵەیەکی ئاسـایی بوو بەر ئێـمـەش کـەوت و تەواو. مـوڵکدارەکـانی تـر لەبەر ئەوە پێـشـتـر زەوییـەکـانیـان لە نێـوان منداڵەکـانی خۆیاندا دابەش کردبوو وەک ئێمە زیانیـان نەکرد بگرە هەر کامەیان هێندەی سـەرجەمی بنەماڵەکـەی ئێمـەیان زەوی بۆ مایەوە. بەڵام باوکی من لەم فێڵـە

تێ نەگەیشتبوو و تازە هەموو شتێکیش لە دەست چوو و پەشیمانی کەڵکی نەبوو.

مەبەست لەم چاکسازیی زەوییەکە ئەوە بوو، کە زەوی لە دەستی ئاغا و موڵکدار بێتە دەر و جووتیاران بۆ خۆیان سەربەخۆ بەرهەمی بێنن و ئەمە بۆ خۆی کارێکی باش بوو بەڵام جێبەجێکردنەکەی بە تایبەتی هەڵە بوو. جووتیار هەر کامەی بووە خاوەن زەویی خۆی، بەڵام ئەوان هەژار و بێ دەرەتان بوون. هیچ ئامراز یان پارەی کڕینی ئەو ئامرازانەی بۆ کێڵانی زەوی پێویستە لە دەست ئەم خەڵکەدا نەبوو. بۆیە ناچار بوون بڕۆنە شار و لە لای دەوڵەمەندان پارە قەرز کەن تا بتوانن شتێک بەرهەم بێنن و بە هۆی بێ ئەزموونی و نەزانیشەوە بەرهەمەکان تەنیا بەشی دانەوەی قەرزەکان بوون و شتێک بۆ بەرهەمهێنەکان نەدەمایەوە، کە ئەمە خۆی بە کارەسات بەکۆتایی هات. پێشتر زەوی هی ئاغا و دەرەبەگ بوو و ئێستەش بە کردەوە هی سەرمایەدارانی شارنشینە و شتێک لە حاڵی جووتیار نەگۆڕاوە و ئەگەریش گۆڕابێت بە باری خراپیدایە نەک باشتر.

ساڵی ١٩٥٨، کاتێک هێشتا ئێمە خاوەن سامان بووین منیان نارد بۆ بەغدا تا لە یەکێک لە باشترین زانسگەکاندا بخوێنم. دوای ئەوە چووم بۆ لەندەن و لە بەشی زانستی سیاسیدا دەستم بە خوێندن کرد. ساڵی ١٩٦٤ گەڕامەوە هەولێر.

زیاتر لە ساڵێک لە هەولێر بێکار گەڕام و دواتر ساڵی ١٩٦٥ نیازم بوو تێکەڵی شۆڕش بم بەڵام بە هۆیەک پەشیمان بوومەوە، دەمزانی بوونی من لە شۆڕشدا زۆر گرینگ نییە، نزیکەی ٤٠٠٠ هەزار کرۆنی سوێدی پارەم هەبوو، بەو پارانەوە رووم کردە ئەورووپا بێ ئەوەی ئامانجێکی روونم هەبێت. چوومە ئەڵمانیا، سویسرا، ئیتاڵیا و سەرەنجام سەرم بە دانیمارکەوە دەرچوو. لەوێ تووشی کچێکی ئەمەریکایی بووم و پێی وتم من پێم وایە بۆ تۆ باشترە بچیت بۆ سوێد.

بەم شێوەیە سەعید گەیشتبووە سوێد. لە عێراق بە پاسپۆرتێکی دەسکار دەرکەوتبوو. لە سوێد خۆی دایە دەستی پۆلیس و، دوای ماوەیەک مافی پەنابەریی پێ درابوو و دەستی بە خوێندن لە زانسگەی ستۆکهۆڵم کردبوو. دوای پێنج ساڵ خوێندن کەوتبووە دوای کار و بە تەمای مانەوە لە سوێد. بۆ خۆی درێژە بە بەسەرهاتەکەی دەدا و دەڵێ:

– من دەمویست ببمە هاوولاتیی سوێد و بەراستیش هەوڵم بۆی دا. من لەناو کارگەدا کارم کردبوو بەڵام ماندوو بووبووم و دەمویست لە شوێنێکدا کار بکەم، کە بۆیم خوێندووە. دەمویست ژنێکی سوێدی بێنم بەڵام ئەمە کارێکی نامومکین بوو، من بە سوێدییەکانم دەوت ئێوە پێنج ساڵ یارمەتیی منتان داوە تا بخوێنم و ئێستەش، کە من گەرەکمە کار بکەم تا ئەو قەرزانەی ئێوە پێتان داوم بدەمەوە کەچی کارم دەست ناکەوێ. بۆیە زۆر نارەحەت و دڵشکاو بووم، لە کچە هاورێیەکەم مالاواییم کرد و گەرامەوە بەغدا.

ئەمە ساڵی ١٩٧٢ بوو و سەعید هەرکە گەرایەوە لە بەغدا لە وەزارەتی دارایی بەشی بیانییەکاندا کارێکی شایانی خوێندن و شەهادەکەی وەرگرت. لە سەرەتای ١٩٧٤وە کرایە بەرپرسی کۆمپانیایەکی نوێ لە هەولێر. شەریکەکە هێشتا بە تەواوی لە هەولێر دانەمەزرابوو شەری نێوان دەوڵەت و شۆرش دەستی پێ کردەوە. سەعید بۆ خۆی لەم بارەوە دەڵێ:

– ١١ی ئادار من لە سەرۆکی کۆمپانیاکەوە تەلگرامێکم پێ گەیشت، کە هەرچێک زووترە بگەرێمەوە بەغدا. کە چوومە ئەوێ لێم پرسین بۆ منتان بانگ کردووە؟ لە وەلامدا وتیان بۆ ئەوە نەچیت تێکەڵی شۆرش بیت. من دوو حەفتەیەک لەوێ مامەوە، دوایە گەرامەوە هەولێر، تاکسییەکم گرت و بە شۆفێرەکەم وت تا چۆمان رانەوەستی. دیارە ئەو رۆژانە هەزاران کەسی تر لە هەولێرەوە ئەم رێگەیەیان بەرەو شۆرش گرتبووە بەر، زۆربەیان بە پێ و دوای حەفتەیەک سەخڵەتی گەیشتبوونە جێ، چونکە هەواکەی زۆر ناخۆش

و باران و ساردی بوو. من کە بە تاکسی هاتبووم کارێکی شێتانە و پڕ مەترسی بوو بەڵام ڕاستی تاقەتی بڕینی ڕێگەیەکی وا دوورم بە پێیان نەبوو. شتی سەیر ئەوەیە من لەم ڕێگەیەدا بەناو ئەو هەموو سەیتەرەدا هاتم و کەس هیچی نەوت و ئێستەش کە باسی دێتە پێش و دەڵێم من لە هەولێرەوە بۆ چۆمان بە تاکسی هاتم، کەم کەس بڕوام پێ ناکات.

هەر لەو کاتەوە، کە وەک قوتابی لە ئینگلیزدا بوو سەعید لە گەلێک بواری جیاوازی بزاوی کورددا چالاک بوو، لە سوێدیش درێژەی بەو کارەی دا و بە نووسینی وتار، پێکهێنانی کۆڕ و کۆبوونەوە خزمەتی خۆی درێژە دا و یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەو کۆمیتە کوردییە، کە لە ستۆکهۆڵمدا کاری دەکرد.

ئەو هەر لەمێژەوە بڕیاری دابوو ئەگەر ڕۆژێک بێت و شەڕ دەست پێ بکاتەوە، چالاکانە بەشداری شۆڕش بێت و کاتێکیش گەیشتە چۆمان ئامادە بوو لەو بوارەدا، کە زیاتر بەسەریدا زاڵ بوو دەست بەکار بێت. ئەم ڕۆژانە، کە من لە چۆمانم ئەو بەرپرسی بەشی ئینگلیزیی رادیۆی کوردستانە، کە ڕۆژانە بەرنامەکانی بڵاو دەبنەوە و جگە لە هەواڵی ڕووداو گشت ڕۆژێک وتارێکی سیاسیش بڵاو دەکاتەوە، کە لە لایەن سەعید خۆیەوە دەنووسرێ.

من گوێ لە یەکێکی ئەو وتارانەی رادیۆی کوردستان دەگرم، کە بە ئینگلیزی لە لایەن سەعیدەوە نووسراوە باس لە بێدەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە حاست بارودۆخی خراپی کورددا دەکات:

کۆمەڵکوژی، هەڵاواردنی ڕەگەزی و شەڕێکی بێ ڕوحمانە، کە لە کوردستاندا لە ئارادایە و ئامانجی ریشەکێشکردنی کوردە و هەروەها تیرۆر و تۆقاندن لە عێراق تاوانی حاشا هەڵنەگر و پێشێلکردنی ئاشکرای پێڕەوی نەتەوە یەکگرتووەکانە.

تیرۆری ڕێژیمی بەعس لە کوردستان بێ بایەخگرتنی سەرجەمی

پرەنسـیـپـەکـانی یو ئێنە و پێـشـێلکردنی تەواوی ئەو مـافـە مـرۆیی و نـەتەوەییـیـانـەیە، کـە هـەردەم لە لایـەن گـەلانـی دیموکـرات و خـاوەن شارستانییەوە رەوابوونیان سەلمێنراوە.

دەسـەڵاتدارانی رژێمی بەعس بێباک لە لێپێچینەوە و لێپرسینەوەیەک، خـراپتـرین تـاوان لە کـوردسـتـان ئەنجـام دەدەن و نەتەوە یەکگرتووەکـان و گشت ئۆرگـان و ناوەندەکانی ژێر چاودێریی ئەو رێکخـراوە جیـهـانییـە، لەم بارەیەوە بێـدەنگن. ئەم شـەرە چەپەڵ و بێ روحـمـانەیە و هەڵواسـینی بە کۆمەڵی کورد و عەرەب لە لای بەعسەوە بووەتە بیـانووی ئۆقرەیی و ئارامی لە وڵات. بەو حاڵەش تاقە وڵاتێکی ئەندامی ئەم یەکەتییە ئامادە نییە دەنگێک هەڵبڕێ. بەڵام بۆ ئەوانەی رێز لە مافەکانی مرۆڤ دەگرن دەبوا هیچ بیانوو و پاساوێک بۆ ئەم بێدەنگییە جێی پەسند نەبوایە.

لە شـوێنەکـانی تری دنیـادا بـە هاسـانی یو ئێن دەست لە کـاروباری ناوەخۆییی وڵاتانی ئەندام وەردەدات و رێگەچارە بۆ کێشـە دەبینێتـەوە بەڵام کـاتێک دەگـاتە لای ئێـمـەی کـورد نەتەوە یەکگرتووەکـان و سـکرتێـری گشتییەکەی گوێ خەواندن و خۆلادان هەڵدەبژێرن.

تاقـمی بـەعس ئیـزنی پێ دەدرێ کـۆمـەڵکوژی بکات و درێژە بـە شـەرێکی دژی خەڵکی لە بەرانبەر سەرجەمی نـەتەوەیەک لە کوردستاندا بدات، ئەمەش سـەرەڕای ئەندامبوونی عێراق لە یو ئێن و ئیـمزاکردنی ئەم بەڵگەنامـەیە لە لایەن ئەم رژێمەوە:

١ – بەڵگەنامەی پێشگری و سزادانی کۆمەڵکوژی.
٢ – بەڵگەنامـەی ناونەتەوەیی لەسـەر لەناوبردن و سـڕینەوەی هەمـوو شێوەکانی هەڵاواردنی رەگەزی.
٣ – بەڵگەنامـەی ناونەتەوەیی لەبارەی مـافـە ئابووری، کـۆمـەڵایەتی و رۆشنبیرییەکانەوە.

٤ – بەڵگەنامەی ناونەتەوەییی مافی هاووڵاتیبوون.

ئێمە لەم بارەیەوە تەنیا رێژیمی فاشیستی بەعس بەم کارانە تاوانبار ناکەین، بگرە زۆر و کەم نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە تاوانبار دەزانین، کە دەستی ئەم رێژیمەی ئاواڵە کردووە تا شەڕی توانەوە و سڕینەوەی خەڵکی سیڤیلی کوردستان دەست پێ بکات و بێ ترس لە لێپرسینەوەش درێژەی بدات. فاشیستەکانی بەعس لە بەغدا کاتێک بێدەنگیی یو ئێن دەبینن لە شەڕی چەپەڵیاندا دژی ئێمە پشت ئەستوور دەبن. هەمان ئەم پشت ئەستوورییانە لە دەیەی ٣٠دا درایە هیتلەر و بینیمان، کە چیی لێ شین بوو. هەروەها ئێمە باش دەزانین، کە بەعس هەمان ئامانج و نیازی فاشیستییەیان هەیە و ئێستە، کە شەڕەکەیان لە کوردستاندا دەست پێ کردووە بێ شک لە داهاتوودا کارەساتێک بۆ سەرجەمی رۆهەڵاتی ناوین دەنێنەوە.

ئازادی له هەموو شت گرینگتره

سێ حەفتە بەسەر گەڕانەوەی من لە کوردستان رادەبڕێ. هەر ئەمڕۆ یەکەم نامەم لەوێوە پێ گەیشتووە و لە لایەن سەعدوڵڵاوە نووسراوە تێیدا دەڵێ:

"گەلێک شت دوای تۆ گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، دەوڵەت گەورەترین هێرشی خۆی بۆ سەر "گەرووی عومەر ئاغا" لە بەرەی باڵەکایەتی دەست پێ کرد و لە لایەن ئێمەوە ناچار بە پاشەکشێ کران. لە رووداوەیلی شەڕ و کشانەوەیاندا هێزەکانی رێژیم نێزیک ٥٠٠ کەسیان لێ کوژرا و سەد لاشەیان کەوتە دەستی ئێمە. رۆژی دوایی فڕۆکەکانی دەوڵەت وەک تۆڵەکردنەوە چۆمانیان بۆمباران کرد و لە ئاکامدا کوڕێک بە ناوی ئازاد کوژرا. جێی ئاماژەیە تۆ وتووێژت لەگەڵ بنەماڵەی ئەم کوڕەدا کردبوو تا وەک نموونەی ئەوانە لە کەرکووک وەدەر نراون نیشان بدرێ. هەروەها ژمارەیەکی زۆریش لەم بۆمبارانە بریندار بوون."

بە دەفتەری یاداشتەکانمدا دەچمەوە، بنەماڵەیەکی خەڵکی شاری کەرکووک... ئەرێ، ئەوەتا، من تایبەتی ئەوانم لە بەرچاو گرتبوو تا باسیان بکەم. لاپەڕەی دەفتەرەکەم دەدەمەوە... دەبینم ئەوەتا ناوەکەی لێرەیە، ئازاد... ئەو تەمەنی ١٢ ساڵ بوو.

پیاوەکە ناوی کاکەڕەش و ژنەکەی ناوی "خونچە"یە. دیارە ئەوان شتێکی دەگمەن و جیاوازیان لەگەڵ خەڵکەکەی تردا نەبوو. ئەوان لە گەڕەکی رەحیماوای کەرکووک دەژیان، بنەماڵە و خزمانی ئەوان پشتاوپشت لەوێ ژیابوون، کۆزێک منداڵیان هەبوون، دوکانێکی بچکۆلە بۆ بەڕێوەچوونی

خۆیان هەبوو و بە هەبوونی دوو دەستە ماڵ لەو شارەدا لە سەریەک ژیانیان خۆش و حاڵیان ئاسوودە بوو.

١٩٧٢ کورە گەورەکەیان تێکەڵی شۆڕش بوو، رووی لە شاخ کرد. کاتێک لە ئاداری ١٩٧٤دا شەڕ دەستی پێ کردەوە باوکی بنەماڵەش رێگەی شاخی گرتە بەر و بە قسەی خۆی کاتی ئەوە بوو خەبات بۆ رزگاریی خۆیان بکەن.

دوای ئەمە خونچە، بە تەنیا لەگەڵ چوار منداڵدا مایەوە. ئازاد ١٢، فەرهاد ٩ شێرزاد ٧ و قوبادیش ٤ ساڵانە بوون. بەو حاڵەش نەدەبوا گرفتێکی گەورە بێتە سەر رێگەی بەڕێوەچوونیان چونکە هەم لە ماڵی خۆیاندا دەژیان و هەمیش دوکان و ماڵێکی زیادیشیان هەبوو، کە دەکرا لە کاتی پێویستدا بیدەنە کرێ.

بەڵام ئێستە من خونچە لە چۆماندا دەبینم. ئەو لە دیوێکدا لەسەر ئەرد دانیشتووە کە نۆ کەسی تێدا دەژین. ژنێکی گورجوگۆڵ و پڕ لە وزە و کاتێک من دەمەوێ قسەی لەگەڵدا بکەم، بە پێچەوانەی ژنانی تری کورد، کە لە کاتی بینینی کەسێکی نەناسراودا هێندێک شەرم و شوورەیی لە خۆیاندا نیشان دەدەن، ئەو باکێکی نییە لەوەی باسی خۆی و بەسەرهاتی بنەماڵەکەیم بۆ بکات:

– من لە کەرکووک دەترسام. دیارە کاتێک پیاوانی رێژیم بیانزانیایە کەسێکی هەر بنەماڵەیەک – کوڕیان یان باوکیان – لە لای شۆڕشە، پاشماوەی بنەماڵەکەش شاربەدەر دەکران. بە شەوانە درەنگ پۆلیس بەسەر خەڵکیان دادەدا، خەڵکەکەیان دەبردە دەرەوە و دەستیان بەسەر ماڵەکەدا دەگرت. ئەم دۆخە بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دۆستەکانی من رووی دابوو. رۆژێک لە دۆستێکەوە هەواڵم پێ گەیشت، کە کاربەدەستانی میری زانیویانە مێرد و کوڕی منیش پێشمەرگەن و بڕیارە شەو بێنە سەرمان. لە چارەنووسی خەڵکی ترەوە دەمزانی مانای چاوەڕوانیی ئەو شەوە سامناکە چییە، بۆیە

من نەوێستام تا شەو بەسەردا بێت و ئەوان بواریان بێت بگەنە سەرمان. بە پەلە ئۆتۆمۆبێلێکم بەکرێ گرت، هەر چوار منداڵەکەم تێ خست و داوام لە شۆفێرەکەی کرد بمانگەیەنێتە تەق تەق لەسەر ڕێگەی کۆیە. شۆفێرەکە نەیدەویست لەوە زیاتر لەگەڵمان بێت، بۆیە ڕۆژی دوایی دوو هێسترم بەکرێ گرت، پاش پێنج ڕۆژ بە سواری و هێندێک جاریش بە پێ تا گەیشتینە پێنجوێن. دیارە ئەمە نزیکترین ڕێگە نییە بۆ ئەوەی خەڵک بێت بۆ چۆمان، بەڵام ئێمە ناچار و بۆ ئەوەی نەکەوینە دەست پیاوانی ڕێژیم دەبووا لە پێشدا بڕۆینە ناو خاکی ئێران و لەوێوە دیسان جارێکی تر بگەڕێینەوە بۆ لای چۆمان.

من لە پێنجوێن چوومە نووسینگەی پارتی و داوام لێ کردن تەلگرامێک بۆ چۆمان بنێرن و بڵێن ئێمە بە ڕێگەوەین بۆ ئەوێ.

ڕێگەی تەق تەق بۆ پێنجوێن زۆر دژوار بوو. هەوا زۆر گەرم و ئێمەش وەک پێویست ئاومان پێ نەبوو. دوای سێ ڕۆژ گەیشتینە "شەدەڵە" بەڵام نەمانوێرا لەوێ بمێنینەوە و ڕۆیشتین بۆ "سەرگەڵوو". لەوێ دوو شەو ماینەوە، من هەموو پارەکەم لە ڕێگە خەرج کردبوو و نەمدەتوانی هێستر بەکرێ بگرم بۆ درێژەی ڕێگە. بەڵام چاک بوو لەوێ تووشی چەند پێشمەرگەیەک بووین و ئەوان لەم بارەوە یارمەتییان داین. نیوەی شەو ئەوان بە سواری لۆرییەک دەرۆیشتن بۆ پێنجوێن و ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد. جگە لە ئێمە گەلێک بنەماڵەی تری هاوچارەنووس لەگەڵدا بوون و هەموو ڕێگە ترسی ئەوەمان هەبوو بکەوینە داوی بنکە و سەیتەرەکانی ڕێژیم، کە لەو ناوە نێزیک بوون.

لە پێنجوێن پارتی ٥٠ دیناری دا بە من و بە پێ لە سنووری ئێرانەوە چووینە ئەودیو و ڕۆیشتین بۆ شاری سنە. لەوێشەوە چووین بۆ مەهاباد و سەرەنجام گەیشتینە خانێ لەسەر سنووری چۆمان.

لەم ڕێگە درێژەدا گەلێک ماندوو بووین و تا گەیشتینە ئێرە دوو حەفتەی تەواوی کێشا. کاتێک گەیشتینە چۆمان پیاوەکەم سەری سووڕمابوو، چونکە هیچ کات ئاگەداریان نەکردبوو ئێمە لە ڕێگەداین. بەڵام من ئێستە خۆشحاڵم، پیاوەکەم کار بۆ شۆڕش دەکات و هێندەشمان پارە لە شۆڕشەوە پێ دەدرێ ژیانمان هەڵسووڕێ. دیارە ئێستە وەک جاران خاوەنی ماڵی خۆمان نین، وەک دەبینی هەمووممان لەم دیوەدا دەژین و جێگەکەمان زۆر تەنگە. تازە ئەو کەسەش ئەم ماڵەی پێ داوین خۆی پێویستی پێیەتی بۆ هێندێک خزمی نزیکی خۆی، کە ئەوانیش وەک ئێمە جێگەیەکیان بۆ ژیان نییە. هیوادارم ئێمە لێرە لە چۆمان بتوانین ماڵێک بۆ خۆمان ساز بکەین و تێیدا بژین تا کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ کەرکووک. دیارە تا عێراقی لە کەرکووک دەسەڵاتدار بن من ئێرەم لا باشترە و تەنیا لە کاتێکدا دەگەڕێمەوە، کە شۆڕش سەرکەوێ و تێکڕا بگەڕێنەوە.

ئێمە ئێستە لێرە زۆر بێ دەرەتان و هەژارین، من کاتی هەڵاتن جگە لە هێندێک جلوبەرگ، نەمتوانی شتێکی تر لەگەڵ خۆمدا بێنم. هەموو شتێکمان لە کەرکووک بەجێ هێشت و ئێستە بە دڵنیاییەوە عێراقییەکان ڕۆیشتوون و هەموو شتێکی ئێمە و ئەوانەی تریش، کە وەک من رایان کردووە تالان کردووە و خەڵکی تریان بردووەتە ناو ماڵەکەمان. بەڵام ئەمانە زۆر گرینگ نین، تەنیا من بتوانم لەگەڵ بنەماڵەکەمدا بم هەموو شتێکە، ئازادی لە هەر شتێکی تر گرینگترە.

ئێمە پلان بۆ ئاشتی دەکێشین

پاش نیوەڕۆیەک لەگەڵ شەماڵدا دەڕۆم بۆ گوندی "بەردانگە" کە لە دۆڵەکەی ئەوبەرەوەیە و لە شوێنەکەمان – قەسرولسەلامەوە –دەتوانین ببینین. شەماڵ کارێکی هەیە لە لای کاک حوسێن بەرپرسی ئەنجوومەن و کە گەیشتینە ئەوێ ناوبراو بۆ خواردنی ئێوارە لە ماڵەکەی خۆی، کە لە هەڵدێرێکدا سازی کردووە و بانجێڵەکەی دەڕوانێتە ناو دۆڵەکە، مێوانیمان دەکات. دیمەنی ئەم جێگەیە بە شێوەیەکی سەیر سەرنج ڕاکێشە. پیاو لێرەوە ئاوابوونی خۆر لە داوێنی کێوی "هەڵگورد" یەکێک لە بەرزترین لووتکەکانی کوردستانەوە دەبینێ، سەرەتا کێوەکە بە تیشکی خۆر سوور هەڵدەگەڕێ، دوایە رەنگێکی شین دای دەگرێ و دیسان رەش دەبێت و دواجار خۆرەکە بە تەواوی ون دەبێت و ئینجا کاتی هەڵبوون و رووناکیی ئەستێرەکان دەست پێ دەکات.

رۆژی دوایی لەگەڵ سەعدوڵڵا دەڕۆم بۆ ئاوایی "وەڵزێ"، ئەم شوێنە گوندێکی ئاساییە و لە راستیدا من گەرەکمە لەم بەشەی کوردستاندا دێیەکی "ئاسایی"ش ببینم.

دەکرێ بە سواری لاندرۆڤێر برۆین بۆ ئەم گوندە، بەڵام ڕێگەکەی زۆر خراپە. نزیک ١٠٠ بنەماڵە لەم گوندەدا دەژین و لەبەر ئەوە هەر ماڵە و ٦ – ٧ منداڵیان هەیە مانای ئەوەیە، کە بە ساڵداچوانیشی لەسەر حیسێب کەیت دانیشتوانەکەی دەبنە نزیک ٨٠٠ – ٩٠٠ کەس. بەڵام کاتێک دەڕۆینە ناو گوند دەبینین مەیلەو چۆڵوهۆڵە و تەنانەت ماوەیەک کات دەبات تا دوو پیاوی گەنج دەکەونە بەرچاومان و پرسیاریان لێ دەکەین. ئەم دوو کەسە هەردووکیان مامۆستای منداڵانی گوند، حەسەن ئەنوەر و ئیبراهیم غەفوورن

و ئەوان دەبنە یارمەتیدەرم تا تێگەیشتنێک لەسەر ژیانی خەڵک لەم دێیەدا بە دەست بێنم.

ئەم دوو مامۆستایە چوار ساڵە لەم گوندەن و بە وتەی ئەوان لەم ماوەیەدا هەژماری دانیشتوانی گوند زیادی کردووە، چونکە خەڵکی تر، کە لە شوێنەکانی ترەوە لە دەست شەڕ و بۆمبارانی دەوڵەت هەڵاتوون لێرە گیرساونەتەوە:

– دانیشتوانی ئێستەی ئێرە زۆرتر ژن، منداڵ و پیاوی پیرن. هۆیەکەشی ئەوەیە زۆربەی پیاو پێشمەرگە و لە بەرەی شەڕدان. دیارە هەر ئێرە وا نییە، ئێستە زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی تریش وان.

لە ١١ی ئادارەوە، کە شەڕ دەستی پێ کردووەتەوە تا ئێستە ئەم گوندە حەوت جار بۆمباران کراوە. بۆ ماوەی چەندین مانگ زۆربەی خەڵکەکەی لە ترسی فڕۆکە بە رۆژ دەچوونە بنی ئەشکەوتان لەو کێوەی سەرەوە تا گیانی خۆیان بپارێزن. تەنیا شەو، ئەو دەمانەی فڕۆکە بە ئاسمانەوە نەبوو دەگەڕانەوە ناو ماڵەکانیان. ئێستەش هەموو دەترسن لە هێرشی هەوایی و دەزانن هەردەم دەشێ کارەساتێک لێرە روو بدات. بەڵام ئەوان چارەیەکی تریان نییە، لە لایەکەوە دەبێت بێن و ئاگایان لە مووچە و مەزرا و کشتوکاڵیان بێت تا شتێک بۆ بژێویی خۆیان پێکەوە نێن، لە لایەکی ترەوە مانەوە لە ئەشکەوت و بنی بەردان بە هۆی هاتنی سەرماوە دژوار و نامومکین بووە. ئەوان نایانەوێ گوندەکەشیان بەجێ بهێڵن.

سەرجەمی دانیشتوانی گوند موسڵمان و گوندەکەیان مزگەوتێکی لێیە. مزگەوتەکە بینایەکی ساکاری لە کوچک ساز کراوە، کە دوو حەوزی جیاوازی هەیە. یەکیان پیاوان کاتی نوێژکردن هەموو جارێک دەستنوێژی لێ هەڵدەگرن، دەست و لاقیانی تێدا دەشۆن و حەوزەکەی تر بۆ خۆشۆردنە، واتا هەموو لەشیانی تێدا دەشۆن. رەسم و نەریت وایە هەر کات پیاوان

لەگەڵ ژنەکانیاندا بخەون، دەبێت بەیانی زوو خۆیان لەم حەوزەدا بشۆرن.

قوتابخانەیەکیش لە ئاواییدا هەیە کوڕ و کچ پێکەوە تێیدا دەخوێنن و دەوروبەری ١٠٠ منداڵ، لەوانە ٣٠ کچ تێدا خەریکی وانەن. ئەم قوتابخانەیە بەر لە شەش ساڵ لە لایەن شۆڕشەوە ساز کرا و هەوڵ دراوە بەردەوام کارەکانی بڕۆنە پێش بەڵام لە کاتی بۆمبارانادا ئەویش دادەخرێ و منداڵەکانیش وەک سەرجەمی خەڵکەکە دەڕۆن بۆ خۆشاردنەوە. شەش مامۆستا لەم شوێنە خەریکی دەرس وتنەوەن و ڕۆژانە سات هەشتی بەیانی دەست پێ دەکەن. لێرە جگە لە کوردی، ئینگلیزی و عەرەبییش بە منداڵەکان دەخوێنرێ. بۆ بەشداربوون لەم قوتابخانەیە پارەیەک لە کەس وەرناگیرێ و تەواوی خەرجی لەسەر شۆڕشە. نزیک دە لە سەدی منداڵانی گوند نایەنە قوتابخانە و ئەمەش زیاتر لە هەژارترین بنەماڵەن کە پێیان وایە پێویستترە منداڵیان لە مەزرا کار بکەن نەک بڕۆنە بەر خوێندن. مامۆستا حەسەن لەبارەی ئەم ناوچەیەوە دەڵێ:

– ئەم بەشەی وڵات لە ساڵی ١٩٦١ەوە هیچ کات لە بەردەستی ڕێژیمدا نەبووە. پێشتر دەوڵەت گوێیان بەم ناوچەیە نەدەدا و نێزیکەی تەواوی نەوەی پێش ئەمانە لەم ناوچەیە نەخوێندەوارن. بەڵام ئێستە ئێمە پۆلی شەوانەشمان بۆ گەورەساڵان داناوە و ژمارەیەکی زۆریشیان فێری نووسین و خوێندن بوون.

پێشی ١٩٥٨ هەموو خاک و موڵکی ئەم ناوە هی زەویدارانی دەوڵەمەند بوو، کە بۆ خۆیان لە شاردا دەژیان، نوێنەریان هەبوو بەسەر جووتیارانەوە دەگەڕا و بەروبوومەکەی بۆ کۆ دەکردنەوە و جووتیارانیش کاریان بۆ ئەوان دەکرد. دوای ریفورمی زەوی، کە شۆڕشی کوردیش بە تەواوی پشتیوانیی لێ دەکرد و تا دوا ساتیش بەشەکەی خۆی خستە بواری کردارییەوە، هەر جووتیارێک بوو بە خاوەنی پارچە زەویی خۆی و دوور لە دەسەڵاتی موڵکدار توانی بۆ خۆی بەرهەمی بێنێ.

مامۆستاكان دوای ئەوە ئێمە بۆ خواردن مێوانی دەكەن، دەورێكی گوندەكەشمان لەگەڵ دەدەنەوە. لە دوورەوە گرم و هۆڕێک دەبیستین، کە لە بەرەی شەڕەوە دێت، هەروەک ئەو گوندانەی من پێشتر لە بادینان بینیمن ئەم دێیەش لە لای جۆگەیەكدا ساز كراوە ئاوێكی خاوێن و زوڵاڵی پێدا دەڕوات و لە خوارەوەی گونددا دوو ئاش بە هێزی ئاوی ئەم جۆگەیە دەگەڕێن. لە لای یەكێک لە ئاشەكانەوە ئاوەكە دەڕواتە ناو كەناڵێكی دیوارین و لەوێشەوە دەڕواتە ناو لوولەیەک، کە لە بۆشكەیەكی جۆشكار ساز كراوە. ئاشەكان بە چەرخی ئاوی هەڵناسووڕێن بگرە بە "توربین" كار دەكەن "هارەی" زەبەلاحی بەردینیان هەیە و هەموو ئامرازێكی میكانیكی ئەم ئاشە لە دار ساز كراوە.

دەگەینە لای ژنێک خەریكی نانكردنە و من تا ئێستە هەستم بەوە كردووە لە كوردستان دوو شێوە نان هەیە. جۆرێكیان نانێكی ئەستوور و پڕە و جۆرەكەی تری ناسک و تەسكە. لێرە نان بناخەیە بۆ ژیان و ئەم ژنە ئێستە ئێمە دەیبینین خەریكی سازكردنی نانی تەنک و ناسكە...... (نووسەر زیاتر لە لاپەڕەیەكی تری لەسەر چۆنیەتیی نان و شێوەی سازكردنی نووسیوە، كە من وەرگێڕانی بۆ خوێنەری كورد بە پێویست نازانم. – وەرگێڕ) ئەم نانە تەنكە دوای وشكەوەبوون دەكرێ ماوەیەكی زۆر هەڵی گری و بێ ئەوەی خراپ بێت. ئەگەر هیچ پێخۆریش نەبێت دەكرێ نانی وشک و چا بخورێ و ئەمەش ئاساییترین خواردنی پێشمەرگە لە بەرەكانی شەڕدایە.

دیارە كوردستان ناسراوە بە شتی تریش بۆ نموونە پەنیر، خەڵک لە شیری ئاژەڵەكانیان گەلێک شت و لەوانە پەنیر ساز دەكەن. جگە لەمەش گوێز و هێندێک شتی تر وشک دەكرێنەوە و بۆ زستان، كە میوە و خواردنی تر دەست ناكەون، خەڵک بەم شتانەساڵ دەبەنە سەر.

ئاژەڵی خەڵک تێكڕا لە لەوەڕگە گشتییەكاندا بەخێو دەكرێن و بۆ هەر ڕانەمەڕێک شوانێک یان دووان هەیە ئاگەداریی ئاژەڵی گشت خەڵكەكە

دەکات. گوندێکی وەک وەڵزێ دوو سێ "مێگەلی" هەیە، کە زۆربەیان مەڕ و بزنن و هێندێکیش گا و مانگا. ئاژەڵی هەموو ماڵەکان دەڕۆنە ناو هەمان "مێگەل" و هیچ کامیشیان دیاری و نیشانە نەکراون بەڵام خاوەنەکانیان دەیانناسنەوە.

ئەو ژنەی خەریکی نانکردنە زۆر جوانە، ناوی ژیان و تەمەنی ٢٥ ساڵە. مێردەکەی ناوی حوسێنە پێشمەرگەیە و ئەوان پێکەوە ٣ منداڵیان هەیە، دوو کوڕ و یەک کەنیشک، کە تەمەنیان پێنج، سێ و یەک ساڵەیە. ژیان قەت بۆی نەلواوە بڕواتە قوتابخانە بەڵام هیواداره منداڵەکانی ئەو دەرفەتەیان هەبێت و بتوانن بخوێنن. ئەو لە بەختی خۆی رازییە و ئاواتەخوازە ئەم شەڕە هەرچییەک زووتر تەواو بێت و مێردەکەی بۆ هەتایە بێتەوە ماڵ لای ئەو و منداڵەکانی.

خاکی کوردستان زۆر بە پیتە و لە ماوەی ساڵدا دووجار بەرهەمی لێ هەڵدەگیردرێ. توتن، پەمۆ و برنج لە بەهار و گەنم و گەنمەشامی لە پایزدا دەکێڵدرێن. لە کاتی ئاشتیدا کوردستان زۆر زیاتر لە پێویستییەکانی خۆی بەروبووم و بەرهەمی کشتوکاڵیی هەیە کە دەگاتە گەنم و جۆ تەنانەت بەرهەمی کوردستان بۆ هەموو عێراقیش گرینگترین رۆڵیان هەیە. بەڵام گەنم و جۆ زیاتر لە پێدەشتەکاندا بەرهەم دێت، کە ئێستە لەژێر چنگی رێژیمدایە. ئەوەی هەموو ئەم شتانە بۆ من باس دەکات کەسێکە بە ناوی حەسەن حوسێن، کە جێگری بەرپرسی دایەرەی دابەشکردنی زەوی و ئاودێرییە و ئێستە لە چادرێک لە تەنیشت بەشی راگەیاندن دادەنیشێ. ناوبراو درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێ:

– لێرە مێوەی جۆرەوجۆر بەرهەم دێ و سێومان تەنانەت لە سێوی لبنانیش باشترن. تەنیا لە دەڤەری دهۆک ساڵانە دە هەزار تۆن سێو بەرهەم دەهات و کاتی خۆی ئێمە بەرهەممان بۆ بەغدا و ناوچەکانی خوارووی عێراق دەنارد.

زیاتر لە ٢٠٠٠ کەس لە بەشی کشتوکاڵ دامەزراون و سەرەڕای بەردەوامیی شەڕ، خەریکی باشترکردنی بەرهەمهێنان و سازکردنی ئاودێریی دەستین تا جووتیاران لەم ڕێگەیەوە بتوانن بەرهەمیان زیاتر بکەن. حەسەن حوسێن لە درێژەدا دەڵێ:

– ئێمە بۆ بەکارهێنان و خستنەگەڕی میتۆد و شێوەی نوێ هیچ گرفتێک نابینین، بەشەرتێک ببێتە هۆی باشتربوونی کارەکەمان. کوردستان هەردەم باوەشی بە ڕووی داهێنانی نوێدا ئاواڵەیە. ئێمە پلان و بەرنامەی دوای شەڕ دادەڕێژین، ئێستە گرینگترین شت ئەوەیە وەک پێویست خۆراک بۆ بژێویی خۆمان ئامادە بکەین، بەڵام دوای شەڕ کشتوکاڵ پەرە دەستێنێ و گەلێک باشتر دەبێت.

من دەڕۆم بۆ خانەقا، کە لە لای ڕێگەکەی لای خوارەوە و لە نزیک بەرەی ڕەواندزدا هەڵکەوتووە. دوو پزیشکی فرەنساییش بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی پێویستییەکانی خەڵک هاتوون بۆ کوردستان دەڕۆن بۆ ئەوێ و منیش لەگەڵیاندا دەڕۆم. من بۆ خۆم هێندێک لەم تاقم و دەستانە، کە ئەمسەر و ئەوسەری دنیا دەگەڕێن تا دیاری بکەن لە کوێ دەرد و ئازار زۆرترینە، دڕدۆنگ بووم بەڵام ئەم پزیشکانە بە ڕاستبێژی و تێگەیشتنی دروستی خۆیان، کە لە دەرخستنی هاودەردییان لەگەڵ ئەم خەڵکەدا دەردەکەوێ، کاریگەرییان لە من کردووە تا پێچەوانە بیر نەکەمەوە لەبارەیان. ئەمانە سەر بە ئۆرگانێکن بە ناوی "پزیشکانی بێ سنوور". ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە چەند سەد کەسێکە و لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا یارمەتیی ئەوان پێویست بێت ئەوان ئامادەن بگەنە جێی مەبەست.

ئێمە سەردانی نەخۆشخانەی خانەقا دەکەین، دەردەکەوێ تەنیا کەپرێکە و لە هەڵدێر و لالێژێکەوە ساز کراوە. دوکتۆر" فەیسەڵ نەقشبەندی"، کە ڕاستەوخۆ لە زانسگەی بەغداوە هاتووە و تێکەڵی شۆڕش بووە لێرەدا خەریکی خزمەتە. دوکتۆر فەیسەڵ تەنانەت کورسی یان مێزێکی نووسینی

نییە. " نەخۆشخانەی ئەم دوکتۆرە بۆ پێشوازی و تیماری بریندارانی بەرەی شەڕ، کە لەوبەری کێوەکەوەیە، تەرخان کراوە. ڕۆژانە دە بریندارێکی بەرەی شەڕ، دوای شەش حەوت سات بە سواری هێستر دەگەنە ئێرە و دەبێت تیمار و چارەسەر بکرێن. دوکتۆر فەیسەڵ کارە سەرەتاییەکانی ئەم بریندارانە، وەک خاوێنکردنەوەی برین، پێشگری لە خوێن و پێچانی برین دەکات و دوایە بەڕێیان دەکات بۆ نەخۆشخانەی چۆمان.

لە کاتێکدا ئێمە لەژێر کەپرەکە دانیشتووین، بریندارێک، کە پێشمەرگەیەکی گەنجە بە سواریی هێسترێک دەگاتە لامان، لاقی بە بەر پارچەی تۆپ کەوتووە و بە توندی خوێنی لەبەر دەڕوات. نەقشبەندی برینەکەی بۆ دەشوا، پەڕۆیەکەی دەگۆڕێ و دواتر بریندارەکە بە یارمەتیی هاوڕێیەکی و گۆچانێک دەست بە ڕێگە ڕۆین دەکات.

لە خوار شوێنەکەی دوکتۆر نەقشبەندییەوە، تاقمێک پێشمەرگە ڕاوەستاون و دەردەکەوێ لە بەرەی شەڕەوە دێن، تەرمی پێشمەرگەیەکی کوژراویان پێیە سواری هێسترێکە. هێندێک ڕادەوەستن، دوایە چەند پیاو تەرمەکە هەڵدەگرن، زۆر ئارام و بە سەرنجێکی تایبەتەوە دەیگوازنەوە و دەیخەنە ناو لاندرۆڤێرێک و بەڕێی دەکەن.

لە ڕێگەی گەڕانەوە لادەدەینە گوندی "واوسان"، کە دوو ساتێک لە ڕێگەکەمانەوە دوورە. بە شەتاوێکدا هەڵدەگەڕێن، جاروبار گرم و هۆڕی چەکەکانی بەرەی شەڕ و دەنگی فڕۆکەی دەوڵەتی عێراق دەبیسین. لەم گوندە تووشی کۆمەڵێک هونەرمەند دەبین لەناو باخەکانی ئەم ئاواییەدا خەریکی کاری مۆسیقان و گرووپێکیان پێک هێناوە بە ناوی "گرووپی مۆسیقای شۆڕش". هەموو ئەمانەش دوای دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ١١ی ئاداردا تێکەڵی شۆڕش بوون. من لەگەڵ یەکێک لەم هونەرمەندانە بە ناوی "خالید ئەحمەد؟" کەمانچەژەن و خەڵکی سلێمانی قسە دەکەم:

– کەسی پسپۆڕ و تازەکاریش لەم گرووپەی ئێمەدا بەشدارن و ئێمە هەموو جۆرێکی مۆسیقا، مۆدێرن و کلاسیک لێ دەدەین. هەروەها گشت ئالەتێکی مۆسیقاش وەک، کەمانچە، فلوت، گیتار، شمشاڵ، کە ئامێرێکی تایبەتی کوردییە بەکار دێنین. مۆسیقای کوردی ریشە و ریتمی تایبەت بە خۆی هەیە، زۆر هاسانە مۆسیقای کوردی لە عەرەبی جیا بکەیتەوە، چونکە لە راستیدا هیچ لێکچوونێکیان نییە. خەڵکی کورد زۆر تێکەڵاوی مۆسیقان و لە راستیدا دەکرێ هەموو کورد ببنە مۆسیقار!. مۆسیقا لای ئێمە زۆر گرینگە، رەنگە لەبەر ئەوە بێت لەو رێگەیەوە دەتوانین هەستی خۆمان دەربڕین، شتە نەوتراوەکان باس بکەین، یەکەتی و یەکپارچەیی لەناو خۆماندا پێک بێنین و بە ڕاستی من پێم وایە مۆسیقا بەشێکە لە سروشتی خەڵک لێرەدا، وڵاتی ئێمە زۆر جوانە و مۆسیقاش تێکەڵاوی جوانییەکانە.

من دواتر، کاتێک لە قوتابخانەی گوندەکەدا خەریکی پرۆڤەن گوێیان لێ دەگرم، ئێستە ناتوانم باسی چۆنیەتیی مۆسیقای ئەوان بکەم بەڵام تێ دەگەم ئەم جۆرە مۆسیقایە هەڵقوڵاوی ناخی ئەم وڵاتەیە کە لاواندنەوە، باسی جوانی و شادی و خەم، پێکەوە دەکات.

من بە تەنیا ئەم رێگەیە دەگرمە بەر و دەگەڕێمەوە، ئەوانی تر بڕیارە دواتر بێنەوە. لەزەت لەم رێگەبڕینە دەبەم، کە جارجار لەبن سێبەرێکدا بۆ حەسانەوە لادەدەم، بە ئاوێکی سارد خۆم فێنک دەکەمەوە و تا نێزیک یاڵەکە لە دوورەوە دەنگی مۆسیقاکەی ناو گوند دێتە گوێم. هاوکات گرم و هۆڕی بەرەی شەڕیش تێکەڵی ئەم دەنگە خەیاڵییە دەبێت. لە کۆتاییی رێگەکەمدا سەگی لای رانەمەڕێک دەبینم، کە لە بەرزاییەکەوە هەموو دەر و دۆڵی خستووەتە ژێر چاودێری و کاتێک چاوی بە من دەکەوێ بە ئارامی و بە راوەشاندنی دووی بە روانینێکی وردی "سەگانە" بەخێرهاتنم دەکات.

ئەورۆ ئێمە سەری مارەکەمان پان کردووەتەوە

سەرهەڵدانی چەکدارانەی کورد ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ دەستی پێ کرد و ئەوەش کە بوو بە هۆی تەقینەوەی ئەم سەرهەڵدانە دیکتاتۆری سەرکوتکارانەی جەنەراڵ عەبدولکەریم قاسم بوو.

بەڵام سۆنگە و هۆی سەرهەڵدانی کورد بۆ گەلێک دواتر دەگەڕێتەوە. ساڵی ١٩٢١ بەریتانیا دەوڵەتی عێراقیان لە ئەیالەتی مووسڵ و باشووری میزۆپۆتامیا ساز کرد، کە پێشتر بەشێک بوو لە ئیمپراتۆری عوسمانی. ساڵی ١٩٢٥ چارەسەرییەکی دڵخوازیی خۆیان بۆ کێشەی کورد سەپاند و کورد لەبەر ئەوە هیچ پرسێکیان لەم بارەوە پێ نەکرابوو بەم کارە ناڕازی بوون. دیارە هەر ئەو کات دەوڵەتی عێراق بەڵێنی بە "کۆمەڵەی نەتەوەکان" دابوو کە مافی کورد و داخوازیی ئەوان بۆ خۆبەڕێوەبەری بپارێزی و قبووڵ بکات. بەڵام هیچ کام لەم بەڵێنانە نەچوونە بواری کردارییەوە و بە پێچەوانە کورد هەر لە سەردەمی شێخ مەحموودی حەفیدەوە ١٩١٩ - ٢٣ تا سەرهەڵدانی بارزانی ١٩٣١ - ٣٣، کە لە لایەن سوپای عێراق و بە هاوکاریی هێزی هەوایی ئینگلیزەوە سەرکوت کرا، بە توندی لەژێر وشاری دژواردا بوون. سەرهەڵدانێکی تر ساڵی ١٩٤٣ لە بارزان دەستی پێ کردەوە و تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، دیسان دەوڵەتی ئەو کاتی نووری سەعید بەڵێنی دا، کە پێشوازی لە داخوازییەکانی کورد بکات، بەڵام دیسان ئەمەش بە کوشتار و وەرێخستنی گۆمی خوێن کۆتایی پێ هات.

لە ئەیلوولی ١٩٤٦دا پارتی دیموکراتی کوردستان، بە نیازی هەوڵدان بۆ رزگاریی کورد و گەیشتنیان بە مافەکانیان پێک هات. هەر زوو ئەم پارتییە

نوێیە لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە قەدەغە کرا و بە ناچار درێژەی بە خەباتی ژێرزەوینی دا. شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨، کە لە لایەن هێندێک ئەفسەرەوە بەڕێوە چوو و بوو بە هۆی رووخانی دەسەلاتی مەلیک فەیسەڵ و سەرەک وەزیرەکەی نووری سەعید، سەرەتا سەرکەوتنێک بوو بۆ کورد و داخوازییەکانیان. لە پەرەگرافی سێیەمی یاسای بنەڕەتیی عێراقدا هاتبوو "دەوڵەتی عێراق لە لایەن عەرەب و کوردەوە دامەزراوە" و وەک دوو گەلی یەکسان باسی کورد و عەرەب کرابوو. بەڵام هاوکات لە پەرەگرافی دووەمی ئەم یاسایەشدا دژی پەرەگرافی سێیەم دەوترا، کە "عێراق بەشێکی جیانەکراوەی دنیای عەرەبە". هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٩ەوە کورد تێ گەیشتن، کە "کودەتا" ئەوەی لێ شین نەبووەوە ئەوان چاوەڕوانی بوون. لە دەسەلاتی نوێدا هیچ جێگە و نوێنەرایەتییەک بۆ ئەوان دیاری نەکرا، نە لە دەوڵەت، سوپا یان بەڕێوەبەرییەکانی تردا و دیسان وەکو پێش وەک گەل و نەتەوەیێک حیسێب بۆ داخوازییەکانیان نەکرا.

پارتی دیموکراتی کوردستان لە رێگەی راگەیەندراو، خۆپێشاندان و کاری تری ئاشتییانەوە هەوڵی دا جەنەراڵ قاسم بێنێتە سەر ئەو بڕوایە، کە مل بە داواکانی ئەوان بدا، لانی کەم بەشێکیان، کە زۆریش سادە و ساکار بوون بکا، بەڵام کەڵکی نەبوو و بە پێچەوانەوە لەژێر رێبەریی جەنەراڵ قاسمدا نەک هەر ئەم گرفتە بە چارەسەرنەکراوی مایەوە بگرە عێراق رێگەی وێرانی و رووخانی گرتە پێش.

ریفۆرمی زەوی، کە یەکێک لە بەرنامە سەرەکییەکان بوو و بە پێی بڕیار دەبوو لە سەراسەری عێراقدا بەڕێوە بچێ، خراپ رێک خرا و ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بەشێکی زۆری خەڵکی لە دەسەلات ناڕازی کرد و بە پیت و بەرەکەتترین شوێنەکانی وڵات بە نەکێڵدراوی و بێ بەهرە مانەوە و ناچار عێراق دەبووا شتی وەک، گەنم، جۆ و گەنمەشامی کە پێشتر دەناردانە دەرەوە ئێستە لە دەرەوە بکڕێ.

هەمـــوو هەوڵـی قـاسـم ئەوە بوو بـە هـەر نرخـێک بـێ لەسـەر کـورسـیی دەسـەڵات بمێنێـتــەوە. نـاوبراو گـشـت نەیارانی خــۆی وەک بـەعـسـی، ناسـیـۆنالیـستی عـەرەب، ناسری و سـەرەنجـام کۆمـۆنیستـەکانیـشی، کە سـەرەتا لـە دژی بزاڤی کورد هـاوکـاری بوون سـەرکوت کـردن. دوای هـەمـوو ئەمـانە بە گشت هێز و توانایەوە هێرشی کردەوە سەر کورد. بە هـاوکـاریی نیـشتمـان فرۆشـانی کورد دەسـتی بـە پڕوپاگەندە و کـڕینی خـەڵک کرد و گەلێک کەسی لە بەرانبەر پارەیەکی زۆر دا لە دژی شـۆڕش چەکدار کرد تا ترس و دووبەرەکی لەناو کـورددا سـاز بکات. هێـزە ئەمـنیـیـەکـانی نارد بۆ شارەکانی کوردستان تا خەڵکیان پێ بترسێنێ و رووناکبیران، مامـۆستا و قوتابیانی بە کۆمەڵ گرتن و رەوانەی زیندانی کردن.

لەو ماوەیەدا، کە دەوڵەتی قاسم خـەریکی ئەو کارانە بوو، پارتی دیموکرات و جـەنـەراڵ بارزانی هـەوڵیـان دەدا قـاسم واز لـەم سـیـاسـەتانە بێنێ بەڵام ئاکـامـێکی دڵخـواز بە دەست نەهـات. دیکتـاتۆر بڕیاری دابوو بزووتنەوەی کورد کە ئیدی وەک تاقە ئۆپۆزسیۆنی ئەو هێشتا درێژەی بە ژیان دەدا، تێک بشکێنێ. لە ئەیلوولی ١٩٦١دا هێـزی نارد بۆ بارزان و کـۆیە. کـورد یەکـەم هێـرشـەکـانی دەوڵەتیـان تێک شکاند و دوای ئەمـە قـاسم شـەڕی تەواوی لە دژی "سـەرهەڵداوان"دا راگـەیاند. دوو حـەفتـە دواتر قـاسم رای گەیاند، کە سـەرهەڵدانێک " لە لایەن ئینگلیز و ئیمپریالیستەکانەوە ساز کرابوو" تێک شکێنرا و بارزانی هەڵاتووە بۆ ئەو دیوی سنوور.

بەڵام شـتـەکە بەم شـێوەیە نەبوو، بە پێـچـەوانە لە سـاڵی ١٩٦٣دا دەوڵەتی قـاسم وا لاواز و سـوپای عێراق وا شـپرزە بووبوون کە بەعس بە هـاوکـاریی ژمـارەیـەک ئەفسـەری ناسـیـۆنالیست تـوانییـان کودەتای بەسـەردا بکەن و دەسـەڵاتەکەی بڕووخێنن. سـەردەسـتـەی کودەتاچییان کەسێک بوو بە ناوی عــەبدولســەلام عــارف، کــە داوای ئاگــربەس و دیالـۆگی لـە کـورد کـرد و

دانوستاندنی لەگەڵ پارتیدا دەست پێ کرد بۆ گەیشتن بەجۆرێک ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

دیسانەوە ئەم هەوڵ و هەنگاوانەی دەوڵەتی نوێ لە دڵەوە نەبوو و دەرکەوت تەنیا بۆ تێپەڕاندنی کات بووە، چونکە لە سەرەتای هاوینی ئەو ساڵەدا سوپای عێراق تێکڕا و بە پشتیوانیی لەشکرێک سەرباز و تەواوی هێزی هەواییی سووریا، بە ئامانجی لەناوبردنی هەتا هەتاییی جووڵانەوەی کورد لە باکوری عێراق و بۆ ئەوە "عێراق بۆ ناوی راستەقینەی عەرەبی خۆی" بگێڕنەوە، هێرشیان بۆ سەر کوردستان دەست پێ کردەوە.

لە سەرەتای پیلانەکەدا وەزیری بەرگریی عێراق، جەنەراڵ ساڵح مەهدی عەماش (کە ئێستە باڵوێزی عێراقە لە پاریس) رای گەیاند:

سوپای ئێمە بە هێز و چەک و چۆڵی پێشکەوتوو و مۆدێرن، روو لە باکور دەکەین و هەموو چەتە و سەربزێوەکان لەنێو دەبەین. سوپای ئێمە وەک ئاوخواردنەوە لەم ئەرکەیدا سەردەکەوێ.

بەم شێوەیە بوو یەکێک لە رەشترین لاپەڕەکانی مێژووی کورد دەستی پێ کرد. لە یەکێک لە رۆژەکانی سەرەتای تەمووزی ئەو ساڵەدا لە شاری سلێمانی ١٨٣ پیاوی بێتاوان گیران. ئەم کەسانە کە لە تەمەنی جۆرەوجۆردا بوون گوازراونەوە بۆ جێگەیەک بە ناوی "گردی سەیوان" لە دەرەوەی شار، تێکڕا گوللەباران کران و فڕێ درانە ناو گۆڕێکی بە کۆمەڵەوە. ئەم گۆڕە شەش مانگ دواتر لە لایەن بنەماڵەی قوربانییەکانەوە هەڵدرایەوە و هەر کەسە ئازیزی خۆی بە جلەکانی ناسییەوە.

لە "کۆیە" و شوێنەکانی تردا خەڵکیان بە دارەوە هەڵدەواسی و کاتێک سوپای عێراق گەیشتنە گوندێکی نزیکی رانیە، مەلایەک بە چەند منداڵەوە، کە هەر کامەیان گوڵێکی بە دەستەوە بوو لە سەربازەکان پاڕایەوە خەڵکی گوندەکە نەکوژن. لەژێر فەرماندەریی کەسێکدا بە ناوی جەنەراڵ "تەها

شـەکەرچی" خەڵکەکە درانە بەر دەسـترێژی گـولله و ١٥ منداڵ و مـەلاکـە کوژران. بەعسییەکان شێوەیەکی بە تەواوی "نوێی شەڕکردنیان" لەم بارەوە داهێنا، ئەویش ئەوە بوو منداڵ و پیاوی پیریان دەبەستە تانکەکانیانەوە تا لە کاتی کەوتنە داوەوە پێشمەرگەی کورد نەتوانن هێرشیان بکەنە سەر.

بەڵام لە تشـرینی دووەمـی ئەو سـاڵەدا، واتـا دوای نزیک بە شــەش مـانگ شـەڕ سـوپای عێراق جارێکی تر لە هێرشـەکانیدا بـۆ لەناوبردنی کورد تێ شکا. کـاربەدەسـتـانی بەغـدا هاتـنە سـەر ئەو بڕوایە، کـە بەم شـێـوەیەش ناتوانن بەرخۆدانی کورد تێک بشکێنن. دیارە سوپا لەم ماوەیەدا توانیبووی هێندێک سـەرکەوتن بـە دەست بێنێ و گەلێک نـاوچە لەوانە بارزان و ئامێدی بخـاتە دەست خـۆی، بەڵام بەربەرەکـانێ و خـۆڕاگـری هەر بـەردەوام بوو و دەرکەوت ورەی بەرز و شـێلگیریی پێشمـەرگە لەسـەر خۆپاراستن گرینگترین فـاکتـەرە لەم بارەیەوە. سـوپای عێراق جـارێکی تـر زۆر لەوە نزیک بووبووەوە بە تەواوی تێک بشکێ، بۆیە ناچار دیسـان رێگەی دانوسـتـاندنیـان گـرتەوە پێش و بەڵێنی چارەسـەری کێشەکانیان بە کـورد دایەوە. کورد کـە دوو سـاڵ بوو لە شـەڕەوە گـلابوون ئامـادە بوون، وەڵامـی هـەر بانگەوازێکی ئاشـتـییـانە بدەنەوە.

دیسـان دەرکـەوت دانیشـتنەکـانی نێوان میـری و کورد بـێ ئاکام بوون و جـەنـەراڵ عـارفـیـش وەک دەسـەڵاتدارانـی پێش خـۆی تەنیـا مـەبەسـتی خۆڕێکخستنەوە و تەیارکردنەوەی سـوپاکـەیەتی بۆ هێرشـێکی بەربڵاوتر بۆ سـەر کـورد. بۆیە دوای مـاوەیەک دیسـان شـەڕ لە کـوردسـتـان دەسـتی پێ کـردەوە و تا سـاڵی ١٩٦٥، کـە جـەنەراڵ عـارف لە ڕووداوێکی گـومـاناویی داکەوتنی هەلیکۆپتەر، لە نزیک شاری بەسرەدا کوژرا، درێژەی کێشا.

دوای مـردنی عـارف دەسـەڵات کـەوتە دەست براکـەی واتا مـوشـیـر عەبدوڕەحمان عارف، کە بوو بە سەرکۆمار و سەرەکی ئەنجوومەنی شۆڕش.

سەرەک وەزیری دەوڵەتی نوێی عێراق نەقیب تالب (یەکێک لەو ئەفسەرانەی، کە پلانیان بۆ شۆڕشی ١٩٥٨ دانا) دەستی کرد بە وتووێژی نوێ لەگەڵ کورددا بێ ئەوەی مل بە هیچ کام لە داواکانیان، تەنانەت ساکارترینیشیان بدات. شەڕ دیسان دەستی پێ کردەوە و دوای ماوەیەک و بۆ جارێکی تر سوپای عێراق لاوازتر لە جاران ڕێگەی دانوستاندنی بۆ کورد پێشنیاز کردەوە.

لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٦ عەبدوڕەحمان بەزاز، پرۆفیسۆرێکی دەرسخوێندووی ئینگلیز و تاقە سەرەک وەزیری سیڤیلی عێراق دوای ساڵی ١٩٥٨ دەستی بە گوتوبێژ لەگەڵ کورددا کرد و لەگەڵیاندا گەیشتە ڕێککەوتنێک، کە بە ڕێککەوتنی دوازدە مادەی حوزەیرانی ١٩٦٦ ناسراوە. بەزاز لەم ڕێککەوتنەدا ملی بە هێندێک لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی کورد دا بێ ئەوەی وشەی "خۆبەڕێوەبەری"ی باس بکا.

سوپای عێراق پارەیەکی فرەوانی لەم شەڕە دەست کەوتبوو. هەروەها سوپا هەر لە سەرەتاوە گرینگییەکی زۆری دەدا بە هاوکاریی هێندێک لە عەشیرەتە کوردەکان کە لەگەڵ شۆڕش، پارتی دیموکراتی کوردستان و مستەفا بارزانی لە دوژمنایەتیدا بوون. ئەم عەشیرەتانە لە لایەن دەوڵەتەوە چەکدار کران تا وەک چاوساغی سوپا لە شەڕی دژی پێشمەرگەدا کار بکەن و بۆ ئەم خزمەتەشیان لە دەوڵەت پارەی چاکیان وەردەگرت. ئەم دیاردەیە لە درێژەی شەڕدا پەرەی گرت و لە هەر ناوچەیەکدا فەرماندەی سوپای ناوچەکە بە مەیلی خۆی لیستێکی لە ناوی (ساختەی) خەڵک ئامادە دەکرد و بۆ کاربەدەستانی دەنارد و بە پێی ژمارەی ناوەکانیش پارە و خۆراکی لێ وەردەگرتن. ئەم لیست و ناوانە، کە هیچ کات کۆنترۆڵ نەدەکران و لە ڕاستیدا گەلێک جار هەر بوونیشیان نەبوو، بۆ خۆی بووبووە سەرچاوەیەکی گرینگی دارایی بۆ ئەفسەر و جەنەراڵەکانی سوپا کە لە نێوان خۆیاندا دابەشیان دەکرد.

بۆیە لەناو سوپادا گەلێک لایەن خوازیاری درێژەدانی شەڕی کوردستان بوون بۆ ئەوەی دەرفەتی چەپاو و تالانیان بمێنێ. بەشێکی زۆری بەرپرسانی سەرەوە، بۆ نموونە بنەماڵەکانی تاهیر یەحیا، عەبدوڕەحمان عارف و عەبدولسەلام عارف بۆ خۆشیان لەم گەندەڵییەوە گلا بوون.

لەبەر ئەمە بەشێک لە ئەفسەرانی سوپا دژی ئەو ڕێککەوتنە بوون، کە "بەزاز" لەگەڵ کورددا کردبووی و بووبووە هۆی راوەستانی شەڕ، کەوتنە بیری لابردنی ناوبراو و کەسێکی نێزیک لە خۆیان لە جێگەکەی دانا، کە ناوی عارف عەبدوڕەزاق بوو و بەڵێنی دا شەڕ لە کوردستان دەست پێ بکاتەوە. جەنەراڵ فەیسەڵ ئەلئەنساری و ئیبراهیم ئەلعوقەیلی، کە هەردووک لە ئەوروپا خوێندبوویان، لەبەر خۆیانەوە پیلانێکیان بۆ نەهێشتنی "ئەفسانەی بارزانی" داڕشت. سوپا بە چەکی نوێ پۆشتە و پەرداخ کرا و بڕیاری سیستەماتیکی وێران و چۆڵکردنی هەموو گوندەکانی کوردستان کەوتە بواری کردارییەوە. پێش لە هەر هێرشێکی سوپا هێرشی تۆپخانە و بۆمبارانی فڕۆکە دەستی پێ دەکرد. پلانەکە ئەوە بوو ناوچە کوردییەکان لێک دابڕێن و خاڵی لەتکردنیش جادەی هاملتۆن لە ڕەواندزەوە بۆ حاجی ئۆمەران دانرابوو.

بەڵام شەڕە گەورەکەی هەندرێن لە سەرەتای بەهاری ١٩٦٦ەوە بوو بە خاڵی وەرچەرخان و سوپای عێراق زیاتر لە ١٥٠٠ کەسی لێ کوژرا، کە بوو بە هۆی ڕووخانی ورەیان و تا کەرکووک و لەوێشەوە بۆ بەغدا پاشەکشەیان کرد.

ئەم تێکشکانەی دەوڵەت دەورەیەکی بۆ ئاشتییەکی لەرزۆک خولقاند، شەڕ بەردەوام مایەوە بەڵام نەک لە ئاستی پێشوو. میری جارێکی تر بەڵێنی چارەسەری کێشەکەی دا و ڕای گەیاند ئامادەیە هێندێک لە داخوازییەکانی کورد قبووڵ بکات. جەنەراڵ عەبدوڕەحمان عارف، سەرکۆماری عێراق بۆ

خـــۆی هـات بۆ كـــوردســـتـــان، جـــەنـەراڵ بارزانـیی بینـی و كـــۆمـــەڵێک ڕێككەوتنیـشـیـان پێكەوە مـۆر كـرد. بەڵام دیسـانـەوە ڕێبـەرانی سـوپا دژ دەرکـەوتن و بـوونە هـۆی سـەرنەگـرتنی ڕێككەوتنەکـان. بۆیە هیـچ كـام و تەنانەت تاقە یەک دانە لـە بەڵێنەکانی دەوڵەت جێبەجێ نەکران، بە پێچەوانە هەوڵ درا بزاڤی کورد پارچە بکرێت و ئاژاوە لە کوردستاندا ساز بکرێ، تا بیانووێک بێت بۆ دەست تێوەردانی سوپا.

دیارە لـەم مـاوەیـەدا دەوڵەت زۆر لاواز بوو‌بوو و نەیدەتوانی هیـچ كـام لە داخوازی و پێویستییەکانی خەڵک جێبەجێ بکات، بەعس، کە ساڵی ١٩٦٣ مـاوەیەکی کـورت دەسـەڵاتدار بوون و کـردەوەیان بووبووە مـایەی بێـزاریی خـەڵک، توانیـیـان لە ١٧ی تەمـووزی ١٩٦٨دا دەسـەڵات بگرنەوە دەست و دیارترین کەسیان، ئەحمەد حەسەن بەکر، کە لە ١٩٦٣ سـەرەک وەزیر بوو، ئێستە وەک سەرکۆمار هاتەوە سەر حوکم.

ڕاستـی حزبی بەعس چی شتێکە لەو دەمەوە تا ئێستە بووەتە گەورەترین دوژمنی کـورد؟ ناوی ڕەسـمـیی ئەم حزبە "حـزبی بەعـسی سۆسـیـالیسـتی عەرەب"ە و گەلێک "کارناسی دەرەوە" و لەوانە لە سوێد پێیان وایە حزبێکی سۆسیالیستە. پێم وایە هیچ شتێک لە دنیادا ناتوانێ لەم بۆچوونە هەڵەتر بێت، چونکە ڕاسـتـی حـزبی بـەعس بە تـەواوی نـاسـیـۆنالیـست و سەرچاوەکەشی بۆ تاقمێکی فەناتیکی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەگەڕێتەوە. ئەم حزبە بناخەی کرداری لەسەر پیلانگێڕی دامەزراندووە و بە توندی دژی دیموکراتییە. بە ئاشکرا و بێ شەرمانە لە هەر شێوەیەک کەڵک وەردەگرێ تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر خەڵکدا ڕاگرێ و نەیارانی خۆی بە کوشتن، گرتن و تیرۆر بێدەنگ بکات.

ئیـدیۆلۆجـیی حـزبی بەعس لە نازیزم و فـاشـیـزمـەوە سـەرچاوە دەگـرێ، دژایەتیی ئەم حزبە لەگەڵ کۆمۆنیزم لەو سەرچاوەوەیە، بەڵام هەروەک چۆن

هیتلەر ساڵی ١٩٣٩ بۆ پێشخستنی پلانی خۆی، پەیمانی لەگەڵ ستالیندا بەست، بەعسییەکانیش خۆیان گۆڕیوە و خۆیان کردووەتە هاوپەیمانی یەکەتیی سۆڤیەت. بەعسی هەوڵێکی زۆر دەدەن تا لە دەرەوە پێگەی خۆیان بەرنە سەر و هەر بۆ ئەو مەبەستەش بنکەیەکیان لە بەیرووتی لبناندا داناوە تا لەو بارەوە کار بکات.

حکوومەتی تازەی بەعس پێشنیازێکی نوێی بۆ ئاشتی خستە بەردەستی کورد، کە سەرەڕای دوودڵی و بێ باوەڕییان بەم دەوڵەتە، بە ناچاری قبووڵیان کرد. شەڕ گەلێک وێرانیی لەگەڵ خۆیدا هێنابووە کوردستان و گەمارۆی ئابووریی دەوڵەتەکانی عێراق کوردی تووشی برسیەتی کردبوو، دوکتۆر و دەرمان و نەخۆشخانە پێکەوە پێچرابوون و بەشی هەرە زۆری قوتابخانە لە ترسی شەڕ و لەبەر نەبوونی پێداویستی داخرابوون. ئەوان ساڵ دوای ساڵ تووشی شەڕێکی ناهاوسان بووبوون بێ ئەوەی دنیای دەرەوە بچووکترین گوێ بداتە چارەنووسیان.

بەڵام ئەم جارەش هەروەک سەردەمی دەسەڵاتدارانی بەرێ، کارەکە تەنیا بۆ کاتکڕین و فریودانی کورد بوو. نیەت و مەبەستی گەیشتن بە ئاشتی و چارەسەرێکی ئاشتییانە لە لای دەوڵەتەوە بوونی نەبوو. پاش تێپەڕینی ٣ مانگ و دوای ئەوە دەرفەتیان دەست خست سوپاکەیان رێک خەنەوە و درێژەدانی شەڕ لە خۆیاندا ببینن، دیسان دەستیان کردەوە بە لەشکەرکێشی بۆ سەر کوردستان. دڕندەیی و بێ رەحمیی هێرشی ئەم جارە سنووری هەموو تاوانەکانی تری دەوڵەتی عێراقی بەزاند. لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٩ دەستەیەک سەربازی عێراقی، دوای ئەوە لە شەڕێکی هێزی پێشمەرگەدا تێک شکابوون گەیشتنە گوندی "داکان" لە نزیک شاری دهۆک. هەموو ژن و منداڵی ئەم گوندە بۆ خۆشاردنەوە پەنایان بردبووە بەر ئەشکەوتێک لە نێزیک گوندەکە. سەربازە عێراقییەکان هاتن لە پێش ئەشکەوتەکە ئاگریان کردەوە و هەر کەسێک لەم خەڵکە بێ دەسەڵاتە

دەبوایە خۆی لە بە زیندوویی سووتان رزگار بکات دەکەوتە بەر گوللەی ئەم سەربازانە و گیانی لێ دەسەندرا. لە ئاکامی ئەم کردەوەدا ٦٥ کەس ژن و منداڵی ئەم گوندە بەم شێوەیە کوژران.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٠دا دەسەڵاتی بەعس هاتە سەر ئەو بڕوایە، کە بەم شێوەیە سەرکەوتنێک بەدی نایە و بە نیازی ملدان بە داخوازی ئۆتۆنۆمیی خەڵکی کورد دەستی کرد بە گوتوبێژ لەگەڵ شۆڕش، پارتی دیموکراتی کوردستان و جەنەراڵ بارزانی.

١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتنێک لە لایەن هەردووک لاوە ئیمزا کرا، کە لە ١٤ خاڵ پێک هاتبوو و بە پێی ئەو ڕێککەوتنە دەبووا ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە ماوەی چوار ساڵدا رابگەیەنرێ، کورد دەبووا ئازاد بن لە کاروباری خۆیاندا، بەڕێوەبەری خۆیان هەڵبژێرن، نەخۆشخانە، قوتابخانە و. . . خۆیان هەبێ و دەوڵەتی ناوەندیش بڕیار لەسەر دەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، سیاسەتی دەرەوە و پارێزگاری لە وڵات بدات.

کورد ئەم جارەش زوو بۆیان دەرکەوت کە ئەم ڕێککەوتنەش لە لایەن دەوڵەتی بەعسەوە تاکتیکییە. گەلێک بەڵگە بۆ ئەم بانگەشەیە لە بەردەستدان بۆ نموونە:

– چوار حەفتە دوای مۆرکردنی ئەم ڕێککەوتنە، بنکەی ناوەندیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە مووسڵ کەوتە بەر هێرش و ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەو پارتە کوژران. هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەم بارەیەوە نەکرا و هیچ کەسیش لەسەر ئەم کارە نەگیرا و دادگەیی نەکرا.

– پێنج کورد دیاری کران بۆ بەشداری لە دەوڵەت بەڵام هیچیان بۆ ئەندامەتی لە ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری شۆڕش، واتا بڕیاردەری ڕاستەقینەی وڵاتدا ڕێگەیان پێ نەدرا. ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری شۆڕش لە سەریەک ١٧ ئەندامی هەبوون، کە تێکڕایان ئەندامی حزبی بەعس بوون. دەوڵەت لەم

ناوەدا تەنیا ئەرک و کاری ئەوە بوو گوێ لە ئەنجوومەنی ناوبراو بگرێ و بڕیارەکانی جێبەجێ بکات.

– لە پەیمانەکەدا دەوڵەت بەڵێنی دابوو یارمەتیی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بدات و قەرەبووی ئەو زیانانە بکاتەوە کە لە شەڕدا بەر خەڵک کەوتوون. بەڵام هیچ کام لەم بەڵێنانە نەبوونە کردار. لە هەزاران بنەماڵەی ئاوارە و زیان بەرکەوتووی کورد تەنیا هەژمارێکی زۆر کەم قەرەبوو کرانەوە.

دیارە دەبێ ئەوە بوترێ، کە ئەم هەنگاوانە لە باری ڕێگەدان بە داوا کولتوورییەکانی کورد باشتر چوونە پێش، لە بەغدا ئەکادیمییەکی کوردی کرایەوە، ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بە ناوی، "برایەتی" وەک ئۆرگانی ڕەسمیی پارتی دیموکرات ڕێگەی پێ درا، گەلێک کۆڕ و گرووپی مۆسیقای کوردی یارمەتی دران و بە گشتی دەرفەت بۆ گەشە و پەرەپێدانی کولتووری کوردی ڕەخسا. دیارە ئەمە خۆی هەنگاوێکی بەکەڵک بوو بەڵام زیادە لە ڕادە لە لایەن دەوڵەتەوە وەک پڕوپاگەندە بەکار دەبرا و لەژێر سێبەری ئەم هەنگاوەدا هەم داواکانی تری کورد لە بیر دەکران و هەم لە لای دنیای دەرەوەشدا وا نیشان دەدرا، کە ئاشتی بۆ کوردستان گەڕاوەتەوە و ڕێژیمی بەعس هەموو بەڵێنەکانی خۆی بەجێ هێناون.

لە ڕاستیدا حزبی بەعس هەمەکارەی وڵات بوو. جگە لەوان هیچ حزب و کەسێکی تر هەلی نەبوو بڕیارێک بۆ سوپا، دەزگا جاسووسی و ئاسایشییەکان، پۆلیس و هێزی هەوایی دەربکات، بگرە هەمووان دەبوو ملکەچی بڕیاری دەوڵەت و دەوڵەتیش ملکەچی بەعس بێت. دەگمەن کوردێک ڕێگەی پێ دەدرا تەنانەت لە ئەکادیمیای تایبەت بە سوپادا بخوێنێ.

بەعس بەڵێنیان دابوو سیستەمی جاشایەتی لە کوردستان هەڵوەشێننەوە و چەک لەو کەسانە وەرگرنەوە، کە دژی پێشمەرگە و شۆڕش شەڕیان کردبوو. بەڵام قەت ئەم کارەیان نەکرد، بە پێچەوانە ئەو تاقمانەیان هان

دەدا هێرش بکەنە سەر کوردی بێ تاوان و ئاژاوە بنێنەوە.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧١دا بارزان چەندین جار بۆمباران کرا و تاوانی ئەم کارەشیان خستە ئەستۆی جەنەراڵ سەعید سیکاڵی فەرماندەی بنکەی هێزی هەوایی لە کەرکووک. هەر لە سەرەتای ئەو ساڵەوە پیلانێک بۆ کوشتنی "ئیدریس بارزانی" بەڕێوە چوو و دوای ئەوەش هێرشێکی ناسەرکەوتوو کرایە سەر جەنەراڵ بارزانی خۆی. هەردووکی ئەم پیلانانە لە لایەن حزبی بەعس خۆیەوە داڕێژرابوون. ساڵێک دواتر دیسان پیلانێکی تر بۆ کوشتنی جەنەراڵ بارزانی ئاشکرا بوو. رۆژنامەوانێکی سەر بە هەواڵدەری رەسمی دەوڵەت هاتبوو بە بیانووی گوتوبێژ لەگەڵ بارزانی، جانتایەکی لەگەڵ خۆی هێنابوو بۆمبێکی تێدا بوو، پلانەکە وا داڕێژرابوو، کە رۆژنامەوانەکە جانتاکە لە لای بارزانی دانێ، خۆی بە بیانووی "سەرئاو" دوور کەوێتەوە، بە دەزگایەک بۆمبەکە بتەقێنێ و لە نزیک شوێنەکەش ترۆمبێلێک ئامادە کرابوو تا تاوانبار لە رێگەیەوە دەرچێ. بەڵام هەر جۆرێک بوو ئەم کابرایە ئامادە نەبوو پیلانەکە تا دوا سات جێبەجێ بکات و خۆی و کارەکەی ئاشکرا کرد. ئاکامی لێکۆڵینەوەکان نیشانی دا، کە ئەم پیلانە گڵاوەش هەر لە لایەن بەعسییەکانەوە داڕێژراوە. بەڵام بەو حاڵەش هیچ کام لەم تاوانبارانە نەدرانە دادگە.

بەعس پارەیەکی فرەوانیان لە کوردستاندا خەرج دەکرد، بەڵام نە بۆ ئاوەدانکردنەوە و سازکردنی پرد و قوتابخانە، بگرە بۆ کڕینی بەکرێگیراو و زیادکردنی ژمارەی جاش.

سەرەڕای ئەوە عێراق ٨٠ باڵوێزگەی لە دنیادا هەیە تەنیا کوردێک کرا بە باڵوێز لە پراگ، "موحسین دزەیی"، کە دواتر بوو بە باڵوێزی عێراق لە کەنەداش. لەناو وەزارەتی دەرەوەشدا بە کردەوە کوردێک نابینرێ.

پارتی دیموکراتی کوردستان ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دا تا بەڵکو ئاشتی

درێژەی هەبێت و بەعس رازی بکات بەڵکو گوێ لە داواکانی ئەوان بگرێ، بەڵام بە جێی ئەوە سیاسەتی بەعسییەکان لە هەمبەر کورددا سەخت و سەختتر بوو.

دوای ئەوە سەرۆک وەزیری سۆڤیەت سەردانی بەغدای کرد و لە ساڵی ١٩٧٢دا پەیمانی دۆستایەتی لە نێوان عێراق و سۆڤیەتدا مۆر کرا، ئیدی گەرێکی تر لەم بوارەدا دەستی پێ کرد. تا ئەو کات رێژیمی بەعس تەریک کرابوو، بە تایبەتی لە دنیای عەرەبدا بەڵام بەستنی پەیمانی دۆستانە لە تەک وڵاتی سۆڤیەتدا بە کردەوە مانای تێکشکانی ئەم دیواری تەریکمانەوەیە بوو. کۆمۆنیستە عێراقییەکان لەژێر سێبەری ئەم رێککەوتنەدا هەموو قەتڵوعام و کوشتارێکی بەعسیان لە بیر کرد، لە بیریان کرد ئەوان ساڵی ١٩٦٣ زیاتر لە ٦٠٠٠ کەس لە باشترین کەسەکانی خۆیان بە دەست هەمان پیاو، کە ئێستە دەسەڵاتدارە، واتا ئەحمەد حەسەن بەکر لەدەست دان، تەنانەت ئەوەیان لە بیر کرد، کە ئەو ساتەی پەیمانی دۆستانەی رووس – عێراق ئیمزا دەکرا ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی عێراق لەژێر لێدان و لە بەندیخانەکانی بەعسدا بوون و دارکاری دەکران.

حزبی بەناو شیوعیی عێراق، کە هەموو برِیارێکی راستەوخۆ لە کرێملینەوە وەردەگرێ، دوای ئەم پەیمانە ئامادەییی خۆی بۆ بەعس دەربرِی تا برِواتە ناو بەرەی بە ناو "پێشکەوتووی نیشتمانی" و شتێک کە بەعسییەکان لەمێژ بوو دەیانخواست، تێکرِای لایەنەکان برِۆنە ناو ئەم "بەرەیە"وە و بەم شێوەیە بتوانن خۆیان وەک حزبێکی دیموکراتیک بە دەرەوە نیشان بدەن. بەڵام لەسەر بناخەی پرۆگرامی ئەم ئۆرگانە کە لە لایەن بەعسییەکانەوە دارِێژراوە، دەبووا هەشت لە ١٦ ئەندامی ئەم بەرەیە لە حزبی بەعس بن، دوو کەسیان راسپێراوی حزبی بەعس، دوو کەسیان نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان، دوو کەسیان کۆمۆنیست و دووانەکەی تر بۆ حزبەکانی تر دانرابوون. مەرجی بەشداری و بوونە ئەندام

لەم بەرەیەدا ئەوە بوو حزبی بەعس وەک "حزبی رێبەر" بە مافی کۆنترۆڵی تەواو بەسەر سوپا، پۆلیس و هێزە ئەمنیەتیەکاندا بناسی. پارتی دیموکراتی کوردستان ساز نەبوو بەم مەرجانەوە بچێتە ناو ئەم بەرەیەوە، بگرە پێشنیازی ڕێخستنێکی تری کرد، کە دەیتوانی بناخەیەک بێت بۆ عێراقێکی دیموکراتی. بەڵام داواکەی پ. د. ک. رەت کرایەوە.

یەکەم حەفتەی تەمووزی ساڵی ١٩٧٣ نازم کزار هەوڵی کودەتایەکی لە دژی ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن تکریتی دا. بەڵام ئەم هەوڵە تێک شکا، وەزیری بەرگری "حامد شەهاب" لەم ناوەدا کوژرا و وەزیری ناوخۆش "زەیدان رەهاب" بریندار بوو. نازم کزار لەگەڵ ١٣٠ کەس لە هاوکارانی لە دەزگای ئەمندا گیران و بڕیاریان لەسەر درا. دوای ئەوە کودەتاکە دامرکایەوە سەرکۆمار ئەحمەد حەسەن بەکر دەرکەوتە پێشبەری خەڵک و بێ شەرمانە بەم شێوەیە دەستی بە قسە کرد:

گەلی خۆشەویستی عێراق، ئەمڕۆ ئێمە سەری مارەکەمان پان کردەوە. نازم کزار بەرپرسی هەموو ستەمکارییەکان، لێدان و کوشتنی زیاتر لە دوو هەزار مرۆڤ لە عێراق بوو. خۆشەویستان، من دڵنیاتان دەکەم، کە دەوڵەت هیچ ئاگاهییەکی لەو تاوانانە نەبووە، کە نازم کزار خەریکیان بوو.

وێرایی لەم پەیامەدا سەرسووڕهێن بوو، راستی ئەمە دەری دەخست کێ لە عێراقدا دەسەڵاتی بە دەستە.

بڕیاردەری راستەقینەی عێراق، جێگری سەرکۆمار، واتا سەدام حوسێن تکریتی، پیاوێکە بێ پلە و پایەیەکی رەسمی لە خوێندندا. ئەو خەڵکی تکریتە و ئەو پلەیەش کە لە حزبی بەعس بەدەستی هێناوە تەنیا لە سێبەری دڵڕەقی و کرداری بێ رەحمانەیەوە بووە. سەدام وەک کەس بەرپرسی لێدان و مردنی ژمارێکی زۆر لە نەیارانی ناو حزبەکەی خۆیەتی. لە کۆبوونەوە و لەناو هاوکارانیدا باس لەوە دەکات حزبی بەعس لە سەرووی هەموو

یاسـایـەکەوەیە. سـەدام بـۆ خـۆی نایشـارێتـەوە کـە بـە دەسـتـی خـۆی خـاڵۆی خـۆی لەبەرئەوەی دژی پارتـەکـەی بـووە کوشـتـووە. (راسـتـیـیـەکـەی ئەوەیە سـەدام سـەرەتای سـاڵی ١٩٥٩ خـاڵۆی خـۆی کـوشت و لەبـەر ئەوەش نەبوو ناوبراو دژی حـزب بوو بگرە مـامـێکی سەدام لـە بری ئەوە کچـەکـەی بدات بە سـەدام ئـەم مـەرجـەی بۆ ناوبراو دانا و ئەویش بـێ هـیچ سـڵکردنەوەیەک ئەم پیاوەی کوشت).

سەدام حوسێن تکریتی نوێنەرێکی راستەقینەی ئەو جۆرە رێژیمەیە، کە لە سـاڵی ١٩٦٨ەوە لە عـێـراق لەسـەر کـارە. رێژیمێک کـە ١٢٠ مـرۆڤـی لە مـەیدانەکانی بـەغدا و بەسرەدا تەنیـا بە تۆمەتـی جاسـووسـییـەوە هەڵواسی. رێژیمێک کـە نە تەنیـا لە عـێراق لێدان و تاوان دەکـات بگرە پیـاوکـوژەکانی دەنێرێ بۆ قاهیرە، بەیرووت و لەندەنیش تا گیانی ناڕازییان بستێنن.

ئەمـانە تاقـمێک پیـاون هیچ هەسـتی مرۆڤـیـان تێدا بەدی ناکرێ، بەشی زۆریان خـەڵکی شـاری تکریـتن، کـە لە باکـوری بـەغـدا هەڵکەوتووە و هەر کـامـەیان بە خـەروار سـەروەت و سـامـانی لـە رێگەی پۆست و جـێگەی دەسەڵاتەکەیەوە دەست دەکەوێ. لە ناوەندی هەموو ئەم تاوانبارانەدا سەدام و خـزمەکـانی راوەسـتـاون، کە سـەرجـەمیـان ئەندامی عـەشـیـرەتێکی تکریتن. پیـاوانی ئەم عەشـیرەتە هەمـوو پۆسـتـە گرینگەکانی ناو سـوپا، ئەمن، هێزی هـەوایی و وەزارەتـی ناوەخـۆیان لـەژێر چـنگدایـە. لە خـوارەوەی ئەوانـەوە هێندێک ئـەفسـەری سـوپا و سـەرۆک پۆلیس هەن خـەڵکی شـارەکـانی "عـانە، راوە، مـووسڵ و بێـجـین". لە خـوارەوەی ئەوانیـشـەوە ئـەندامـانی حـزب و بەکرێگیراوانن، کە کاری لێدان و تاوان ئەنجام دەدەن.

تاکتیکی حزبی بەعس ئـەوەیە دەست بخـاتە ناو هـەمـوو عـەشـیرەتەکـان و لەناویـاندا ئەندامی وەفـادار بە حـزب دەکاتە بـاندەست و دەسـەڵاتی تەواوی دەداتێ تا بە مـەیلی خـۆی بڕیار لەسـەر چارەنووسی خـەڵکی بدات. ئاکامی

ئەم سیاسەتە ئەوەیە کەسانی خوێندەوار و سەرلەکار دەرچوو ناچارن ملکەچی کەسانی نەزان و نەخوێندەواری خزمەتکاری حزب بن. لە هەر گۆشەیەکی شارەکانەوە بنکەیەکی حزبی بەعس هەیە کاری کۆنترۆڵی خەڵکە و گشت هەڵسوکەوتێکی خەڵکیان لەژێر چاودێریدایە.

لە دوا ساتەکانی ساڵوەگەڕی ١١ ئاداری ساڵی ١٩٧٤دا رێبەرانی کورد هەوڵیان دا لەگەڵ رێژیمی بەعس پێک بێن و بەڵێنەکانی چوار ساڵ پێش بخرێنە بواری کردارییەوە و خۆبەڕێوەبەریی کوردستان وەک پێشتر بەڵێن درابوو رابگەیەنرێ. رۆژی ٩ی ئادار ئیدریس بارزانی چوو بۆ بەغدا تا بەڵکو کاربەدەستانی رێژیم رازی بکات مل بە داواکانیان بدەن. بەڵام هەوڵی کورد بێ ئاکام بوون.

رۆژی ١١ ئاداری ١٩٧٤جۆرە "ئۆتۆنۆمییەک" لە لایەن دەوڵەتەوە راگەیەنرا کە کورد نەیاندەتوانی پەسندی بکەن چونکە ئەم ئۆتۆنۆمییە گرینگترینی ئەو خاڵانەی، پێشتر هەردووک لا لەسەری رێک کەوتبوون لەخۆ نەدەگرت.

بۆچوونی رێژیم لەم راگەیەندراوە تازەیەدا ئەوە بوو، کە دەوڵەتی ناوەندی دەسەڵاتێکی زیاتر لە پێشووی هەبوو، سوپا، پۆلیس، ئەمن دەکرانە مۆنۆپۆل (تاپۆ) و موڵکی تایبەتی حزبی بەعس و دەیانتوانی ئازادانە تەنانەت لە کوردستانیشدا چۆنیان پێ خۆشە ئاوا بجووڵێنەوە. سەرکۆمار دەسەڵاتی بەسەر ئەنجوومەنی بەڕێوەبەری و یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا هەبوو و بەشێکی زۆری ناوچە دەوڵەمەندەکانی کوردستان بۆ نموونە کەرکووک و سنجار بە تەواوی لە کوردستان دادەبڕان.

بە کورتییەکەی پلانی "ئۆتۆنۆمی"ی رێژیم تەنیا هەنگاوێک بوو بۆ راگەیاندنی شەڕێکی تر دژی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد.

خاڵە جیاوازەکانی نێوان ئۆتۆنۆمیی دڵخوازی کورد و ئەو شتەی حکوومەت رای گەیاندبوو زۆر بوون بەڵام چوار خاڵیان زۆر گرینگتر بوون:

یەکەم گرفت پێوەندیی بە ئابووریی ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە هەبوو، پارتی دیموکراتی کوردستان هەردەم پێشنیازی ئەوەی دەکرد، کە بودجەی عێراق بە پێی سەرجەمی دانیشتوانەکەی دابەش بکرێ و بەشی دانیشتوانی ناوچەی کوردستانیش لەسەر ئەو بنەمایە جیا بکرێتەوە. کورد گەرەکیان بوو دوای جیاکردنەوەی بودجەی سوپا و ئەو بەشانەی، کە دەبوا دەوڵەتی ناوەندی بەسەریاندا رابگا، بە پێی مافی ناوچەکەیان بەشیان بەرکەوێ.

بە پێی بۆچوونی دەوڵەتیش دەبووا وەزیری دارایی عێراق، لە سەراسەری وڵاتدا بە ناوچەی ئۆتۆنۆمیشەوە مافی بڕیاردانی لەم بارەیەوە هەبێت و لە ئاکامدا مەترسیی ئەوە دەبوو کورد هێندێکساڵ نەک هەر هیچیان لە بودجەی وڵات بەرنەکەوێ بگرە قەرزداری دەوڵەتیش ببنەوە. چونکە وەزیری دارایی ئەو دەسەڵاتەی هەبوو هەر کات بیویستایە بە مەیلی خۆی پسوولەیەک بنێرێ بێ ئەوە کەسێک مافی ملکەچی یان کۆنترۆڵکردنی هەبێ.

کێشەی دووەم لەسەر پۆلیس و دەزگای ئەمن بوو. پارتی دیموکرات هەردەم داوای ئەوەی کردووە کاروباری دەرەوە و بەرگری لە دەستی دەوڵەتی ناوەندیدا بێت بەڵام پۆلیس و دەزگای ئەمن، لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا لە لایەن کورد خۆیانەوە بەڕێوە بچێت. ئەم داوایەش بە تەواوی لە لایەن بەعسەوە رەت کرایەوە و دەیانویست سنووری دەسەڵاتیان لە کوردستان زیاتر بکەن.

خاڵی سێیەمی جێ ناکۆکی، سنووری کوردستان بوو. لە رێککەوتنەکەی ساڵی ١٩٧٠دا هاتبوو کە لەم ناوچانەدا، کە هەردووک لا لەسەری ناکۆکن، لە ماوەی ساڵێکدا سەرژمێرییەک بکرێ و بزانن لە کوێ زۆربەی دانیشتوان کوردن. ئەم سەرژمێرییە هیچ کات نەکرا، بە جێی ئەوە رێژیم دەستی کرد بە دەرکردنی زۆرەملێی کورد لە گوندەکانی کەرکووک، سنجار و خانەقین و لە جێگەی ئەواندا عەرەبی هاوردەی دامەزراندن. ئامانجی ئاشکرای دەوڵەت

لەم کـارەدا ئەوە بـوو ژمـارەی عـەرەبان لەم ناوچـە کـوردییـانە زیاد بکات تا ئەگەر کاتێکیش ملی بە سەرژمێری دا ئەوە ئاکام لە قازانجی خۆیاندا بێت.

دەوڵەت بـۆ گـەیشتن بەم مـەبەسـتـە لە هیچ کـارێک خـۆی نەدەپاراست، هەزاران کورد بە رۆژی رووناک لەو گوندانەدا وەدەر دەنران، کە پشتاوپشت تێیاندا ژیابوون. هاوکات لەگەڵ ئەمە ٤٠,٠٠٠ کوردی فەیلیشیان لە بەغدا و باشـووری عـێـراقـەوە دەرکـرد. ئەم کـوردانە بە سـاڵان لەوێ ژیابوون، هاوولاتیی عێراقی بوون و گەلێکیشیان سەربازییان بۆ سوپای عێراق کردبوو، بەڵام ٢٤ سات هەلیان پێ درا و دوای ئەوە دەرکران بۆ ئێران.

بەعسییەکان نەچوونە ژێرباری سەرژمێرییەک، کە پێشتر بەڵێنیان دابوو، لە بری ئەوە داوایان دەکرد بگەڕێنەوە بۆ ئەو سەرژمێرییەی، کە ساڵی ١٩٥٧ ئەنجام دراوە. کورد سەرەڕای ئەوەی دەیانزانی گەلێک ئاڵوگۆڕ لەو دەمەوە پێش هاتوون دیسان ساز بوون ئەمەش قبووڵ بکەن. بەڵام هەر زوو دەرکەوت، کە دەزگای ئەمنیی عێراق خەریکی سووتاندنی ناوی هەزاران کوردە کە ئەودەم دانیشتووی شاری کەرکووک بوون و لە جێگەی ئەوان بەڵگەی ساختە و ناوی عەرەبییان بۆ ساز دەکردن، کە مێژووی ساڵی ١٩٥٧یان لەسەر دەدان.

خاڵی چوارەم، کە کورد لەگەڵیدا ناکۆک بوون لەسەری، دەسەڵاتی سەرکۆمار بەسەر دەستەی بەڕێوەبەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوو. بە پێی پێشنیازەکەی دەوڵەت دەبووا ئەنجوومەنەکە، کە وەک دەوڵەتی ناوچەی کوردستان کاری دەکرد هەشت ئەندامی هەبێ و لەلایەن ئەنجوومەنی یاسادانانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێ، بەڵام دەسەڵاتی ئەم کۆمیتەیە زۆر سنووردار بوو و سەرجەمی وەزارەتەکانی دەوڵەتی ناوەندیش دەبووا لە هەر بارێکەوە تەنانەت ئاوەدانی و ئاودێریش بڕیاردەری بنەڕەتی بن. بە پێی ئەم حیسێبە هەردووک ئەنجوومەنی یاسادانان و کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە

کوردستـاندا ملکەچی بڕیارەکانی بەغـدا بن. هەروەها سـەرکۆمـاریش ئەو دەسـەڵاتـەی پێ درابوو، کـە هـەر کـاتێک بیـەوێ و پێی وا بێ پێـویستــە هـەردووک ئەنجوومەن هەڵوەشێنێتەوە.

کـاتێک ئیـدریس بـارزانی گـەیشـتـە بەغـدا بۆ ئەوە پێشـنیـازەکـانی لایەنی کـوردی بۆ کـاربەدەسـتـان باس بکات، سـاز نەبوون گوێی لێ بگرن. سـات ١٥:٢٠ی ڕۆژی ١١ ئاداری ١٩٧٤ سـەرکـۆمـاری عـێـراق ئۆتۆنۆمـیـی کوردستانی بە پێی پلانەکەی خۆیان ڕاگەیاند بەڵام ئەم ڕاگەیاندنە هاوکات بوو لـەگـەڵ هـەڕەشـە و هـەڕەشـەی سـەدام تکریتی کـە پارتی دیموکـراتی کوردستان دەبێت لە ماوەی ١٥ ڕۆژاندا ئەم پلانە پەسند بکات دەنا. . . .

شیـوعییەکانی عێراق ئێسـتە بە تەواوی پشـتیوانییان لە هێرشی دەوڵەت بۆ سـەر کوردستان دەکرد. دوای ئەوە رووس میسـریان لە دەس چوو ئێسـتە عێـراق گرینگترین شـوێن بوو بۆ ئـەوان و بڕیار بوو لە شـاری بەسـرەدا دوو بنکەی دەریایی بۆ هـێزەکانیـان سـاز بکەن. سۆڤیـەت بە هاوکاریی گرووپی شـیـوعی لە هەمـوو دنیـادا لایەنگرانی خـۆی ڕێک خـسـتـبوون تا جـووڵانەوەی کورد وەک پلانی ئیمپریالیزم بناسێنن و لە دژیدا پڕوپاگەندە بکەن و هەمان کـــات هـەوڵیـــان دەدا ڕێژیمی بـەعس وەک دەوڵەتێکی پێـــشکەوتوو و سۆسیالیست بە دنیا بناسێنن.

یارمـەتیی رووس بۆ عێراق، هەم مادی و هەم مـەعنەوییەکەی لە ئاستێکی بەرفـرەواندایە. هەناردنی چەکـوچۆڵ بە شـێـوەیەکی بەربڵاو دەسـتـی پێ کردووە و تا ئێستە دوو دەستە لە مۆدێرنترین فڕۆکەکانی سۆڤیەت، واتا "تی یو"، کـە هێـشـتـا ئـەندامـانی پەیمانی "وەرشـۆ" نەیانتـوانیـوە وەری گـرن بە عێراق دراون. لەگەڵ ئەم فڕۆکانەدا فڕۆکەوانی رووسـیش نێردراون و جگە لەمـە هـەشت هەزار رووس لە عێراقن کە ٣٠٠٠ کەسیـان خـەریکی ئامادە و تەیارکردنی سوپای ئەو وڵاتەن و لە هێزی دەریایی، هـەوایی و زەوینیدا کار

دەکەن. سوپای عێراق لەسەر مۆدێلی رووسیدا دابەش کراوە بەسەر سێ ناوچەدا و هەر ناوچەیەک بنکە و ناوەندی فەرماندەیی تایبەت بە خۆی هەیە.

کورد خۆیان بۆ شەڕێکی تر ئامادە دەکەن، لە کۆبوونەوەیەکدا، کە رۆژی ١٤ی ئادار لە گەلاڵە بەڕێوە چوو پلانەکەی رێژیم رەت کرایەوە. لە نیوەی دووەمی ئاداردا کۆچێکی راستەقینە بەرەو کوردستان دەستی پێ کرد، کە نموونەی لە مێژووی جیهاندا دەگمەنە. نەک هەر خەڵکی ساکار، کە هیچ شتێکیان نەبوو لە دەستی بدەن، یان قوتابیان، کە لە دەست ستەم راکەن، یانکو پێشمەرگە، کە دیار و ناسراو بوون بۆ رێژیم بگرە خەڵکی چینی ناوەنجی، کە بە ساڵان بێ خەم و بە ئاسوودەیی ژیابوون، ئەندازیار، دوکتۆر، مامۆستا، پیاو، ژن، منداڵ. . . هەموو رێگەی کوردستانیان گرتە بەر. لە ماوەی دوو حەفتەدا نزیکەی دووسەد هەزار کەس لە سەرانسەری عێراقەوە گەیشتنە کوردستان و تێکەڵی شۆڕش بوون.

رۆژی ١ی نیسانی ١٩٧٤ هێزێکی زەوینیی عێراق لە رێگەی سلێمانییەوە بەرەو دهۆک کەوتە رێ و لە رێگە لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە پێشی پێ گیرا و شەڕێکی دژوار دەستی پێ کرد. رۆژی ٨ی نیسان فڕۆکەکانی عێراق هێرشیان کردە سەر گوندەکانی نزیک شاری رواندز. دیسان بۆ جارێکی تر شەڕ گەیشتەوە کوردستان.

ئەگەر سوێد بیتوانیایە چەکی دژە تانک بۆ ئێمە بنێرێ

ئێستە، کە من خەریکی نووسینەوەی پێنجەمین و دوایین دەفتەری ریپۆرتاجەکەمم مانگێک بەسەر گەڕانەوەم لە کوردستان تێ دەپەڕێ و کتوپڕ وا هەست دەکەم نووسینەوەی ئەم رووداوانە کاتی فرەتری برد لەوەی من لەوێ بە چاو بینیمن.

ئەم پایزە باراناویترین پایز بووە من وەبیرم بێت و ئێستە، کە خەریکی نووسینەوەی ئەم شتانەم، نیوەشەوێکی درەنگە و باران بە توندی لە پەنجەرەکەم دەدات. هەموو ئەو ماوەیەی من لە کوردستان مامەوە تەنیا جارێک باران باری، بەڵام ئەمە خۆی هەواڵی هاتنی وەرزی سەرماوسۆڵە و کاتی هاتنی زستانە. شەوەکانی زۆر سارد بوون و گڤەبایەکی سارد لە دۆڵەکانەوە هەستی پێ دەکرا، کە ئەمەش نیشانەی ئەوەیە زۆر ناخایەنێ دۆڵ و شیوەکان بە بەفر دادەپۆشرێن.

لە ماوەی چوار حەفتەدا من تەنیا دوو هەواڵی کورتم لەسەر دۆخی کوردستانەوە لە رۆژنامە سوێدییەکاندا بەرچاو کەوتووە و هیچی تر. لەو ماوەیەدا کە شەڕەکە لە ١١ی ئادارەوە هەڵگیرساوەتەوە رەنگە نزیک بە ٥٠٠٠ هەزار کەس کوژرابن، بەڵام کوردستان دنیایەکی ترە و دەگمەنن ئەوانەی، کە دەزانن هەر جێگەیەک بەو ناوە بوونی هەیە.

لەم ماوەیەدا نامەیەکم لە "شەماڵ"ەوە پێ گەیشتووە و تێیدا دەنووسێ:

شەڕەکە لە کوردستان زۆر توندتر بووە لەم حەفتانەی دواییدا، وەک خۆت ئاگەداری لەم دوو مانگەی دواییدا عێراقییەکان پاڵەپەستیان بۆ سەر بەرەی "گەرووی عومەر ئاغا"، ئەو شوێنەی تۆ خۆت بۆی چووی و شاخی زۆزک

زیاد کردووه، بەڵام هێرشی وان لە لایەن هێزەکانی ئێمەوە شێرانە بەرپەرچ دراونەتەوە. ئاگـــری چەکی دوژمن زۆر بەرین و بەرفـــرەوانە بەڵام بە شێوەیەکی جێگەی ستایش لە لایان شەڕوانانی ئێمەوە، تێک شکێنراون.

تەلێگرامێک کە لە بەیرووتەوە گەیشتووە ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەکانی سوێددا بڵاو کراوەتەوە:

"سوپای عێراق بە ٤٠٠ تانک لە سەرجەمی ١٠٠٠ تانکی سوپاکەیەوە خەریکی هێرشێکە لە هەولێرەوە بۆ رواندوز و بە نیازە بەرخۆدانی کورد تێک بشکێنێ و ناوچە کوردییەکان لێک دابڕێ. ئەم تەلگرامە لە لایەن وتەبێژی مستەفا بارزانی لە بەیرووتەوە گەیشتووە. بە قسەی ئەم نوێنەرە کوردە نزیک بە نیو میلیون کورد – زۆربەیان ژن، منداڵ و پیر – لە دەست شەڕی سوپای عێراق هەڵاتوون و گوازراونەتەوە بۆ شوێنی ئەمین تا لە ئاگری تۆپ و فڕۆکەکانی عێراق بە دوور بن، لەو دەمەی هێزەکانی پێشمەرگە خەریکی بەرخۆدان و بەرپەرچدانەوەی سوپای عێراقن.

من لە دەفتەری ریپۆرتاجەکەمدا نووسیومە:

من ئەم ماوەیە هەست بە بوونی کات ناکەم، وا دەزانم هەموو ژیانم لەم وڵاتەدا ژیاوم. بە یارمەتیی ڕۆژمێرەکەم هەوڵ دەدەم بزانم کام ڕۆژ ئەم دێرانەم نووسیوە بەڵام بێ ئاکامە.

شەوێکی درەنگ هەلی ئەوەم بۆ دەرەخسێ بتوانم ئیدریس بارزانی ببینم. ئەو ڕۆڵ و جێگەیەکی گرینگی لەم شۆڕشەدا هەیە و ئەوەی من بیستوومە ئەویش وەک باوکی خۆی، جێگەی ڕێزی خەڵکە و ئەگەر ڕۆژێک بێت و ئەم پیرە جەنەراڵە دوا کۆچ بکا، بێ شک تەنیا ئەو جێگەی دەگرێتەوە. مرۆڤ لێرەدا هەر جێگەیەک دەڕوا ناوی ئەوە:

ئێمە دەبێت لەگەڵ ئیدریسدا قسە بکەین ئەگەر بڕیارە کارێکی گرینگ بێتە پێش.

شۆڕشی کورد لە لایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕێبەری دەکرێ، کە هەرسێ ساڵ جارێک کۆنگرەیەک دەگرێ و دواین کۆنگرەی پێش لە دەست پێکردنەوەی شەڕەکەی ئاداری ١٩٧٤ بەسترا. ئامانجە سیاسییەکانی ئەم پارتە لەم کۆنگرانەدا دیاری دەکرێن کە لە پرۆگرامەکەیدا هاتووە:

"ئێمە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی هەڵبژێردراوی دیموکراتیی شۆڕشگێڕ خەبات دەکەین. هەروەها خەبات دەکەین بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەلایەتیی کۆمەڵگە و دابینکردنی ئازادیی ئاین، چاپەمەنی و سیاسی بۆ گشت هاوولاتییان."

"ئێمە خەبات دەکەین بۆ بەهێزکردنی برایەتی و پێوەندیی نێوان نەتەوەی عەرەب و کورد و بناخەدارشتنی برایەتی لە نێوان کورد، عەرەب و کەمایەتییەکانی تری ناو عێراق. هەروەها هەوڵ دەدەین بۆ بەهێزکردنی پێوەندی لە نێوان گەلی کورد و هەموو گەلانی تری دنیا".

ئێمە هەوڵ دەدەین بۆ بەهێزکردنی پێوەندی و دۆستایەتی لە نێوان پارتیمان و گشت ئەو هێز و لایەنانەی ناو عێراق بڕوایان بە داخوازییە ڕەواکانی ئێمە و هەموو جوولانەوەی دیموکراتیکی بەشەکانی تری کوردستان هەیە...

جەنەراڵ بارزانی سەرۆکی پارتییە و خۆشی وەک ڕێبەری جوولانەوەکە ناودێر کردووە. بارزانی بنکەی سەرەکیی خۆی هەیە، بڕیارە گرینگەکان تەنیا لە لایەن ئەوەوە دەردەچن و نزیکەی ڕۆڵی سەرکۆمارێکی هەیە، کە کۆمیتەی ناوەندی وەک پەرلەمان و مەکتەبی سیاسی وەک دەوڵەت لە بەردەستیدا کار دەکەن.

من نیوەشەوێکی درەنگ ئیدریس بارزانی لە یەکێک لەو ڤیلایانەی کاتی خۆی بۆ توریست و گەشتیاران ساز کراوە، لە تەنیشت چادرەکانی بەشی ڕاگەیاندندا دەبینم و لە دوورەوە و لە تاریکییەکەدا هەست بە بوونی

ژمارەیەک پێشمەرگەش لەو نزیکانەدا دەکەم. ژمارەیەک فەرماندەش لە دەوری مێزێک و لەژێر رووناکیی چرالامپایەکدا دانیشتوون، کە کەشوهەوایەکی شۆڕشگێڕانەی بە جێگەکە داوە.

ئیدریس کورتەبالاّ و لە هەڵسوکەوتدا زۆر پیاوانە و بەرێز دێتە پێش چاو. زۆر وریا و ژیر دیارە و سەرەڕای ئەوە وەلامەکانی دیپلۆماتییانەن زۆریش رێک و راست باسی شت دەکات. ئەو هەوڵ دەدات هەموو ئەو کاتە خەریکی چاوپێکەوتنەکەی لەگەڵ من بێ بەلاّم هەر تاو نا تاوێک پیاوێک بە پەیامێکەوە دێتە ژوورەوە و دەبێت وەلامی پەیامەکەشی زوو وەرگرێتەوە بۆیە ناوبراو لەم بارەیەوە داوای لێبووردن لە من دەکات. ئیدریس سەرەتا روو لە من دەڵێ:

– ئێمە خۆشحاڵین دۆستێکی ترمان بۆ پەیدا بووە، دیارە من دەزانم ئێمە گەلێک دۆستی ترمان لە سوێددا هەیە. خەڵکی سوێد سۆزی زۆری بۆ شۆڕشی ئێمە هەیە و ئێمە بەرێزەوە سەیری ئەم کارەی سوێد دەکەین. بە تایبەتی لەم رۆژە رەشانەی ئێمەی تێداین پێویستە ئەم دۆستایەتییە بەهێزتر بکرێ، سوێدییەکان دەتوانن یارمەتییەکی گەورە بن بۆ ئێمە.

من دەڵێم بەلاّم ئێوە ناتوانن چاوەڕوانییەکی زۆرتان لە سوێد ببێ، رەنگە هێندێک یارمەتیی مرۆیی، بەلاّم ئەوەی ئێوە زیاتر پێویستتانە چەک و تفاقی شەڕە، وا نییە؟

– بەڵێ، راست وایە تانکەکانی عێراق گەورەترین کێشەی ئێستەی ئێمەن. ئێمە وەک پێویست چەکی دژە تانکمان نییە، ئەگەر سوێد بیتوانیایە لەو چەکانەمان بۆ بنێرێ زۆر یارمەتییەکی بە نرخ دەبوو.

من لە وەلامدا دەڵێم بە داخەوە ئەم شتە ئیمکانی نییە و ئیدریسیش قبووڵی دەکات.

سوێد تەنیا چەک بەو وڵاتانە دەفرۆشێ، کە پێی وایە بەکاریان نایەنن و

چەک وەک یارمەتیی مرۆیی حیسێب ناکرێن.

لە ترۆمبێلەکەی دەمانهێنێتەوە بۆ قەسرولسەلام، لەبارەی یارمەتییەکانی ئێرانەوە لە سیامەند پرسیار دەکەم و دەپرسم بۆچی ئەوان ئەم چەکانە لە ئێران داوا ناکەن؟

– بەڵێ، بۆ؟ دیارە بۆ ئەم کارە ناکەین، یارمەتییەکانی ئێران بەو شێوەیەش نین کە دنیا باسیان دەکات. ماوەیەک لەمەو پێش، فڕۆکەکانی عێراق چەند گوندی ئێرانیان بۆمباران کرد و ٤٠ کەسیان کوشت کە زۆربەیان لەو کوردە ئاوارانە بوون خۆت بینیوتن. ئێرانییەکان نوێترین چەکی دژی فڕۆکەیان لە بەردەستدایە تەنانەت تەقەشیان لەم فڕۆکانە نەکرد و بە دەربڕینی ناڕەزایەتییەک بۆ بەزاندنی سنوورەکەیان وازیان هێنا.

شای ئێران دەزانێ چی دەکات. ئەو لێ دەگەڕێ تا کورد لەم شەڕەوە بگلێن و پێشی خۆشە هەرچییەک درێژتر بێتەوە، بەڵام قەت نایەڵێ کورد بەهێز بن چونکە لەو حاڵەتەدا دەبنە مەترسییەک بۆ خۆشی.

ئێران و عێراق لە حاڵەتێکی نزیکی شەڕ لەگەڵ یەکدان، بچووکترین رووداو دەتوانێ چاڵە نەوتییەکانی ئێران لە عابادانددا بخاتە ژێر مەترسییەوە و بە هۆی نێزیکیی ئەو شوێنە لە سنوورەوە بە هاسانی دەتوانن بکەونە بەر هێرشی تۆپخانەی عێراق. روونە کە شای ئێران دەیەوێ خۆی لەم مەترسییە دوور بگرێ و سەرەڕای زاڵیەتیی سوپای ئێران، شەڕێکی لەو جۆرە دەتوانێ زیانێکی قەرەبوونەکراو بگەیەنێتە ئێران.

هەر لەسەر ئەم بنەمایەشە، کە شا لێ دەگەڕێ کورد شەڕەکەی بۆ بکەن، تا ئەو کاتەی بەشێکی زۆری سوپای عێراق لە شەڕی کوردستانەوە گلابێ ئەوان دەستی دڵنیایی لەسەر سکیاندا دەنێن و لە دوورەوە چاوی لێ دەکەن. بەڵام سەرکەوتنی هیچ کام لەم لایەنانەی شەڕ لە قازانجی شادا نییە، نە هی کورد و نە هی عێراقیش. ئەگەر کورد سەرکەون ئەوە ئیمکانی ئەوە هەیە

داوای ئۆتۆنۆمیی کوردی ئێرانیش ببێته ڕاستییەک و سەرکەوتنی عێراقیش، کە لە تێکشکاندن و لاوازکردنی کورددا بەدی دێت لە قازانجی ئێراندا نییە چونکە ئەو کات ئەم کارە دەبێتە هۆی دەست پێکردنی شەڕێکی گەورەتر لە نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا. بۆیە درێژدانی شەڕ لە کوردستانی عێراق زیاتر لە هەر شتێک بە قازانجی ئێرانە و بۆ ئەو مەبەستەش تا ئەو جێگەیە یارمەتیی کورد دەدات، کە خۆیان لە بەرانبەر سوپای عێراقدا ڕاگرن و ترازووی دۆخەکە لە بەرژەوەندی خۆیان ڕاگرن.

دیارە ڕێبەرانی کورد ریالیستن و دەزانن ئەم دۆخە وایە، بەڵام ئەوان هیچ کات وەک من بەم شێوەیە باسی شتەکە بۆ تۆ ناکەن. بە پێچەوانە بە هۆشیارییەکی زۆرەوە ناوی شا دێنن و ئەگەریش باسی هۆی ئەم یارمەتییانەیان لێ بپرسی دەڵێن هەمووی لەبەر هەستی مرۆدۆستییانەی شایە، کە یارمەتیی ئێمە دەدات.

ئەگەر ئەم شتە وایە ئەی بۆ ئەوان فڕۆکەکانی عێراق ناخەنە خوارەوە، کە ئاسمانی ئەوان دەبەزێنن، گوندەکانیان بۆمباران دەکەن و لەسەر خاکەکەی ئەوانیشدا خەڵک دەکوژن؟

ڕەنگە ئەو دوایین ڕێبەری خەڵک بێت

دوای ساڵانێک ئاشتیی لەرزۆک و ناسەقامگیر لە کوردستانی عێراقدا، ساڵی ١٩٣١ بۆ جارێکی تر هەلومەرجێکی ئاڵۆز ڕووی لە ناوچەکە کردبووەوە و شێخ ئەحمەدی بارزان، کە بارێکی جێگیری دەروونیی هەبوو، لە ساڵی ١٩١٤ەوە دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلامی برای لە لایەن عوسمانییەکانەوە لە مووسڵ لەدار درا، سەرۆکایەتیی هۆزی بارزانیی گرتە دەست. شێخ ڕەشید ناوێک، کە ئەویش خەڵکی ناوچەکانی دەوروبەر بوو بە بیانووی ئەوەی ئەحمەد پشتی لە ئیسلامی ڕاستەقینە کردووە "جیهاد"ی دژی هۆزی بارزان ڕاگەیاند. سوپای عێراقیش دەستی لە کێشەکە وەردا و بە کاروانێک سەربازەوە ڕووی لە بارزان کرد. هاوکات ئەم هێزە کەوتە داوی بارزانییەکان و بە هەزار دەردی سەر و دوایی بە یارمەتیی هاتنی هێزی هەواییی ئینگلیز، توانیی لەم داوە ڕزگاری بێت. ئەو کەسەی ڕێبەرایەتیی هێزی کوردی لەم شەڕەدا کرد برای بچووکی شێخ ئەحمەد بوو، کە بە مەلا مستەفا ناسراوە.

مەلا مستەفا هەر هەمان ئەو پیاوەیە ئێستە دوای ٤٣ ساڵ تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوەدا، ڕێبەری شۆڕشی کورد بۆ پاراستنی کێوەکانی کوردستان دەکات و بووەتە جەنەراڵ بارزانی.

بەهاری ساڵی ١٩٣٢ دیسان هێزێکی تری سوپای عێراق هێرشی کردەوە سەر بارزان و وەک جارەکەی پێشتر کەوتنە ناو داوی کوردەوە، هێزی هەواییی بەریتانیا هات بە هاواریانەوە، گوندەکانی بارزانی بە خەستی بۆمباران کرد. کورد ناچار بوون لە بەرانبەری هێزی زۆری دوژمندا

پاشـەکشـێ بکەن و شـێخ ئـەحـمەد بـە ناچار خـۆی دایە دەسـتی تورکـان، کـە ئەوانیش دواتر بە عێراقیـان دایەوە. مـەلا مسـتـەفـا برایە سلێمـانی و لەوێ نیشتەجێ بوو.

بەهاری ١٩٤٣ مـەلا مسـتـەفا هـەڵات بۆ ئێران، لەوێوە گـەڕایەوە بـارزان، لە لایەن لایەنگرانیـەوە بە گـەرمی پێشـوازیی لێ کرا و بوو بە ڕێبەری بێ ئـەمـلا و ئەولای ئـەو کـوردانـەی خـوازیاری رزگـاری بوون. دوای ئـەم دۆخـە تـازەیە دەردەکـەوت شـەڕێکی تر لە ڕێگەدایە، چونکە هێزەکـانی بـارزان رۆژ لە دوای رۆژ لە پەرەگرتندا بوون و رێژیمی بەغداش کەوتبووە بیری سـەرکوتینەوەیان. بۆیە هێـزێکی فـرەوانی بۆ گـرتنـەوەی بارزان بـە ڕێ کـردەوە، لە نـزیک کێوەکانی ئاکرێدا تووشی شەڕی سـەرهـەڵداوان بوون و بە شـپـرزەییـیـەکی زۆرەوە ناچار بە کشـانەوە کران. لە نیسـانی ١٩٤٥دا دیسان سوپای عێراق هێرشی دەست پێ کردەوە، تورکیا سنوورەکانی بەڕووی کورددا داخست و هێـزی هـەواییی ئینـگلیـزیش بـێ رەحـمـانـە گـوندەکـانی دەڤـەری بـارزانی بۆمباران کرد. بارزانییەکان لە هەمبەر هێرشـەکاندا بەرخۆدانی مەزنیان کرد بەڵام دوای ئەوەی سـوپای عێراق و ئینگلیز توانییان عـەشیرەتەکانی تری کـورد لـە دژی ئەوان بەکـار بێنن، مـەلا مـسـتـەفـا نـاچار بـوو لە بەرانبەریاندا پاشـەکشێ بکات. تەنیا ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون هەبوو ئەویش ڕێگەی ئێران. مەلا مستەفا بە ١٠٠٠٠ هەزار کەسـەوە کە تەنیا دوو هەزار کەسیـان پێشـمـەرگەی بە ئەزمـوونی مـەیدانی شـەڕ بوون و ئەوانی تر ژن و منداڵ بوون، ڕووی لە کوردستانی ئێران کرد.

ماوەیەکی کورت دوای گەیشتنی بارزانی، کۆماری کوردستـان لە مەهاباد ڕاگەیەندرا و بارزانییەکان بە گیـان و دڵ ئامادەیی خۆیان بۆ خـزمـەت بەو کـۆمـارە دەربڕی. لە سـەرەتـای مـانگی حـوزەیرانی سـاڵی ١٩٤٦دا وەک هێـزێکی تۆکـمـە و بە ئـەزمـوون بۆ پاراسـتـنی ئەو کـۆمـارە کـورتە تـەمـەنە دەستبەکار بوون. بەشی زۆری هێزەکانیان لە نزیک شاری سەقز نیشتەجێ

کران تا کۆنترۆڵی ئەو بەرەیە بگرنە ئەستۆ و لە بەرانبەر هێرشی سوپای ئێراندا بەرگری لە کۆمار بکەن. لێرە بوو بارزانی ناسناوی جەنەراڵی پێ درا.

سوپای ئێران و جەنەراڵەکانی، لەوانە سەرفەرماندارى ئەو دەمی سوپاکە جەنەراڵ رەزمئارا، بێدەنگی لەم بارەوە بە خراپ دەزانی و وەک زەبرێک لەناو و دەنگی سوپای ئێرانی لێک دەدایەوە. بۆیە رێگەی هێرشیان دژی شەڕوانانی کورد هەڵبژارد و رۆژی ١٥ حوزەیرانی ئەو ساڵە بە هێزێکی زۆرەوە و لەژێر ئاگری تۆپخانە پەلاماری سەنگەری پێشمەرگەکانی بارزانییان دا، کە لە بەرزاییەکانی کێوی "مامەشا"دا بەجێ کرابوون.

سەرنج ڕاکێشە مرۆڤ ئەو شەڕە لەگەڵ ئەم شەڕانەی ئێستە لە دژی کورد لە ئارادان بەراورد بکات، هەروەک ئێستە ئەو دەمیش ژمارەیەکی کەم شەڕوانی پێشمەرگە لەناو درناڵە بەرد و لە پەنا دەوەناندا خۆیان حەشار داوە و خۆیان بۆ بەرخۆدانێکی مەزن لە بەرانبەر دوژمنێکی چەندین جار لە خۆیان بەهێزتر و خاوەن چەک و چۆڵی مۆدێرندا، ئامادە کردووە.

بە پێی سەرچاوە کوردییەکان سەرجەمی ئەو پێشمەرگانەی بەرخۆدانی کێوی مامەشایان کرد تەنیا ١٣ کەس بوون کە لە لایەن شەڕوانێکی بە ئەزموون و ناسراوەوە بە ناوی "خەلیل خۆشەوی" رێبەری دەکران. لە درێژەی شەڕەکەدا ٣٠ بارزانیی تریش بە ژمارەی ئەمانەوە زیاد بوون، بەڵام بە پێی سەرچاوە ئێرانییەکان نێوان ٥٠٠ - ٨٠٠ پێشمەرگە بەشداریی شەڕی ئەم بەرەیە بوون.

هێرشی ئێرانییەکان زۆر ورد و زیرەکانە دەستی پێ کرد بەڵام پاراستنی کوردیش هەر وا بوو. دەگێڕنەوە خەلیل خۆشەوی بە هەڤاڵانی خۆی وتبوو لە پشتوێن بۆ سەرەوە تەقە لە دوژمن بکەن. لە کۆتاییی رۆژدا دەوڵەتی ئێران توانی چیایەکە داگیر بکات بەڵام ٢٢ کوژراو و ٤٠ برینداریان هەبوو، لە

حاڵێکدا زیانی کورد تەنیا خەلیل خۆشەوی خۆی بوو، کە بە بریندار گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانەی رووسەکان لە تەوریز بەڵام بە هۆی ئەوە دە گوللەی بەرکەوتبوو، گیانی لەدەست دا.

مستەفا بارزانی، کە لە کاتی ئەم رووداوەدا لە تەوریز بوو، لە سەرەخۆی ناوی ئەو ١٣ پێشمەرگەیەی پارێزگارییان لە مامەشا دەکرد هێنایە سەر زمان و گوتی: خەلیل خۆشەوی بەزیندوویی ئەو کێوەی بەرنەدەدا.

دوای رووخانی کۆماری مەهاباد داوا لە بارزانییەکان کرا لە ناوچەی هەمەدانداندا نیشتەجێ ببن بەڵام ئەوان نەچوونە ژێر باری ئەم داوایە و بە درێژەدانی شەڕ لەگەڵ سوپای ئێراندا گەیشتنەوە سەر سنوور. لە ناوەڕاستی نیساندا تێکڕا چوونەوە دیوی عێراق و شێخ ئەحمەد، چوار ئەفسەری پێشووی سوپای عێراق و بەشی زۆری ژن و منداڵەکان، کە لەگەڵ کاروانەکەدا بوون خۆیان دایەوە دەستی سوپای عێراق. بەڵام مەلا مستەفا و بەشی زۆری شەڕوانانی هاوڕێی وی، نەیانویست خۆیان بدەنە دەست. سەرەتا بارزانی بە تەمای دانوستاندن بوو لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بەڵام دەوڵەت زوو هەر چوار کۆنە ئەفسەرەکەی، کە خۆیان دابووەوە دەست هەڵواسی و ئەویش تێ گەیشت کە چارەنووسی لەوان باشتر نابێت چونکە بارزانی پێشتریش گەلێک جار شەڕی دەوڵەتی عێراقی کردبوو و دەیزانی مانەوە لە عێراقدا بێ مانایە.

سەرەنجام بارزانی خەڵکەکەی کۆ کردەوە و پێی وتن، کە بە پێی بۆچوونی وی تەنیا رێگە ئەوەیە بڕۆن بۆ سۆڤیەت و لەو وڵاتە داوای پەنابەری بکەن. هەروەها وتی ئەو ئامادەیە جگە لەوانەی دەبێت لە لای بنەماڵەکانیاندا بمێننەوە ئەوانی تر لەگەڵ خۆی بۆ ئەم ڕێیە درێژ و پڕ مەترسییە ببات. بەشی هەرە زۆری بەشداران ئامادە بوون لەگەڵیدا بڕۆن، بەڵام زۆرێکیان بە هۆی جۆرەوجۆر وەرنەگیران و سەرەنجام ژمارەیەکی نێوان ٥٠٠ – ٨٠٠

کەس دیاری کران و ئەم ڕێگە دوور و سەخڵەتەیان گرتە بەر.

ڕۆژی ٢٧ی ئایار ئەم کاروانە سنووری تورکیایان بەزاند و چوونە ناو خاکی ئەو وڵاتە، گەڕانەوە ناو خاکی ئێران و دیسان گەڕانەوە ناو تورکیا و دیسان بۆ ئێران. سوپای ئێران فەرمانی پێ درا پێشی ئەم هێزە بگرێ، بەڵام ڕۆژی ٣ی حوزەیران بە ناوەڕاستی دوو بەتالیۆنی سوپای ئێراندا تێ پەڕین. ڕۆژی ٩ی حوزەیران کورد هێرشیان کردە سەر ئەو سوپایەی ئێران، کە دوایان کەوتبوو و زیانی زۆریان پێ گەیاندن و ڕۆژی ١٠ی حوزەیران سەرجەمی ئەم هێزە گەیشتنە سەر سنووری سۆڤیەت لە لای چۆمی ئاراس و کاتێک ڕۆژی ١٨ی حوزەیران بەشێک لە سوپای ئێران گەیشتە ئەم شوێنە، مستەفا بارزانی و هێزەکەی توانیبوویان بڕۆنە ناو خاکی سۆڤیەت. ئەم گرووپە کوردە دوای تێپەڕینی ١١ ساڵ و ٤ مانگ بەسەر ئەم سەفەرەدا توانییان بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان.

شەوی یەکشەمە، ئەرێ پێم وایە شەوی یەکشەمەیە کە سیامەند دەڵێ:

– تۆ دەتوانی جەنەراڵ ببینی، من تازە هەواڵم لەم بارەوە پێ گەیشتووە.

لای سەعات هەشت و نیوی ئێوارە دەڕۆین بۆ بنکەی مەکتەبی سیاسی، لەو شوێنەی من پێشتر ئیدریس بارزانیم بینی، رادەوەستین تا لە دوایین بڕیار ئاگەدارمان کەن. سیامەند دەڵێ:

– جەنەراڵ بارزانی شوێنێکی دیاریکراوی بۆ مانەوە نییە. زۆر کەم کەس لە نزیکانی دەزانن ئەو ڕاست لە کام شوێنە بەڵام هەر کات گەرەکیان بێت دەتوانن پێوەندیی پێوە بکەن.

لەم ماوەیەدا من ڕاوەستاوم و چاوەڕوانی وەڵام دەکەم، لەگەڵ مەسعوود بارزانی – برای چکۆڵەی ئیدریس–دا خەریکی قسەم. ئەو سەر و شکڵی زۆر گەنجانە و ڕەنگە هەر دەوری ١٨ ساڵ بێتە بەرچاو، بەڵام تەمەنی ڕاستەقینەی مەسعوود ٢٨ ساڵە. ئەم دوو برایە لە ڕواڵەتدا زۆر لێک دەچن،

بەڵام بە شـێـوەی تر جیـاوازن. ئیـدریس دیپلۆمـاتە و قـسـەكـانی زۆر ورد و حیساب بۆكراو هەڵدەبژێرێ. كەچی مـەسـعـوود ئەوەی لە دڵیدایە بێ پەردە باسی دەكـات، زۆر ئارام و لەسـەرەخـۆ دانیـشـتـووە و ئامـادەیـە بۆ باس و وەڵامدانەوە. من هەلەكە بە باش دەزانم تا هێندێك پرسیاری لێ بكەم.

روو لە مـەسـعـوود بـارزانی دەپرسم ئاخـۆ ئێـوە گـەرەكـتـانـە دوای شـەڕ چ جۆرە كۆمەڵگەیەك دامـەزرێنن؟ ئاخر من كە گـەڕامەوە خەڵك لـە سوێد لە من دەپرسن، ئەمانە سۆسیالیست، كۆنەپارێز، چەپ یان راستن؟

– ئێـمـە لەمێژەوە خـەریكی خـەباتین، سـەرەتا ئێـمـە هـەوڵ دەدەین كێـشـەی ئاشتی لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیی كوردستاندا چارەسـەر بكەین. من دەتوانم بە تۆ بڵێم دوای ئەوە ئێمە سیستەمێكی دیموكراتیك لەسەر بنەمای پەرلەمان دادەمەزرێنین. ئێمـە دەمانەوێ پێوەندییەكی نزیك و فرەوان لە نێوان دەوڵەت و خەڵكدا هەبێ، پێوەندییـەك كە بە هیچ جۆر لە عێراقـدا بوونی نەبووە. ئێمە خـوازیاری كۆمەڵگەیەكین تێیدا هەمـوو هاووڵاتییـان بتوانن بیر و بۆچوونی خۆیان بە ئازادی دەربڕن. كۆمەڵگەیەك كە ئازادی دەبێتە بەشی هەمووان و هەر كەس بەو شێوەیە هەیە رێزی لێ دەگیرێ. ئەمە ئامـانجێكی بەرزە و من دەزانم گـەلێك شـۆڕشی تریش ئەم ئامـانجـەیان هەبووە بەڵام تێیدا سەرنەكەوتوون. بەڵام من بێ ئـەملا و ئەولا دڵنیام ئێمە لەمـەدا سەردەكەوین. دوای شـەڕ ئێمـە دادەنیشین و باس لە كێشـەكـان دەكەین و رێگەچارە بۆ گرفتەكان دەدۆزینەوە. تۆ بێگومـان ئەم یەكگرتنە بەرینەت دیوە، كە ئێمـە لە كوردستـان پێی گەیشتووین. ئەم یەكەتییە قـووڵ و ریشەدارە بە هیچ كەس نایەتە برین و هەڵوەشـاندنەوە. بناخـەی ئەم یەكـەتییـە تەنیـا تێگەیشـتنی سیاسی نییە بگرە سەرچاوەكەی لە یەكبوون و هاوچارەنووس بوونەوەیە.

من لە مـەسـعـوود دەپرسم كێ پارەی شۆڕش دابین دەكـات؟ ئەو لە وەڵامـدا دەبێژێ:

– بەشی زۆری باری ئەم شۆڕشە لەسەر شانی کورد خۆیانە، دیارە ئێمە تۆمەتبار دەکرێین، کە یارمەتی لە دەرەوە وەردەگرین، بەڵام من دڵنیات دەکەم ئەگەر پێنج لە سەدی ئەو یارمەتییەی باسی دەکرێ بە ئێمە بگەیشتایە، لەمێژ بوو لەم شەڕەدا سەرکەوتبووین. تۆ دەبێت بزانی وڵاتی ئێمە زۆر دەوڵەمەندە، لێرە گەلێک کانگەی جۆرەوجۆر هەیە و هەروەها کشتوکاڵی کوردستان لە کاتی ئاساییدا گەلێک زیاترە لە پێویستی ئێمە. ئێمە سەروەت و سامانی خۆمان هەیە.

بەڵام چەک و تەقەمەنی، ئەمانە لە کێ وەردەگرن؟

– بەشی زۆری ئەمەش وەک دەستکەوتی شەڕ لە دوژمن خۆی بەدەست دێنین، ئەمە بە کردەوە وایە. دەشتوانین هێندێکی بکڕین و دەشکڕین. ئەگەر بمانەوێ زۆر زیاتریش دەتوانین لەم ڕێگەیەوە دابین بکەین. بەڵام پێشمەرگەیەک هیچ کات لەخۆڕا تەقەمەنییەکەی بەفیڕۆ نادا، ئێمە وەک نەریت دەڵێین هەزار فیشەکی سوپای عێراق لە بەرانبەری یەک فیشەکی ئێمەدا. ڕێژەکەی لە سەریەک وا حیسێب دەکرێ.

ڕوونکردنەوەی تۆ بۆ ئەوە چییە کە تا ئێستە دنیا زۆری بایەخ نەداوە بەم بارودۆخەی لە کوردستاندا لە گۆڕێیە؟

– من دەتوانم ئەم پرسیارە تەنیا بە پرسیارێک وەڵام بدەمەوە کە چۆنە ڕووداوێکی تیرۆریستی، یان ڕفاندنی فڕۆکەیەک بەپەلە مانشێتی گەورەی هەواڵەکان ساز دەکات؟ بەڵام کاتێک گەلێک بە تەواوی خەریکە لەناو ببرێ، سەدان مرۆڤی بێتاوان ڕۆژانە بە پێش چاوی دنیاوە دەکوژرێن کەچی دنیا لە بەرانبەریدا بێدەنگە؟ من لەمە تێ ناگەم.

ئێوە تەنیا باسی خۆبەڕێوەبەری دەکەن، بەڵام مانای ئەمە لە کردەوەدا چییە؟

– مانای ئەمە خۆبەڕێوەبەری لەناو عێراقێکی دیموکراتیدا، ئێمە

نامانەوێ تاقمێک جەنەراڵ حوکممان بەسەردا بکەن، ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی هەیە - ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان، دیموکراسی بۆ عێراق.

لە راستیدا ئەمە وا نییە، کە ئێوە سەربەخۆیی تەواوتان بوێ؟

- من ناتوانم بەرسڤی ئەم پرسە بدەمەوە. تەنیا خەڵکە دەتوانێ لەم بارەوە وەڵام بداتەوە. من تەنیا ئەوە دەتوانم بڵێم، کە جارێکی تر ئێمە بڕوا بە درۆیەکانی دەوڵەت ناکەینەوە.

بەڵام ئەگەر خەڵک خوازیاری سەربەخۆیی بن؟

- خەڵکی کورد ریالیستن، خەڵک و پارتی هەر هەمان شتن، - پارتی تەنیا داخوازییەکانی خەڵک دەخاتە ڕوو - ئێمە داوای شتی نامومکین ناکەین. ئێمە دەتوانین خەون بەسەربەخۆییەوە ببینین، بەڵام راستییەکە شتێکی ترە. کاتێک ئێمە باسی ئۆتۆنۆمی دەکەین بە جیدیمانە و لەم بارەیەوە راستبێژانە قسە دەکەین.

ئەی گەورەترین گرفتی ئێوە لەم کاتەدا چییە؟

- گەورەترین گرفتی ئێمە ئەوەیە چۆن بتوانین گەلانی دنیا لە دۆخی خۆمان تێ بگەیێنینە کە چۆن تەنیا بەهۆی داوا رەواکانی خۆمانەوە خەریکن لەناومان ببەن. کورد ناتوانن تەنیا بە هەوا بژین، ئێمەش گیان لەبەر و مرۆڤین. ئێستە خەلە و خەرمانی ئێمە دەسووتێ، خەڵکی بێتاوان دەکوژرێن، - تەنیا لەم حەفتەیەی دواییدا ١٣٦ کورد لە عێراق هەڵواسراون - من دەتوانم ئەگەر بتەوێ ناوی ٧٠ کەس لەوانە بدەم بە تۆ. بەو حاڵەش دنیا نقەی لێوە نایە، نەتەوە یەکگرتووەکان تەنانەت حازر نییە باسی کێشەکە بکات. یانی دنیا پێی وایە ئێمە هیچ نرخ و بایەخێکمان نییە؟ من دڵنیام ئەگەر بە جێگەی ئێمە ئاژەڵ بەم شێوەیە لەناو ببرایەن دنیا وەدەنگ دەهات، بەڵام تەنیا چونکە کوردین گوێی خۆیانی لێ دەخەوێنن. تۆ پێت وایە ئەمە رەوایە لە بەرامبەر ئێمەدا دەکرێ؟

من باسی سەفەرەکەی بادینانی خۆم بۆ مەسعوود دەکەم و ئەو بۆچوونەی لەگەڵدا دێنمە بەرباس، کە عێراق دەیەوێ ئەم دوو ناوچەیە لێک دابڕێ و خەڵکی ئەو دەڤەرە لە برسان قڕ بکات؟

– ئەوەی تۆ پێی گەیشتووی بە تەواوی راستە. زیاتر لە نیو میلیۆن کورد لە بادینان لەژێر هەڕەشەی مردندان، ئێمە بە تەواوی ئاگەداری ئەوەین. هەموو ئەوەی لە دەستمان بێت بۆ پێشگری لەو پیلانەی دەوڵەت دەیکەین، بەڵام بۆمباران و تۆپباران بارەکەیان زۆر دژوار کردووە. کارەساتەکە خەریکە رۆژ بە رۆژ نزیک دەبێتەوە. زیاتر لە نیوەی ئازووخەی کۆگاکانی خۆمان بۆ ئەو بەشەی وڵات ناردووە – بە شەو و بە رۆژ کار دەکەین تا کاری گواستنەوە و گەیاندنی ئەم پێویستییانە تەواو بکەین – بەڵام نازانین دواتر چۆن دەبێت، دەزانین تەنانەت ئەگەر هەمووشمان بمرین خاچی سووری ناودەوڵەتی بۆی گرینگ نییە و گوێ نادات بە ئێمە.

پێشمەرگەیەک دێتە ناو، شتێک بە کوردی بە مەسعوود دەبێژێ و ئەویش روو لە من دەڵێ:

– ئێستە تۆ دەتوانی بچی باوکم ببینی.

لاندرۆڤەرێک لە دەرەوە راوەستاوە. پێشمەرگەیەک بە تفەنگێکەوە لە پشتی فەرمان دانیشتووە و لە حاڵێکدا تەنیا چرای "پارکینگ"ی هەڵکردوون لە تاریکیدا بەرەو شوێنی مەبەست رێ دەکەوین.

هێندێک بە جادەی هامیلتۆندا دەڕۆین و من پێ ڕادەگەم پێش ئەوەی لابدەین بۆ جادەیەکی شاخاوی، ببینم کەوا حاجی ئۆمەران بەجێ دێڵین. ئەسڵەن تێ ناگەم بە کوێدا رۆیشین بەڵام دەبینم دەزگایەکی "بەرزی پێو" لەپێش شووشەی ماشینەکەوە دانراوە و لە رێگەی ئەوەوە دەزانم کە پێش ئەوە لە کن ماڵێکدا دابەزین بەرزاییی شوێنەکەمان دەگاتە ۱۹۰۰ مەتر. لەبەر تاریکی من دەوروبەر نابینم بەڵام هەست دەکەم لەسەر ملی

یاڵێکەوەین کە بە لووتکەی بەرزی شاخان دەورە دراوە.

رووناکییەکی سپیی تیژ، لە درزی دەرگەیەکەوە دەردەکەوێ، سیامەند چەند وتەیەک لەگەڵ پێشمەرگەیەکدا ئاڵوگۆڕ دەکات و دوایە ئێمە دەچینە ناو.

مستەفا بارزانی بە تەنێ لە ژوورێکدا چاوەڕوانیی ئێمە دەکات. رووناکییەکە هی دوو چرا فانۆسە، کە لە گۆشەیەکی ماڵەکەدا هەڵکراون. چەند تەختی جوان دانراون و یەک دوو مێزی کورتیش لەپێش تەختەکانەوەن. بارزانی داوا دەکات ئێمە لەسەر تەختەکان دانیشین، بۆ خۆشی ڕووبەڕوومان دادەنیشێ و پێشمەرگەیەکیش زوو بە سینییەک چاوە دێتە ژوورەوە.

من بە وردی لە بارزانی، ئەم شەڕوانە پیرەی ڕێی ئازادی، ورد دەبمەوە، نیگای تیژی لەژێر برۆیە پڕ و ڕەشەکانیەوە سەرنجم رادەکێشێ. جامەدانییەکەی شل پێچراوەتەوە و تۆزقاڵێک قژی ڕەش لە گۆشەیەکیەوە هاتوونەتە دەر. گران و سەنگین دانیشتووە و دەستەکانی لەسەر سکی داناون. تەمەنی ٧٤ ساڵە بەڵام زۆر چاک ماوە و بە هیچ شێوەیەک تێکشکان بە ڕوویەوە دیار نییە. خەنجەرێکی لەبەر پشتوێندایە و بە قامکی خەریکی سووڕاندنی دانەی تەسبێحەکەیەتی.

من دیارییەکم لە سوێدەوە بۆ بردووە، هێندێک سەرکی گوڵ، کە هەموو ساڵێک دەڕوێنەوە. من بیستوومە ئەم پیرە جەنەراڵە حەزی لە گوڵە و پێیان وتووم لەگەڵ خۆمدا ئەمانەی بۆ ببەم. من ئەو کیسەیەی کە سەرکە گوڵەکانی تێدان، دەدەمە دەست سیامەند و داوا دەکەم بۆی باس کات، کە ئەمانە چین.

بارزانی بە بایەخەوە گوێ دەگرێ، کیسەکان دەکاتەوە و دەردەکەوێ هیچ کات نەیبیستووە، کە بەم شێوەیەش دەکرێ گوڵ بچێنرێن.

من بۆی باس دەکەم، کە وەرزەکانی ساڵ لە سوێد و لە کوردستاندا

مـەیلەو وەک یەکن، ئەگەر ئێستـە لە پایز ئەم سـەرکانە بخـەیتـە ژێرخـاک بۆ بەهـار دێنە دەر و سـەوز دەبن. مـاوەیەک بە حەوسـەڵەوە سـەیری دیارییەکەی من دەکات و بیری دەڕوا بۆ لای گوڵەکان.

من بە کـورتی بۆی دەگـێـڕمـەوە لەم مـاوەیەی لە کـوردسـتـان بـووم چیم کردووە. بۆی باس دەکەم کە سـەردانی بادینان و بەرەکانی شـەڕم کـردووە. دەڵێم لـەم مـاوەیەدا ئەوەی لە کـوردسـتـان دیـومـە هەم کـاری تێ کـردووم و هەمیش بووەتە هۆی سەرسووڕمانم و هـیوادارم ئەم شەڕە هەرچییەک زووتر کۆتای پێ بێت.

لە بارزانی دەپرسم داخوا هیچ ئیمکانێکی تر بۆ دانوستاندن نەماوە؟

– من پێم وا نیـیـە جـیـاوازییـەک لە نێوان خـەڵکی کـورد و خـەڵکی تردا هەبێت، لە دنیا تەنیـا رەگەزێک هەیە ئەویش رەگەزی مـرۆڤـایەتیـیـە. تەنیـا جیاوازی لـە شێوەی هەڵسوکەوت و هەلومەرجێکە، کە خـەڵکی تێدان. ئەوەی کـە کـورد بەم شـێـوەیە هەڵسـوکـەوت دەکـەن و کـاردانەوە نیـشـان دەدەن پێوەندیی بەوەوە هـەیە ئێمە دوژمنێکی دڵڕەق و بێ بەزەییمان هەیە. ئێمە لە دنیا دابڕاوین، ئێمە مـەیلەو هیچ دۆستێکمان لە دنیـادا نییە، نـاچار کراوین بچینە شەڕی دوژمنێک کە هیچ هەستێکی مرۆڤانـەی نییە، دوژمنێکی دڕندە و بێ بەزەیی. لـە بەرانبـەر ئەم تاوانـانە گەلی کـورد ناچار بووە هێـزی خۆی نیشـان بدات. من دەزانم گەلێک خەڵکی تر هەن کە پیاو دەتوانێ بەراوردیان بکا لـەگەڵ گـەلـی کورددا. هـەر لە سـەرەتای مـێـژووەوە مـرۆڤ لە بەرانبـەر هێـرش و پەلامـاری زۆرداردا بەرخـۆدانی کردووە و ئەوەی ئـێـسـتـەش ئێـمـە دەیکەین هـەر ئەوەیە. ئێمـە لە وڵاتی خـۆمـاندا بەرگـری لە خـۆمـان دەکـەین، ئێمە تەنیـا داوای ئەوە دەکەین لە وڵاتی خـۆماندا مـافی ژیانمان هەبێ. بەڵام رەنگە ئێـسـتـە دنیـا وای لێ هاتبێت، تەنیا گـەلی کـوردە بێ کە خـەبات بۆ ئازادی و دادپەروەری بکات.

من لەسەر سوێد لێی دەپرسم، داخوا ئەو چی لەبارەی سوێدەوە دەزانی؟

– من هەستێکی تایبەتیم بۆ سوێد هەیە، من دەزانم سوێد پێشکەوتنی باشی بە دەست هێناوە و هەنگاوی گەورەی لە ڕێگەی پێشکەوتندا ناوە. من سوێدییەکان بە برای خۆم دەزانم. من گەرەکمە سوپاسی ئێمە بە دەوڵەت و خەڵکی سوێد بگەیێنی بۆ ئەو یارمەتییانەی بە ئێمەیان کردووە.

بەڵام بەو شێوەیە نییە، ئێوە هیچ یارمەتییەکتان لە سوێدەوە پێ نەگەیشتووە؟

ئەم پرسیارە هێندێک خوڵکی تێک دەدات و نازانێ بە تەواوی چۆن وەڵام بداتەوە، دوای تۆزێک دەڵێ:

– ئێمە سوپاسی ئەو هاودەردییانە دەکەین سوێد نیشانی داوە لەگەڵ ئێمە و هیوادارم، ئێستەکە تۆ لە نێزیکەوە ڕاستییەکانت بینیون، باسی ئێرە بکەیت بۆ سوێدییەکان و داوایان لێ بکەیت لەم بارەیەوە کاری زیاتر بکەن. وەک وڵاتێکی مۆدێرن، دەوڵەمەند و پێشکەوتوو ئەوە ئەرکی سوێدە شتێک بکات، کە ئەم شەڕە ڕاوەستێ.

من زۆرم پێ خۆشە چەند ڕۆژێکی لەگەڵدا بم بەڵام لام وایە کە داوایەکی لەو جۆرە زۆر ژیرانە نەبێت.

ئێستە سات لە یەکی شەو تێ پەڕیوە و من کەمێک تێ گەیشتووم، ئەوە لە شەودایە ئەم شۆڕشەی کورد پلانی بۆ دادەنرێ و ڕێبەری دەکرێ. لەم کاتەدا بێدەنگی بەسەر گشت بەرەکانی شەڕدا زاڵە و چرای هەموو ماڵان و ئاگری گوندان کوژاوەتەوە و خەڵکی لە گەرمەی خەودان بەڵام ئەم پیرە جەنەراڵە هێشتا هۆشیارە و خەریکی ئەرکەکانیەتی.

– من زۆرم پێ خۆشە گوێم لێت بێت باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەیت، بەڵام دەزانم ئێستە درەنگە و ئەم شتەش کاتی فرە دەگرێ. ڕەنگە من بتوانم جارێکی تر، دوای شەڕ تۆ ببینمەوە؟

– بەڵێ، تۆ هەر کات بخوازی بەخێر بێیت بۆ کوردستان.

لەبەر خۆمەوە دەڵێم بە راستی گەورەپیاوانی دنیا لە بەرانبەر ئەم پیاوەدا چین؟ شای ئێران، کیسنجەر، پاڵمە، ویلسۆن لە بەراورد لەگەڵ مستەفا بارزانیدا چ شتێکن؟ رەنگە ئەو دوایین رێبەری خەڵک و هەروەها تاکە رێبەری لەو جۆرە بێت.

شەو لە رێگەی گەڕانەوەماندا هەموو ئەو رک و دڵتەنگییەی لە گەرووی سیامەنددا کۆ بووبوونەوە تەقییەوە و منیش لێ گەڕام تا هەرچییەک لە دەروونیدایە هەڵی رێژێ و بیهێنێتە سەر زمانی، بۆیە نە گازەندە و نە پرسیارێکیشم لێی کرد:

– دەزانی، هەر لە ساڵی ١٩١٩ەوە، کە بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کورد کرانە ئامانجی بۆمبارانی فڕۆکە، تا ئێستە ئێمە لە بەرامبەر شەڕێکی هێرشکارانەین. ئەمە راستییەکە. لەم ماوەیەدا بۆمان دەرکەوتووە کە "دەوڵەت" وەک لە سوێد و وڵاتانی ئەوروپایی مانای یارمەتی و خزمەت نییە بگرە ئەو شتەیە کە کوڕەکەت بوو بە ١٨ ساڵ دێت دەیبات، دەیکاتە سەرباز و بە مردوویی یان وەک پیاوێکی تێکشکاو بۆت دەنێرێتەوە ماڵ. "دەوڵەت" واتا پۆلیسێکی دڕندە و بێ هەست کە دێتە سەرت، وەبەر شەقانت دەدا و پوول و پارەکانت لێ دەستێنێ. "دەوڵەت" واتا کارمەندێک کە لە پشت مێزی نووسینەکەی دانیشتووە و ئیزن و قەباڵە دەردەکات بێ ئەوەی بچووکترین شت لە کارەکەی خۆی بزانێ، بگرە ئەوەی بۆی گرینگە ئەوەیە چۆن بەرتیلی زۆرتر وەرگرێ و گیرفانی خۆی پڕ بکات. "دەوڵەت" لای ئێمە مانای هەموو شتێکی خراپ، نەشیاو و ناحەقییە و ئەمەش وەک ئەزموون بۆ سێ بەرە و وەچەی ئێمە ماوەتەوە.

– کوردستان رەنگە وڵاتێکی هەژار بێت، ئەگەرچی پێویست نەبوو وا بێت. بەڵام بەو حاڵەش و دوای ئەم گشت وێرانییە دیسان ئێمە خۆمان لە لا

وڵاتێکی پێشکەوتووە، چونکە لێرە هەر کەس دەتوانێ بۆچوونی خۆی بڵێ بێ ئەوەی لە هیچ بترسێ. ئێمە لەم بارەوە بە شتێکی بە نرخ گەیشتووین. هیچ کەس لە کوردستان کڕنووش بۆ کەس نابات و لە داهاتووشدا ئەم کارە ناکەین. بەڵام لە ماوەی ١٣ ساڵدا ئێمە لە دژی دوژمنێک شەڕ دەکەین، کە خراپترینە لە هەموو دنیا و لە هیچ جێگەیەکی تر وڵاتێک نییە لە عێراق خراپتر بێت.

– ئێمە داوامان لە خاچی سوور کردووە، لە بەریان پاڕاوینەتەوە و دەست و پێمان ماچ کردوون. وتوومانە کەسێک بنێرن تا لە نزیکەوە دۆخی ئێمە ببینن، بەڵام لە وەڵامدا دەڵێن "ئێمە ناتوانین" دەبێت لە ڕێگەی یاسایی و دەوڵەتەکانەوە بێت" دیارە خوێنی کوردێک لە بەرمیلێک نەوت کەم بایەخترە.

– بۆ نموونە سەرەک وەزیری فینلاندا کە ناوی "سورسا"یە. سەرۆکی کۆمیتەی دۆستایەتیی کوردستان – فینلاند بوو. کاتێک بوو بە سەرەک وەزیر ئێمە چەندە خۆشحاڵ بووین، وتمان دەبێ کارێک دەکات. بەڵام هەرکە گەیشتە پۆستەکەی هەڵسوکەوتی گۆڕا و دەیگوت من پێش هەر شتێک لە بەرانبەر خەڵکی خۆمدا بەرپرسم و هێندێک شت هەیە من لەم پۆستەدا ناتوانم بیانکەم. دیارە فینلاندە هێندێک بەرژەوەندیی لە عێراقدا هەیە و ئەمەیە کە بۆ ئەوان گرینگە نەک چارەنووسی ئێمە. دیارە هەمان شت بۆ وڵاتەکەی تۆش ڕاستە. تۆ دەتوانی بە تەواوی دڵنیا بی، کە سەرەک وەزیرانەکەت، پاڵمە، زۆر چاک دەزانێ چی لە کوردستاندا ڕوو دەدات. ئەو دەزانێ ئێمە مافی خۆمانە بەڵام بەرژەوەندیی بازرگانیی سوێد بۆ ئەو گرینگترە – گرینگتر لە مان و مردنی سەرجەم خەڵکی کورد.

– هەر لەبەر ئەوە نییە، کە دنیا نازانێ چی بەسەر ئێمە دێت بۆیە گوێمان پێ نادات، نا، بگرە لە بەر ئەوەیە کە بناخەی دنیا لە سەر پرەنسیپی مرۆڤی

و یەکسانی دانەنراوە. لەبەرئەوەیە دنیایەکی نامرۆڤانە، چەپەڵ و گەنیوە. من بە تەواوی لەم دنیایە بێزارم و پێم خۆشە ژێروژوور بێت.

– بەڵام ئێمە دەبێت بە دنیا بڵێین برۆن چارەتان ون کەن، ئێمە بێ ئێوەش دەتوانین درێژە بە ژیان بدەین و کێشەکانی خۆمان چارە بکەین. ئێمە دەبێت دەرسێکتان فێر کەین، دەرسێک لە بیری نەکەن.

داوا لە خەڵکی خۆتان بکە یارمەتیمان بدەن

من وردە وردە گەیشتوومە ئەو ئەنجامەی بەرەو ماڵ بگەڕێمەوە، بەڵام بڕیارم داوە بگەڕێمەوە دواوە بۆ بەرەی شەڕی باڵەکایەتی و ئەم دوا شەو و ڕۆژەم لە کوردستان لەوێدا ببەمە سەر.

هەموو ئەوەی من ئەم ماوەیە لە کوردستان بینیومە لەو شوێنە گیر بووە، لە کێوی گەرووی عومەر ئاغا. لەگەڵ سەعدوڵڵا قسەم کردووە و بە خۆشحاڵییەوە ئامادەیە لەگەڵمدا بێت بۆ ئەوێ.

بەڵام کتوپڕ دێینە سەر باسی مەترسییەکان، لەبەرئەوەی من پێشتریش جارێک دوو ڕۆژ لەو بەرەیەدا بووم - دەبێت جارێکی تر بگەڕێمەوە ئەوێ؟ سەعدوڵڵا پێشنیاز دەکات ئەگەر بچووکترین گومانم هەیە نابێت بڕۆم، هەروەها ئێمە وا درەنگ وەخت لە لای جەنەراڵ گەڕاوینەوە ئەگەر بشڕۆین نێزیک ڕۆژبوونەوە دەگەینە ئەوێ. - ئەمە زۆر گرینگە، چونکە من جارێکی تر نامەوێ بە ڕۆژ و لە بەرچاوی فڕۆکە مێگەکانەوە بگەڕێمەوە ئەو جێگەیە.

من دەڕۆم بۆ لای سەعید دزەیی بۆ ئەوەی ماڵاواییی لێ بکەم و شتێکیش، کە ماوەیەکە بیری لێ دەکەمەوە. دەمەوێ ئەو بۆم ڕوون کاتەوە:

ئەو شتەش پێوەندیی بە نەوتەوە هەیە، ڕاستی باری نەوت لە عێراق ئێستە چۆنە؟

- بەعسییە فاشیستەکان خەریکن خەڵک وا تێ دەگەیێنن کە ئێمە لەبەر ئەوە پێشنیازی ئۆتۆنۆمیی ئەوانمان پەسند نەکرد ویستوومانە دەست بەسەر چاڵە نەوتەکانی کەرکووکدا بگرین. بەڵام ئەمە بە تەواوی دوورە لە

راستـییـەوە. گـەلێک بەڵگەی مـێژوویی لە بەردەسـتـدان کـە کـورد زۆر پێش ئەوەی شـتێک بە ناوی نەوت لە عێراقی ئێستەدا بدۆزرێتـەوە، خـەباتیان بۆ سـەربەستیی خـۆیان کردووە، تەنانەت پێش ئەوەی نەوت لە هەمـوو دنیاشـدا دۆزرابێتـەوە. بۆیە نەوت ئامـانج نییـە لـە خـەباتی ئێمـەدا. دیارە بە شـێوەی سـروشـتی کـەرکـووک خـۆی وەک بەشـێک لە کـوردسـتـان بۆ ئێـمـە گـرینگە. کاتێک باس دێتە سەر سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی، ئێمە ئامادەین دەست لە هێندێک جـێگە لە رۆژاوا و رۆهەڵاتدا هـەڵبگرین، بەڵام لەسـەر کـەرکـووک دانوستاندن ناکەین، کەرکووک کوردستانە و هەردەمیش کوردستان بووە.

لێرە من یەکێک لەو تازە هاتووانە دەبینم، کە ئەو بەیانییە گەیشتووە، ئەو لـە سـۆڤـیـەتەوە هـاتووە، هـەمـوو ئەوروپا و رۆهـەڵاتی ناوینی بڕیوە تـا گەیشتووەتە کوردستانی ئازاد. تەمـەنی ٢٨ ساڵە و خزم و کەسی لە شاری کەرکووکە و هەر لەبەر ئەوەش داوای لە من کرد بە ناوی خـۆی باسی نەکەم. ئەو لە ساڵی ١٩٧٠ەوە لە سۆڤیەت دەرسی خوێندووە و سەرەڕای ماندوویی ڕێگە، خۆشحاڵە بۆ یەکەم جار لە ماوەیەکی زۆردا دەتوانێ سەربەست قسە بکات و لەم بارەیەوە دەڵێ:

– ژیان لە سۆڤیەت کارێکی هاسان نییە، دەوڵەتێکی پۆلیسییە، قوتابییە بیانییەکان ئەگەر بیانەوێ زیاتر لە ١٠٠کم بۆ دەرەوەی مۆسکۆ بڕۆن دەبێت ڤیـزا وەرگـرن. ئێمـە هەردەم لەژێر چاودێریدا بووین و جاسـووسـیـان بۆ دانابووین. کام رۆژنامەمان دەخوێندەوە، کام رادیۆمان گوێ لێ دەگرت یان هەرچیمان دەکرد، دەیاننووسی.

کاتێک خوێندنەکەم تەواو بوو هێشتیان بگەڕێمەوە بەغدا، بلیتەکەم بۆ بەغدا بوو نەک شوێنێکی تر. من چوومە باڵوێزگەی سوێد و داوای ڤیزام کـرد، هـاوکـات کـۆپیـیەکی بڕوانامـەی خـوێندنەکـەم پـێ دان، بەڵام کاربەدەستانی سۆڤیەت نەیانهێشت من لەسەر ڤیزای سوێد راوەستم و بەنیاز بوون بمنێرنەوە عێراق. من بە دزییەوە چوومە بەرلینی ڕۆهەڵات،

لەوێشــەوە چوومـە ئاڵمـانیـای ڕۆژاوا و لە ڕێگەی لبنانەوە خـۆم گـەیاندەوە ئێرە.

ئەو خۆشحاڵە بەو شتە کەمەی تا ئێستە لە کوردستاندا دیویە و دەڵێ:

– ئێـــرە وڵاتێکی ئازادە و خــەڵکی خـــاوەن ورە و ورەیەکی بەرزن، لە ڕۆژنامـەی "پراڤدا"دا وەک شـتێکی دواکەوتووانەی ڕاسـترۆیانە باسی ئەم شـۆڕشـەی کورد دەکرا گـوایا لە لایەن ئەمـەریکاوە پشـتگریی لێ دەکـرێ. دیارە من دەمـزانی ئەمە درۆیە بەڵام ئێسـتە لە نزیکەوە خۆم توانیـومە ببینم دۆخـەکـە زۆر لەوەش باشـترە من پێم وا بـوو. من خـۆشـحـاڵم لێـرەم و هەوڵ دەدەم ئەوەی لە دەستم دێ بۆ ئەم شـۆڕشەی بکەم. بەڵگەی خـوێندنەکەم هەر ماوە فۆتۆکۆپییەکانی هێشتا لە باڵوێزگەی سوێدن لە مۆسکۆ.

سەعدوڵلا بڕیارە لەگەڵمدا بێت بۆ ڕەزائیە لە دیوی ئێران، بەڵام من داوای لێ دەکـەم لە حـاجی هۆمـەران ڕاوەسـتێ، ئاخـر من هێـشـتـا ئەو شـوێنەم نەبینیـوە، کە سـاڵی ١٩٧١ تێدا هێـرش کرایە سـەر مسـتـەفـا بارزانی. من زۆرجـار ئەم داسـتـانـەم بیسـتـووە، بەڵام هێـشـتـا بڕوام پێ نەکردووە. – ئەم داسـتـانە زیاتر وەک داسـتـانە سـازکراوەکـانی "جێمس بـوند" دەچێ، کـە لە لایەن چەند کەسی شێتەوە ساز کرابێ.

کوردیش لەوە تێ دەگەن کە بڕواکردنی ئەم داسـتـانە دژوارە و هەر لەبەر ئەمــەشــە شــوێنەکــەیان هەروەک خــۆی و وەک جــۆرە مــۆزەخــانـەیەک هێشتووەتەوە. چیرۆکەکە بەم جۆرەیە:

بارزانی سـاز بووبوو مێوانداریی هێندێک شـێخی عـەرەب، کە خـوازیاری بینینی بوون بکات تا لە نـزیکەوە باسی کێشـەکان بکەن. شێـخە عەرەبەکان کـە ٩ کــەس بوون بە دوو ترۆمـبـێل لە بەغـداوە گـەیشتن و کـورد وێڕای بەخـێرهێنان بردیانن بۆ ئەم مـاڵەی جێی باسی ئێمـەیە لە حـاجی ئۆمـەران. یەکێک لە شێخەکان دوو کتێبی پیرۆزی وەک دیاری دایە بارزانی و تێکڕا بە

دەوری یەکتردا لەوماڵەدا دانیشتن و پاڵیان بە دیوارەکانەوە دا. بارزانی دانیشت دەستی بە قسە لەبارەی ئاین و برایەتییەوە کرد. هاوکات شێخ "ئیبراهیم خوزاعی"، کە لە ڕووبەڕووی بارزانییەوە دانیشتبوو تەقییەوە و بوو بە دوو لەتەوە. ئێستەش پیاو دەتوانێ هێندێک لە ریخۆڵە و ناوسکی شێخ خوزاعی بەسەرمیچی ماڵەکەوە ببینێ.

جگە لەم شێخە هاوکات شێخێکی تر، کە لە تەنیشت بارزانییەوە دانیشتبوو و پێشمەرگەیەکیش ئەو چرکە ساتە خوار بووبووەوە تا چا بۆ شێخ خوزاعی دانێ و بە لەشی خۆی بووە هۆی ڕزگاربوونی بارزانی لە مردن. بارزانی خۆی بە تەنیا چەند برینێکی سووک ڕزگاری بوو.

شێخە عەرەبەکان لە پێوەندیدا بوون لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا، شێخ خوزاعی پێی سپێردرابوو کە لە ڕێگەی ڕێکۆردەرێکەوە کە لەژێر عەباکەیدا شاردبوویەوە هەموو گفتوگۆیەکە تۆمار بکات و دوایە بیداتە دەست کاربەدەستانی دەوڵەت، بێ ئەوەی ئاگەدار بێت ئەمە بۆمبە و هەرکە دەستی پێدا نا تۆماری قسەکانی بارزانی بکات، تەقییەوە و بۆ خۆشی بووە قوربانی.

دوای تەقینەوەکە هەرایەکی زۆر بەرپا بوو، شێخەکان هەوڵیان دا لە ژوورەکە بچنە دەرەوە و بە قسەی هێندێک تەنانەت نارنجۆکی دەستیشیان هاوێشت، کە لەژێر جلەکانیانەوە شاردبوونیانەوە. کوردیش دوای ئەمە هاتنە دەست و تا هەر نۆ مەلاکە و دوو شۆفێرەکانیان نەکوشتن دەستیان هەڵنەگرت. دیارە شۆفێرەکان ڕێبەری ئەم "کودەتایە" بوون.

دەستەی عێراقییەکان بە جێبێکی تویوتا و شێڤرۆلێتێک هاتبوون. دوای نیو سات جێبەکە تەقییەوە و بە هۆی ئەوە کەسی لە دەورەوە نەبوو زیانی گیانیی لێ نەکەوتەوە. هەڵبەت ئێستەش لەتەکانی ئەم جێبە لەو ناوە کەوتوون. پێشمەرگەیەکی ئازا شێڤرۆلێتەکەی لەو ناوە دوور خستەوە و

دوای پشکنین دەرکەوت سەروبنی بە تەقەمەنی پڕ کراوە. هەروەها هێندێک شتی تری تایبەتی لەم ماشێنەدا هەبوون بۆ نموونە جێگەی دامەزراندنی رۆکێت هاوێژ تا ئەگەر کەسێک دوایان کەوت بە هاسانی بتوانن تەقەی لێ بکەن.

لەماڵەکەی حاجی ئۆمەراندا هێشتاش ئاسەواری ئەو رووداوە خوێناوییە دەبینرێ، ئەو کورسییەی کە "بۆمبە زیندووە"کەی لەسەر دانیشتبوو پان بووەتەوە و میچ و دیوارەکان خوێنیان پێوە دیارە. ئەم رووداوە رۆژی ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٧١ رووی داوە و ئێستە من ئیدی بڕوا دەکەم، کە راستە.

ئێستە لەسەر سنوور لە چاو پێشوو ئاوارە کەم بوونەتەوە و بەشی زۆریان بۆ کەمپ و چادرگە لەناو خاکی ئێران گوازراونەتەوە. بەڵام ئێستەش خەڵکی نوێ هەر دێن و ناچارن لەسەر سنوور راوەستن تا نۆرەیان دەگات.

کاتێک من دەگەمە سەر سنوور هیچ کەس کۆنترۆڵی پاسپۆرتەکەم ناکات و بێ کێشە لەو دارچنارە، کە وەک کۆسپ و پێشگر لە رەتبوونی خەڵک دانراوە تێ دەپەڕین. دوای ئەوە دەڕۆین بۆ یەکێک لە چادرگەی ئاوارەکان، کە بەدیوی ئێران لە بەرزاییەکدا هەڵکەوتووە. شارێکی چادرین، کە لە پاڵ یەکتردا بەڕیز هەڵدراون و زۆربەی دانیشتوانەکەی ژن، منداڵ و پیرەپیاون.

لێرە من "زەکیە ئیسماعیل" سەرۆکی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیم بینی. ئەو نوێنەرێکی دیاری ژنانی کوردستانە، ژنێکی زۆر تێگەیشتوو، جوان و وریایە. ئەو هەر لە سەرەتاوە بەشداریی شۆڕش بووە، ساڵی ١٩٣٩ لە بەغدا لەدایک بووە، ساڵی ١٩٥٧ بڕوانامەی پارێزەریی وەرگرتووە و لەو دەمەوە تا ئێستە وەک پارێزەر کار دەکات. زەکیە لەو کەسانەیە، کە باش پێ گەیشتوون، بەڵام هەر لە ١٩٦٣ەوە بە دڵ و گیان خەریکی کاری شۆڕش بووە و لە پێناو ئەوەش گیراوە. بۆ خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ:

– من بە هەرسێ منداڵەکەمەوە ماوەی دوو مانگ لە گرتیگەدا مامەوە، بچووکترینی منداڵەکانم تەنیا ٤٠ شەو تەمەنی بوو و سەرەڕای نەخۆشیشی هیچ خەمخۆری و چارەسەرێکیان بۆ نەدەکرد. چاک بوو باوکم سەرەنجام توانی لە رێگەی بەرتیل و پارەدانەوە من لەو چاڵە رەشە دەربێنێ.

زەکیە خۆی پێش دەست پێکردنەوەی شەڕ لە ١١ی ئاداری ١٩٧٤ بەغدای بەجێ هێشت و هات بۆ کوردستان، بەڵام منداڵەکانی هەر لەوێ مابوونەوە و لە سەروبەندی هەڵگیرسانی شەڕدا هەموو هەوڵێکی بۆ پێوەندی گرتن پێیانەوە بێ ئەنجام بوو. لە سەرەتای مانگی ئایاردا پۆلیس لە نیوەی شەو رژانە سەر ماڵەکەیان، منداڵەکان، مامێک و پوورێکیان لەگەڵ ٢٤ بنەماڵەی تری کورددا باری ئۆتۆمۆبێلیان کرد و هێنایانن بۆ هەولێر، لەوێش وەک زۆرجار و کەسی تر پێیان وتن: بڕۆن بۆ لای رێبەرەکەتان مەلا مستەفا.

ئەوانیش کە گرووپێکی گەورەی ژن و منداڵ بوون بە پێیان، دوای حەوت شەو و رۆژ گەیشتبوونە گەلی عەلی بەگ، کە دۆڵ و دەربەندێکی چۆڵەوانییە و لە حاڵێکدا لاقەکانیان لەبەر دژواریی رێگە ئاوسا بوون بێ گوێدانە مەترسی بەرەو بەرەی شەڕ هاتبوون. بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن راست کەوتبوونە نێوان تەقەی پێشمەرگە و دوژمن. کاتێک دەستەیەک پێشمەرگە هەستیان پێ دەکەن لە دوورەوە بانگیان دەکەن و دەپرسن ئێوە کێن و لە کوێوە هاتوون؟ ئەوانیش وەڵام دەدەنەوە کە لە بەغداوە، پێشمەرگە دەڕۆنە نێزیکتر، لە پشتوێنەکانی خۆیان تەنافێک ساز دەکەن و دانە دانە لە دڕناڵی بەردێکەوە هەڵیان دەکێشنە سەر و بەم شێوەیە رزگاریان دەکەن. نزیک بە ١٢٠ منداڵ بەم شێوەیە گەیشتوونەتە کوردستان، کە ئاسەواری ئەو ساتە تاڵانەیان پێوە دیارە و لەباری دەروونییەوە ناڕەحەتیی گەورەیان بینیوە.

زەکیە لەگەڵم دێت تا پێکەوە دەورێکی کەمپەکە بدەینەوە، من لەگەڵ هێندێک کەسی تردا قسە دەکەم و سەرجەمی چیرۆکەکانیان وەک یەکە:

ناچار کراون ماڵ و حاڵیان بەجێ بهێڵن، ڕێگەی کوردستان بگرنە بەر و بە زەحمەتێکی زۆر گەیشتوونەتە ئێرە. یان کەسانێکیان لە ترسا و پێش ئەوە دەستی پیاوانی ڕێژیمیان بگاتە سەر ماڵەکانیان بەجێ هێشتووە و ئێستە لەم کەمپەدا بەو هیوایەی ڕۆژێک شەڕ تەواو بێت و بگەڕێنەوە، ژیان دەبەنە سەر.

هەلومەرجی ناو ئەم کەمپە مەیلەو باشە، خەڵکەکە وەک پێویست نان و خۆراکیان پێ دەدرێ و هەست بە برسییەتییەکی تەواو ناکرێ، بەڵام بۆ زستان و وەرزی بەفر دۆخەکە دژوارتر دەبێت، بە دیوی ئێرانیش زستانی ئەم ناوچەیە سەخت و سەخڵەت دەرباز دەبێت. دوکتۆرێکی گەنج، کە خۆی لاقێکی بە لەفاف پێچراوە و بە یارمەتیی گۆچانێک دەڕوا بەرێوە دێتە سەر ڕێگەکەم و پێشم پێ دەگرێ:

– تۆ دەبێت هاوکاریمان بکەیت بەڵکو لە دەرەوە یارمەتیمان پێ بگات، ئێمە وەک پێویست دەوا و دەرمانمان بۆ چارەسەری ئەم خەڵکە نییە و لەبەر ئەوەش هەموو ڕۆژ و شەوێک منداڵ بە پێش چاومانەوە دەمرن. داوا بکە لە خەڵکەکەت یارمەتیمان بدەن.

سەرنجم دەڕوا بۆ لای کوڕێکی بچووک، کە هەر کوێک دەڕۆم وەدوام دەکەوێ. هەوڵ دەدەم قسەی لەگەڵدا بکەم بەڵام وەک ئەوە سێبەرێک بە دوایەوە بێ بۆی دژوارە لە شوێنێکدا ڕاوەستێ و سەیری جێگەیەکی تایبەتی بکات. زەکیە لەم بارەوە دەڵێ:

– ئەم کوڕە دوای ئەوەی کەوتووەتە بەر بۆمبارانێکی خەست و پڕ مەترسی، تووشی جۆرێک شۆک و هەژانی دەروونی بووە، منداڵی لەو جۆرەمان زۆرن بەڵام هەست دەکەم ئەم کوڕە ڕوو لە باشبوونەوە بچێ.

لەگەڵ سەعدوڵڵا شەوەکەی چووینە هۆتێلێکی مۆدێرن و پێکەوە لە ساڵۆنی خواردنەکەیدا نانمان خوارد. گرووپێکی مۆسیقا، بە شێوەیەک، کە

نزیکە گوێمان کەڕ بکەن خەریکی خوێندنی سترانی پۆپن. خەڵکی بەدەور یەکتردا دانیشتوون و بێ ئەوەی هەست بە خەم و نیگەرانییەک بکەن خەریکی خواردن و خواردنەوەن. من لە سەعدوڵلا دەپرسم ئاخۆ شتێک نییە لەو شۆڕشە ئەو پێی ناخۆش یان خراپ بێ؟

– بۆچی نا، بە بڕوای من پێشمەرگە وەک پێویست ڕێز و قەدریان ناگیرێ، ئەوان حازرن گیانی خۆیان بۆ ئەم شۆڕشە بدەن، خواردنیان لە بەرەی شەڕیش چا و نانی وشکە کەچی قەت گلە و گازندەیەکیان لێ نابیسرێ، بەڵام تاقمێک بورژوا هەن سەرەڕای ئەوە کارێکی بەنرخیش بۆ شۆڕش ناکەن دەرفەتی ماڵ و ئۆتۆمۆبێلی خۆشیان هەیە و هەموو ئەوەشیان لە موڵک و ماڵی شۆڕشەوە پێ گەیشتووە.

من خۆم مانگێک ٣٠ دینار لە شۆڕش وەردەگرم و لە ڕاستیدا ئەوە نیوەی ئەو پارەیە، کە من وەک "ڕێکتۆر" لە کەرکووک وەرم دەگرت. بەو حاڵەش مووچەی ئێستەی من سێ جاران لە هی پێشمەرگەیەک زۆرترە. دیارە ئەمە بە تەواوی خراپ و نادروستە. من کارێکی وا گرینگ بۆ شۆڕش ناکەم، لە ڕاستیدا ئەوە پێشمەرگەن بەردەوام خزمەتی شۆڕش دەکەن و باری هەرە گران لەسەر شانی ئەواندایە. من ئەوەم لا خراوە، کە بەم شێوەیە لەگەڵ پێشمەرگەدا دەجووڵێنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش، کە تۆ دەزانی هێندێک کەس لە سامانی شۆڕش خۆیان دەوڵەمەند دەکەن، لە کاتێکدا هاووڵاتییەکانیان بە دژواری بەرەنگاری دوژمن دەبنەوە، بەو حاڵەش تۆ بە دڵ و گیان پشتیوانی لەم شۆڕشە دەکەیت؟

– ئەی چۆن؟ زۆر سروشتییە، کە من ئەم کارە دەکەم، ئەم جۆرە شتانە بە هاسانی لەناو ناچن، لانی کەم لەم بەشەی دنیا، جارێ نا، ئێمە پێویستمان بە هێندێک کاتە. تۆ دەزانی کە هەموو کوردیش فریشتە نین. ڕوونە منیش

پێم وایە ڕابەرایەتیی جەنەراڵ بارزانی و ئەوانی تر دەبوو کار بۆ نەهێشتنی ئەم دیاردەیە بکەن و هێندێک لەم کەسە بێ نرخانە لاببەن بەڵام راستی ئێمە ئێستە هەموو بایەخمان لەسەر شەڕە و کاتمان بۆ ئەم گرفتانە نییە.

تۆ قەت گومانت لەم شۆڕشە نەبووە؟

– نا، هیچ کات، شتی وا لەگەڵ من ناگونجێ.

لەوپەڕی راستبێژی و دڵسۆزییەوە سەعدوڵڵا جۆرێک دوودڵیی پێوە دیارە و من لەبەر خۆمەوە دەڵێم بڵێی من تەنیا رواڵەتی ئەم شۆڕشەم بینیبێ و نەچووبێتمە ناو ناوەڕۆکیەوە، بۆ پێشتر نەکەوتمە بیری ئەوە لەم بارەشەوە هێندێک پرسیار بکەم؟

لە سەعدوڵڵا دەپرسم، راستی، ئەو کەسانەش کە ئێوە بە جاش ناویان دەبەن، ئەوانیش کوردن وا نییە؟

– بەڵێ. بەشێکیان کوردن، زۆربەیان خەڵکی شارەکانن بەڵام سێ عەشیرەتیش لە بادینان هەن – هەرکی، سوورچی و زێباری – هەر لە سەرەتاوە دژی شۆڕش بوون. ئەم عەشیرەتانە لە ناوچەکانی مووسڵ، دهۆک و ئامێدی دەژین. تا ساڵی ١٩٦٧ تێکڕای ئەمانە لەگەڵ حکوومەتدا بوون بەڵام دواتر وازیان هێنا و هاتنەوە پاڵ شۆڕش و بارزانییش قبووڵی کردن. ئێستە تەنیا ژمارێکی کەمیان لە خزمەتی رێژیمدان و ئەوانەش قازانجیان لەوەدایە چەک و تفاق بە قاچاخ بۆ ئێمە دابین بکەن.

کاتێک لە رەزائیەوە دەگەڕێمەوە بۆ تاران بە فڕۆکەی زێدە مۆدێرنی ئێران ئێر– دەڕۆم و شەماڵیشم لەگەڵدا دێ تا ئەرکی نوێ، واتا وەک نوێنەری شۆڕش لەو شارە دەست پێ بکات. من دوودڵیی خۆم بۆ ئەویش ئاشکرا دەکەم و دەپرسم، کە راستی، ئێوە تەنیا شوێنی دیلە عەرەبەکانتان پێشانی من دا، ئەی جاش، شوێنی ئەوان نالەبار و هەڵسوکەوتتان لەگەڵیاندا خراپترە؟

– بەڵێ، لەگـــەڵ ئەوان خـــراپ مـــامـــەڵە دەکـــەین لە بەراورد لەگـــەڵ عێراقییەکاندا، بەڵام نە یەکجار زۆریش. ئەمە زیاتر پێوەندیی بەوەوە هەیە، کە خەڵک رکی لەوان زیاترە، ئەوان وەک خۆفرۆش و خایەن چاو لێ دەکرێن.

لەبارەی کێشەی نێوان عەشیرەتەکانەوە، ئەگەر شەڕ بەکۆتا بێت، ئەم کێشانە سەر هەڵدەدەنەوە؟

– نا، ئێستە هەموو شتێک گۆڕاوە، ناکۆکییەک لە نێوان هۆزەکاندا نەماوە، شۆڕش بووەتە هۆی یەکگرتنی کورد. بۆ نموونە پێشمەرگە، هەر کەسە و لە گۆشەیەکی ئەم وڵاتەوە هاتووە، سەر بە عەشیرەتی جیاواز و بە زاراوەی جیاواز قسە دەکەن. نا ئەمە کێشەیەکی وا نییە ئێمە ئەگەر لەم شەڕە سەرکەوین، لە ئاشتیشدا سەردەکەوین و من لەم بارەیەوە دڵنیات دەکەمەوە.

دیارە من لەم سەفەرەدا شتێکم لەدەست دا ئەویش بینینی ئەو کوردە بەکرێگیراوانەیە، کە دیلی لای شۆڕشن. دەبووا بە چاوی خۆم ببینم چۆن هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرێ. گومانێکم لە راستبێژیی شەماڵ نییە بەڵام دڵنیا نیم ئەو لەم بارەیەوە هەموو شتێک دەزانێ و تازە درەنگیشە بۆ گەڕانەوە و زانینی ئەم راستییە.

لەگەڵ شەماڵ لە فڕۆکەخانەوە بە تاکسییەک خۆمان دەگەیەنینە تاران و نێزیک بە ساتێک لە دوای شوێنی حەوانەوەیەک دەگەڕێین و سەرەنجام دیوێکی دوو کەسیمان لە هۆتێل "میامی"دا دەست دەکەوێ. من تەلەفۆن بۆ باڵوێزگەی سوێد لە تاران دەکەم و دەپرسم داخوا ئەوان راپۆرتێکیان لە کوردستانی عێراقەوە دەوێ؟ ئاخر دەزانم ئەو ناوچەیە شوێنێکی دوورەدەستە و باڵوێزی سوێد لە ئێران یان عێراق بە هاسانی ناتوانن دەستیان پێ رابگات و ئاگەداری لەبارەوە پەیدا بکەن.

باڵوێز زۆری پێ خۆشە گوێ لە من بگرێ و بزانێ چیم بۆ باسکردن هەیە،

بۆیە من ڕێ دەکەوم بۆ ئەوێ تا لە نێزیکەوە بۆی باس کەم. باس و خواسی ئێمە نێزیک بە سەعاتێک دەگرێ و لەم ماوەیەدا من بۆم دەردەکەوێ بالۆێز هەم بە وردی شارەزای دۆخی کوردە و هەمیش لە دڵەوە چاکەی ئەوانی دەوێ، بەڵام ئەو دەبێت ئەم شتە تەنیا وەک روانگە و بۆچوونی خۆی ڕاگرێ و تێکەڵی کار و ئەرکی دیپلۆماتیکی نەکات.

بەڵام سوێد دەتوانێ چە شتێک لەم بارەیەوە بکات؟

– هیچ. هێندێک هاریکاریی مرۆیی، لەوە زیاتر نا.

ئەگەر وایە سوێد ناتوانێ ئەم کێشەیە لە یو ئێن بێنێتە گۆڕێ؟

نا، ئەمە بە تەواوی نامومکینە، کاری وا مانای برینی پێوەندی لەگەڵ عێراقە و ئێمە توانی شتی وامان نییە. هیچ هیوایەک بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە نابینرێ، مرۆڤ دەتوانێ سۆز و هاودەردی بۆ کورد نیشان بدات و ئەمەش هاسانە بەڵام پیاو دەبێت بزانێ کە هیوایەک بۆ خەباتی ئەوان نییە. کوردستانێکی خۆبەڕێوەبەر لە عێراق لەباری سیاسییەوە نەگونج و نەشیاوە.

من دەگەڕێمەوە بۆ شوێنی خۆم و باسی دیدارەکەی خۆم و بالۆێز بۆ شەماڵ دەگێڕمەوە. پێی دەڵێم، کە هەموو هەر واتان پێ دەڵێن:

"خەباتەکەتان ڕەوا و داخوازییەکانتان دادپەروەرانەن، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناتوانین یارمەتییەک لەم بارەوە بکەین". ڕۆژێک دێت کورد لەسەر گۆی زەوی بسڕێنەوە و ئاسەوارێکیان نەمێنێ، هەر دەوڵەتیش لەبەر خۆیەوە ئەمەی پێ خراپ بێت بەڵام کەسێک نایەت پێشی ئەم کارە بگرێ.

شەماڵ بێدەنگە، کاردانەوەیەکی لێ نابینم. ناچار من توورە دەبم و دەڵێم:

ئاخر خۆ ئێوە ناتوانن تا هەتایە درێژە بەم شەڕە بدەن و بە گژ هەموو سوپای عێراق، سۆڤیەت، ڕەنگە تورکیا، سووریا و ئێرانیشدا بچنەوە. دەبێت پلان و بەرنامەیەکتان بۆ خەباتەکەتان هەبێت.

شەماڵ لەسەرەخۆ دەڵێ:

– کێوەکان.

من دەزانم کێوەکان هەن بەڵام لە پای ئەم کێوانەدا لە برسا دەمرن.

– ئێمە پلانێکمان هەیە، دامەزراندنی دەوڵەتێکی نوێ بۆ عێراق، نە دەوڵەتی کوردستان، دەوڵەتی عێراق. ئۆپۆزسیۆنی عێراقی هەن بە نهێنی لە لایەن میسر و سووریاوە پشتگیرییان لێ دەکرێ ئێمە ئەم ڕێگەیە وەک ڕێگەی دەربازبوون دەبینین. ئەگەر لەم بارەیەوە سەرکەوتوو بین و ئەم بەرەیە پێک بێت هەم کورد و هەم عەرەبیش پشتیوانیی ئەم کارە دەکەن.

لە ڕۆژنامەی ئینگلیزی زمانی "تێهران جورناڵ"دا وتارێکی سەرنج ڕاکێش دەبینم باسی فڕۆکەیەکی "ساس" دەکات ناچار کراوە لە بەغدا بنیشێتەوە. لە درێژەی وتارەکەدا هاتووە:

"فڕۆکەیەکی کۆمپانیای سکاندیناڤیا ئایرلاینز کە لە یۆنانەوە بە نیازی تاران بەڕێوە بووە لە ئاسمانی عێراق ناچار کراوە بنیشێتەوە و چەندین سات ڕاگیراوە. گوایا ئەم فڕۆکەیە "بێ مۆڵەت چووەتە سەر ئاسمانی عێراق". وتەبێژی کۆمپانیای ناوبراو ئەم ڕووداوە پشتڕاست دەکاتەوە بەڵام دەڵێ ئەوان مۆڵەتی فڕینیان بۆ ئەم کارە هەبووە و لەم بارەیەوە نەیویست زیاتر بدوێ... دوکتۆر ئاغاخان سەعید یەکێک لە ڕێبوارانی فڕۆکەکە وتی کە سات لای نۆ فڕۆکەوان ئاگاداری کردین ئێمە لە ئاسمانی بەغداین و هیچی تر. دوای نیشتنەوە سەربازانی عێراق دەوری فڕۆکەکەیان دا، هێندێک قسەیان لەگەڵ فڕۆکەوانەکەدا کرد و دوایە بە وردی بەناو فڕۆکەکەدا گەڕان. دوایە ئەفسەرێکی عێراقی هات و داوای لێبووردنی لە ڕێبوارەکان کرد و گوتی فڕۆکەوانەکە بە هەڵە هاتبووە سەر ئاسمانی عێراق.

حەفتەیەک دووجار فڕۆکەیەک لە تارانەوە دەڕوات بۆ کۆپێنهاگن و ئەمەش کورتترین ڕێگەیە بۆ گەڕانەوەی من. بۆیە بلیتێکم کڕی تا لەم ڕێگەیەوە

بگەڕێمـەوە. بە پێی پلان دەبووا ئەم فـڕۆکـەیە بەسـەر تورکـیـادا بڕوات بۆ ئەسینا، بەڵام دوای ئەوە ئێمە دەوروبەری ساتێک فڕین، فڕۆکەوان ئاگەداری کـردین، کـە ئێـمـە لـەسـەر شـاری بەغـداین. من بە پەلە چوومـە پێش و لە کەسایەتیی فـڕۆکەکەم پرسی ئێوە بوون جارێکی تر ناچار کران بێنە خوار؟ تێکڕا بە سەرسووڕمانەوە دەپرسن تۆ چۆن ئەمەت زانیوە؟ لە درێژەدا دەڵێن ئێمە مۆڵەتی فڕینمان هەیە و جاری پێشووش هەمانبوو. راستی بەم شێوەیە هێنانە خـواری فڕۆکـەیەکی سیڤیل جگە لە چەتەکاری هیـچی تر نییـە. بەڵام ئەوان بە دوای یەکێک لە رێبـەرانی کوردەوە بوون بۆیە دوای نیـشـتـنەوەمـان هـاتنە ناو فڕۆکەکە و چاویان لە پاسپۆرتی هەمووان کرد.

دیارە تاقە دێرێکیش لەم بارەیەوە لە رۆژنامەکانی سوێددا نەنووسراوە.

من لە بـەرزاییـیـەوە رووناکـیی چراکـانی بەغـدا دەبینم و روو بـە دەریای ناوەڕاست درێژە بە فڕین دەدەین.

زسـتـان دەسـتی پێ کـردووە، دوێنێ سـەرەتای باوبۆران دەسـتی پێ کرد و ئەمـڕۆ یەکـەم بەفـری سـاڵ باری. بەر لـە سێ حـەفـتـە دوایین هەواڵم لە کوردسـتـانەوە پێ گـەیشت و لەبەر خـۆمـەوە دەڵێم بـڵێی مـسـتـەفـا بارزانی سـەرکـە پیوازی ئـەو گوڵانـەی، کـە من بـە دیاری بۆیم بردبوو کـردبێـتـە ژێر خاکەوە؟

دوا وته

شەڕەکە سەرانسەری زستان درێژەی دەبێت. لە نامەیەکدا کە ڕۆژی ١٧ی تشرینی دووەم نووسراوە، سەعدوڵڵا بۆم باس دەکات:

"لە پەلامارێکی شەوانەدا هێزەکانی پێشمەرگە، کێوی (سەرتیز) کە لە سەرووی گەرووی عومەر ئاغاوەیە لە دوژمن سەندەوە. لەم شەڕە سێ هێزی گەورەی ڕێژیم بە دەستی پێشمەرگە تەفروتوونا کران. لەم ڕۆژانەدا هێرشی پێشمەرگە بە نیازی پاشەکشە بە دوژمن بۆ پێدەشتەکان دەستی پێ کردووە، من لەو باوەڕەدا نیم عێراقییەکان بتوانن لەم زستانە سەختە لە بەرانبەر پەلاماری ئێمەدا خۆیان ڕاگرن. لەوانەیە پێش ئەوە درەنگ بێت پاشەکشە بکەن و بڕۆنە خوار چونکە هێزی تۆپخانەی ئێمە ئێستە بە توانترە و ڕۆژانە زیانی کاری بەوان دەگەیێنێ. "

تۆزێک پێش لە کریسمەس نامەیەکی ترم پێ دەگا و تێیدا هاتووە:

"من نازانم تۆ منت لە بیر مابێ یان نا، بەڵام پێم وایە لە بیرت ماوە چونکە من یەکێک لە دۆستەکانی تۆم. ئێمە لە کوردستانی عێراق یەکمان بینی، لە بەرەی گەرووی عومەر ئاغا. ئەگەر گرووپی دژە تانکی پێشمەرگەکانت لە بیر مابێت دەبێت ناوی فازڵ جەلال، ئەو قوتابییەی لە بەغداوە هاتبوو و بەرپرسی ئەو تیمە بوو لە بیر بێت. من ئەو کەسم.

تۆ بەڵێنت دا کە گەڕایەوە لەسەر ئێمە، من و هەڤاڵەکانم بنووسی. نازانم گەرەکتە چۆن ئەم داستانە بنووسی بەڵام من دەتوانم لەم بارەیەوە یارمەتیت بدەم.

من ئێستە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی کوردستانم. لە بیرمە کاتێک تۆ خەریکی ڕۆیشتن بووی ئێمە چاوەڕوانی هێرشی چوارەمی هێزەکانی عێراق بووین. دوای چەندین هێرشی تر کرانە سەرمان و من لە سێزدەمین هێرش، کە دژوارترینیان بوو بریندار بووم و ئێستە لێرەم. ڕێککەوتی ئەم هێرشە و برینداربوونی منیش ڕۆژی ٢٦ی تشرینی دووەم ١٩٧٤ بوو . شانی ڕاستەم بەرکەوت و بە دژواری بریندار بوو. ئێستە باڵی ڕاستم لە کار کەوتووە و دوکتۆر دەڵێن هیچ کات چاک نابێتەوە. من زۆر ناڕەحەتم چونکە ئیدی ناتوانم بگەڕێمەوە بەرەی شەڕ. "

هەروەها من نامەیەکم لە سەعید دزەییەوە پێ دەگات تێیدا دەنووسێ:

"پێم وایە من بۆ تۆم باس کرد کە ڕەنگە کورد بتوانن لەسەر سنووری ناوچەی کوردستان بسازێن بۆ ئەوەی ئاشتی بێتە دی، بەڵام ئەم شتە ئیدی بەو شێوەیە نییە. جەنەراڵ بارزانی وتوویە ئێمە هەرچییەک باجی زۆرتر بدەین ئەوان زیاتر داوا دەکەن و کورد هەموو ڕۆژێک خەریکن باج بەم ڕێژیمە دەدەن.

ئێستە عێراق مێگی ٢٣یشی لە سۆڤیەتەوە پێ گەیشتووە و ڕۆژانە دۆڵی چۆمانی پێ بۆمباران دەکا. لە تاکە پەلامارێکدا پێنج ژن و منداڵ، کە بۆ خۆشاردنەوە پەنایان بردبووە ژێر پردێک لە نزیک قەسرولسەلام – ئەو شوێنەی تۆی تێدا دەژیای – کوژران، هەمان ڕۆژ ١٥ کەس لە گەلاڵە کوژران. فڕۆکەکان هەموو ڕۆژ، لە سات نۆی بەیانییەوە تا پێنجی ئێوارە بێ پسانەوە بۆمبارانیان کرد. من هەر جۆرێک بێ توانیومە سەری خۆم دەرکەم و جگە لە برینێکی سووک چی ترم بەسەر نەهاتووە بەڵام لەو بڕوایەدا نیم لەناو ئەم ئاگری بۆمبانەدا شانسێکی زۆرم بۆ ژیان و مانەوە هەبێت.

لە ناوەڕاستی کانوونی یەکەمدا ڕۆژنامەکانی سوێد باسیان کردبوو، کە ڕێژیمی بەغدا ئێران تۆمەتبار دەکات، کە فڕۆکەیەکی عێراقیی بەرداوەتەوە.

من لەبەر خۆمەوە دەڵێم سەرەنجام ئێران گەیشتووەتە گیانی و بێزار بووە لەوەی فڕۆکەی عێراق هەر ڕۆژە ئاسمانەکەی دەبەزێنن و بە مووشەکێک ئەم فڕۆکەیەی داخستووەتە خوار. یان نا، کورد خۆیان توانیویانە بە چەکی دژە هەوایی ئەم کارە بکەن. ڕۆژنامەکان لەم بارەیەوە هیچی تریان نەنووسیوە بەلام سەعدوڵڵا بۆی نووسیوم کە چۆن بوو:

ڕۆژی ١١ی کانوونی یەکەم ڕۆژێکی مێژوویی بوو، سات پێنجی پاش نیوەڕۆ خەڵک دوای یەک مانگ بۆمبارانی بێ پسانەوە هەناسەیەکی ڕەحەتییان هەڵکێشا. فڕۆکەیەکی تۆپۆلۆفی ١٦ی عێراق بە شەش سوارەوە بەربووەوە و لە کێوێکی ژوورەوەی چۆماندا وە زەوی کەوت. چە دیمەنێکی خۆش و سەرنج ڕاکێش بوو. هەژدیهایەکی زەبەلاح و زەلام کە سیمبولی دڕندەیی و سەرکوتە بە پێش چاومانەوە کەوتە خوار و وردوخاش بوو، لە کاتێکدا سەدان کورد خەریکی شادی و چەپڵەڕێزان بوون. دوای ئەمە ئیدی هیچ فڕۆکەیەکی تۆپۆلۆف ئاسمانی چۆمانی ڕەش نەکردووە.

ڕۆژی دوایی فڕۆکەیەکی سوخۆی ٧ لە کێوی هەندرێن، کە لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدایە کەوتە خوار و فڕۆکەوانەکەی توانی خۆی دەربازی بەرەی عێراق بکات. دوای ئەم ڕووداوە عێراق سەرجەمی هێرشەکانی وەستاندووە و تەنانەت خەریکە تۆپخانە گرانەکانیش دەبەنە دواوە. "

لایەنی کوردی بێلانیی شەڕی نێوان ١١ ئادار تا ١٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٧٤ بەم شێوەیە باس دەکات:

زیانی هێزەکانی دەوڵەت:

- ٨٧١٧ کەس کوژراو (لەوانە ١٦٢٨ کەسیان لە لایەن پێشمەرگەوە نێژراون).

- بریندار ١٥٩٧٣ کەس .

- ٢٦٤ دیل.

- فرۆکەی بەردرایەوە ٤٦ دانە
- ژمارەی هێرشی هەوایی دوژمن ٣٩٧٨.
- گوندی بۆمبارانکراو ٥٦٩ گوند.

زیانی لایەنی کوردی:

- ٨٧٦ پێشمەرگەی کوژراو.
- ٢٢٣٨ پێشمەرگەی بریندار.

زیانی خەڵکی سیڤیل:

- ١٧٥٤ کوژراو و بریندار.

لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمدا ڕاپۆرتێکی ترم لە سەعیدەوە پێ دەگات:

"زستان بۆ ئاوارەکان مانای ڕەنج و ئازارێکی فرەوانە، زۆرێک لە بنەماڵە کوردەکانی بادینان سەرەڕای دژواری خۆڕاگرییان لە بەرانبەر دوژمندا کرد بەڵام سەرەنجام زۆری بەفر و سەرما چۆکی پێ دادان و ناچار بوون ڕوو بکەنە سنووری ئێران. بینینی ئەو دیمەنانە گەلێک دڵتەزێنە، بەر لە مانگێک مرۆڤ دەیتوانی ببینێ منداڵ بەو سەرمایە لە نێزیک حاجی ئۆمەران بە دەوری ئاگرێکەوە شەو و ڕۆژ هەڵدەلەرزین و چاوەڕوان بوون تا ڕێگەیان بدرێ بڕۆن بۆ کامپەکان لە ئێران. لەو کەمپانەش وەک پێویست چادر دەست ناکەوێ و ئەگەریش هەبێ هێندە تەڕ و قوڕاوین ژیان لەناویاندا مەحاڵە. بەو حاڵەش هێشتا گەلێک خەڵکی ئاوارە هەن، کە هێشتا هیچ جێگەیەکیان نییە تێدا بژین و هێندێکیان لەناو ئەشکەوتاندا دەژین، کە بێ گومان ناتوانن زستان ببەنە سەر.

بۆ پێشمەرگەش دۆخەکە هەر وایە، بەشی هەرە زۆریان تەنیا پەتوویەکیان هەیە خۆیانی پێ لەم سەرما و زوقمە بپارێزن بەڵام خۆڕاگری و بەرخۆدانیان هەروا بەردەوامە. ڕێژیم زیانێکی زۆری بەرکەوتووە بەڵام

هێشتا له بەرەی رواندزدا پاشەکشەی نەکردووە.

گوتوبێژ لەگەڵ بەکر و سەدامدا تەواو بوون، ئەمانە دەبێت جارێک بۆ هەمیشە تێک بشکێن، بڕوا و متمانەی ئێمە زۆر بەرزە، دەزانین بێگومان هەر سەردەکەوین و ئەوەی ماوە تەنیا پێوەندیی بە کاتەوە هەیە دەنا سەرکەوتن هی ئێمەیە. "

سوپای عێراق کەم کەم دەستی بە کشانەوە کرد بەڵام هاوکاتیش خۆی بۆ هێرشی بەهاری ئامادە دەکرد. هەرکە هەوا باشتر بوو بۆمباران زیاتر بوونەوە و فڕۆکە سۆڤیەتییەکان جارێکی تر روویان لە ئاسمانی کوردستان کردەوە.

له بادینان برسییەتی زۆری بۆ خەڵک هێنا، سنووری تورکیا تەنانەت بۆ گەیاندنی یارمەتیی مرۆڤیش داخرابوو. تاقە رێگە بەرەو رۆهەڵات – ئەو رێگەیەی بریفکانی و هەڤالانی بە هەزار زەحمەت سازیان کرد – لەبەر زۆریی بەفر داخرابوو، ئیمکانی هاتوچۆی نەمابوو. لەم دۆخەدا سوپای عێراق بۆمبارانی گوندەکانی بادینانیشی دەست پێ کردەوە.

رۆژی ٦ی ئادار سەرکۆماری جەزائیر رای گەیاند، کە لە مێوانییەکی "چاخواردنەوە"دا توانیویە بواری رێککەوتنێک بۆ نەهێشتنی کێشەی سنوور لە نێوان ئێران و عێراقدا فەراهەم بکات و لە وێنەیەکدا دەبینرا شای ئێران و سەدام حوسێن یەکتریان لە ئامێز گرتووە.

رۆژی دوایی لە هەموو بەرەکانی شەڕدا هێرشی بەرینی سوپای عێراق دەستی پێ کرد. هەموو جۆرە هێزێک، تانک، فڕۆکە و تەنانەت لەشکری تازە دامەزراوی سوپای عێراق، کە بە "فەیلەقی حەوت" دەناسرا بەشداریی ئەم پەلامارەی کرد. بەو حاڵەش کورد ساز نەبوون رێگەی گوتوبێژ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بگرنە بەر بەڵام بۆشیان دژوار بوو لە بەرانبەر ئەم هێرشانەدا خۆیان ڕاگرن و گەرووی عومەر ئاغا کەوتە دەست دوژمن.

سەرەتا باسی ئەوە دەکرا ئێرانیش سنووری خۆی داخستووە، بە پێی هەواڵی ئاژانسەکان، تەقەمەنیی کورد رووی لە تەواوبوون کردووە و فرۆکەکانی عێراق ئازاد و بێ ترس بەسەر هێز و ناوچەکانی ئەواندا دەسووڕێنەوە.

دوای چەند رۆژ شەڕی خوێناوی و گران، ڕاپۆرت گەیشت کە کورد ناچاری تەقە وەستان بوون. چارەنووسی کورد لە پیلانێک لە تاراندا دیاری کرا.

تەواو ١٦ مارسی ١٩٧٥